بیرەوەرییەکانی

# سەعید ناکام



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# بیرەوەرییەکانی

# سەعید ناکام



ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام
دانانی: سەعید ناکام
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٧٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
دەرهێنانی وێنەکان: دلاوەر صادق ئەمین
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## وشەیێک

لەوانەی ئەم بیرەوەرییانەی (ژیانم) دەخوێننەوە، ڕەنگە هەندێکیان ئەم هەڵوێستانەمیان بەدڵ نەبێت و وای بۆ بچن کە خۆم لە خۆمم تێکداوە چونکو حەزم لە کێشە و دەردەسەری کردووە، دەنا ئەگەر بمویستبایە دەمتوانی بەدەربڕینی کەمێک شلکی و بێ دەنگی لە ئاستی نەیارەکاندا، باشتر و بێ قرەتر لەوەی بووم، بژیم.

کەچی لە ڕاستیدا وا نییە. ڕەقی یا نەرمی لە ئاستی پێشهاتەکانی ژیندا، شتێکی ئامادە و بەردەستی وا نییە مرۆ لێی سەرپشک بێت و بەپێی دڵخوازی خۆی لایێکیان ڕەچاوکات.

چەوساوەکان هەمیشە خۆیان لەسەر چەقی دووڕێیانی (ئا) و (نا)دا دەبیننەوە، جا بەپێی چۆنێتی گۆڕان و سروشتی کەسایەتی خۆیان، یەکێک لەم دوو ڕێبازە دەگرنەبەر، لەگەڵی ڕادێن و دەقی پێوە دەگرن و وایان لێ دێ دەبن بەپارچەیێک لێیی و بەتوێژاڵێک لە کەرەستەکانی.

ڕێبازی ئا- ئەو ڕێبوارانەی وا هەست دەکەن کە کۆسپ و ناخۆشییەکانی ڕێگای ئەوبەر، ئەوەندە سەخت و پڕ لە مەترسین کە خۆ لەقەرەدانیان لە وزەی ئەواندا نییە و بۆیان نابڕێتە سەر، وای بەباش دەزانن ڕوو بکەنە شەقامە تەخت و قیرتاوەکەی خۆبەدەستەوەدان و هەرچێکیان پێ دەگوترێ بەسەری شۆڕەوە دەستی (ئا) هەڵبڕن.

ئەوانە هەر لە یەکەم هەنگاودا دەماریان خاو دەبێتەوە و ویستی بەربەرەکانێیان تێیدا دەمرێ، ئەم شێوە بەرێچوونەی خۆیانیان لێ دەبێتە ئاسایی و ئاسمانی، تەنانەت بیر لە گۆڕینکردنیش بەتاوان و ئاژاوە دەژمێرن، ئەوان دەبن بەپووشێکی بێ ڕەگ و بێ کێش کە گێژەڵووکەی ڕۆژان و شەپۆلی ڕووداوان ڕایان دەماڵێت و هیچ شوێنەوارێکیان لە پاش بەجێ نامێنێ.

ڕێبازی نا – ئەم دەستەیە کە بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە، منەی داڵدەیێک دەکەن پشووی تێدا بدەن، دەبینن ئەو دەرگا ئاوالانەی چاوشارکێیان لەگەڵدا دەکەن، سەردەرانەیان ئەوەندە نزمە، بەبێ خۆ کوورکردن و سەردانەواندن پێیەوە ناچن. دەشزانن کە یەکەم سەردانەواندن سەرەتای ملشۆڕی و کڕنۆش بردنی یەکجارییە، بۆیە خۆیان لەبەر لێزمەی تیری ئازارەکان ڕادەگرن و دڵیان نابا خۆ بخزێننە ژێر گوێسوانە نزمەکانەوە، ڕێگا بەردەڵان



و هەڵەمووتەکەی (نا) دەگرنە بەر و خۆیان بۆ ئێش و ژان بگرە بۆ مردنیش ئامادە دەکەن.

ئەمانیش پاشتر لەگەڵ ژانەکانیادا ڕادێن و چێژێکی وای لێ دەکەن کە جار لەدوای جار شێلگیرتریان دەکات، تەقینەوەی (نا)کانیان بەرووی نەیار و نالەبارییەکاندا نەشەی شادی و گوڕی بڕوا بەخۆبوونیان دەداتێ و هەنگاوی هەوراز بڕینیان چالاکتر دەکات.

بۆیە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو ڕێبازە، نەپەیوەندی بەبەخت و ڕێکەوتەوە هەیە و نە ئارەزووی ڕێبوار دەیهێنێتەدی، بەڵکو سروشتی زگماکی و کەسایەتی ئەو کەسە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ و بەرەو ئەو چارەنووسە ڕاپێچی دەکات.

بەم بۆنەیەوە بیرم کەوتەوە ساڵی **١٩٥٧** کە نەهاتیی لە هەموو لایێکەوە چەنگی پێ هەڵچنیبووم، نامیلکەیێکی چل لاپەڕەییم بەناوی «ئەوەی بۆ بلاوکردنەوە ناشێ» لە چاپ دا، لە یەکەم لاپەڕەیدا نووسیومە:

پێشکەش:

بەگیانی پۆلایینی ڕێبوارانێ بێ کە لە دووڕێیانی ژیانا، هەمیشە پشت دەکەنە شەقامە تەخت و قیرتاوەکەی سەرشۆڕی و ڕێگا بەردەڵان و دڕکاوییە بەسامەکەی تێکۆشان بەرووخۆشی دەگرنەبەر و لەو بڕوایەدان کە:

بەختەوەری لە تێکۆشانایە.

جا لەوساوە تا ئەمڕۆ و تا بشمێنم ئەو ڕێگایەم بەرنەداوە و بەریشی نادەم، نامەوێ کەسیش خەفەتم بۆ بخوا. چونکو من خۆم چێژ لەم ژیانەی خۆم وەردەگرم و بەباشی دەزانم.

**ناکام**

## ١- بنەماڵەی «گوڵەجۆ»

لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری سابڵاخ «مەهاباد»دا گوندێک هەیە (دەوەشاری) پێ دەڵێن، لەو گوندە و گوندەکانی دیکەی ئەو نێوەدا ماڵی (گوڵەجۆ) ناسراو و سەر بەدەرەوەن، پەیدابوونی ئەم ناوە کە لە سەردەمی باپیرە گەورەیەکدا بۆ پەیدا بووە، بۆیان بۆتە پێناس و نازناو.

بۆ د. محەمەد مرید و تۆبەکاری شێخی تەوێڵە (سیراجەددین) بووە و هەموو ساڵ یا بەدوو ساڵ جارێک، بۆ چاوپێکەوتن و دەست ماچکردنی شێخ لەگەڵ چەند سۆفیی وەکو خۆیدا بەپێ و بەکەرسواری لە موکوریانەوە خۆیان گەیاندۆتە گوندی تەوێڵەی هەورامان و پاش دیداری شێخ هاتوونەتەوە.

ساڵێکیان سەفەرەکەیان لە وەرزی بەهاردا ڕوودەدا، کاتی گەڕانەوەیان لە ناوچەی شارەزوور بەقەراخ پەڵەجۆیێکدا تێدەپەڕن کە فەریک بووە و نزیک کاتی دروونەوەیەتی، کەچی دەخڵ و دانی موکوریان هێشتا ساوایە و زۆری ماوە وەک ئێرە هەراش بێ. سۆفی حەمەد کە یەکێکە لەو جووتیارانەی تەواوی ژیانی لەگەڵ گەنم و جۆ و دانەوێڵەدا ڕابواردووە، بەدیتنی ئەو پەڵە جۆیە ڕسکاو و بەپیتە دڵی دەکرێتەوە و بەدیارییەوە هەڵدەترووشکێ، هاوڕێیەکانی بەتووڕەیی دەنگی دەدەن: «ئەرێ ئەوە چیتە؟ دەڵێی قەت جۆی فەریکەت نەدیوە!» سۆفی محەمەد لە وەڵامیاندا دەڵێ: «کوڕە چاوتان نابینێ، هەر گوڵەجۆیە و سیراجەددینێکی بەسەرەوەیە!» ، پاشان قلێک لە گوڵەجۆیەکان هەڵدەپسێنێ و وەکو چەپکە گوڵ لەلاییێکی جامانەکەی سەری دەچەقێنێ و هەتا دەگاتەوە ماڵ ئاگاداری لێ دەکا. لەو ڕۆژەوە بنەماڵەی سۆفی محەمەد بەماڵی (گوڵەجۆ) ناسران و بۆیان بوو بەنازناو.

لە دوای سۆفی محەمەد کوڕ و کوڕەزاکانیشی هەر سەر بەخانەقای تەوێڵە مانەوە و ڕەوشتی باپیریان ڕەچاوکرد، (حەسەن)ی نەوەی سۆفی محەمەدیش جارجارە بەپێی بۆ لوان سەری لە تەوێڵە دەدا و چاوی بەشێخ حیسامەدینی نەوەی سیراجەددین دەکەوت و ناوی تەواویشی (سۆفی حەسەن گوڵەجۆ) بوو.

حەسەن سێ کوڕ و کچێکی بوو کە گەورەببوون و تەنانەت کوڕی گەورە لەگەڵ باوکی چووبووە تەوێڵە، تۆبەی کردبوو و ڕدێنی بەردابۆوە. لە پڕ دایکیان مرد و ماڵەکەیان بێ کابان مایەوە، بێوەژنێکی مێردمردوویان (خەزاڵە) ناویان بۆ دۆزییەوە کە تاقە کوڕێکی هەیە، حەسەن ئەو ژنەی مارەکرد و ماڵەکەی بووژایەوە. خەزاڵیش زۆر زوو لەگەڵ زڕکوڕ و کچەکەی ڕێککەوت و جێگای دایکی بۆ گرتنەوە، ئاکامی ئەم ژن و مێردایەتییە کوڕێک



بوو ناویان نا (عەبدوڵڵا) ، ئەم کۆرپە ساوایە لەنێو خێزانێکدا کە هەموویان گەورە بوون، دەتگوت لە ئاسمان بەربۆتەوە هێجگار نازدار و خۆشەویست بوو، هەرساتە یەکێک دەیگرتە باوەش و دەیانلاواندەوە، مام حەسەن دەیگوت هەرچەندە لە بنەماڵەکەماندا خوێندەوارمان نەبووە، دەبێ عەبدوڵڵا بخوێنێت و ببێ بەمەلا ، بەڵام مام حەسەن نەگەیشت ئەم ئاواتەی خۆی بهێنێتەدی.

ماڵی گوڵەجۆ پێش لەدایکبوونی عەبدوڵڵا تووشی لێقەومانێک هاتبوون کە هەموو باری ژینیانی ئاوەژوو کردبۆوە، ئەوان کە بە(جووتبەندە)(*) یێکی دەوڵەمەند ناسرابوون و بەپێی بەراوردی ئەو ڕۆژە لە هیچیان کەم نەبوو، چوار پیاوی کار، دوو جووت گا، مایینی سواری، گاڕانێک ڕەشەوڵاخ لە جوانەگا و نوێنگێن و گۆلک و پارێن، سی چل سەر مەڕ و نێومالێکی تەواو، هەموو ئاغاییێک ئاواتی بوو ماڵێکی وا بێتە گوندەکەی تا کام کێڵگە و بەراوی باش و بەپیت هەیە بیخاتە بەردەستی... لەسەر کێشەییێک لەگەڵ ئاغادا کاریان گەیشتە دادگای شار کە ئەوسا قازی پێی ڕادەگەیشت، کێشە و دادگا درێژەی کێشا ، هەرچەندە گوڵەجۆیەکانیش لەسەر هەق بوون، بەڵام دۆستایەتی ئاغا و قازی -کە ناوی قازی مونعیم بوو- کارێکی کرد تای تەرازوو بەلای ئاغادا شکایەوە و سامانی چەند ساڵەی مام حەسەن توایەوە و کەوتنە سەر ساجی عەلی... بەناچار ڕوویان کردە شاری سابڵاخ و کێڵگەی (عەلیابات)ی باشووری شاریان لە حاجی مستەفای بازرگان بەنیوەکاری وەرگرت، ورد و درشتی خێزان کەوتنە ئارەقڕشتن و بورە و بەیار دەرهێنان و شێو و وەردبڕین.

(*) شێوەی کۆمەڵایەتی لادێیی ئەو سەردەمەی موکوریان وابوو کە چینی جووتیار نابێ ببێ بەخاوەن زەوی، هەرچی زەوی و ئاو هەیە هی ئاغایە، لادێیی سێ بابەت بوون:

أ- جووتبەندە، ئەو ماڵانەن کە خۆیان گاجووت و ئامرازی جووتیاری و پیاوی کارکردنیان هەیە، ئەوانە زەوی لە ئاغا وەردەگرن و ڕەنێوی دێنن و دەو دووی بەرهەم (٢٠ ٪)ی دەدەن بەئاغای خاوەن زەوی، ئەمە جگە لە جەژنانە و مەڕانە و بێگار و شتی دیکەش کە لە سەریانە، ئەمانە خانووی گەورەیان دەدرێتێ.

ب- نیوەکار، ئەمانە دەستی کارکردن و ئامرازی جووتیان هەیە، گاجووت و تۆ لە ئاغا وەردەگرن و بەرهەمەکەیان لەگەڵ ئاغا دابەش دەکەن، ئەمانیش جەژنانە و بێگار و وردەشتیان لەسەرە، خانووی نیوەکار لە جووتبەندە بچووکترە.

ج- قەرە، ئەم ماڵانە پیشەییێکی دیارکراویان نییە، خانووەکەیان لەوانی پێشوو بچووکترە و بەوردە کاسبی وەکو دوکانداری و چەرچێتی و سەپانی و سێیەک بدەری خەریک دەبن. ساڵێ سی چل ڕۆژ بێگار بۆ ئاغا دەکەن. قەرە (ڕەشایەتی)یشی پێ دەڵێن.

لەو ساڵەدا بوو کە سمایل ئاغای شکاک (سمکۆی قارەمان) پەلاماری هێزی عەجەمی نێو شاری سابلاخی دا و هەموویانی لەنێوبرد و شاری لێ پاک کردنەوە، عەبدوڵڵای ساوا کە پاشتر ناوی بوو بەسەعید و نازناوی (ناکام)یشی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەوسا چوار ساڵانە بوو، دوو ڕووداوی ئەو ڕۆژانەی لە مێشک چەسپیوە کە تەمەنی درێژ و بەسەرهاتی هەوراز و نشێوی ژیان نەیتوانیوە بیانسڕێتەوە، جا لێرەوە ناکام خۆی بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە و لە پێشەوە ئەم دوو ڕووداوە:

یەکەم: ڕۆژێک کاکە حوسێن دەستی گرتبووم بەکۆڵانێکدا تێدەپەڕین کە لە پڕ لەوسەری کۆڵانەکەوە دەستەیێک سەربازی عەجەم دەرکەوتن، ئەمانە ئەفسەریان لە پێشەوە بوو و دوو دوو بەڕێشتنی سەربازی بەرەو ڕوومان دەهاتن، کۆڵانەکە ئەوەندە تەسک بوو کاکم توند خۆی بەدیوارەوە نووساند و منیشی خستە پەنای خۆیەوە، سەربازەکان بەپێشماندا دەڕۆیشتن، یەکێکیان گەیشتە لامان تا هێزی تێدا بوو زللەیێکی وەشاندە بناگوێی کاکم... شەقەقەی هات، ئەو ڕۆیشت و پاش نەختێک سەربازێکی دیکە هات و زللەیێکی لەو توندتری لێ ڕاکێشا، منیش کە لە ترسان خۆم مەڵاس دابوو لە ژێرەوە بێ دەنگ دەگریام، پاشان کاتێ چووینەوە ماڵ لە کاکم پرسی ئەوە بۆ لێیان دای؟ گوتی چونکو عەجەمن و دوژمنی کوردانن، ئەمجا بەپێکەنینەوە دەیگوت زللەی یەکەم لاملی خوارکردم باش بوو ئەوی دی لەولای دام و بۆی ڕاست کردمەوە!... ئەم کردەوەیە کە ئەمڕۆ -١٩٨٢- دەینووسمەوە پاش تێپەڕینی شەست و یەک ساڵ هێشتا دیمەنەکەی لەبەر چاومە و گوتەکەی کاکم -عەجەم دوژمنی کوردانن- لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە.

دووەم: هەر لەو ساڵەدا ڕۆژێک تەقوتۆقی تفەنگ هات و دایکم بردمیە ژوورەوە و دەرگای لەسەر پێوەدام، دەیانگوت شکاک هاتوون عەجەمەکان دەکوژن: پێم خۆش بوو بچم کوژرانی عەجەم ببینم، لەوکاتەدا دوو چەکداری شکاکمان لێ هاتنە ژوورەوە و بەماڵدا گەڕان لێفە و بوخچەی جلکان و قەند و چایان کۆکردەوە و بردیان، دایکم دەیگوت تاڵانیان کردین، نزیک نیوەڕۆ بانگ کرا... هەرکەس تاڵان کراوە با بچێ لەوبەری چۆمێ شتەکانی خۆی بهێنێتەوە. باوکم و براکانم لە ماڵ نەبوون لە عەلیابات خەریکی کێڵگە بوون، بۆیە دایکم منی لە کۆڵی خۆی کرد و ڕوومان کردە ئەوبەری چۆم، لە ڕێگا چەند کەلاکێکم دی لەملا و لەولا کەوتبوون زۆربەیان ڕووت بوون و جلیان بەبەرەوە نەهێشتبوون، دایکم گوتی ئەمانە عەجەمن کوژراون، خەڵکێکی زۆری ژن و پیاو ڕژابوونە نێو باخەکانی ئەوبەر و بەدوای تاڵانییەکانی خۆیاندا دەگەڕان، لەبیرم نییە دایکم شتەکانی دەست کەوتەوە یان نا، بەڵام دیتنی خوێنی ڕژاو و کەلاکی لارێ نەک



نەیترساندم بەڵکو کەیفی دابوومێ و بەکۆڵی دایکمەوە هەڵدەپەڕیم و جنێوم پێ دەدان.

پاش ماوەیێک شکاک گەڕانەوە و عەجەم پەیدابوونەوە، دەیانگوت (خالۆ قوربانی) هاتووە، دیسان کورد و عەجەم بەشەڕ هاتووە، ئەمجارەیش عەجەم شکان و خالۆقوربانی کە پیاوی عەجەم بوو کوژرا(*).

## ٢- بێ باوکی و بێ نازی

پاش دوو ساڵ ڕەنجکێشان لە کێڵگەی عەلیابات، خەریک بوو باری ژیانمان بەرەو خۆشی دەچوو و بووژابووینەوە کە باوکم مرد.

دوای ئەوە شیرازەی یەکێتی و تەبایی خێزان و باری ئابووریمان لەبەر یەک هەڵوەشا، کێڵگەی عەلیاباتمان بەجێهێشت، کاکە سۆفی ژنی هێنا و ماڵی خۆی کرد، دایکیشم کە خۆی بەنامۆ دەهاتەوە بەرچاو، ماڵی بەجێهێشت و چوو بۆ لای کاک مەحموودی کوڕی مێردەکەی پێشووی، مەحموود لە گوندی لاچین کە دە کیلۆمەترێک لە سابلاخ دوورە لە ماڵی شێخەلئیسلامی ئاغای دێ خزمەتکار بوو، دایکیشم لەوێ بوو بەنانکەر کە هەموو ڕۆژێ پتر لە شەش سەعات لەبەر تەندوور دادەنیشت و بەگڕ ئاگردا دەچوو و یەک جەواڵ ئاردی دەکردە نان.

منیش لە ماڵی کاکە سۆفیدا مامەوە و وردە وردە لەگەڵ ژیانێکی بێ سۆزی خۆشەویستی و دوور لە باوەشی گەرمی جگەرسۆزی ڕاهاتم و پاش ئەو هەموو لاوانەوە و نازدارییە ملم بۆ کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدران شۆڕکرد، ئەم گۆڕانە کتوپڕە و دوورکەوتنەوە لە دایک. بەچەشنێ هەستی ساوا و ناسکمی ڕووشاند و ناسووری هاوێشتە دەروونمەوە کە درێژایی ڕۆژگار پێی سارێژ نەکرا.

پێویستە لێرەدا کەمێک لە شێوەی ژیانی خێزانەتی و چۆنێتی ئاملانی نێوخۆیی

(*) خالۆ قوربانی لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی باکوری ئێران بوو و هاوکاریی شۆڕشگێڕ میرزا کوچک خانی جەنگەی کردبوو، پاشتر چوو بۆوە لای عەجەمەکان و بووبوو بەجاش. ناردبوویان بۆ شەڕی سمکۆ، بەڵام لە قەراخ شاری سابلاخ کوردەکان لێیان دا، خۆی کوژرا و هێزەکەی لەناوچوو، خەڵک گۆرانیان بۆ دانابوو دوانیانم لە بیر ماوە:

خالۆ قوربانی ڕدێن کلکە کەر
هەستە لەخەوێ سوارەت گەییە سەر
ئازەرم سوارە عەسڵە مەنگوڕی
گەیشتە خالۆی خالۆی سەربڕی

ماڵەکەمانتان بۆ باس بکەم کە پەیوەندی بەداڕێژرانی بناخەی هەست و بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەی منداڵیمەوە هەیە:

وەکو گوتم گوڵەجۆی گەورە سەر بەڕێبازی نەخشبەندی و لە تۆبەکارە ڕاستەکان بوو. بەرنامەی ژیانی بریتی بوو لە کارکردن و چەوسانەوەی جووتیارانە بەڕۆژ، شەوانیش پاش نوێژی بەجەماعەتی مزگەوت، لەسەر چۆک دانیشتن و گوێ شلکردن بۆ ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی مەلا بۆ خەڵکەکەی دەخوێندەوە، وەکو بەسەرهاتی پێغەمبەران، شەڕی ئەسحابە و کافران، ژیان و کەرامەتی شێخان و گەلێکی دی لەم بابەتانە... ئاشکرایە کە پاش خۆی کوڕ و کوڕەزاکانیشی هەر ئەم ڕێبازەیان گرت و بگرە لێشیان زیا کرد، بۆ نموونە کوڕەکانی مام حەسەن -برا گەورەکانم- جگە لە گوێگرتنی شەوانەی زستان، لەکاتی دەستبەتاڵییاندا قوژبنێکی حوجرەی فەقێیانیان دەگرت و بەوردی گوێیان لەو دەرس و دەورە عەرەبی و فارسییانە دەگرت کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتن تا وایان لێ هاتبوو هەندێ شیعری فارسییان بەسەروگوێ شکاوی لەبەرکردبوو.

من لە نێو ئەو خێزانەدا چاوم کرایەوە و هەر لە ساواییمەوە گوێم بەناوەکانی چوار یاری نەبی و شەڕی قەڵای خەیبەر و داستانەکانی ڕۆستەم و ئەفراسیاو و نۆشیروانی عادیل و هارونە ڕەشید ڕاهات، من کە هەر لە خۆمدا زەینێکی ڕوون و مێشکێکی شیاوی کرانەوە و فراوان بوونم تێدابوو، ئەم گێڕانەوانە تۆوی خەیاڵ فڕینێکی وای لە هۆشمدا چاند کە ئەگەر نالەباری ژیان و پەکی خوێندن کەوتن و ئاوارەیی دەرگا و دەرک و وڵاتان پرزەی نەبڕیمایە، لەوانەبوو داستاننووسێکی بلیمەتم لێ دەرچێت.(*) یەکەمین دەرسی ئەلفوبێم لە

(*) بەڵگەی ئەم قسەیە ڕووداوێکی کۆنە، لێرەدا دەینووسم: تەمەنم سێزدە ساڵان بوو لە دێی لاچین لەگەڵ دایکم و کاکە مەحموودم دەژیام، دایکم نانکەر و کاکە مەحموود مەیتەر بوو، منیش پاشکۆی دوو منداڵی هاوتەمەنی ماڵی ئاغا بووم، فەرمانی سەرەکیم ئەوەبوو کە شەوانە کاتێ ئاغا بۆ نوستن لە دیوەخان دەچێتە بن لێفە، من دەست بەحەکایەتی (ئەسکەندەرنامە) بکەم و ئەوەندە بڵێم تا گوێم لە پرخەی ئاغا دەبێ، جا بەئاسپایی هەستم و بچمەوە ماڵی خۆمان... بەتایبەتی شەوانێک میوان ببوایە پێویست بوو حەکایەتەکەم ئەوەندە درێژە پێ بدەم تا هەموویان خەویان لێ دەکەوێ.

ئەسکەندەرنامە کتێبێکی زۆر زلی فارسییە باسی داگیرکاریی ئەسکەندەری وێنانی دەکا، بەڵام بەجۆرێک کە فڕی بەسەر ئەسکەندەرەوە نییە، نووسەری ئەو کتێبە بێ ئەوەی گوێ بداتە کات و شوێن، ئەوەندەی قەڵەمەکەی بڕی کردبێ درۆ و دەلەسەی خەیاڵی وای کەڵەکە کردووە کە لەگەڵ بیری ئەفسانەکانیشدا ناگونجێ، ئەم کتێبە لە زۆربەی دیوەخانی ئاغاکاندا هەیە. من چەند جارێک سەرلەبەری ئەسکەندەرنامەم خوێندبۆوە، شەوانە لەکاتی حەکایەت کردنمدا چرا کز دەکرا و >



قوتابخانەی (مەلا ساڵحی ساردەکۆسانی) وەرگرت، ئەم مەلایە زەلامێکی کەتە و چوارشانەی دەنگ گڕبوو کە بەشێوەی سەقزی و سنەیی دەدوا، وەکو لەبیرمە تەنیا مۆڕبوونەوەیێکی بەس بوو کە ئێمەی منداڵی ٨ تا ١٢ ساڵانە بتۆقێنێ و پرزەی سەربزێویمان لێ ببڕێ.

شوێنی قوتابخانەکەمان کۆنە قوللەیێکی سەربازی بوو بەرامبەر بەگۆڕستان و قسنی مەلا جامی کە دیوارەکانی کونی مەتەرێزی تێدابوو، دەبوایە منداڵان لە ماڵی خۆیانەوە دۆشەگەڵە یا پارچە لبادێک بێنن و لەسەری دانیشن. من کە هەر لە خۆمەوە حەزم لە خوێندن دەکرد، دەرسەکانم زۆر زوو ڕەوان دەکرد و بۆ ڕۆژی دوایی بۆ مامۆستام دەگوتەوە، بۆیە زۆرم لێ ڕازی بوو و دەیگوت ئەگەر وا بچکۆلە و لاواز نەبوویتایە(*)، دەمکردی بەخەلفە.

من ئەم قوتابخانەیەم زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام زۆری لێ نەمامەوە، کاکە سۆفیم کە ئیشێکی جێدار و دیارکراوی نەبوو، بەپێی بۆلوان، هەر ڕۆژە بەکارێکەوە خەریک دەبوو. وەکو کرێکاری قوڕکاری، کۆڵکێشی، دارشکاندن، پەتاتەی کوڵاو فرۆشتن و شتی دیکە... لەبەر ئەوەی خانووی خۆی نەبوو هەرچەند مانگێک بەپێی پێداویستی کارەکەی لە

< دەبوایە لەبەر بیڵێم، لەکاتێکدا لەبەرکردنی دەقی تەواوم لەتوانادا نەبوو، ناوی قارەمان و جادووکار و شارەکانم لەبەرکردبوو، ڕووداوەکانیش کە زیاتر لەیەک دەچن و دووبارە دەبنەوە لەخۆمەوە ڕێکم دەخست و درێژم دەکردەوە، جاری وا دەبوو بەهۆی ماندوویی و خەواڵویی خۆمەوە جڵەوی خەیاڵم لەدەست دەردەچوو، ئەو پاڵەوانەی پێشتر کوژرابوو، دەهاتەوە مەیدانو شەڕی دەکرد. جارێک میوان زۆر بوون و منیش وەکو جاران دەستم پێکرد، هەتا نیوەشەو هەر گوتم، کاتێک دڵنیابووم هەموو نوستوون و خەریک بووم بڕۆم، یەک لە میوانەکان ڕاست بۆوە دانیشت و لێی پرسیم «تۆ ئەمانەی دەیڵێیی لە کوێت هێناون؟» ئەم پرسیارە کە بۆ من ناکاو بوو شڵەژاندمی و گوتم «لە کتێبی ئەسکەندەرنامە»، گوتی «من دوو ئەسکەندەرنامەم هەیە و چەند جارێک هەموویم خوێندۆتەوە، ئەوەی تۆ دەیڵێیی تێیدا نییە»، گوتم «ڕەنگە ئەوەی من خوێندوومەتەوە جیاوازبێ». پیاوەکە بەپێکەنینەوە گوتی «ئەوەی تۆ دەیڵێیی ئەسکەندەرنامەی خۆتە و خۆت ڕێکی دەخەی، بەڵام فەرقیشیان نییە، چونکو هەردووکیان درۆن».

(*) ئەو ساڵەی کێڵگەی عەلیاباتمان گرتبوو، سەر کانییەکەی چەند دارگوێزێکی لێ بوو، براکانم دەیانتەکاند و کۆشیان پڕ دەکردم، منیش ئەوەندەم فەریکە گوێز خواردبوو پێیی نەخۆش کەوتم، هەرچەندە پاش یەک دوو مانگ لەنێو جێگا هاتمەدەرێ، بەڵام ڕەنگ زەردی و لاوازیم هەتا چەند ساڵ هەر مایەوە.

گەڕەکێک چاوەخانوویێکی دەگرت و پاشتر ماڵی بۆ لایێکی دیکە دەگواستەوە، ئاشکرایە کە منیش بەو پێیە ناچاربووم لەو قوتابخانەیە بۆ حوجرەی ئەو مزگەوتە و لەوێشەوە بۆ مزگەوتێکی دیکە بگوێزمەوە، تا وام لێهات لە ماوەی سێ ساڵدا حوجرەی هەموو مزگەوتەکانی شارم تاقی کردەوە و لە هەر یەکێکیاندا چەند ڕۆژ یا چەند مانگ مامەوە، تەنیا لە مزگەوتی حاجی ئەحمەدی گەڕەکی (بەرداشەکون) نزیکەی ساڵ و نیوێک جێگیربووم کە باشترین دەرفەتی خوێندن و تێگەیشتنم بۆ ڕەخسا.

### ٣-عەبدی سۆفیان

لە حەوشەی مزگەوتی حاجی ئەحمەددا خانووبەرەیێکی دیکەش هەیە، کراوە بەخانەقای تەوێڵە، سۆفییەکانی سەر بەو خانەقایە هەفتەی جارێک کۆدەبنەوە و (زیکر) دەکەن، ئەمەش وەکو مزگەوتەکەی بەرامبەری مەلای هەیە و نوێژی جەماعەتی لێ دەکرێ.

کاکە سۆفی هێنامیە ئەو خانەقایە و دامیە دەست مامۆستا مەلا ڕەحمان، پاش ماوەیێکی کەم مامۆستا بۆی دەرکەوت کە جۆرە زیرەکییێکی تایبەتیم تێدایە و ئەگەر یارمەتی بدرێم لەوانەیە ببم بەشتێکی باش و وەکو دەیگوت (مەلاییێکی باشم لێ دەرچێ)، بۆیە زۆر لە منداڵەکانی دیکە زیاتر خۆی لەگەڵ ماندوو دەکردم، بەپێی توانین کتێبی دەدامێ و پێڵاوی بۆ دەکڕیم، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی یارمەتی دەوڵەمەندەکانم بۆ ڕاکێشێ دایدەنام و پرسیاری لێ دەکردم، کتێبی فارسی پێ دەخوێندمەوە و ماناکەی لێ دەپرسیمەوە، ئەو خەڵکە کە بەدەگمەن کۆلکە خوێندەوارێکیان تێدابوو لە وریایی ئەم منداڵە ڕەنگ زەرد و مل باریکە سەرسام دەبوون و دەماودەم دەیانگێڕایەوە.

ئەم کارە لەلای لابەلاوە زیانێکی گەورەی پێگەیاندم و هەتا ماوەیێکی درێژ ژیانی پێ تاڵ کردم، ئەوانەی زیرەکییەکەمیان بەنائاساییی دەهاتە بەرچاو، دەیانگوت بێتو نەبێ ئەم کوڕە (عەبدی سۆفیان)ە.

ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و موکوریان بەتایبەتی، ئەوەندە ڕاگر و پێناوداری ئیسلامەتین کە وێنەیان لە وڵاتە موسڵمانەکانی دیکەدا کەمە، کام کوێرەدێی ٥-٦ ماڵی بگری، مزگەوتێکی تێدایە و خەڵک لە دەمی خۆیان و منداڵیان دەگرنەوە تا بەراتی مەلاییێک کۆ بکەنەوە، ئەرکی مەلاش لە پێش نوێژی و خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەسحابە و پێغەمبەران لە شەوانی زستاندا تێ ناپەڕێ، ئەوەی ئەو مەلایانە زیاتر بایەخی پێ دەدەن و خەڵکەکە پتر حەزی لێ دەکەن، باسی تەواوبوونی دنیا -ئاخر زەمان-ە، لێرەشدا باسی جەجاڵ -دەجاڵ- و عەبدی سۆفیان و هاتنەخوارەوەی محەمەدی مەهدی کە ناهەقی و



زۆرداری ناهێڵێ، ئەوەندە دووپات کراوەتەوە کە هیچ کەسێک نییە تۆزێکی لێ نەزانێ و لەبەری نەکردبێ، منیش زۆری ئەو شیعرانەم لەبەر کردبوون کە باسی دەجال دەکا و لەوانە یەکێکیانم لەبەر ماوە کە دەڵێ:

«سواری حیماری خۆش بەزە    نێوان گوێیانی چل گەزە»!

جا ئەوەی لە موکوریاندا باو بوو گوایا لەپێش هاتنی دەجالدا یەکێک پەیدا دەبێ بەناوی (ئەبو سەفیان) کە دەماودەم بووە بەعەبدی سۆفیان، خۆی ناوی عەبدوڵڵایە و ئەوەندە زیرەک و بلیمەتە هەر بەمنداڵی دەتوانێ کتێب بخوێنێتەوە، ڕۆژێک لەکاتی دەزنوێژشتندا دەبینێ لەپی دەستی ڕاستی کون بووە و ئاوی تێدا ڕاناوەستێ، ئەوسا تێ دەگا کە ئەمە نیشانەکەیەتی و پێویستە ڕاپەڕێ و دینی تازە بڵاوبکاتەوە، لەبەرچاوی خەڵک لەگەڵ مەلاکان کێشە دەکات و هەموویان دەبەزێنێ و خەڵک دوای دەکەون و دەیکەن بەگەورە و، هەموو دنیا داگیر دەکا، هەتا محەمەدی مەهدی دەیگاتێ و لەنێوی دەبا.

زیرەکییەکەی من و پێداهەڵخوێندنی مامۆستا مەلا ڕەحمان کارێکی کرد نەک هەر لە گەڕەکی بەرداشەکون، بەڵکو گەڕەکەکانی دیکەش بیستیانەوە و لە هەر لایێ دەردەکەوتم پەنجەم بۆ درێژ دەکرا و گوێم لە وشەی (عەبدی سۆفیان) دەبوو، تەنانەت هەندێ منداڵی چاو قایم لە دەرفەتا ڕێگایان پێ دەگرتم و بەزۆر دەستیان پێ دەکردمەوە تا بزانن لەپی دەستم کون بووە یان نا؟ تا وام لێهات ژینم لێ تاڵ بوو و بەداخەوە خوێندن و مامۆستا ڕەحمان و شاریشم بەجێهێشت و ڕووم کردە گوندی (لاچین) کە دایکم لەوێ نانکەری ماڵی ئاغا بوو، کاکە مەحموودم مەیتەر بوو خزمەتی ئەسپ و ماینەکانی دەکرد. دایکم و کاکم کۆختەیێکیان هەبوو، هەندێ سڕ و سیپاڵ و دیزە و گۆزەیان پێکەوە نابوو، لێرەدا جێگام بۆوە، بەڵام پەکی خوێندنم کەوت.

دایکم هەموو ڕۆژێ تاریک و ڕوون لە ماڵ دەردەکەوت و دەچوو لە مدبەقی ماڵی ئاغا دوو سوێنەی گەورە ئاردی دەشێلا و تەندووری دادەخست و هەر لە گزنگەوە هەتا پاش نیوەڕۆ دادەنیشت شەڕی ئاگری دەکرد و نانی پێوەدەدا و لای ئێوارە بەشەکەتی دەگەڕایەوە کۆختەکەی، ئەو نان و چێشتەی دەیاندایە دەیهێنایەوە پێکەوە دەمانخوارد.

جارجارە لەکاتی نانکردندا سەری دایکمم دەدا و وردە وردە لەگەڵ دوو کوڕەکەی ماڵی ئاغا ناسیاویم پەیدا کرد، ئەم دوو کوڕە کە هاوتەمەنی خۆم بوون، یەکیان کوڕی ئاغا بوو و ئەویدی ئامۆزای بوو کە گوایا نیوەی ئەو ملکانەی ئاغا هەیەتی بەشە میراتی ئەوە و ناوی مستەفا بوو.

دیوەخانی ئاغا کە بریتی بوو لە دوو ژوور و دالآنێکیان نێوان بوو، تایبەتی میوانان بوو، لە تاقەی ژوورێکیان شەش حەوت کتێبی فارسی داندرابوون کە بریتی بوون لە چیرۆکی شەرلۆک هولمز و رۆکامبۆڵ و گولستان و خەمسەی نیزامی. بەیانییان کە ئەو ناوە چۆل دەبوو و کەس ڕووی لە دیوەخان نەدەکرد، دەرفەتم بوو، دەچووم دادەنیشتم و کتێبەکانم دەهێنایە خوارێ و تێرتێرم دەخوێندنەوە، یەک دوو جاران بەجۆرێک لەگەڵ خوێندنەوە خەریک دەبووم بەخۆم نەدەزانی کە ئاغا هاتۆتەوە و لەژوور سەرم وەستاوە، هەرچەندە لێی نەدام، بەڵام زۆر قسەی ناخۆشی پێ دەگوتم و هەڕەشەی دەکرد جارێکی دی دەست لە کتێبەکانی نەدەم، یا وەکو خۆی دەیگوت (کتێبەکانی پیس نەکەم).

هەر لەو سەردەمەدا چونکو بەپێخواسی دەگەڕام شووشە شکاوێکم لە پێ ڕاچووبوو و، پاش چەند هەوی کرد و پێم ئاوسا، پەکی گەڕان و دەروژوورم کەوت، دایکم بەزەردێنەی هێلکە و نیوە ئمەکی پیرێژنانە بۆی دەرمان دەکردم، بەڵام مانگێک زیاتری خایاند تا توانیم بەلارەوە لارەوداریک بەدەستەوە بگرم و کەمێک بجوولێم، ڕۆژێک ئا بەو حالە بۆ لای دایکم دەچووم کە خەریکی نانکردنی مالی ئاغا بوو، لەبەر دەرگای مدبەقی تووشی ئاغا هاتم؛ تەماشاییێکی کردم و بەبزەییێکەوە گوتی: «هەتیوو، ئەوە شەلی؟» منیش بەکزێکەوە گوتم «بەلێ»، ئاغا پێکەنی و گوتی «ئۆخەی، یاخوا هەر وات ببینم، لەوەتی تۆ دیارنی، کتێبەکانی من حەساونەوە»!

ئەم ڕقە توندەی ئاغا لە من، کە هۆیەکەیم لێ ڕوون نەبوو، ئەوەندەی کاری لێکردم کاتێ توانیم بەتەواوەتی بەڕێدا بڕۆم، دایکمم بەجێهێشت و گەڕامەوە شار. مالی کاکە سۆفی ئەمجارە لە گەڕەکی (سەرپلوسکێ) خانوویان گرتبوو، لە نزیک مالەکەمانەوە قوتابخانەییێکی میری کرابۆوە بەناوی (مەدرەسەی پەهلەوی)، مندالی زۆر لە هەموو گەڕەکەکانەوە دەهاتن بۆ خوێندن، زۆرم ئارەزوو بوو، منیش بچم و لەگەلیان بخوێنم، بەڵام کاکە سۆفی قایل نەبوو، پەنام بردە بەر هەوالێ، مریدێکی خۆشەویستی کە ناوی میرزا سولتانی بەقال بوو، ئەو کاکمی قایل کرد و خۆیشی لەگەلم هات بردمی بۆ لای مودیری مەدرەسە کە پیاوێکی ئازەری بوو (ئاغای سورەییا)یان پێ دەگوت، مودیر و مامۆستاییێکی کورد کە ناوی عەزیزی مەولەوی بوو. تاقییان کردمەوە، کتێبی فارسییان پێ خوێندمەوە و لاپەڕەییێکی قورعانم بەدەنگ بۆ گوتن کە زۆر دلیان گرتی، تەنیا حیسابم باش نەدەزانی و لە نووسینیش کز بووم، بڕیار درا بچم بۆ پۆلی چوارەم.

سالی خوێندن نیوەی ڕۆیشتبوو و دەبوایە جگە لە دەرسی ڕۆژانە دەرسە ڕۆیشتووەکانیش ڕەوانکەم، بەڵام من کە پێشتر ئەم شێوە خوێندنەم نەدیبوو و ئەوەندەم پێ



خۆش بوو لە هەوا دەرسەکانم دەقۆستەوە و وەکو مامۆستاکان دەمگێڕایەوە، وام لێهات بووم بەنموونەی مەدرەسەکە، مودیر بەپارەی خۆی کتێب و قەلەم و قاقەزی بۆ دەکڕیم، ئێستا دەتوانم بلێم کە خۆشترین ڕۆژانی مندالی و سەردەمی خوێندنم تەنیا ئەو چەند مانگە بوو کە بەداخەوە زوو کۆتایی هات و جارێکی دیکە باری قوتابێتیم بەخۆمەوە نەدی و بۆم نەڕەخسا.

پاش چوار مانگ تاقیکردنەوە دەستی پێکرد، پیاوە ناسراوەکانی شار بانگ کران، مندال ڕیز بوون و سروودی فارسییان خوێندەوە و مەشقیان کرد، پاشان نموونەی مەدرەسە بانگ کرا، لە پێشەوە چەند ئایەتێک قورعانیان پێ خوێندمەوە، پرسیاریان لێ کردم، شیعریان پێ خوێندمەوە و لەسەر تەختەڕەش پێیان نووسیم، داوا لە میوانەکان کرا پرسیارم لێ بکەن و وەلامی هەموویانم دایەوە، لەو ڕۆژەدا وەکو مودیر گوتی ڕووی خۆم و مەدرەسەکەم سپی کردەوە... دانیشتووان ئافەرینیان لێ کردم، یەک لە میوانە پیاوماقوولەکان (حاجی مستەفای داودی) کە زۆر منی بەدلا چووبوو، بەوردی چۆنێتی منی لە مامۆستاکانی پرسی و پاشان خۆمیشی بانگ کرد و دوای ئافەرین بەلێنی دا دەستێک کۆت و شەلوار -چاکەت و پانتۆڵ-م بۆ بکڕێ و بەلێنەکەشی بەجێ گەیاند.(*)

پێویستی بەڕوونکردنەوەیە کە لەو سەردەمەدا شای ئێران فەرمانی دابوو کە لە سەرانسەری ئێراندا چارشێو (عەبا)ی ژنان قەدەخە بکرێت و پیاوانیش بەرگی ئەورووپایی، واتا چاکەت و پانتۆڵ لەبەر بکەن کە بەکوردی (دوولینگە)یان پێدەگوت، مندالانی مەدرەسەش دەبوایە دوولینگە لەبەرکەن و هەموو کەس کلاوی پەهلەوی لەسەر بنێن کە جۆرە شەپقەییێک بوو لە چەشنی کلاوی سەربازەکانی فەرانسە، جا منیش کە قوتابی مەدرەسەی میری بووم، ئەگەر دوولینگە و کلاوی پەهلەویم نەبوایە نەمدەتوانی درێژە بەخوێندن بدەم، بۆیە ئەم یارمەتییەی حاجی داودی زۆر بەکەلکم هات، بەڵام دیسان هەر نەمتوانی لەسەر خوێندن بڕۆم و بەپەژارەییێکی زۆرەوە نەک هەر دەستم لە مەدرەسە هەلگرت، بەلکو بەهێجگاری وازم لە خوێندن هێنا.

وەکو پێشتر باسم کردووە، کاکە سۆفی دەزمایەی کاسبی نەبوو، تاقە ئامرازی ژیانی

(*) حەڤدە سال پاشی ئەم ڕووداوە، واتا سالی ١٩٤٦ کە کۆماری کوردستان لە سابلاخ -مەهاباد- دامەزرا، لە سلێمانی کوردستانی عێراقەوە هاتمەوە و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)م پێ ئەسپێردرا، جارێکی دیکە چاوم بەو پیاوە نیشتمانی و کوردە دلسۆزە کەوتەوە کە ئەمجارەش هەموو توانا و دەسەلاتی خۆی بۆ کوردستان تەرخان کردبوو، باسی ئەو ڕۆژەم بیرخستەوە و دووبارە سوپاسم کردەوە.

خۆی و ماڵەکەی هێزی باسکی بوو، هەر ڕۆژە پەلاماری ئیشێکی دەدا و کە دەستی لێ بەردەبوو تەقەلای کارێکی دیکەی دەدا و بەهەزار کولەمەرگی بەرێچوونی مەمرە و مەژی پێکەوە دەنا، خۆیان سێ کەس بوون، کاکم و براژنم و محەمەدی کوڕیان، منیش هەرچەندە جگە لە نانخواردنەکە خەرجی دیکەم نەبوو، دیسان هەر بەبارگرانی دەژمێردرام، براژنم ئەوەندەی بیانوو پێ گرتم و تەنگی پێ هەڵچنیم و بەگژمدا هات تا ناچاری کردم دیسان ئەوێ بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە لاچین، کە لەوێش ڕووناکاییم نەبوو.

ئەمجارە چۆنێتی ژیانی لاچینم لە جاران باشتر بوو، خۆم کەمێک پۆشتەتر بووم و چاوم کرابۆوە و خوێندەوارتر بووم، لەوانە گرنگتر ئەوەبوو شیعرم دادەنا و دەمتوانی شیعرەکانم بنووسمەوە، ژنی ئاغا کە بە(کچی شێخی) ناسرابوو، ئافرەتێکی زۆر ڕووخۆش و بەزەیی و تێگەیشتوو بوو، باڵی بەسەردا گرتم، زۆربەی کاتم لە ژووری ژنان بەسەر دەبرد و زیاتر لەگەڵ کوڕە بچکۆلەکەی ئاغا (حەمەدەمین) -ئەوەی پاشتر بوو بەشاعیری ناسراوی کورد هێمن- خەریکی ئەلفوبێ فێرکردن و شیعر بۆ خوێندنەوەی بووم، کچی شێخی کتێبێکی شیعری کوردی بۆ هاتبوو بەناوی (ئەنجومەنی ئەدیبان) کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشابوو. ڕۆژ نەبوو ژنان کۆنەبنەوە و ئاڵقەم لێ نەدەن تا شیعری شێخ ڕەزا و نالی یان بۆ بخوێنمەوە.

خۆیشم وام لێ هاتبوو شیعر دانانم بەلاوە لە قسەکردن ئاسانتر بوو، ئەگەرچی ئەوانەی من هەر ناویان شیعر بوو و بریتی بوون لە قسەی ڕێکخراو... بۆ هەر مەبەستێک داوام لێ دەکرا؛ دەسبەجێ شیعرێکم بۆ دادەنا، یەک لەوانە پارچە شیعرێک بوو بۆ کچێکی ئاغام نووسیبوو کە منداڵێکی حەوت ساڵانەی لاواز و ناشیرین بوو، هەموو دانیشتووانی ماڵ لەبەریان کردبوو، یەک دێڕیم لە بیرماوە:

«کراسەکەی قەنەوزە    چڵمی شینە وەک قەوزە».

### ٤- من و چینی ئاغاکان

جگە لە شیعر خوێندنەوە و شیعر دانان و دەرس پێگوتنی کوڕی ئاغا، فرمانێکی دیکەم ئەوەبوو کە شەوانە بچم لە دیوەخان دابنیشم، کاتێ ئاغا و میوانەکانی بۆ نوستن دەچنە ژێر لێفە، حەکایەتیان بۆ بکەم، ئەم قسەکردنەم ئەوەندە درێژەی بیێ تا هەموویان خەویان لێ دەکەوێ، جا بەئەسپایی بەجێیان بێڵم. وەکو دەبینن کەڵکم زۆر بوو و خەرجم تەنیا نانخواردن بوو، کەچی تاقە جارێکیش ئاغا ڕووی نەدامێ و بەزەیی پێمدا نەهاتەوە، خەڵک ناوی مەلایان لێنابووم و بە(مەلا) بانگ دەکرام، بەڵام ئەو هەر بەوشەی (هەتیوە



پیسە) ناوی دەهێنام، چەند جارێک لەسەر من لەگەڵ ژنەکەی (کچی شێخی) دەمەقاڵێیان بووبوو، چونکو ئەو ڕووی دەدامێ لەبەر چاوی میوانە ئاغاکانی ڕووشکێنی دەکردم و قسەی ناخۆشی پێ دەگوتم.

ئاغا لە بنەماڵەیێکی ئەریستۆکراتیی شاری سابڵاخ بوو، پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی ئاغا و سەرۆک هۆزەکانی موکوریاندا هەبوو، خاوەنی سێ چوار پارچە گوند بوو، نازناوی (شیخولئیسلام)ی لە حکوومەتی تاران کڕیبوو، ئەو سەردەمە حکوومەتی ئێران بەهەزاران نازناوی سەیر سەیری داتاشیبوو و بەپارە بەدەرەبەگ و دەوڵەمەندەکانی دەفرۆشت.

ئاغا ڕاستەوخۆ دەری نەدەکردم، بەڵام تا دەهات پتر و خراپتر دەیچەوساندمەوە، تا دواجار ئەم ئازاردانەمی گەیاندە ڕادەیێک کە خۆم پێ نەگیرا لاچینم بەجێهێشت و دوای من دایکم و کاکە مەحموودیش لەوێ ڕۆیشتن، ئەمەش ڕووداوەکەیە:

شەوێک هەندێ میوانی زل زل هاتبوون، پاش نانخوران بانگ کرامە دیوەخان، لای دەرگاوە دانیشتم، میوانەکان پرسیاریان لێ کردم و مانای چەند شیعرێکی فارسییان لێ پرسیمەوە و داوایان لێ کردم ئەو شیعرانەیان بۆ بخوێنمەوە کە خۆم دامنابوون، من وەڵامم دەدانەوە و ئەوانیش هەر گاڵتەیان بەسەر و گوێلاک و ڕوومەتی قۆپاو و ملی باریکم دەکرد و پێیم پێدەکەنین، ئەمجار ئاغا ناردی لەنێو گوندی منداڵێکی چوارپەل قایمی هاوتەمەنی خۆمیان هێنا و فەرمانی دا لە ناوەڕاستی ژووری دیوەخاندا زۆرانێ بگرین، ئەم زۆرانێیە کە لە یاری فیل و مەیمون دەچوو، ئاکامەکەی زوو دەرکەوت، کوڕەکە منی خست و سواری سەرم بوو، ئاغاکان قاقایان لێشاو پێیان دەگوت دەی لێی دە، گوێی ڕاکێشە، تێی هەڵدە... منیش لە زیقە و گریان زیاتر هیچم لە دەست نەدەهات، پاش ئەوەی گفتوگۆی خۆیان پێ ڕشتم و توانیم هەستم بڕۆم، بەدەم گریانەوە گوتم «بۆچی وام لێ دەکەن، خێرتان دەگاتێ؟» یەک لە میوانەکان گوتی: «جارێ هەتا نەبوویتە هیچ با داخی خۆمانت پێ بڕێژین. جا کە بووی بەگەسپەدی (یا گاسپۆدی، کە نازانم مەبەست چییە) چ دەکەی بیکە».

هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە نەمدەزانی هۆی ئەم ناخۆش ویستن و چەوسانەوەم لەلایەن ئاغاوە چییە، هیچ تاوانێکم لە خۆمدا شک نەدەبرد، بەڵام وەکو پاشتر کاکە مەحموود پێی گوتم، گوایا لە وڵاتی عرووس (ڕوسیا)دا کوڕی هەژار و جووتیار دەخوێنن و بوون بەپیاوی گەورە، کوڕە ئاغا و دەوڵەمەندەکان کراون بەنۆکەر و کرێکار. لێرەش کوڕی ئاغا کە هاوتەمەنی تۆیە چەند مامۆستایان بۆ هێناوە فێری ئەلفوبێ نەبووە. تۆیش کە کوڕی ژنە نانکەریت، سەرەڕای باری تاڵی و ڕووتی هەر خەریکی کتێب خوێندنەوەیت و شت دەزانی، سبەینێ لەوانەیە ئێرەش وەک ئەوێی لێ بێ و تۆ ببی بەگەورەی کوڕە ئاغاکان.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، من نە ئەو شتانەم دەزانی و نە بەخەیاڵمدا هاتبوو، جگە لە دڵسۆزی و ڕێز و فەرمان هەڵگرتن بەرامبەر بەئاغا خۆی و هەموو ماڵەکەی شتێک بکەم.

***

لە لاچینەوە چووم بۆ گوندی (هەمزاوا)ی نزیک مەهاباد، بۆ ماڵی پوورێکم، ئەم دێیە تەنیا چوار ماڵی تێدابوو، ئەوکاتە بەدەست (سەید حوسێن بەدەوی) ناوێکەوە بوو کە هەرچەندە زۆر خوێندەوار نەبوو، بەڵام هێجگار زیرەک و وریا و شارەزا بوو، زمانەکانی تورکی و فارسی و ڕووسی باش دەزانی، سەفەری سلێمانی کردبوو و لەوێوە کۆمەڵێ کتێب و گۆواری کوردی ..................

[ بەداخەوە لاپەڕەیەکی دەستنووسەکەی مامۆستا سەعید ناکام ل: ٢٤ کەوتبوو بۆیە لێرەدا پچڕانێک دەکەوێتە گێڕانەوەکان – دەزگای ئاراس]

.................. توی بۆ لێدەکردمەوە، جا دەمبیست کە جگە لە ڕەحمان کوڕێکی دیکەشی لە مێردی پێشووی هەیە ناوی سەید حوسێنە و ئێستا لە ڕواندز کتێبی کوردی چاپ دەکات، جار جار خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ئەگەر بێتو بگەمە ئەو کوڕەی خات سەلمە لە ڕەواندز ئەوا ئەوپەڕی ئاواتم دێتەدی، بەڵام ئەم گەیشتنە هێجگار دوور و دژوار بوو.

مام سەید جگە لە نێوەڕۆکی گۆوارەکان، باسی کوردایەتیشی بۆ دەکردم. یەک لەو بەسەرهاتانەی خۆی کە بۆی گێڕامەوە و تا ئێستا لە مێشکم چەسپیوە، ئەو ڕووداوە بوو:

ساڵی عرووس (سەفەربەر) ناوچەی موکوریان سوپای ڕووس داگیری کردبوو، منیش چونکو ڕووسی و فارسی و تورکیم دەزانی، لای فەرماندەی ڕووس کرام بەدیلماج (موتەرجیم)، ڕۆژێک ئەفسەرێکی عوسمانی گیرابوو، لێی دەکۆڵرایەوە و من قسەکانیم وەردەگێڕا، فەرماندە لێی پرسی «هێزی سەرەکی ئێوە چەندە و لەکوێیە؟ ئەفسەرە تورکەکە گوتی «ئێمە لێرە هێزێکمان نییە، تەنیا چەند ئەفسەر و جەندرمەین و هەندێ مەلای پیاوی خۆمانمان لەگەڵدایە، هاتووین بەناوی ئیسلامەتی و خەزای کافران کوردەکانی ئەم ناوچەیە بورووژێنین و بەگژ ئێوەیاندا بکەین تا بتوانین پێشی پێشکەوتنتان بگرین، ئەم وروژاندنەش بۆ ئێمە لە قسە بەولاوە هیچی تێ ناچێت»، فەرماندەی ڕووس گوتی «ئەدی بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم خەڵکە بەبێ چەکی ناتوانن بۆ ماوەییێکی درێژ ئێمە ڕابگرن و پاشان خۆیان تێدا دەچن؟» ئەفسەری تورک ڕاستە و ڕاست گوتی «ئەمە بۆ ئێمە بایەخی نییە، ئێوە دوژمنن و کوردەکانیش نەیارن، لە هەر لاییێک بکوژرێ سوودی ئێمەی تێدایە!».



## ٥- منداڵ مامۆستا

دایکم و کاکە مەحموود چووبوونە دێی (کەریزە) و لەوێ دامەزرابوون، منیش لە هەمزاواوە هاتمە کەریزە، ئاغای کەریزە (کاکە ڕەزا) دوو کوڕی هەشت و دە ساڵانەی هەبوو بەناوی قادر و هەباس، دەیویست مامۆستایان بۆ پەیدا بکا بخوێنن، کاکە مەحموودم پێش هاتنی من زۆری باسی کردبووم کە چەند خوێندەوار و زیرەک و شاعیرم و دەرسم بەکوڕی ئاغای لاچین گوتووە و زۆریشی زیادی پێوە نابوو، جا کاتێ لەگەڵ کاکم چووینە بەردەمی کاکە ڕەزا، بەدیتنم دڵی ساردبۆوە، چونکو دیمەنم وای پیشان نەدەدا کە بۆ مامۆستا بشێم، خۆی کەمێک خوێندەواری هەبوو ئەو پرسیارانەی لێ کردم بەسانایی وەڵامم دایەوە، دیاربوو قیروسیای کرد و وەکو ئەزموونێک پەسندی کردم.

دەستم کرد بەدەرس گوتنەوە و ڕێکخستنی ژووری خوێندن کە زۆر باش تێیدا سەرکەوتم، کاکە ڕەزا خزم و ناسیاوی ئاغای زۆربوون کە زوو زوو سەری یەکتریان دەدا، لەوانە هی خوێندەوار و تاران دیتووشیان تێدابوو، کاتێ دەهاتن و دەیان دواندم سەریان سوڕدەما، لەوانە سەیرتر شیعر دانانەکەم کە بۆ هەر بابەتێک بموبستایە ڕێکم دەخست و شیعرەکانم دەستاودەست دەڕۆیی و بڵاودەبۆوە، لەنێو کۆمەڵگاییێکی وەکو دێهاتی موکوریان کە لە سەدا نەوەد و نۆی نەخوێندەوار بوو، پەیدابوونی منداڵێکی چواردە ساڵە کە فارسی بزانێ و دەرس بڵێتەوە و شیعریش دانێ. عاجباتی بوو و دەنگی دایەوە.(*)

(*) پازدە ساڵ دوای ئەوکاتە، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد هەندێ لەو ئاغایانەم بینییەوە، ئەوان هەندێ لە شیعرەکانی ئەوسای منیان لە بیر مابوو، بۆیان گێڕامەوە. یەک لەوانە شیعری (دار عەسا)یە، کوڕە ئاغایێک بەناوی وسێناغای درێژ جارێک دێت بۆ کەریزە و داردەستێکی ئەفسەری جوانی پێ دەبێ کە من حەزی لێ دەکەم و داوام لێ کردبوو، ئەویش بەڵێنی دابوو بمداتێ، بەڵام نەیدابوو، ئەم شیعرەم بۆ ئەو نووسیوە کە نموونەی چۆنێتی نووسین و شیعری ئەو ڕۆژانەی خۆم پیشان دەدا:

ئەی وسێناغا بەخۆت و قەدد و ئەندامی زەریف
بەو سەری ئەستوور و باڵای کورت و سمبێڵی زەعیف
وەعدەییێکت دا گوتت داری عەسات هەدیە دەکەم
ڕاستە هەروەک قەولی خۆم و وەک عەسای موسا شەریف
من گوتم «نایدەی» ئەتۆش فەرمووت کە «دەیدەم بێ درۆ»
کێ درۆزن بێ عەساکە! گەرچی بشبێتن کەسیف
..............................................................

ئەم ژیانی تازەیەم زۆر خۆش و لەباربوو، خۆمم پۆشتە کردەوە و ڕێز و جێگاییێکم بۆ خۆم پێکەوە نابوو؛ بەڵام کۆچی دوایی دایکم لەلاییێک و کەڵکەڵەی چوونە گەرمیان بۆ نێو کتێب و ڕۆژنامە و نووسینی کوردی، ئۆقرەی لێ بڕیبووم، پاش ساڵێک کەرێزەم بەجێهێشت و هاتمە گوندی (شاوەلێ)ی نزیک سنوور بووم بەمیرزای (مارفاغا) دەرس بە منداڵکانی بڵێم.

ئەم ناوچەیە کە (لاجان)ی پێ دەڵێن، خاکێکی زۆر بەداهات و پیتە و هەموو بەدەست هۆزی (مامەش)ەوەیە کە ئاغاکانی خزم و کەسوکاری یەکترین ،سەرۆکی هۆزی مامەش (قەرەنیاغا) بوو کە لە گوندی (پەسوێ) لەنێو قەڵاتە بەرزەکەیدا دادەنیشت، بۆ یەکەم جار کە لەگەڵ کوڕە گەورەکانی مارفاغادا چووین بۆ خزمەت ئاغای گەورە، دابونەریتێکی سەرسوڕێنەرم چاوپێکەوت، ژووری دیوەخانی ئاغا بەدرێژایی بیست و پانایی شەش مەتر بوو، ئاغا خۆی لەو سەری ژوورەکە دادەنیشت و هەر کەس دەهات دەبوایە لە پێشی پێشەوە لای دەرگا لەسەر چۆک دانیشێ، ئەگەر میوان زۆر بوونایە ئاغا لەولای سەرەوە ئیشارەی دەکرد کە فلان تۆ هەڵکێشێ، تا جێگای هەموان دەبۆوە، من کە یەکەم جار چووم و لای دەرگاوە دانیشتم ناچار بووم چاوم بزکەمەوە و گوێ هەڵخەم تا سەروچاوی ئاغا ببینم و گوێم لە فەرمایشتەکانی بێ، چونکو نزیکەی بیست مەتر لێکتر دوور بووین. ئەوسا بیرم لەوە دەکردەوە داخوا میوانی ئەفسەر و کاربەدەستی میریش وەکو ئێمە پێشوازی دەکرێن؟ بەڵام بێ گومان ئەوان لای دەرگا و دوور لە ئاغا دانانیشن، کاتێ ئەوەم پرسیار کرد، گوتیان ژوورێکی دیکە هەیە کورسی و مێزی تێدایە، میوانی عەجەم لەوێ دادەنیشن و ئاغا خۆی دەچێتە لایان.

لە گوندی شاوەلێ هەرچەندە جێگاکەم باش بوو و دوو کوڕی گەورەی مارفاغا خوێندەواربوون و حەزیان لە شیعر و کتێب خوێندنەوە دەکرد باش پێکەوە گونجابووین، بەڵام ئاواتی ئاوابوونە ئەودیو هەموو هۆش و بیری داگیر کردبووم و چاوەڕوانی بەهارم دەکرد کە بەفری چیاکان بتوێتەوە و دەرفەتی دەربازبوونم ببێ. لە مانگی بانەمەڕدا بیستم کە کاروانی و قاچاخچی دەستیان بەهاتوچۆ کردووە، بۆیە چوومە گوندی (سێڵوێ) کە ئاغای ئەوێش برای مارفاغابوو و ڕێگای هاتوچۆی گەرمیان لەوێوە دابین دەکرا، ئەو سەفەرەکەمی بۆ ڕێکخستم، لە ڕۆژێکی بەهاری ١٩٣٣دا لەگەڵ فەقێیێکی هاوتەمەنی خۆم دراینە دەست کەسێکی قاچاخچی کە بمانگەیێنێتە (ڕایەت) کە لەوێوە بەسانایی دەگەینە ڕواندز و چاوم بەسەید حوزنی دەکەوێ.

مانەوەم لە گوندی شاوەلێ لە ساڵێک کەمتری خایاند، لێرە بوو بەیتی شەڕی هۆزەکانی



(مەنگوڕ) و (مامەش)م بیست، ئەوەندەم ئەم بەیتە پێ خۆش بوو، هەموویم لەبەر کردبوو، بەڵام ئێستا کەمیم لەبیرماوە و تۆماری دەکەم تا بەجارێ نەفەوتێ و ئەگەر توانرا هەمووی بەتەواوی بنووسرێتەوە باشتر:

..................................

..................................

گەینە چۆمێ میشەدێ
مامەشان دەکەن پردێ
جواب لە بۆ شێری سوور دێ
سەد ئافەرین باپیرخان
دگدگ و دەمەرقۆپان
پاکی لە خۆی شەتک دان

..................................

..................................

..................................

سەید ئەتۆم نادری
ئەولادی پیر خدری
جڵەوێیان دەگری
نابێ هەرگیز رابری
سەید وەرە لێن گەڕێ
دەبڵا ئەو شەڕەن هەربی

..................................

..................................

..................................

سبەینێ زوو بەیانی
لە سەرانی دا زەردە
کاک بایز گەردن زەردە
کاکە سەن چتەوە مەردە

..................................

..................................

پەیدابوو دابڕ دابڕ
پەیدابوو ئامان ئامان
بەسوێندان بەکەلامان
کەس نەگوژی خوڵامان

بەسوێندان بەئایەتان
کەس نەگوژی ڕعیەتان
................................
................................
................................
یەکێک دەهات و دەچووت
ئامان ئامانی دەگوت
ئەویان گوشت شێری مەزبوت
ئەو کێ بوو: خاڵیاغا پوت
یەکێک دەهات بەلاوی
بریقەی زرێ و قەتلاوی
حەیفێن زولێ فڕێ دراوی
ئەو کێ بوو: مام گوڵاوی
یەکێک دەهات و چووە
بەژنی نێژ و قەرغووە
لە ئەسپی کوێت نیشتوە
ئەویان گوشت: مام ڕوسووە
................................
................................
................................
یەکێک دەهات ئەوەتە
بەژنی دەڵێی گومبەتە
ڕەسواغا شەل نۆرەتە
ئەو گوشتی خان پیرۆتە
................................
................................
چەلو تێک دەچوونەوە
سەربەخۆ لێک بوونەوە
مەنگوڕان بۆ ماڵ چوونەوە
بەقایدە و قانوونەوە
مامەشیش دەهاتنە خوار
چین گوترابوو چی بریندار
لە بانگێیان دا سێ جار



حەیفێن لێ گوژرا سەردار
................................
................................
................................
لەو خانمی گوار جۆلانە
لەوی شینە و قوڕپێوانە
................................
لەو خانمی چاو هەڵۆیە
جوابی دەنارده شنۆیە
کاک عەزیز میری کۆیە
ئەم شەڕە نۆرەی تۆیە
................................
................................
عەزیز داخت لە مێژن
نۆکەرت رمب درێژن
نابێ مەیتان بنێژن
................................
................................
هەتا ناوم دەبێژن
................................
................................
................................
................................
................................(*)

## ٦- پیت و چاپخانە و نووسینی کوردی

تازە گزنگی دابوو کە کاروانە بچکۆلەکەمان گەیشتە سەر چیای (بارزین) و لەودیو پێمان خستە سەر خاکی کوردستانی عێراق، قاچاخچییەکان بەدەستە ڕاستا لایان دا و من و هاوڕێییەکەم یەکسەر ڕوومان کردە ئەو جادەیەی لێمانەوە دیاربوو جار جارە لۆری پێدا تێ دەپەڕی، لە قەراغ جادە بۆ حەسانەوە چووینە چاخانەییێک، چاوەڕوانی لۆریمان دەکرد تا بمانگەیێنێتە ڕواندز، کەچی پۆلیسێک ئێمەی دی و پرسیاری لێ کردین، گوتمان فەقێین و

(*) ئەو پارچە ڕستانەی لە بیرم نەماون، نوختەم داناوە.

بۆ خوێندن هاتووین، گوتی نابێ، وەرن دەتانبەم بۆ لای مودیری ناحیە، هەرچەندی کردمان و چایچییەکەش تکای کرد کەڵکی نەبوو، بردینی بۆ بەردەمی مودیری کە یەکێکی کورتەبنەی ورگنی خەڵکی سلێمانی بوو و گوتی ئەمانە فەقێی ئەودیوون لە چایخانەکە گرتوومن، مودیریش بێ ئەوەی تەماشامان بکا گوتی بیانگێڕەوە بابڕۆنەوە،(*) پۆلیس هێنایینی تا پشتی ئاوایی و باریکە ڕێی چیایی پیشان داین و گوتی فەقێ ئا لێرەوە بگەڕێنەوە بۆماڵی خۆتان، خۆیشی بەجێی هێشتین.

ئێمەیش بەلاییێکی دیکەدا هاتینەوە سەرجادە و ملی ڕێگامان گرت، بەسێ ڕۆژ گوندا و گوند گەیشتینە ڕواندز، هاوڕێیەکەم چوو بۆ حوجرەی فەقێیان و من هاتمە ماڵی سەید حوزنی.

***

کاتێ سەید حوزنی ناسیمی کە لە مەهاباد دراوسێی دایکی بووین و ڕەحمانی برای دەناسم، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و بەڵێنی دا یارمەتیم بدات، ماڵی سەید حوزنی بریتی بوو لە دوو ژووری قوڕینی کوردەواری و نیوە ژوورێک کە بۆ چێشتخانە و سەرشۆرک بەکاردەهات، ژووری پێشەوە کارگەی چاپخانە بوو، کۆنە مەکینەیێکی بچووکی چاپ کە بەپێ کاری دەکرد لەگەڵ سێ تەختەی پیت و مێزێکی دار و چەند قوتوو مەرەکەبی تێدابوو، ژووری ئەولاتر تایبەتیی ژیانی سەید حوزنی و ژنەکەی و شوێنی نووسین و کارکردنی و پێشوازی میوانیش بوو، لای سەرووی ئەو ژوورە بەپەردەیێک نێوان کرابوو بۆ جێگای خەوتنیان.

---

(*) دە ساڵ پاشی ئەو ڕووداوە، واتا ساڵی ٩٤٣ لە دایرەی تەموینی سلێمانی فرمانی وەرگرتنەوەی تکتی شەکر و چای دوکاندارەکانم پێ سپێردرابوو، چەند کەسێکی خانەنشینی سلێمانیش کە بۆ یارمەتی و مانگانە دامەزرابوون و ئیشیان نەبوو درابوونە دەست من تا لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تکتەکاندا یاریدەم بدەن، بەڕێکەوت یەک لەو خانەنشینانە (حەمەی ئەمین ئەفەندی) باوکی خوالێخۆشبوو (محەررەم)ی چیرۆکنووس و برادەرم بوو، ناسیمەوە کە ئەو هەمان مودیر ناحیەی ڕایەتە کە دە ساڵ لەمەوپێش منی ناردەوە بۆ ئەودیو، بەدەرفەتم زانی و لێم پرسی «ئەرێ حەمە فەندی. تۆ ساڵی ١٩٣٣ لە ڕایەت مودیر ناحیە نەبووی؟» گوتی «بەرێ وەڵڵا لەوێ بووم بەڵام من وەکیلی مودیر بووم» گوتم «جا باشە من و برادەرێک ئەو ساڵە هاتینە ڕایەت، تۆ نەک میوانداریت نەکردین، بەڵکو بەپۆلیسەکانت گوت دەرمان بکەن؟» حەمە فەندی کە ڕاستەقینەی شتەکەی بەخەیاڵدا نەدەهات کەوتە سوێندخواردن و گوتی «چۆن؟ ناکام ببێتە میوانی من و ڕێزی نەگرم، بەخوا گاڵتە دەکەی!»



ئەو خانووە نزیک ماڵی (سمایل بەگ) بوو کە یەکێک بووە لە لاوە ڕۆشنبیر و نیشتمانییەکانی ئەو سەردەمە و بەهۆی دوژمنایەتی خێڵەکییەوە ساڵێک بوو کوژرابوو و دایکی لە ژوورێکی کۆشکە گەورەکەیدا ناشتبووی و شەو و ڕۆژ بەدیارییەوە دەکوڕووزایەوە.

کە من گەیشتمە ئەوێ، سێ کەس ئەرکی بەڕێوەبردنی چاپخانەیان لەسەر شان بوو، سەید کلێشەی لە دار دەکۆڵی، لاپەڕەی پیتەکانی دەخستە قاڵبەوە، هەڵەبژێری دەکرد و سەرپەرشتی گشتی بوو، ڕەزا کە کوڕێکی (١٥) ساڵەی کوردستانی ژوورووە پاش تێکشکانی شۆڕشی دەرسیم لە کوردستانی تورکیا، وێڕای ئاوارەکان ئاوا بۆتە ئەمدیو و لای سەید حوزنی گیرساوەتەوە و فێری پیت چنین بوو، فرمانی پیت ڕێکخستن و هەڵسووڕاندنی مەکینە و پاش تەواوبوون بڵاوکردنەوەی پیتەکانی لەسەرە، قاقەز بڕین و هەڵگێڕانەوەی لاپەڕە چاپکراوەکان و لەسەر یەک دانانی فۆرمەکان کاری ژنەکەی سەید حوزنییە، جا کە منیش گەیشتمە ئەوێ بەشێک لە کارەکانم وەرگرت.

لێرەدا باسی پارە و مانگانە نەبوو: بۆ خواردن تێروتەسەل بووین، شیریشمان دەخوارد، ئەگەر بچووینایە بازاڕ یا پێویستییەکمان بوایە سەید پارەی دەداینێ، ژەمەکان چوار قۆڵی دادەنیشتین و وێڕای قسە خۆشەکانی سەید حوزنی نان و زانینمان قووت دەدا و هەر ڕۆژە زانیارییێکی نوێمان دەئاخنیە مێشکمانەوە.

گەرمەی خۆشیمان ڕۆژانی هەینی بوو کە لاوانی خوێنگەرم و قوتابیانی دڵسۆزی کورد، لە هەولێر و کۆیە و شارەکانی دیکەڕا دەهاتن بۆ چاوپێکەوتنی سەید حوزنی ئەفەندی و بینینی چاپخانەی کوردی، جا دەورەیان لە ئێمە (من و ڕەزاش) دەدا و ئەوەندە بەقەدر و ڕێزەوە دەیاندواندین دەتگوت قارەمانین و لە سەنگەری وڵاتپارێزی هاتووینەوە، ئێمەیش لە خۆمان بایی دەبووین و خۆمان بەشتێکی فرە زل دەزانی.

جار جارەش ژن و پیاوی ئەورووپی دەهاتن، ئێمە ئەوسا هەموو ئەو ڕۆژئاواییانەمان بەئینگلیز دەزانی، لە کاتی کارکردندا وێنەی خۆمان و دەزگا سەرەتاییەکانی پیت و مەکینە چاپەکەمانیان دەگرت و دەستیان دەدا بەشانماندا.

جارێکیان لە وەڵامی ژنێکی ئینگلیزیدا کە لێی پرسیم «ئاکامی ئەم ئیشەی تۆ چی لێ دەردەچێ؟» وەڵامێکم دایەوە، ئەوەندەی قسەکەمی پێ خۆش بوو لێم هاتە پێشەوە و دەمی ماچ کردم، ئێستاش تامی ئەو ماچە هەر لەدەمم دایە!... بۆ ئێوارەیش ژنی سەید حوزنی بەم بۆنەیەوە قازێکی قەڵەوی بۆ سەربڕین، خواردمان.

ڕەزای هاوکارم دوو ساڵ پێش من لەوێ بوو، بەڵام زوو پێشی کەوتم، چونکو لەو خوێندەوارتر بووم و ئەو شێوەی سۆرانی (کە زمانی چاپخانەکە بوو) باش نەدەزانی. کاتێ سەید حوزنی بۆی دەرکەوت چەند تامەزرۆی خوێندنەوە و فێربوونم، زیاتر ڕووی دامێ و هەر جارە لە کتێبخانە بەنرخەکەی خۆی کتێبێکی دەدامێ بیخوێنمەوە و چیم نەزانی لێی بپرسمەوە، خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بوونە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کرانەوە و ڕووناکبوونەوەی مێشکی ساوای من، جگە لەوەی لە دانیشتنەکانی پشوودانماندا بەگێڕانەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکان مێشکمانی بەجەوهەری کوردایەتی زاخاو دەدا.

***

کە من گەیشتمە ئەوێ، دەمێک بوو سەید حوزنی دەرکرانی گۆواری (زاری کرمانجی)ی ڕاگرتبوو، کتێبی (کوردی زەند)ی بەدەستەوە بوو چاپی دەکرد، وردە زانیارییێکم لە بارەی کەریم خانی زەندەوە خوێندبۆوە، بۆیم گێڕایەوە زۆری پێ خۆش بوو لە کتێبەکەیدا ئیشارەی پێ کرد، ئەویش بریتی بوو لەم ڕووداوە:

کاتێک کەریم خان مرد و بنەماڵەکەی لەسەر میرات دەستیان خستە بینەقاقەی یەکتر، ئاغا محەممەدی قاجار کە کوڕێکی خەساوی خزمی ژنی کەریم خان بوو و لە ماڵی خۆیدا بەخێوی کردبوو، ڕاپەڕی و هۆزی قاجار و هۆزەکانی دیکەی تورکمانی کۆکردەوە و پەلاماری زەندەکانی دا، شاری شیراز پێتەختی کەریم خانی گرت و تارانی کردە پێتەخت بۆ خۆی، کۆشکێکی گەورەی بۆ خۆی بنیات نا و ناردی لە شیراز گۆڕی کەریم خانی زەندیان هەڵوەشاند و ئێسکەکانی هێنا لە ژووری دانیشتنی خۆی وایان شاردەوە کە هەر کاتێ دەچوو لەسەر تەخت دابنیشێ پێی لەسەر ئەو ئێسکانە دادەنا، تا لە ساڵی ١٩٣٠دا کە ڕەزاشا لە قاجارەکانی هەڵدابوو خۆی کردبوو بەشای ئێران، فەرمانی دا ئەو ئێسکانە دەربهێنرێن و بەڕێزەوە بنێژرێنەوە.

***

سەید حوزنی سەفەرێکی شاری سلێمانی کرد و لە گەڕانەوەیدا پێی گوتم کە حەز دەکا لەگەڵی بچم بۆ سلێمانی کە شارێکی خۆشی کوردانە و لەوێ خەریکی دەرهێنانی ڕۆژنامەییێکی کوردی دەبین، ئەم هەواڵە بۆ من وەک مزگێنی وابوو، بچمە شارێکی گەورە و لەنێو چاپخانەییێکی گەورەدا خەریکی ڕۆژنامە چاپکردن بم، چی لەوە خۆشترە؟ بەشادییەوە ئامادەیی خۆمم پیشان دا.

وەکو سەید حوزنی بۆی باس کردم گوایا پیرەمێرد لە سلێمانی چاپخانە شەق و شڕەکەی



شارەوانی بەکرێ گرتبوو و دەیویست ڕۆژنامەی (ژیان) بەناوی خۆیەوە چاپ و بڵاو بکاتەوە، پێویستی بەشارەزاییێک هەبوو ئەو کەلاکەی بۆ زیندوو بکاتەوە و وای لێ بێ ببێتەوە بەچاپخانە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ سەید حوسێن حوزنی پێکهاتبوو کە بەهاوبەشی ڕۆژنامەکە دەربهێنن، نووسین و دەزمایەی پیرەمێرد، وێڕای شارەزایی و پسپۆڕی حوزنی، دەتوانن بنکەییێکی بەنرخی نوێ بۆ خزمەتی وشەی کوردی دابمەزرێنن.

لە پاییزی **١٩٣٣**دا گەیشتینە شاری سلێمانی.

### ٧- لەگەڵ پیرەمێرد و ڕۆژنامەی (ژیان)دا

بەچاوپێکەوتنی شاری سلێمانی بەکۆڵان و بازاڕ و مزگەوتەکانییەوە هەستم بەئاشنایەتی کرد و خۆمم بەنامۆ نەهاتە بەرچاو، جگە لە چەند دیاردەی بچووک. هەموو دیمەنەکان سابڵاخیان هێنایەوە بەرچاوم، مەیدان و قەیسەری و چاخانە و گەرماو و دوکانەکان، هەڵسوکەوتی خەڵک و یاری منداڵان لە کۆڵانەکاندا، لەوانە بوون کە پێیان ڕاهاتووم و دەیانناسم.

یەکەم جیاوازی کە سەرنجی ڕاکێشام سەرپێچی پیاوان بوو، لەولا پیاوان یا شەدە (مشکی) لەسەر دەبەستن یا قوماش و چیتی نەرم ڕیشووی بۆ دەنرێتەوە و دەیبەستن بەجۆرێک کە هەردوو گوێچکە و پشتی ملیان داپۆشێ، بەڵام لێرە بەزۆری جامانە (جەمەدانی) و هەندێکیش مشکی لەسەر دەنێن، بەڵام تەنیا تەوقە سەریان، ئیدی گوێچکە و ملیان داناپۆشن، وا دیارە ئەم جیاوازییە بەهۆی ئاووهەوا و پلەی گەرمای ئێرە و ئەوێیە.

سلێمانی شارێکی خنجیلە بوو کە دەتوانرا بەسەعاتێک پیاسە چوار دەوری بپێورێ. ئەگەر لەلای ژووروەوە دەستی پێ بکرایە لە گەڕەکی مەڵکەندییەوە کە ناوکەی شارەکە بووە و دەکەوێتە ژووررووی شار، لە مزگەوت و ماڵی حاجی بارامەوە دەست پێدەکات و بەهێڵێکی ڕاست ڕووە و خۆراوا بەپشت گەڕەکی شێخاندا دەگاتە نزیک کارێزی کانیسکان کە سنووری نێوان شار و سەربازگەیە و ئێواران پۆل پۆل ژنان گۆزە لەسەر شان دادەنێن و ئاوی کانی ئاسکان دەهێننەوە، لێرەشەوە بەقەراخ دەشتی تەیارەخانەدا (ئەمڕۆ گەڕەکی عەقارییە) بەرەوخوار دەگەیشتە دەباخخانە و گەڕەکی چوارباخ و لەگەڵ شێوێکدا شۆڕ دەبۆوە بۆ گەڕەکی جولەکان، بەشی خۆرهەڵاتی شاریش لە باخی شێخ لەتیفی دانسازەوە هەڵدەکشا بۆ باخ و مزگەوتی تەکیە و ئاوی سەرکارێز، ئەمجا بەتەنیشت ئاشی گاوران و تەکیە ڕووتەدا دەگەیشتە چاخانەی حەمە گوێزە کە دوا سنووری جادەی

سابوونکەران بوو و، لەوێوە ڕاست بەرەو ژوور تێکەڵ بەماڵەکان و مزگەوتی مەڵکەندی دەبۆوە.

ئەمە هەموو ئاوایی شاری سلێمانی بوو، خەڵکەکە هەموویان یەکتریان دەناسی، تەنانەت لە چۆنێتی ژیان و ڕابواردن و گیروگرفتەکانی یەکتریش ئاگادار دەبوون، یەکەم کەس کە بیری لەوە کردەوە ئەم سنوورە بشکێنێ، حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکلی زادە بوو کە خانووێکی لە قەراخ دەشتی تەیارەخانەوە دروست کرد و چوو تێیدا دانیشت (ئەو خانووە بەتەنیشت باخچەی گشتییەوەیە)، ئەو کە زۆر برادەری خاڵە حاجی واتا پیرەمێردی نەمر بوو و دەهات لە چاپخانە پێکەوە دادەنیشتن، هەموو جارێ پیرەمێرد بەگاڵتەوە لێی دەپرسی: «مەلا، ئەوە هێشتا چەقەڵ نەیخواردووی؟» مەبەستی ئەوەبوو کە ماڵەکەی لە شوێنێکی ئەوەندە دوورە ئاواییبە، لەوانەیە چەقەڵ تەماحی تێ بکات.

پاش گەیشتنە سلێمانیمان لاوێکی (پیتچن)یشمان لە بەغداوە بۆ هات ناوی حەمەئەمین ڕەباتی بوو، زۆر زوو لەگەڵ کاک حەمەمینا هۆگری یەکتربووین و قۆڵی کارمان لێ هەڵماڵی، بەڵام با بزانین ئەو شتەی پێیان دەگوت چاپخانەی نەخۆش و دەبوایە ئێمە خۆشی بکەینەوە چی بوو؟

لە ژێرخانێکی شێداری بەلەدیە کۆنەکەدا مەکینەییێکی ژەنگاویی مۆدێلی سەدەی نۆزدە لەنێو قوڕ و مەرەکەب و نەوت و قاقەزە شڕدا کەوتبوو، لە دوو قۆڵەکانی یەکێکیان شکابوو و لەلایەوە فڕێدرابوو، هەندێ بورغوو و پارچە و ئامێریشی لەملاولایەوە بڵاوبووبۆوە، بەشی دوو دەزگا پیت وەکو چێشتی مجێور تێکەڵ کرابوو و خرابووە دوو سێ تەنەکەوە، ئامێرە پێویستەکانی وەکو قومپاز و تەکنە و بۆش و نینیا و قالب و کلیل و ئەمانەش بەهەرەمەیی لەو گۆڕە هەڵڕژابوون و بەهۆی شێداری ژێرخانەکەوە چینێ ژەنگیان لێ نیشتبوو.

دوای بەسەرکردنەوەییێکی سەرپێیی کە سەید حوزنی خۆیشی هاوکاری دەکردین، گەیشتینە ئەو بڕوایە کە هەڵاواردن و بژارکردن و دانانەوەی پیتەکان لەنێو خانەکانیاندا، هەرچەندە کارێکی دژواریشە، بەڵام پێی دەوێرین، کۆسپی گەورەمان ئەم مەکینە خەڕەکە شکاوەیە کە سەید حوزنی واتەنی ئەگەر گۆتەمبۆرگ خۆی بێتە سەری ناتوانێ بیخاتەوە گەڕ!... بەڵام خاڵە حاجی بەپێچەوانەی ئێمەوە نائومێد نەبوو، دەیگوت «خەمتان نەبێ، ساڵح بەگ دەتوانێ چاری بکا».

پاش تێکچوونی (دەبۆ)کەی سلێمانی ڕیزێک دوکان دروست کران (ئەو دوکانانەی ئەمڕۆ لە سینەمای سیروانەوە تا شەقامی مەولەوییە)، لە یەکێک لەو دوکانانەدا لاوێکی



سپیلکەی سمێڵ ڕەش و چاوکز چەخماخسازی دەکرد، یەک مشکی ڕەشی زلی دەبەست و هەمیشە جگەرەییێکی زەل بەلای لێویەوە دوکەڵی دەکرد، دوکانەکەی جگە لە موشەدەمە و سندان و گیرە و چەکوچ و بڕەند و ئەم جۆرە ئامێرانە بەسەدان کوتە ئاسن و زەمبەلەک و ئاسنەواڵەشی تێدا پەرشوبڵاوببۆنەوە، خۆیشی هەمیشە سەری بەسەر تفەنگ و دەمانچە و گرامافۆنەوە شۆڕکردبۆوە و خەریکیان بوو، ئەمە ئەو ساڵح بەگەیە کە پیرەمێرد پێی وابوو مردووەکەمان بۆ زیندوو دەکاتەوە... ڕاستیشی کرد.

کوردستان کە هیچ کاتێک کارگەی پیشەسازی و ئەندازیارێتی میکانیکی بەخۆیەوە نەدیوە، تەنیا بەچەکوچ و بڕەند و هۆشی کوردانە، لەم دوو سێ سەدەیەی دواییدا داهێنەری وای پێگەیاندووە بوونەتە جێی سەرسوڕمانی بێگانەکان، لەمانە (وەستا بەشارەتی بتلیسی) و (حسکە)ی جەزیری (وەستا ڕەجەب)ی ڕواندزی و (وەستا خاڵەی شیرگەر)ی سابڵاخی ناویان تۆمارکراوە، ئەم ساڵح بەگەیش یەکێک بوو لەو بلیمەتانە و لەوان زیاتریشی لێی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام بەداخەوە لەو دواییانەدا باری ژین و ئەرکی بەڕێچوونی ماڵ و منداڵ ناچاری کرد دەست لە پیشە و شاکارەکانی خۆی هەڵبگرێت و لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دابمەزرێ کە کاری ڕۆتینی و پشت بەمانگانە بەستن ترووسکەی داهێنەری تێدا کوژاندەوە.

ساڵح بەگ هات بۆ چاپخانە و یەکەم هەنگاو داوای لێ کردین چۆنێتی کارکردنی ئەم مەکینەیەی پێ بڵێین، کە تێمان گەیاند بەدڵنیاییەوە گوتی: ئێشەڵڵا چاکی دەکەمەوە. یەک دوو هەفتە خەریک بوو، بەپینەکردنی لایێک و داڕشتنەوەی چەند پارچە، خەڕەکە شکاوەکەمان بەلەقەلەق کەوتەوە گەڕ، ئێمەیش کە پیتەکانمان هەڵاواردبوو و ختسبوومانەوە خانەکانیان، هەموو شتێ سازبوو، لە پاش سێ مانگ ڕەنج و ماندووبوونێکی بێ وچان توانیمان یەکەم ژمارەی نوێی ڕۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد لەژێر چاپ بهێنینە دەر و بگاتە دەست خوێنەرە زۆر تامەزرۆکانی.

بەڵام بەداخەوە شادی ئەم سەرکەوتنەمان قۆرتێکی ناخۆشی بەدوا داهات، پیرەمێرد و حوزنی لەبەر چەند هۆییێکی ئاشکرا و نهێنی، نەیانتوانی درێژە بەهاوکارییەکەیان بدەن و لێک جوێ بوونەوە. چارەنووسی منیش بەرەو ڕێبازێکی نوێ ئاژوای، خاڵ حاجی حەزی دەکرد بمێنمەوە و کاری ڕۆژنامەکە پەکی نەکەوێ، سەید حوزنیش هەرچەندە دەیویست لەگەڵیا بگەڕێمەوە، بەڵام خۆمی کردە سەرپشک منیش سەبارەت بەگوڕانێکی تایبەتیم بڕیاری مانەوەم دا، چونکو لە ڕۆژنامەکەدا ڕێگای ئەوەم درابوو هەندێ لەو نووسینانەم کە خۆم پێم وابوو شیعرن بڵاوبکرێنەوە و وشەی (ناکام)یان لە دامێنەوە بنووسرێ، ئەمەیش

لەو ڕۆژەدا بۆ من ئەوپەڕی ئاوات بوو.

مالاَّوابییمان لە سەید حوزنی کرد و گەڕامەوە سەر ئیشەکەی خۆم، بەلاَّم خولیای نووسین بەچەشنێک هەست و هۆشی داگیرکردبووم کە لە کاتەکانی پشوودانا لە جیاتی وچان و حەسانەوە هەر دەمنووسی و دەمنووسی.

ژووری پیت چنینی ئێمە و نووسینگەی پیرەمێرد، تاقە یەک ژووری بەلەدیە کۆنەکە بوو کە بەسەر مەیدانی دار و خەڵوز فرۆشتنەکەیدا دەڕوانی و ئەمڕۆ بۆتە بازاڕی زیوەر، دەزگای پیتەکانمان لەبەر پەنجەرەکان دانابوو لای دەرگاکەشەوە مێز و کورسییێکی تەختە هەبوو یەک دوو قەڵەم و شووشە مەرەکەبێک و کۆمەڵێ قاقەزی سەرەمقەسی ڕۆژنامەی لەسەر بوو پیرەمێرد لەسەری دەنووسی، منیش ئەو کاتانەی ئەو لەوێ نەبوایە و دەستم بەتاڵ بوایە، لێی دادەنیشتم و هەتا دەمتوانی قاقەزم ڕەش دەکردەوە. ڕۆژێک خاڵە حاجی هات دەیویست شتێک بنووسێ، هەر قاقەزێکی سەرمێزەکەی دەست دایە و لە چاوی نزیک کردەوە (پیرەمێرد چاویلکەی بەکارنەدەهێنا، بەلاَّم بۆ خوێندنەوە و نووسین قاقەزەکەی ئەوەندە لە چاوی نزیک دەکردەوە بەر سەری لووتی دەکەوت) دیتی من شتێکم لێ نووسیوە، ئەوی فڕێدا و یەکێکی دیکەی دەست دایە، ئەویش وابوو... کاتێ پارچە قاقەزی پاکی نەدۆزییەوە، تووڕە بوو و بانگی کرد: «ئا ڕۆڵە حەمەومین، پەڕە قاقەزێکی نەنووسراوم بۆ پەیداکە، خوا ئەزانێ هەر دەرپێکانمان ماوە حەمە سەعید لێی بنووسێ»!

***

ساڵی ٩٣٥ حکوومەتی ئێران بەبۆنەی تێپەڕینی هەزار ساڵ بەسەر هاتنە دنیای شاعیری فارس (فیردەوسی)دا هەرایێکی نابۆوە و بەمەبەستی پڕوپاگەندە بۆ ڕژێمی ڕەزا شا، لە هەموو لایێکی دنیاوە مێژوونووس و فارسیزان و ڕۆژهەلاَّتناسیان بانگ کردبوو، منیش بەم بۆنەیەوە پارچە شیعرێکم لە ژیاندا بلاَّوکردەوە، لە دێڕێکیدا نووسیبووم «لە پاش هەزار ساڵ فیردەوسی توسی دەزانن کێیە و جەژنی بۆ دەگرن». لەو ڕۆژانەدا ڕۆژهەلاَّتناسی ناسراو (مینۆرسکی) کە بۆ ئەو ئاهەنگەی تاران بانگ کرابوو. هاتە سلێمانی و بۆ چاوپێکەوتنی پیرەمێرد سەری لە چاپخانەشدا، لەو چاوپێکەوتنەدا داوای لە پیرەمێرد کرد کە چەند پارچە شیعرێک لە بەرهەمی نوێی شاعیرە کوردەکانی بداتێ، ئەویش شیعری گۆران و بێکەس و میرزا مارف و بێخودی بۆ پەیدا کرد و ئەو شیعرەی منیشی دایێ، کاتێ مینۆرسکی شیعرەکەی بیست و منیشی دی کە خەریکی کارکردن بووم، ناردی ڕەسمگرێک هات و لەبەر هەیوانی بەلەدیە بەرامبەر بەدەرگای قەیسەری نەقیب وێنەییێکی سێ قۆڵی گرت، واتا مینۆرسکی و پیرەمێرد و منیش بەبەروانکەی



کارەوە لە نێوانیاندا.

***

ڕۆژنامەی ژیان هەفتانەبوو و نزیکەی ٤٠٠ دانەی لێ چاپ دەکرا، کە زیاتری لەنێو شاری سلێمانیدا دەفرۆشرا، ڕۆژانی دەرچوونی ڕۆژنامە لەنێو بازاڕدا مرۆ چاوی بەدیمەنێک دەکەوت کە دڵگەشێن و هیوا بزوێن بوو، مام حاجی بازرگان و چەورەی شاگرد و قەساب و تەنەکەچی و سەوزی فرۆشت دەبینی یەکی دانەیێک ڕۆژنامەیان بەدەستەوەیە، سەریان پێدا شۆڕکردۆتەوە و وشەکانی حونجە دەکەن، هەر ئەو ڕۆژە ئەو یەک دوو شیعرەی پەندی پێشینان کە لە ژووروی لاپەڕەی یەکەمدا دەنووسرا، لەبەر دەکرا و دەماودەم بلاَّودەبۆوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە یەکێک لەو هۆیانەی بوونە بزوێنەر و وریا کەرەوەی شاری سلێمانی و پایەیێکی تایبەکاری لەو سالاَّنەدا بۆ دیار کرد، ڕۆژنامەی (ژیان) و قوتابخانە شەوانەکەی (زانستی) بوون کە داهێنەر و بەڕێوەبەری هەردووکیان پیرەمێردی نەمر بوو، ئەم دوو بنکە بەنرخە چاوی کرێکار و کاسب و دوکانداری نێو کۆڵان و بازاڕی سلێمانی کردەوە و مانا سەرەتاییەکانی نەتەوایەتیی تێگەیاندن. بڕوا بەخۆکردن و قیز لە داگیرکەری فێرکردن و ئەم شارەی کردە ناوەندی کوردایەتی و مەشخەڵی گرتنەبەری ڕێچکەی ڕزگاریخوازی بۆ گشت کوردستان.

ئێمە لێرەدا پایەبەرزیی پیرەمێردی نەمرمان بۆ دەردەکەوێ و دەزانین میللەتی کورد بەتێکڕایی و دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتایبەتی چەند قەرزدار و منەتباری خەبات و کردەوە ژیرانەکەی خاڵە حاجی تۆفیق پیرەمێردن.(*)

---

(*) بەهاری ساڵی ٩٣٥ ڕووداوێکی گەپاوی قەوما کە خۆی لە خۆیا بەڵگەی لە ڕووداوەستانی خەڵکی سلێمانی بەرامبەر بەدوژمنی داگیرکەربوو:

یارییێکی تۆپی پێ سازکرا لەنێوانی تیپی سوپای عێراق و تیپی شاری سلێمانی کە یاریکەرانی بریتیبوون لە چەند قوتابی و مامۆستا و هەندێ لاوی نێو بازاڕ، ئەوسا تاقە یەک فەوجی سوپا لە سلێمانی بوو کە سەربازەکانی عەرەب بوون و ئەفسەرەکان زۆربەیان کوردبوون، فەوجەکە ناوی (فەوجی دووەمی سەر سنوور) بوو.

ڕۆژی دیارکراو جەماوەری شار ڕووی کردە دەشتی تەیارەخانە (دەشتی کانی ئاسکان) بۆ پشتگیری و هاندانی ڕۆڵەکانیان و بەدرێژایی دەشتەکە ڕیزیان بەست و دانیشتن، لەو بەریشەوە خێوەت هەڵدرابوو، ئەفسەرانی سوپا و کاربەدەستانی میری لەژێر ئەو خێوەتانەدا کورسییان بۆ داندرابوو.

یاری دەستی پێکرد و لە هەردوو بەرەوە قیژە و بانگاوازی لایەنگر و هاندەران بەرز بۆوە، پاش <

## ٨- کۆمەڵەی یەکێتی

وەکو پێشتر باسم کرد سلێمانی ئەوسا شارێکی بچکۆلە بوو کە دانیشتووانی یەکتریان دەناسی و یەکێکی نامۆ بهاتایە دەزانرا، ئێمەیش زوو شارەزای دەوروپشتی خۆمان بووین، دوکانی فەرەج ئەبوتێڕ کە لادێیی ماست و کەرە و پەنیریان دێنا لای و دەیانفرۆشت لەژێر ئەو ژوورەی بەلەدیەدا بوو کە ئێمە دەزگای پیتەکانمان تێدا دانابوو. حەمەی شازەمانی بەقاڵ بەرامبەرمان و ڕووی لە قەیسەری نەقیب بوو قەرائەتخانەی قادراغای عەتار(*) بەرامبەر گەراجی فەرەج ئەفەندی قالەی جانێ و مزگەوتی نەقیب بوو: بەر دوکانی حەمە سەعیدی خەیات بەرامبەر قوتابخانەی فەیسەڵی ئێواران پیاوە ناسراوەکانی شاری لێ ڕادەوەستان باسی سیاسەت و دەنگوباسی دنیای لێ شی دەکرایەوە، لەوانەی دوو بەدوو ناسیمانن عەقید عیزەت تۆپچی (عیزەتی فاتە) و عیزەت

‹ ماوەیێک دەستەی سوپا گۆڵێکیان کرد و سەربازە عەرەبەکان کردیان بەهەراوهۆریا، ئەمە بۆ یاریکەران و بۆ خەڵکەکەش زۆر لە شان گران هات، چونکو ئەمە بەرکەی تۆپێن دانەدەندرا، بەڵکو ئەزموونێکی هێزی ئێمە و بێگانە بوو، بۆیە ڕۆڵەکانمان گوڕیان بەستەوە و تەنگیان بەعەرەبەکان هەڵچنی و نەوەستانەوە تا تۆپیان لە دەروازەی خەیمەکەیان سرەواند و قریوەی شادی لە بەرەی ئێمەوە گەیشتە ئاسمان، کەچی داوەری یاری فیقەی لێدا و گوتی ئەم گۆڵە حەل نییە چونکو بەهەڵە کراوە، لەوانەیە قسەی داوەر ڕاست بووبێ و گۆڵی ئێمە لە ڕووی قانونییەوە نەکرابێ، چونکە شارەزایی و یاریزانی لەنێو ئێمەدا ئەوەندە تەواو نەبوو، بەڵام نە تیپەکەمان و نە جەماوەرەکە ئامادە نەبوون بەقسەی داوەر دەست لە گۆڵەکەیان هەڵگرن، یاری تێکچوو و داوەر جاڕی دا کە سەبارەت بەگوێ نەدانی تیپی سلێمانی بەبڕیاری داوەر، بەدۆڕاو دادەندرێن و تیپی سوپا یاری بردۆتەوە، عەرەبەکان بەم جاڕدانە کەوتنە هەڵبەزینەوە و هۆسەیێکی عەرەبی (هەزۆڵ ئەحنە)یان دەکێشا کە کەسمان تێی نەدەگەیشتین، چونکو کەس عەرەبی نەدەزانی، خەڵک یاریکەرانیان گرتە نێو خۆ و بەرەو شار جمین و بەرامبەر بەهۆسەی عەرەبەکان دروشمی (کوزەڵەی ناسک)یان بەرزکردەوە و بەهەزاران کەس یەکدەنگ دووبارەیان دەکردەوە، ئەم هاوارەی ئێمە هۆسەی عەرەبەکانی کپ کردەوە و فەرمان بەپۆلیس درا کە خەڵک بێ دەنگ کەن، بەڵام گرمە و برکەی خەڵک پۆلیسەکانیشی ڕامالّی و هەتا نێو شار نەوەستانەوە.

(*) قادراغا چل پەنجا کتێبی تورکی و عەرەبی هەبوو، سێ چوار ڕۆژنامەی عەرەبی بەغداشی بۆ دەهات، خەڵک دەچوون کتێب و ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و چوار فلسیان دەدا و دەڕۆیشتن، بەڵام شوێنەکەی ئەوەندە تەنگە بەربوو، دەبوایە دانیشتوو بەپەلە بخوێنێتەوە و بڕوا تا یەکێکی دی لە جێگاکەی دانیشێ، کتێب هێنانەوەیش شەوی بەعانەیێک (چوار فلس) بوو.



بەگی وەسمان پاشای جاف و ئەحمەدی عەزیزاغا و چەند کەسێکی دی بوون کە جارجار (شۆتەر)ی نوێنەری ئینگلیز لە سلێمانیشیان تێکەڵاو دەبوو.

بەرنامەی ڕۆژانەمان -من و حەمەمین- وا بوو کە بەیانییان دەستمان بەکاری چاپ دەکرد. ژەمی نیوەڕۆ غەزالە خانی ژنی پیرەمێرد لە ماڵەوە نانی بۆ دەناردین. ئێواران کە دەستمان هەڵدەگرت دەچووینەوە قەلەندەرخانە(*) نانمان دەخوارد و بۆ نووستن دەچووینە زانستی. پاشتر لەسەر بڕیاری پیرەمێرد دانرام کە لە زانستی دەرس بڵێمەوە مانگی بەسی ڕوپیە، بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەبوبەکری شێخ جەلال (هەوری) بوو، لە قوتابییەکان ئەوانەی بیرم مابن (حاجی عەلی ماستاو) و (وەستا محێدین) و (حاجی عەولی چایچی) و (حاجی عەلی جاسوسی کەبابچی) بوون، کە هەموویان پیاوی خاوەن ژن و منداڵ بوون.

ئێمە بەهۆی ئیشەکەمانەوە زوو ناسراین و خەڵکمان ناسی و تێکەڵاوییێکی دڵسۆزانەمان پێکەوەنا، گەلێک پیاوی ناسراو هاتوچۆی چاپخانەیان دەکرد و بوون بەئاشنامان، لەوانە (عەبدولواحید نوری) و (میرزا مارف) و (مەلا مستەفا سەفوەت) و (شێ محەمەدی خاڵ) و (مەحموود فەهمی هەمەوەند) و (ڕەمزی مەلا مارف) بوون.

بەهۆی خوێندەواری و نووسینم لە ڕۆژنامەدا، لەگەڵ لاوەکانیشدا پەیوەندی و برادەریم پێکەوەنا، چاکەت و پانتۆڵم کڕی و بۆینباخم بەست و لەلای (قەزەرۆس) کە یەکە سەرتاشی سلێمانی بوو تراشم کرد و (برێلکرێم)م دا لە قژم و هاتمە ڕیزی ئەفەندییەکانەوە و ئێواران بەرەو سەددەی سابوونکەران پیاسەمان دەکرد و لە هەموو شتێ دەدواین لە سیاسەت و شیعر و دڵدارییەوە بگرە تا دەگاتە گاڵتە و قسەی فێنک.

برادەرم زۆربوون، بەڵام زیاتر لەگەڵ (حەمەی تاپۆ) (محەمەد خدر کۆیی) و (عەبدوڵڵا جەوهەر) و (مستەفا مەجید) (مچەی تاپۆ) بووین، هەر لەو ڕۆژانەدا گەیشتینە نێو ڕێکخراوێکی سیاسی کە ناوی (کۆمەڵەی یەکێتی) بوو، لەم ڕێکخراوە ساکار و سەرەتاییەدا هیچ جۆرە بەرنامە و پرۆگرامان پیشان نەدرابوو. تەنیا ئەوە نەبێ کە مەبەست ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردە و نابێ عەرەب دەسەڵاتدارمان بێ، سکرتێری

(*) قەلەندەرخانە ناوی ئەو خانووە قوڕە سێ ژوورییە بچکۆلەیەیە کە لە گەڕەکی سابوونکەران بەرامبەر مەکینەی کارەبا ماڵی پیرەمێرد بوو، خۆی و غەزالەخان پێکەوە دەژیان، شەوانە چەند برادەری تایبەتی دەهاتن بۆ لای و کونکەنیان دەکرد لەسەر لوقم و گەزۆ یا مێوژ و گوێز، لەوانە ئەمین بەگی گومرگ و عەزیز ئەفەندی (قامیش) و جەمیل سایب (کاکینە) کە خوشکەزای پیرەمێرد بوو.

کۆمەڵ مەلا حەسەن قازیی بیارە و بەرپرسی نەجمەدین حاجی مەلا ڕەسول بوو و گوایا قوماندانی گشتی بەغدا بەکر سیدقی کورد پشتیوانمانە، ئەوەی جێی سەرنجە بەشی هەرە زۆری پۆلیسی لیوای سلێمانی ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون و هەموو سەری مانگان ئابوونەی کۆمەڵەیان لێ کۆ دەکرایەوە، لە ئەندامە چالاک و دڵسۆزەکان کەریم باشچاوەش و نادر باشچاوەش کە دوو برای کۆیی بوون و حەمید ئەسعەد باشچاوەش کە پیاوێکی گەرمیانی بوو دەورێکی باشیان دەگێڕا، وەکو باس دەکرا کۆمەڵە دڵنیایە لەوەی هەر کاتێ بیەوێ دەتوانێ لە چەند سەعاتێک بەهۆی ئەندامە پۆلیسەکانییەوە هەموو لیوای سلێمانی بگرێ بەدەستەوە و کاربەدەستانی میری لابەرێ، چونکو ئەوکاتە هێزی پارێزەری چەکدار تەنیا پۆلیس بوو.

سکرتێری کۆمەڵە مەلا حەسەن خۆی شاعیر بوو و حەزی لە شیعر و ئەدەب دەکرد، بۆیە زۆر ڕووی دەدامێ و هەندێ ئەرکی سووکی پێ دەسپاردم. یەک لەو فرمانانەی درامێ ئەوەبوو کە بچمە گوندی مۆرتکەی بازیان و لەگەڵ ئاغاکانی هەمەوەندا لە بارەی کۆمەڵەوە قسە بکەم، ئەم پێشنیارە لەلایەن مەحموود فەهمی هەمەوەندەوە کرابوو کە فەقێ محەمەدی باوکی بەنەخوێندەواری کرابوو بە مودیری ناحیەی بازیان، ئەم هاتنە پێشەوەی هەمەوەندەکان سەبارەت بەناکۆکییان لەگەڵ دەسەڵاتی شێخ مەحموودی گەورەدابوو، چونکو هەندێ لە دێهاتی شێخ بەتایبەتی گوندی داریکەلی کەوتۆتە ناوچەی بازیانەوە و لەکاتی شۆڕشی شێخ دژی ئینگلیز هەندێ لە سەرۆکەکانی هەمەوەند خیانەتیان لە شێخ کرد و چوونە لای بێگانەی داگیرکەر، جا مەحموود ویستی بانگهێشتنێکی گەورەی ئاغاکانی خزمی بکات و لەو کۆبوونەوەیەدا من باسی کۆمەڵەیان بۆ بکەم، بەڵکو بەڵێنی لایەنگری کردنمانیان لێ وەربگرین.

شەو لە مۆرتکە ئاغاگەلی هەمەوەند کۆبوونەوە و منیش خۆم ئامادە کردبوو گوتارێکی توند و ئاگرین پێشکەش بکەم، کاک مەحموود مەبەستەکەی هێنا گۆڕێ، بەڵام وەکو گوێزیان بۆ بژمێری کەس ئاوڕیشی لێ نەدایەوە، دوو دوو و سێ سێ کەوتنە قسە و پێکەنین و هەندێکیان لە ڕاست خۆیان دەنگی گۆرانییان لێ هەڵبڕی، هەندێکیشیان لە (مەلای هەیاسی) کۆبوونەوە کە کۆلکە مەلاییێکی قسەخۆش بوو شیعری خۆی بۆ دەخوێندنەوە، یەکێ لە شیعرەکانیم بیرماوە «قول ئەعوز و بۆ بێژە

شەو کورتە ڕۆژ درێژە».

بەکورتی پێشنیارەکەی مەحموود پووچ بۆوە و بەیانی من گەڕامەوە بۆ سلێمانی، ئاکامی سەفەرەکەی خۆمم بەپارچە شیعرێک پێشکەش کرد کە کە زۆر چاک سەروگوێلاکی



هەمەوەندەکانم کوتابۆوە. ئەم شیعرەم زۆر بڵاوبۆوە و لەبەری نووسرایەوە، لەسەر ئەمە نێوانم لەگەڵ مەحموود فەهمی تێکچوو.

فرمانێکی دیکەشم بەرەوڕووکرایەوە کە لەوێشدا سەر نەکەوتم: لەو سەردەمەدا لە دۆڵی سورداش و ناوچەی ئاغجەلەر بزووتنەوەی (هەقە) بەتوندی سەری هەڵدابوو و حکوومەتی عێراق بەپارێزەوە بیری لە چارەکردنی دەکردەوە، سەرۆکی جولانەوە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەبوو کە تازە لە بەندیخانە بەردرابوو و گەڕابۆوە شەدەڵە، شێخ هاودەمێکی نزیکی هەبوو بەناوی (مەلا جەرجیس) کە نازانم خەڵکی کوێ بوو و گوایا بەفارسی شیعر دەنوسێ، جا وام لێکرا شیعرێک بەفارسی بۆ مەلا جەرجیس بنێرم و لەو شیعرەدا بڵێم کە من شەو خەونم بەبابە کەریم (واتا شێخ)ەوە دیوە و ئاواتەخوازم جارێک بێم و چاوم پێی بکەوێ، من پارچە شیعرێکی دوور و درێژی فارسیم نووسی کە تەنیا شیعری یەکەمیم بیرماوە

«ئەی سەر و جانەم فیدای ڕاهی دابانی عەزیز
جانی حوملە عالەم و عالیم فیدای نامەنیز»

کاتێ دۆستایەتی نەدیو و دوور بەدوورمان پتەوبوو، ڕۆژێک مەلا جەرجیس پڕی دەستەسڕێک سێوی بۆ ناردم و نووسیبووی ئەمە سێوی دارەکەی حەوشەیماڵی شێخە و ئەگەر توانیت وەرە سەرێکمان لێ بدە.

یەکەم هەنگاوی مەبەستەکەمان سەری گرتبوو، لەگەڵ (حەمە سەعید بەگی جاف) کە پۆلیسی گومرگ و ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە بوو چووین بۆ شەدەڵە، مەلا جەرجیسمان دیت و چاویشمان بەشێخ عەبدولکەریم کەوت، زۆری ڕێزگرتم و گوتی «لەوانەیە ببێ بەپیاوێکی زل»، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵەمان کرد و گوتمان کە مەبەستی دوایی ئێمە و مرید «هەقە»کان یەکە و دەمانەوێ میللەتەکەمان لە دەست بێگانە بهێنینەدەر، قایل نەبوو و گوتی کوردایەتی باشە، چونکە ئێمە هەموومان کوردین، بەڵام کۆمەڵە و شتی وا باش نییە. دواجار پێی گوتم «تۆ خەریکی شیعر و نووسینی خۆت بی باشترە».(*)

***

(*) لە بارەی بزووتنەوەی هەقە زۆر شتم زانی کە لێرەدا جێی نابێتەوە، ئەمەش نموونەییێکە: کە دەچووین بۆ شەدەڵە. لە گوندی هۆمەر قەوم لەبەر ماڵێک لاماندا و داوای ئاومان کرد، کچێکی نەشمیلەی جوان ئاوی بۆ هێناین، سوپاسمان کرد و گوتمان ماڵتان ئاوابێ، کیژەکە گوتی: «بابە کەریم نەیبڕێ»، گوتمان بڵێ خوا نەیبڕێ، گوتی: «جا فەرقی چییە، بابە کەریمیش خوایە!»

له کۆبوونەوەییێکدا کۆمەڵە بڕیاری دا چەند ئەندامێک بکا بەموفەووەز، چونکو ئەم هەموو پۆلیسەی سەر بەکۆمەڵە، یەک موفەووەزی خۆمانەی تێدانەبوو، ئەوانەی بۆ دەورەی موفەووەزی کە ماوەکەی نۆ مانگ بۆ پەسند دەکران، دەبوایە بڕوانامەی سێی ناوەندییان ببێ، یا پۆلیسی خوێندەواربن و دوو پلێتە یا زیاتریان بەشانەوەبێ، بۆ ئەم مەبەستە سێ کەس لەبەرچاو گیران، (حسێنی میرزا ساڵح) سابوونکەرانی، (جەلال ڕەشید - جەلالی عاسیەخان) کە ماڵەکەیان دەکەوتە پشت دوکانی حەمە سەعیدی خەیات و سێیەم من بووم. حوسێن و جەلال بڕوانامەیان بوو، بەڵام من پێویست بوو لەلایەن مودیری پۆلیسی سلێمانییەوە ناودێر بکرێم و پلێتەشم ببێ. عومەری ئەحمەد بەگی تاپۆ (گەڕەکی قەزازەکان) کە خۆی لە شورتەدا بوو، دەستەبەر بوو کە هەتا کاتی کرانەوەی دەورەی موفەووەزی، واتا چوار مانگی دیکە، دەتوانێ ڕێگای چوونە دەورەم بۆ تەخت بکا.

یەکەم کۆسپی ئەم کارە، دەبوایە من جلی پۆلیسی لەبەر بکەم کە ئەوەم پێ نەدەکرا، بەڵام دڵنیایان کردم کە ڕۆژانە تەنیا شەش سەعات کاتی دەوام ئەو بەرگە لەبەر دەکەم و پاشان دەتوانم بەجلی خۆمەوە بگەڕێم، تەگەرەی دووەم مووچەکەم بوو، من ئێستا پێنج دینار و چارەکێک لە چاپخانە و زانستی وەردەگرم، کەچی مانگانەی پۆلیس دوو دینار و نیوە، کۆمەڵە بەڵێنی دا مانگی دوو دینارم بداتێ، ئەمە جگە لەوەی کە لەگەڵ ژیان و چاپخانەدا ڕاهاتووم و ناتوانم هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەڵگرم، بەڵام فەرمانی کۆمەڵە و هاندانی برادەران ڕێی هەموو بیانوێکیان لێ گرتم و کاتێ بەخۆم زانی کە بووم بەپۆلیس و لە تاوڵەی سواری کراوم بەکاتبی مەعاونی پۆلیسی سواری. ئەم مەعاونە ئەفسەرێکی سێ ئەستێرەی ئاسووری بوو بەناوی (عەزرا وەردە) کە پێشتر ئەفسەری هێزی (لیوی) ئینگلیز بووە، خۆی نەخوێندەوار بوو و عەرەبیشی باش نەدەزانی، بەڵام زیرەک بوو و زوو لە شت دەگەیشت، کاروباری پۆلیسی و سەربازیشی باش دەزانی.

## ٩- له پۆلیسیدا

یەکەم ڕۆژی ئیشکردنم لە تاوڵە سواری بۆ من مێژوویی بوو، ژوورێکی تایبەتیم بۆ دیارکرابوو، لەولاترمەوە پۆلیسێکی خوێندەواری شارەزاشیان بۆ دانابووم تا یارمەتیم بدات و فێری ئیشم بکا، کەریم باشچاوەش و پۆلیسەکانی هاوڕێی کۆمەڵەم بۆ بەخێرهاتنم هاتن و بردیانم لەگەڵ مەعاون عەزرە یەکترمان ناسی، دوای دەوام هەر لەوێ خۆمم گۆڕی و هاتمەوە.

پاشتر لەسەر بڕیاری کۆمەڵە لە گەڕەکی گوێژە بەرامبەر بەخانەقا من و حەمەی تاپۆ



خانووێکمان گرت، لێرەدا بەشێنەیی ئەو (شەونامە)انەمان دەنووسییەوە کە پۆلیسەکانی دەوریەی نێو شار دەیانهاوێشتە حەوشەی ماڵان؛ یا بەدەرگا و دیواریانەوە دەنووساند.

ساڵی ٩٣٧ یەکەم تەنگوچەڵەمە بەرەو ڕووی کۆمەڵە بۆوە و بوو بەهۆی خاوبوونەوە و کزێتی و لە ئاکاما تێکچوونی، لەو سەردەمەدا لە سلێمانی کۆمەڵەییێکی دیکە پێکهاتبوو بەناوی (برایەتی ) کە گوایا شێخ لەتیفی حەفید سەرۆک و، مەلا ئەسعەدی مەحوی سکرتێریەتی، ئەوان ئاگاداری پەرەسەندن و ڕێکوپێکی کۆمەڵەکەی ئێمە بوون و دەیانویست دەستی بەسەردابگرن، بۆ ئەم مەبەستە کەوتبوونە وتووێژ، بەڵام وا دیاربوو لە سەرەوە پێک نەدەهاتن.

ڕۆژێک ئاگادار کراین کە دەستەی برایەتی دەیانەوێ بەگژماندا بێن و، بۆ ئەم مەبەستە شێخ نوری قەمچی ڕەش ناوێکیان بەچەند چەکدارێکەوە هێناوەتە نێو شار تا پەلاماری ماڵەکەمان بدەن، ئێمە خۆمان گورجکرد و هەشت پۆلیسی ئازایش جلی کوردییان لەبەر کرد و بەدەمانچەوە بوون بەپاسەوانی دوور و نزیکی ماڵەکەمان، شێخی قەمچی ڕەش خۆی و چەکدارەکانی هاتن، بەڵام کە چاویان بەئامادەیی ئێمە کەوت، بێ ئەوەی هیچیان پێ بکرێ کشانەوە.

***

لەو سەردەمەدا هۆزی (گەڵباخی)ی کورد لە ئێران دژی زوڵم و زۆرداری ڕەزاشا ڕاپەڕیبوون، شەڕی قارەمانانەیان کردبوو و دەستی باشیان لە دوژمن وەشاندبوو، بەڵام نابەرامبەری هێزی دەوڵەت و هۆزێکی بچووک کاری خۆی کرد و گەڵباخی شکان، ئێران زۆر دڕندانە و بێ بەزەییانە لێیدان و گوند و ئاواییەکانیانی سووتاند، بەچلەی زستانێکی هێجگار سەخت و سارد ڕاوی نان و بەرەو سنووری عێراق ڕەتاندنی، ژمارەییێکی زۆر ژن و منداڵیان لەنێو بەفر و بەستەڵەکدا ڕەق بوونەوە و هەندێکیان بەشەل و کوتی توانیان بگەنە ئەمدیوی سنوور، بۆ چاودێری ئەم ڕووداوە و یارمەتی پەناهێنەرەکان، مەعاون عەزرایان دانا بچێتە پێنجوین، منیش لەگەڵیا چووم، پاش ماوەییێک بڕیاری کۆبوونەوەییێکی کۆمیسیرەکانی سنووری هەردوو لا درا، جگە لە قایمقامی هەڵەبجە و مودیری پێنجوین و مەعاون عەزرە، مودیری پۆلیسی سلێمانی عەلی حیجازیش هاتبوو، لەو لایشەوە فەرماندەی سوپا و کاربەدەستانی ئێران ئامادە بووبوون، کات و شوێنی دیدار دیارکرا، بەڵام پێویست بەفارسی زانێک هەبوو کە قسەکان تەرجەمە بکا. بەمەعاونم گوت من دەتوانم. پاش تێگەیاندنی مودیری پۆلیس بڕیاردرا کە لە جیاتی جلی پۆلیسی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر بکەم و وێڕای وتووێژکەران لە کۆبوونەوەکانیاندا

ئامادەبم و قسە و نووسراوەکان تەرجەمە بکەم، ئەم ئەرکەم ئەوەندە بەچاکی بەجێ هێنا کە مودیری پۆلیس هەر لەوێ فەرمانی دا پلەیێکم بدرێتێ، واتا لە (شورتی ئەوەل)ەوە ببم بە(نایب عەریف).

پاش گەڕانەوەمان لە پێنجوین ناودێرکرام بۆ دەورەی موفەووەزی لە مەدرەسەی شورتە لە بەغدا و ناردیانم، لەوێ حوسێنی میرزا سالّح و جەلال ڕەشیدی هاوڕێم دۆزییەوە، جگە لەوان چەند قوتابی کوردی دیکەش لە کەرکووک و هەولێر و بادینان هاتبوون.

مەدرەسەکەمان لە بەتاوین بوو، کە هەر چوار لای چۆڵ و باخی دار خورما بوو، تەنیا یەک لای کلێسا و گۆڕستانی ئەرمەنییەکانی لێ بوو. بەرنامەی ڕۆژانەمان بریتی بوو لە مەشقی سەربازیی بەیانییان، دەرسی قانوونی عقوبات و لێکۆڵینەوە پاش نیوەڕۆیان، هەفتەی دوو ڕۆژ مەشقی سواری، ڕۆژانی پێنجشەممە پشکنینی پاکوخاوێنی خۆمان و چەک و زینی ئەسپەکانمان، ئێوارەی پێنجشەممە دەمانتوانی بڕۆین و ئێوارەی هەینی بگەڕێینەوە.

من لە مەشقکردندا کۆڵ بووم و زۆر جار تووشی لێ تووڕەبوون دەهاتم، بەڵام لە دەرسی کتێبەکاندا زۆر باش بووم و سواری ئەسپیشم پێ خۆش بوو.

قوتابییەکان دوو بابەت بوون، یەکەم ئەوانەی لەبەر تەمەڵی و نازیرەکی ناتوانن درێژە بەخوێندنی سانەوی بدەن و ئەم دەورە نۆ مانگییە بەدەرفەت دەزانن زوو دەربچن و مووچە وەربگرن. دووەم ئەو پۆلیسانەن کە کۆلکە خوێندەوارن و دێن ئەم نۆ مانگەش تەواو دەکەن و دەبن بەئەفەندی. بۆیە من لە خوێندن و تێگەیشتنی دەرسی کتێبەکاندا یەکەم بووم و ئەوەندە باشم دەزانین زۆر جار مامۆستا داوایان لێ دەکردم دەرسەکە بۆ هاوڕێیەکانم دووبارە بکەمەوە.

***

حسێنی میرزا سالّح پێش ئەوەی دوو مانگ تەواو بکا بەهۆی چاوکزی و کەم بینییەوە نەیتوانی بمێنێتەوە، دەستی لە دەورە هەڵگرت و گەڕایەوە سلێمانی، منیش دوای ئەو بەمانگێک دەرکرام، ئەمەش هۆی دەرکرانەکەمە:

ئێمەی قوتابیانی دەورە دەبوایە هەموو ڕۆژێ ڕیشمان بتاشین، بەڵام ڕۆژانی چوارشەممە شەوانە پێش نوستن تراشمان دەکرد؛ تاکو بەیانییانی پێنجشەممە فریای ڕێکخستن و پاککردنەوەی نوین وجل و بۆیاخکردنی پێلاو و زینی ئەسپ و قایشی پشت بکەوین و قۆپچەی چاکەتەکەمان بریقەدار بکەین، لەنێو مەدرەسەدا سەرتاشیش هەبوو لەکاتی



پێویستا دەچووینە لای، ئێوارەیێکی چوارشەمموو چووم بۆ ئەوەی تراشم بکات تا بچمەوە و خەریکی ئەرکەکانی دیکەم بم، سەرتاشەکە تاقە یەک کەسی لە لا بوو ئەویش کوردێکی سلێمانی بوو بەناوی (نوری یەکتا)، دانیشتم تا سەرەم دێتە سەر و سەرم بەسەر کتێبەکەمدا شۆڕکردبۆوە، لەو کاتەدا (جەبار یاسین) کە بەجەبار جرڕی بەناوبانگ بوو، بەپەلە خۆی کرد بەژوورا، ئەم جەبارە کوڕی شێخێکی عەرەبی خوارەوەیە و گوایا باوکی دەرەبەگ و نایبی پەرلەمانە، بەڵام بەهۆی سەرەڕۆیی و نازیرەکی خۆیەوە پاش تەواوکردنی ناوەندی لە هیچ فێرگەیێک جێی نەبۆتەوە و بەناچاری بەمەدرەسەی شورتە ڕازی بووە و لێرە گیرساوەتەوە، ڕۆژیش نییە شەڕ و هەرا نەنێتەوە و بەگژ هاوڕێکانی خۆیدا نەچێ... هەر گەیشتە ژوورەوە بەسەرتاشەکەی گوت: «وەستا گیان زۆر بەپەلەم، یەک گوێزانی سەرپێیی بەڕیشمدا بێنە» ئەمجا هات بزانی ئەوە کێیە دانیشتووە، تەماشاییێکی کرد و بەپێکەنینەوە گوتی: «نوری، ئەوە تۆی؟ هەستە چاوەکەم با من تراشێکی بەپەلە بکەم جا تۆ دانیشەوە تراشەکەت تەواو بکە»، نوری گوتی: «جەبار تۆ قسەی قۆڕ دەکەی، من دەموچاوم کەفی پێوەیە، ڕاوەستە با لێ ببمەوە جا تۆ دانیشە»، بەڵام جەبار وازی نەهێنا، کەوتە پاڕانەوە و هەڕەشەکردن و شانی نوری ڕادەتەکاند، نوریش کردییە لاساری و سوێندی خوارد هەتا لێ نەبێتەوە لەسەر ئەم کورسییە هەڵناستێ... جەبار کە نائومێد بوو هەردوو دەستی خستە سەر قایشەکەی پشتی و گوتی «دەبڕۆ لەعنەت لە باوکت و باوکی هەرچی کورد هەیە»! من کە دانیشتبووم و گوێم بۆ ئەم دەمقاڵێیە شل کردبوو، ئەم دوا وشەی جەبار جرڕی وەکو بۆمبایێک لە مێشکمدا تەقییەوە(*)، بەری چاوم تاریک داهات، وەکو شێت ڕاپەڕیم و لە پشتەوە پەلاماری جەبارم دا کە چاوەڕوانی ئەم

(*) لەو ڕۆژانەدا بەرامبەر بەسەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی عەرەبەکان، پلەی نەتەوەیی و نیشتمانخوازی ڕۆشنبیرە کوردەکان گەیشتبووە پۆپە! کوردایەتی تێکەڵاوی خوێن و هەناسەی لاوەکان بووبوو و لەلای لابەلاشەوە ناوی کورد بەخراپە بهاتایە، نەیاندەتوانی خۆیان لێ بێ دەنگ کەن.

ئێوارەیێکی پێنجشەممە لە بەغدا چووم بۆ لای کاک (شاکر فەتاح)ی برادەرم کە ئەوسا قوتابی کۆلیجی حقوق بوو لە ژوورێکی خانی ئەحمەداغای تەنیشت مۆزەخانەی بەغدا دەژیا. کاتێ گەیشتمە بەر ژوورەکەی گوێم گرت، خۆی فێری عود لێدان دەکرد و بەدەم درنگەی عودەوە سروودی (کوردستان) دەڵێ، ئەم کردەوەی کاک شاکر بەجۆرێ کاری تێکردم کە فرمێسک بەچاوما هاتە خوار، کاتێ چوومە ژوورەوە و منی وا چاوپێکەوت، وای زانی شەڕم کردووە و لێدراوم، بەڵام تێم گەیاند کەس لێی نەداوم و سروودەکەی ئەو گریاندوومی، هەروەها کودەتای جەنەڕاڵ بەکر سیدقی و تەقەلای کوردایەتییە ئاشکراکەی و لە دواییدا لەناوچوونی بەهەموولایێکدا تەنیبۆوە.

تێسرەواندنە نەبوو، هەردوو دەستم لە قورقوراگەی گیرکرد و خستم و بەپۆستاڵەکانم بەربوومە تێهەڵدانی پشت و سەر و شانی، ئەویش لە هاوار و قیژە بەولاوە هیچی بۆ نەمابۆوە، سەرتاشەکە ڕای کردە دەرەوە هاواری ئینزیباتی کرد، سێ چوار کەس هاتنە ژوورەوە و منیان لەسەر جەبار لابرد، بەڵام ئەو بەڕاست یا بەدرۆ خۆی مراند، بەدوو کەس ڕاستیان کردەوە و بردیانە ژووری زابت خەفەر، ئەویش ناردی و منیان برد و کەوتە لێ پرسینەوەم، کاتێ لە وەڵامی پرسیارەکەی (بۆ وات کرد)ا گوتم چونکو جنێوی بەهەموو کورد دا، زابتەکە بەتەوسەوە گوتی: «بۆچی جەنابت وەکیلی هەموو کوردانیت؟ سا وەڵڵا من ببینم دوو کەس بەشەڕ دێن و یەکیان بڵێ لەعنەت لە باوکی هەموو عەرەبێک، نە توورە دەبم و نەخۆم تێکەڵاوی شەڕی لابەلا دەکەم».

ئەو شەوە گیرام و بەیانی لێپرسینەوەی شایەدەکان کرا و دوو بەیانی هەینیی بەسەرداهات، سێ ڕۆژ لە گرتووخانەی مەدرەسەدا مامەوە، برادەران دەهاتنە لام و بۆیان گێڕامەوە کە جەبار پشت و نێوچەوانی ڕووشاوە و یەک هەفتە ئیجازەی دوکتۆری دراوەتێ، بەڵام قسەی نوری یەکتام لە هەموو ڕووداوەکە پێ ناخۆشتر بوو کە دەیگوت «نەدەبوایە ئەم شەڕە لەسەر من بکەی، خۆ من نۆرەکەی خۆمم هەر نەدەدایێ!».

ڕۆژی شەمموو فایلی ئەو شەڕە گەیشتە لای مەعاونی مەدرەسە کە ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە (موزاحیم ماهیر) ناو بوو، ئەو بەڕادەیێک لە دەرس تێگەیشتنەکانی من ڕازی بوو کە دەیگوت پاش تەواوبوونی دەورە ناهێڵم بچیتەوە بۆ سلێمانی، بەموفەووەزی لێرە بمێنەرەوە و دەرس بڵێیرەوە. ئەو بانگی کردم و گوتی من لەلای مودیری مەدرەسە پشتگیریم کردووی و بڕیار درا سێ ڕۆژ بگیرێیت و چوار هەینی لە مەدرەسە نەچیتە دەرەوە. نزیک نیوەڕۆ بەریاندام و شتەکە کۆتایی پێ هات.

لەم ئاکامە ئەوەی زۆرم پێ ناخۆش بوو چوار هەینی نەچوونە بەغداکەم بوو، لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە لەسەر سووچێک دوکانێکی بچووک هەبوو پیاوێکی ئەرمەنی سیمون ناوی لەسەر بوو، هەرچی خوێندکاری کورد لە بەغدایە کۆلیجەکانی حقوق و ئەندازیاری و هی دیکە لەبەر ئەو دوکانە بچکۆلەیەدا خڕدەبوونەوە، یەک سەعات چاوەڕوان دەبوون تا دوو هێلکە یا ئیستیکانێ چایان بەردەکەوت، لاوەکان پۆل پۆل یەکیان دەگرت، دەنگوباس ئاڵوگۆڕ دەکرا و بڕیار دەدرا، لەو ڕۆژانەدا بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڤێنیێتی عەرەب جموجۆڵێکی چڕی کوردایەتی کەوتبووە نێو خوێندکارەکانەوە. چەند مامۆستاییێکی عەرەبی فەلەستینی هێنرابوون لە کۆلیجەکان دەرس بڵێینەوە وەکو ئەکرەم زعێتەر و عیزەت دەروەرە و ساتیع حەسری، ئەمانە لەگەڵ



نەتەوەخوازەکانی بەغدا یانەی (ئەلموسەننا)یان پێکەوە نابوو، لەنێو خوێندکارەکاندا دەیانگوت عێراق وڵاتێکی عەرەبە و دانیشتوانی عەرەبن. نابێ ڕێگا بدرێ لێرەدا باسی فرە نەتەوەیی بکرێ. لەسەر ئەمە لاوە خوێندکارەکانمان بەگژ دەمیاندا دەچوونەوە و بەشەڕ دەهاتن، بۆیە لە شارەکانی کوردستانەوە مەزبەتە و دەستەنێرراوی پشتگیری دەگەیشتنە بەغدا و پلەی کوردایەتی تەواو لەنێو خەڵکدا بەرز بوو بۆوە.

هەفتەییێک بەسەر بڕانەوەی هەرای من و جەبار جڕڕیدا تێپەڕیبوو، ڕۆژێک لە مەیدانی مەشقکردنەوە بانگ کرام بۆ لای مەعاونی مەدرەسە موزاحیم ماهیر، ئەو بەداخەوە پێی گوتم کە جەبار دیسان چۆتەوە لای دوکتۆر و ئەم جارە یەک مانگ حەسانەوەی بۆ نووسراوە، باوکیشی کە نوێنەری پەرلەمان (نایب)ە، چۆتە سەر مودیری گشتیی پۆلیس (حیسامەدین جومعە) شکاتی لە بەڕێوەبەرانی مەدرەسەی شورتە کردووە، مودیر عام فەرمانی پێکردین کە تۆ لێرە نەمێنی، بەڵام من و مودیری مەدرەسە پێشنیارێکمان بۆ مودیر عام ناردووە ئەگەر پەسند بکرێ تۆ لێرە بەنووسەری مەدرەسە دەهێڵینەوە و دەتکەین بەعەریف و ساڵی دادێ دەگەڕێیتەوە دەورە... یەک دوو ڕۆژی دیکەش چاوەڕوانیمان کرد، بەڵام پێشنیارەکە پەسند نەکرا و مودیر عام سوور بوو لەسەر ئەوەی نابێ من لە پۆلیسیدا بمێنم.

کەلوپەلی میریم چی لە لا بوو دامنەوە و ماڵاواییم لە هەمووان کرد و گەڕامەوە سلێمانی.

### ١٠- لەگەڵ «گۆران»دا

کە هاتمەوە دەبینم کۆمەڵەکەمان نەماوە، گوایا دەستەی برایەتی توانیبوویان ناچاریان بکەن هەردوو کۆمەڵە لێک بدرێن و ناوی (یەکێتی و برایەتی) لێ بنرێ، بەڵام پاشتر لەبەریەک هەڵوەشاوە و بڵاو بووەوە، چاپخانەیش وا نەمابوو بتوانم تێ هەڵچمەوە، یەک دوو مانگێک بێ ئیش بووم و ماوەییێک داندرام بۆ بەشینەوەی دەرمانی مەلاریا بەسەر گوندەکانی ناوچەی بازیاندا.

لەم ساڵی ١٩٣٨دا بێ ئەوەی بیرم لێ کردبێتەوە یا خۆم بۆ ئامادە کردبێ، تووشی ژنهێنان بووم.

کتێبێکی بچکۆلەی عەرەبی کەوتبووە بازاڕەوە کە لیوا ڕوکن (بەهائەدین نوری)ی هەولێری لە تورکییەوە کردبووی بەعەرەبی، بەناوی (کیف تعالت پروسیا)، واتا پروسیا چۆن بەرزبۆوە؟ ئەم کتێبە باسی گەلی ئەڵمانیای دەکرد کە چۆن لە دوو سەدەی پێش

ئێستادا پارچە پارچە و پێکەوە ناکۆک و لە ئاستی دوژمناندا کز و بێ دەسەڵات بوون، پاشان زانایان و شاعیران و ئەفسەرانی دڵسۆز قۆڵی خەباتیان لێ هەڵماڵی، بەنووسین و گوتار و تەقەلای بێ وچان نەتەوەکەی خۆیانیان وریاکردەوە و پارچەکانیان لێکتر نزیک خستەوە و توانیان ئەڵمانێکی یەک پارچە لەژێر یەک ئاڵادا کۆ بکەنەوە و بیکەنە یەکەم دەوڵەتی خاوەن سام و بەهێزی ئەوروپا. ناوەرۆکی ئەم کتێبەم ئەوەندە بەدڵ بوو کە کردم بەکوردی و ئاواتم بوو بتوانم چاپی بکەم.

دوور بەدوور لە ڕێگای شیعرەکانییەوە گۆرانم دەناسی، ویستم ڕای لە بارەی ئەم کتێبەوە وەربگرم، چووم بۆ لای لە دایرەی ئەشغال کە لەوێ ژمێریار بوو، یەکترمان ناسی و کتێبەکەمم دایێ، دیار بوو لە کوردی نووسینەکەم ڕازییە، بەڵێنی دامێ کە ڕێگای چاپکردنیم بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها ئیشێکیشی بۆ دۆزیمەوە لای خۆیان، دانرام بۆ نووسینی کرێکاران لە ڕێگای میرزا ڕۆستەم کە تازە خۆش دەکرا بۆ ئەوەی ترۆمبێل لە سلێمانییەوە بچێتە قەڵادزێ، شوێنی ئیشکردنم پشتی گوندەکانی مەلا شەل و خەرەکرێسە و عارەبان بوو، ئەم گوندانە پاشتر کەوتنە ژێر ئاوی (دوکان)ەوە.(*) بەڵام ئەم ئیشە لەوانە نەبوو بتوانم درێژەی پێ بدەم، پاش دوو سێ مانگ دەستم لێ هەڵگرت و هاتمەوە.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیم لەگەڵ گۆرانا تا دەهات پتەوتر دەبوو و زیاتر لێک نزیک دەبووینەوە، وای بەباش زانی بچم بۆ بەغدا کتێبەکەم بەرم بۆ ئەمین زەکی بەگ کە وەزیری

(*) لەم شوێنەدا (حەمەدوباش)ی ئەفسانەییم ناسی، ئەم پیاوە کە دیمەن و ناوەکەی یەک لە یەک سەیرتر بوون و کردەوە نائاساییەکانی لەوانیش سەمەرەتر، درێژێکی کەتە بوو، بەهاوین و زستان دوو سێ مشکی ڕەشی دەبەست، دەموچاوی چرچ و ڕەش داگەڕاو، هەمیشە داردەست یا گۆچانێکی بەدەستەوە دەگرت و فیقەییێکی پۆلیسانە بەبەر پشتی پشتێنە زلەکەیدا شۆڕ بووبۆوە، بەقسەی خۆی لە ڕۆژێکەوە ئینگلیز هاتوون، ئەم لەژێر دەستی ئەوان و لەگەڵ هیندییەکاندا ئیشی جادە بڕینی کردووە، ئێستاش لەسەر هەمان ڕێباز زاراوەکانی فۆڵین و پایدۆس و فنیش بەکاردێنێ و بەچاولێکەری ئەوان لە کرێکارەکان تووڕە دەبێت و وشەی فەکن بەکاردێنێ کە چەند جارێک لەسەر ئەمە تووشی کێشە و ئامبازبوون هاتووە، بەڵام بەقسەی خۆی فەرمانێکی تایبەتی بۆ دەرکراوە کە هەتا ماوە ئیش ببێ یا نەبێ، دەتوانێ لە ئەشغال مانگانە وەربگرێ. تەقەلام دا بەسەرهاتی ژیانیم پێ بڵێ، نەیگوت، تەنانەت نەشمزانی خەڵکی کام ناوچەی کوردستانە، هێشتا ژنی نەهێناوە و خزم و کەسی نییە، ناوی هەموو موهەندیسەکان دەزانێ و کاری لەگەڵ کردوون، مانای وشەی (دوباش)م لێ پرسی، گوتی ئەم ناوە میستەر هاڵی داویمێ و، واتاکەی دوو جار باشچاوەشی هەموو عەمەلەکانی عیراقم.



ئەشغال بوو، بەڵکو ئەو بۆم چاپ بکات، نامەییێکی دامێ بۆ (ڕەشید نەجیب) کە لە وەزارەتی ئەشغال مولاحز بوو تا یارمەتیم بدات.

کاک ڕەشید خۆم و کتێبەکەمی بردە لای وەزیر، ئەو گوتی من ئەم کتێبەم بەتورکی خوێندۆتەوە، جا ئەگەر تەرجەمەکەت باش بێ، وا دەکەم بۆت چاپ بکرێ.

چەند ڕۆژ پاش ئەوە ئەمین زەکی بەگ ناردمی بۆ دایرەی (مەساحە) کە مامۆستا تۆفیق وەهبی مودیر عامی بوو، لەوێ دامەزرام بەنووسەر مانگێ بەپێنج دینار. ئیشێکی دیکەشم لە ڕادیۆی بەغدا بۆ ڕەخسا، بەڵام نەمتوانی بیکەم.(*)

پاش دامەزرانم لە مەساحە بەچاور پێنج مانگ، لقێکی ئەو دایرەیە لە کەرکووک کرایەوە بەناوی (منطقة المساحة الشمالية)، مامۆستا تۆفیق وەهبی منیشی تێکەڵاوی ئەو فەرمانبەرانە کرد کە دەنێردران، لە مانگی مایسی ١٩٤٠دا هاتمە کەرکووک.

## ١١- لە کەرکووک

ئیشەکەم نووسین و ڕێکخستنی نامە و فایلەکانی دایرە بوو کە بەسانایی ڕام دەپەڕاند، شیعر و نووسینیشم بۆ ڕۆژنامەی (ژین) و گۆواری (گەلاوێژ) دەنارد، جگە لەمانە دەستم کرد بەخوێندنەوە و فێربوونی ئەو گۆوارە تورکییانەی بەلێشاو لە تورکیاوە دەهێنرانە کەرکووک و لاوە کەرکووکییەکان دەیانقۆستەوە، بەتایبەتی گۆوارەکانی (یەددی گون) و

(*) کاک ڕەشید نەجیب ئاگاداری کردم کە لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا ڕۆژێ نیو سەعات بەرنامەی کوردی هەیە و پێویستیان بەوەرگێڕ و بڵاوکەرەوە هەیە، ئەو بەمودیرەکەی گوتووە و پێویستە بچم بۆ لای، کە چووم سەعات چواری پاش نیوەڕۆیان بۆ دانام کە لە ئێزگە نووسین و دەنگم تاقی بکرێتەوە. لە کاتی دیارکراودا گەیشتمە ئێزگە، مودیر هێشتا نەهاتبوو، بەڵام فەرمانبەرەکان لەوێ بوون، گوتم من لەگەڵ مودیرا سەعات چوارم بۆ دانراوە بێم و دەنگم تاقی بکرێتەوە، یەکیان گوتی ئێمەیش چاوەڕوانی تۆ بووین، بردمی بۆ ژوورێکی دیکە کە دەستەی مۆسیقا ئامادە و لەسەرپێ بوون، منی لەسەر کورسییێک دانا و میکرۆفۆنی هێنایە بەردەمم و گوتی: «دەی، چیت بۆ لێدەن؟» من کە سەرم لەم قسەیە سوڕمابوو هەستم کرد هەڵەییێک لەم کارەدا هەیە، بەڵام لەسەرخۆ گوتم «با حەیران لێدەن» ، کابرا لەم قسەیەم سڵەمییەوە و گورج لێی پرسیم: «بۆچی تۆ لە ناسریەوە نەهاتووی؟» گوتم نا ، خۆ تۆ هیچت لێ نەپرسیم و منت هێنایە ئێرە، ئەو داوای لێبوردنی کرد و گوتی ئێمە چاوەڕوانی گۆرانیبێژێکی ناسریەین بێت و تاقی بکەینەوە. ئەمجا دەنگ و نووسینیان وەرگرتم و گوتیان دەتوانم لەسەری مانگەوە دەوام بکەم، بەڵام من پێش سەری مانگ بەغدام بەرەو کەرکووک بەجێهێشت. ئەوسا ئێزگەی کوردی تەنیا (کاملی کاکەمین)ی لێبوو.

(ئاکبابا)م دەکڕی و بەڕەوانی دەمخوێندنەوە و ماناکانیان تێدەگەیشتم.

کارێکی تازەشم دەست دابوویێ کە نزیک بوو تووشی گێرە و کێشەی لابەلام بکات، ئەویش ئەوە بوو کە دەنگوباسی شاری کەرکووکم بۆ ڕۆژنامەی (ئەلئەهالی) بەغدا دەنارد و لە کۆتاییدا دەمنووسی (مراسلکم) واتا پەیامنێرتان(*).

یەک لەو هەواڵانە ئەوەبوو کە دوکانەکانی شەقامی ئەوقاف ملکی دایرەی ئەوقافن و هەموو ساڵێ دوکاندارەکان ئیجارەکانیان لەگەڵ ئەوقاف تازە دەکەنەوە، ئەو ساڵە سەرجەمی دوکانەکانیان پێکەوە خستە مزایەدە و یەکێکی پارەدار هەمووی بەجارێ وەرگرت، جا بەئارەزووی خۆی کرێی لەسەر دوکانەکان دانا، ئەو بەقاڵ و دارتاش و تەنەکەچییانەی چەند ساڵە لەو دوکانانەدان یا دەبوو مل بۆ کرێی گرانی پارەدارەکە ڕاکێشن، یا دوکانەکانیان بەجێ بێڵن!... ئەم هەواڵەم بەڕەخنە لە ئەوقافی کەرکووک نارد و بڵاویش کرایەوە.

هەواڵی دووەم- بەهۆی شەڕەوە شەکر دەست نەدەکەوت، ویستیان بەپێی دەفتەرنفوس شەکر دابەش بکرێ، داوایان لە خەڵک کرد نفوسەکانیان بدەن بەموختاری گەڕەکەکانیان، خەڵک وایان کرد، بەڵام پاش ماوەیێک سەری نەگرت و خەڵکەکە داوای دەفتەرنفوسەکانیان کردەوە، موختارەکان کە ئەو هەموو دەفتەرنفوسانەیان وەکو لۆدە کا لە

(*) ئەو کاتەی گەیشتمە سلێمانی، تاقە یەک وشەی عەرەبیم نە بەخوێندنەوە و نە بەئاخاوتن نەدەزانی، ساڵی ۹۳۵ (خاڵە حاجی) بۆ ئەوەی چاوم بکرێتەوە لەگەڵ مستەفا سایبی خوشکەزایدا ناردمی بۆ بەغدا، ئەوسا مستەفا و (تاهیر بەهجەت) پێکەوە چاپخانەیێکی بچووکیان پێکەوە نابوو، دیوانی شاعیرەکانیان پێ چاپ دەکرد و ناویان نابوو (چاپخانەی کوردی و مەریوانی)، ئەو چاپخانەیە لە ژێرخانێکی (خانی حاجی قەدوری) بوو لە نزیک جسری کۆن و ئەحمەد شوکری (دوکتۆرشۆ) کاری تێدا دەکرد. ڕۆژێک ناردیانم بۆ چاپخانەی (نەجاح) کە لە تەنیشتیانەوە بوو تا پێیان بڵێیم قاقەزمان بۆ بنێرن، چووم گوتم قاقەز، کەس تێ نەگەیشت، بیرم کردەوە من کاتی خۆی لە حوجرە خوێندوومە (الکتابە علیٰ القرطاس) واتا نووسین لەسەر قاقەز، بۆیە دەسبەجێ گوتم (یابە قیرتاس قیرتاس) دیسان کەس تێ نەگەیشت، ئەمجارە کوردێکیان بانگ کرد و ئەو تێیگەیاندن کە من بۆ قاقەز هاتووم. ئەمە نموونەی عەرەبی زانینی ئەوسام بوو.

جا لەو ڕۆژەوە تا ئێستا شەش ساڵە. لەم ماوەیەدا بەبێ مامۆستا، تەنیا لەسایەی خوێندنەوە و خۆماندووکردنی بێ وچان وام لێهاتووە دەتوانم نووسین بۆ ڕۆژنامەی عەرەبی بنێرم و بڵاویش بکرێتەوە.



ژوورێکدا هەڵڕشتبوو، یەک دوو کەسیان دانا تاکو جیایان بکەنەوە. هەر کەس بچوایە دە فلسیان لێ دەستاند جا دەفتەرەکانیان بۆ دەدۆزییەوە و دەیاندایەوە، من قایل نەبووم ئەو دە فلسە بدەم و قڕەم لەگەڵ کردن، پاشان ئەمەشیانم کرد بەهەواڵێک و بۆ (ئەلئەهالی)م نارد، کاتێ بڵاوکرایەوە، کاربەدەستانی کەرکووک زۆر تووڕەبوون و بەئاسانی نووسەری ئەم هەواڵانەیان دۆزییەوە کە منم (چونکو خۆم لەملا و لەولا ئەمەم بڵاوکردبۆوە) لە پۆلیسخانە بانگ کرام و فەرمانی گرتنیشم دەرچوو، بەڵام چونکو (کاک ئەدیب) مودیری پۆلیس و (مەحموود شەوقی) سەرنووسەری پۆلیسخانە ناسیاوم بوون، بەئاسانی ڕزگارم بوو.

***

لە بەهاری ساڵی ۱۹٤۱دا شەڕی دووەمی جیهانیی تەواو گەرم بووبوو، ئەڵمانیای نازی پاش داگیرکردنی ئەوروپا، لە دوو قۆڵەوە بەرەو لای ئێمەیش دەهاتە پێش، لە باکوور گەیشتبووە سنووری قەفقاز و لە خۆراواوە پێی خستبووە نێو خاکی میسرەوە. خەڵکێکی زۆر بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی نازێتی بگەن چەپڵەیان بۆ ئەم سەرکەوتنانە لێدەدا و لە زۆربەی ماڵان شەوانە بەرنامەی عەرەبیی بەرلین دەکرایەوە، جەماوەر تەنیا یەک شتی ئاوات بوو ئەویش شکانی ئینگلیز و ڕووخانی ئەم دامودەزگا ڕزیوەی بەغدا.

دایرەکەمان زۆریان جولەکە بوون و سەرۆکی دایرە ئینگلیزێک بوو بەناوی میستەر گۆدفری، لە مانگی نیسانەوە بەخشکەیی جولەکەکان خۆیان دزییەوە و دائیرەیان بەجێهێشت، لە بەغدا کاربەدەستانی سەر بەئینگلیز یا ڕایان کرد یا گیران، ڕەشید عالی گەیلانی حکومەتێکی دژی ئینگلیزی پێکەوەنا و بەئاشکرا بەگژیاندا چوو، میستەر گۆدفری سەرۆکی دایرەمان گیرا و خرایە پاڵ ئەو ئینگلیزانەی لە کۆمپانی نەوتی کەرکووکدا گیرابوون. ئا لەو کاتەدا برادەرێکی عەرەبم لە بەغداوە بۆی نووسیم کە زۆر بەپەلە بچم بۆ لای و چیم هەیە لە کتێبی ئەدەبی و دیوانی شیعر لەگەڵ خۆم بیبەم تاکو بمنێرن بۆ ئیتاڵیا، لەوێ ئێزگەیێکی گەورە و بەهێزکراوەتەوە بەهەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵات دەنگوباس بڵاو دەکاتەوە و پڕوپاگەندە بۆ ئەڵمان و ئیتاڵیا دەکات و منیش دەبمە بێژەری کوردی لە (باری).

چونکو زانیبوومان کە مامۆستا تۆفیق وەهبی گیراوە و ئەفسەرێکی سوپایان لە جێگا داناوە، دەرفەتی ئیجازە وەرگرتنم نەبوو، بەپەلە ماڵەکەمم ناردەوە سلێمانی و خۆم گەیاندە بەغدا، ئەو برادەرە لەگەڵ خۆی بردمی بۆ باڵوێزخانەی ئیتاڵیا، باڵوێز خۆی لەوێ نەبوو چووینە لای جێگری باڵوێز یا سکرتێر کە ناوی سینیۆر کۆبریانو یا کودریانۆ بوو، ئەو

هەندێ پرسیاری لێکردم، تاقە کۆسپم نەزانینی زمانێکی ئەوروپی بوو، بەڵام گوتی ئەوەش ئاسانە، تۆ عەرەبی دەزانیت و لەوێش بەشی زۆری هاوکارەکانت عەرەبن، زۆریش نابا زمانی ئیتاڵی فێردەبیت، ناو بەناو سەری ئێرە بدە هەر کاتێ فرۆکەمان بۆ هات بەرێت دەکەین، پەنجا دینار پارەیان دامێ و هاتینە دەرەوە. لە هەیوانی باڵوێزخانە وێنەیێکی مۆسۆلینی بەقەوارە ٤×٢ مەتر هەڵواسرابوو.

هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەو برادەرە چووم ناوی خۆم لە دەستەی لاوان (كتائب الشباب)ی شێوەی نازی تۆمار کرد، ئەرکی ئەندامانی ئەم دەستەیە چاودێری و پاراستنی نێوخۆی بەغدا بوو لە پیلان و کاولکاریی جولەکە و کەسانی سەر بەئینگلیز، من بەر کەرتی (سینەک) کەوتم کە زۆربەی دانیشتوانی جولەکە بوون، شەوانە چوار چوار بەکۆڵانەکاندا دەگەڕاین نەوەکو ماڵێک گڵۆپ یا مۆم داگیرسێنێ، چونکو دەنگ بڵاو بوو کە فرۆکەی ئینگلیز شەوانە دێنە سەر بەغدا و جولەکەکان بەلایت یا گڵۆپ ئیشارەتیان بۆ دەکەن و شوێنە تایبەتییەکانیان پیشان دەدەن.(*)

نزیکەی دوو هەفتە چاوەڕوانیم کرد و چەند جارێکیش سەری باڵوێزخانەم دا، دواجار کە چووم شپرزە هاتنە بەرچاوم، وا دیاربوو خەریکی کەلوپەل پێچانەوە و بارکردنن، کودریانۆ لەوێ نەبوو، ئەوانەی پرسیارم لێکردن گوتیان باڵوێزخانە دەگوێزنەوە بۆ موسڵ... خۆیشم دەمزانی شتێکی وا هەیە چونکو شەڕ لە بەغدا نزیک بووبۆوە و دەنگی تۆپەکانیان گوێ لێ بوو، هەر چوار عەقیدەکە ڕایان کردبوو و ڕژێمی ڕەشید عالی ڕووخابوو، ئاژاوەیێکی ناخۆش کەوتبووە نێو شارەوە، دوکانی جوولەکە و کەسانی سەر بەئینگلیز دەشکان و تاڵان دەکران، ئەو جوولەکانەی دەکەوتنە بەردەست، دەکوژران، یەک دوو بریندارم دی لە قەراخ جادە کەوتبوون خوێنیان لەبەر دەڕۆیی و لەبەر ڕێبواران دەپاڕانەوە، بەڵام کەس ئاوڕی لێ نەدەدانەوە بیانگەیێننە جێی دەرمان و دوکتۆر، منداڵە عەرەب بەکۆڵان و شەقامەکاندا ڕایان دەکرد و ئەم گۆرانییەیان دەگوت:

---

(*) لە کەرکووک ژمێریارێکی جولەکەمان هەبوو بەناوی (ڕۆبین عەبودی) کە یەکترمان زۆر ناخۆش دەویست، چەند جارێک لە دایرە قڕەمان بووبوو، لێرە دەمبیست کە هەندێ عەرەب ئەم ڕۆژانە دەرفەتیان دەست کەوتووە و لە پێناوی کۆنەقیندا دەست لە جوولەکەی دراوسێ یا هاوکارییان دەسرەوێنن، تاوانی درۆیان بۆ هەڵدەبەستن و دەستیان لێ دەوەشێنن. منیش ڕۆبین عەبودیم بیرکەوتەوە کە لە کەرکووک ڕای کردبوو، دەمویست بەر دەستم کەوێ تا تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە، هەواڵێم پرسی و بەدوایدا گەڕام، بەڵام باش بوو نەمدۆزییەوە.



ئەشقال قلبک سباسون، من طقت الطقايی؟

ذبحوک ذبح الجیجی و دبوک للسمکایی!

ئەمە کە عەرەبی شێوە جوولەکانەیە. واتا «ساسۆن، کە تەقەت لێکرا و گرمەی هات ئاخۆ دڵەکەت چی دەگوت؟ وەکو مریشک سەریان بڕیت و بۆ ماسییانیان فڕێ دایت!»

پاش یەک دوو ڕۆژ بەغدا گۆڕا و دنیا هاتەوە سەر باری مانگێک لەمەوپێش، ڕەسمی مەلیک هەڵواسرانەوە و نازییەکانی دوێنێ بوونەوە بەئینگلیزچییەکانی پێرێ. مامۆستا تۆفیق وەهبی و ئەندازیارە ئینگلیزەکان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، منیش کە بێ ئیش کەوتبووم یەکڕاست چووم بۆ لای مودیر عام، کە چاوی پێم کەوت پرسی بۆ هاتووم بۆ بەغدا؟ گوتم لەم هەرایەدا منیش دەرکرام، دەزبەجێ فەرمانی دا بگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم، یەک لە فەرمانبەرەکان خۆی گەیاندە ژووریێ و پێی گوت ئەمە (من) یەکێک بوو لە نازییەکان، بەڵام مامۆستا وەهبی سەری بادا و گوتی وا نییە، ئەمە کوردە و کوردیش هەرگیز نابێتە نازی. هاتمەوە کەرکووک بۆ سەر ئیشەکەم.

ئەوەیش بڵێم کە گۆران لە نازی ویستی من ڕازی نەبوو، بەنامە و لە چاوپێکەوتنەکانا ڕەخنەی لێ دەگرتم، تەنانەت لە نامەیێکیدا بەچەند شیعرێک گاڵتەی بەم بیرەی من کردبوو.

***

پاش گەڕانەوەی دووبارەم بۆ کەرکووک، لە چاخانەی مەجیدیە (مامۆستا ڕەفیق حیلمی)م ناسی، ئەم چاخانەیە تاوڵە و دۆمینە و ئامێری یاریکردنی نەبوو، ڕۆژنامە و گۆواری بۆ دانیشتوان دادەنا، ڕۆژێک مامۆستا منی بەیەکێکی دی ناساند کە ناوی (عەبدولخالق قوتب) بوو، وا بزانم مودیر یا مامۆستای سانەویی کەرکووک بوو و پێی گوت ئەم (واتا من) دەتوانم یارمەتی بدەم. ئەویش کتێبێکی پۆلی دوو یا سێی عەرەبی دامێ و گوتی دەمانەوێ ئەم کتێبە بکەین بەکوردی، خۆت دوو سێ پارچەی لێ هەڵبژێرە و بیکە بەکوردی، بەڵام شیعرەکانیشی دەبێ بکەی بەشیعری کوردی. من ئەوەم زوو تەواو کرد و بۆم بردنەوە، نووسینەکەی خۆمم دانێ و لەولاتر دانیشتم، خوێندیانەوە سەیرێکی منیان کرد و پێیدا چوونەوە و هەردووکیان دەستیان کرد بەپێکەنین، من تەریق بوومەوە و تووڕەش بووم، بەپەلە چایەکەم خواردەوە و خەریک بووم بڕۆم. مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بانگی کردمە تەنیشتی و هەندێ پرسیاری لێ کردم لە بارەی پلەی خوێندن و بیروباوەڕی سیاسیمەوە، پاشان گوتی دایرەی مەساحە بەکەڵکی تۆ نایێ، من جێگایێکی باشترت بۆ

دەبینمەوە، لە ڕاستیشدا ئیشێکی زۆر باش و لەباری بۆم دۆزییەوە لە دایرەی مەعارف، بەڵام لەبەر نەبوونی شەهادەی قوتابخانەم سەری نەگرت.

ڕۆژێکی دی لە دایرە پیاوێک هاتە دیدەنیم کە نەمدەناسی و ئەویش منی نەدیبوو. گوتی من ناوم (زەنون ئەیوب)ە و هەندێ نامە دەبینم کە بۆ ڕۆژنامەی (ئەلئەهالی)یان دەنێری، هاتووم لە نزیکەوە بتناسم، من پێشتر چیرۆکەکانی ئەو پیاوەم خوێندبۆوە و زۆر بەدڵم بوون، بۆیە زۆرم ڕێز لێنا و بەخێرهاتنم کرد. زۆر پرسیاری لێ کردم کە تا کوێم خوێندووە و چ جۆرە کتێبێک حەز لێ دەکەم، کە زانی هێشتا هیچ کتێبی تیۆری و زانیاریم نەخوێندۆتەوە، ئامۆژگاری کردم کە خوێندنەوەی گۆوار و چیرۆک کەم بکەمەوە و خوو بدەمە کتێبی سیاسی، گوتیشی من ئێستا دەچم بۆ موسڵ، لە گەڕانەوەدا هەندێ کتێبی باشت بۆ دێنم.(*)

## ١٢- لە دائیرەی ئازووقەدا

لە تایپڕایتەر و نووسینە ڕۆتینییەکانی دائیرە وەڕز بووبووم، داوام کرد بکرێم بە(مەساح) نەخشەکێشی زەویوزار، داواکەم پەسندکرا و لەگەڵ دەستەیێک نێرراین بۆ ئۆردووگاییێک لە سلێمانی بۆ مەشق و فێربوونی تۆپۆگرافی، یەکەم جار لەنێوانی گردەبۆر و قەرەچەتانی سورداش بووین، پاشان هاتینە کارێزەوشک و تووی مەلیک لەقەراخ شاری سلێمانی.(**)

(*) هەر لەو ڕۆژانەدا ناسیاریم لەگەڵ دەستەی (بەهایی)یەکاندا پەیدا کرد. ڕۆژێک لە کتێبخانە خەریکی خوێندنەوەی (دائیرەتولمەعاریف) بووم و وشەی (بەهایی)م تەماشا دەکرد. یەکێک لە تەنیشتمەوە سەرنجی دابوومێ، سەری قسەی کردەوە و گوتی ئەگەر بتەوێ زیاتر لە بەهائی تێبگەی من دەتوانم کتێب و سەرچاوەی باشت بدەمێ، ئەمە سەرەتای ناسیاوی من و (عەزیز سەبوور) مامۆستای سانەوی بوو، زۆر جار بردمیە ماڵی خۆیان و گەلێک کتێب و چاپەمەنیی خۆیانی خستە بەردەستم. کاتێ کە زانی نووسینی کوردیم باشە و دەتوانم تەرجەمە بکەم داوایان لێ کردم کتێبی هەرە پیرۆزی خۆیان (ئیقان) بکەم بەکوردی، پاش ماوە و ماندووبوونێکی زۆر توانیم تەواوی بکەم، لە پاداشتا چل دیناریان دامێ، ئاشنایەتیم لەگەڵ بەهائییەکاندا هەتا دێرزەمانێک هەر مابوو، تەقەلایان دا بمکەن بەیەکێک لە خۆیان، بەڵام تێم گەیاندن کە ئەوە بۆ من دەس نادا و با هەر بەئاشناییێتی بمێنینەوە باشترە. کتێبێکی دیکەیان (بەهائوڵڵا و دەوری نوێ) مەحموود جەودەتی شەهید کردوویە بەکوردی.

(**) ڕووداوێکی خۆش: لەم ئۆردووگایەدا دووپشک پێوەی دام و زەهرەکەی پەرێشانی کردم، بەپەلە گەیاندمیانە نەخۆشخانە تازەکراوەکەی مەڵکەندی، دوکتۆر بڕیاری دا پێنج ڕۆژ لەژێر چاودێریدا >



ماوەی فێرکاریمان سێ مانگی خایاند، میستەر بوت سەرۆکی ئەندازیارانی مەساحە مەشقی پێ دەکردین و بەڕێوەبەری ئۆردووگاکەمان ئینگلیزێک بوو بەناوی میستەر سترۆکنیل.

یەکەم قۆناخی دەست بەئیشکردنمان، گوندەکانی ئەوبەری گوێڕ بوون لە ناوچەی هەولێر، من گوندی (بەدەنە)م بەرکەوت کە دانیشتوانی (شەبەک)ن، کاتێ سەرنجم لە شێوە ئاخاوتنەکانیان دا بەجۆرە تورکی و کوردییێکی تایبەتی دەدوێن، کە شیاوی پرس و لێکۆڵینەوەیە، بیرم لەوە کردەوە خۆمیانی لەگەڵ ماندوو بکەم بەڵکو شتێکی نەزانراوم بۆ ڕوون ببێتەوە.

مەساح دەیتوانی پێنج کرێکار ڕابگرێ، چێشتکەرێک، دوو پاسەوان، دوو کرێکار بۆ هەڵگرتنی تەختە و سێپا و هەڵچنینی کەڵەکەبەرد. من چێشتکەرێکی سلێمانیم لەگەڵ بوو، چوارکەس پاسەوان و کرێکارم لە گوندەکە گرت و دووانی پیر و بەساڵاچووم بۆ پاسەوانی هەڵبژارد تا بتوانم شەوانە پرسیار و دەمەتەقێیان لەگەڵدا بکەم، دەفتەرێکیشم دانا بۆ نووسینەوەی زاراوە تایبەتییەکانیان و تۆمارکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتییان.

هێشتا دوو مانگم لە گوندی بەدەنە تەواو نەکردبوو و نەخشەکەم نیوەچڵ بوو کە نامەیێکی میستەر سترۆکنیلم بۆ هات دەیویست بچم بۆ لای لەسەر پردی کەڵەکی یاسیناغا، کە چووم هەندێ پرسیاری لە بارەی ئیشەکەمەوە لێ کردم و پاشان گوتی:

< بمێنمەوە، ژوورێکی تایبەتیان دامێ، ئەو کاتە کچێکی زۆر جوان و ئێسکسووک سیستەر بوو بەناوی (سەبری) کە زۆر گۆرانی بەسەردا هەڵدراوە و تا ئێستاش ئەو گۆرانییانە دەگوترێنەوە، هەموو بەیانیان دەهات چەپکێ گوڵی دەخستە گوڵدانەکەوە و ژوورەکەمی ڕێک دەخست. کوڕ و کاڵی برادەرم لەنێو شار دەرفەتیان بۆ ڕەخسابوو، پۆل پۆل بەڕواڵەت بۆ سەردانی من و لە ڕاستیدا بۆ بینینی سەبری دەهاتنە لام و دیارییان بۆ دەهێنام، منیش شەوانە شیعری خۆشم بۆ دەنووسی و بەیانییان بۆم دەخوێندەوە، ئەو سەری لە شیعر و میعر دەرنەدەچوو، بەڵام هەرپێی خۆش بوو و پێدەکەنی.

یەکێ لەهاوکارەکانم نووری سەید عەزیز ڕواندزی نەخۆش کەوت، ئەویشیان هێنایە ژوورەکەی من، ئەم کوڕە جگە لەوەی لەلادێ گەورە بووبوو، هەر لەخۆیشیا شەرمن بوو، بەیانییەک دوو برادەر هاتبوون بۆ لام و باس باسی سەبری بوو و سوێندیان دەخوارد کە ئەگەر ژوورێکی ئاوا تایبەتییان بدەنێ خۆیان نەخۆش دەخەن و دێن لێرە دەنوون، لەم کاتەدا سەبری هاتە ژوور ڕۆژباشی لێ کردین و چوو بۆ لای سەید نووری لێی پرسی «کاکە چۆنی؟» نووریش بەشەرمێکەوە: «باشم خوا عافوت کا»!.

«باشتر وایە تۆ تەنیا بەکاری خۆتەوە خەریک بیت، من نامەوێ لەبەر گیروگرفتی لابەلاوە پرۆژەکەم قۆرتی تێ بکەوێ» ، من هیچ لە مەبەستی تێ نەگەیشتم، کە گەڕامەوە دەبینم ئەو دەفتەرەی تۆژینەوەی شەبەکانم تێدا نووسیوە نەماوە، چەندی بۆی گەڕام نەدۆزرایەوە. دوای دوو ڕۆژ (سەعید دەنۆ)ی پشکنێرمان هات و ئاگاداری کردم کە من بۆ حیللە گوێزراومەتەوە و مەساحێکی دیکە دێتە ئێرە پێویستە کەلوپەلەکانی میری بدەمێ و خۆم بڕۆم... گوتیشی قسەی خۆمان بێ تۆ گومان لە هەڵسوکەوتت دەکرێ و وا زانراوە کە خەریکی سیاسەت و شتی وایت!

***

گەڕامەوە سلێمانی و نەچووم بۆ حیللە، بەڵکو هەر بەجارێ وازم لە مەساحە هێنا، ماوەییێک بێ ئیش مامەوە خۆم بەنووسینی تابلۆی دوکان و دایرەکان خەریک دەکرد کە ئەویش زۆر کەم بوو، ئەو سەردەمە دایرەییێکی تازە دانرابوو بەناوی (تەموین) واتا ئازووقە کە مودیرەکەی ڕەشید جەودەت بوو، ڕۆژێک چووم بۆ لای، ئەو کە ناسیاوی کۆنی من و مەحموود جەودەتی برای دەزانی(*) لای خۆی دامەزراندم و کردمی بەبەرپرسی وەرگرتنەوەی کۆپۆن لەو فرۆشیارانەی شەکر و چا و کوتاڵ لە میری وەردەگرن و بەپێی کۆپۆن دابەشی دەکەن، چەند فەرمانبەرێکی خانەنشینیش تەنیا بۆ مانگانە وەرگرتن لە تەموین دامەزرابوون دەبوایە من ئەو کۆپۆنانەیان بدەمێ بەراوردی بکەن، یەک لەوانە حەمەی ئەمین ئەفەندی بوو کە یەکەم ڕۆژی هاتنە ئەم دیوەم فەرمانی دەرکردنمی دابوو.

پاشتر کرام بەلێپرساوی تەموینی قەزای شارباژێڕ. لەو ڕۆژەدا تەموین دایرەییێکی پڕ ئیش و بەرمێن بوو، گەنم و جۆ و کۆپۆنی شەکر و چا و قوماش لێرەوە دابەش دەکرا،

---

(*) مەحموود جەودەتی شەهید یەکێک بوو لەو ئەفسەرە خوێنگەرم و دڵسۆزانەی لە هەموو بزووتنەوە و شەڕەکانی شێخ مەحموودی نەمردا بەشداری کردبوو، ئەو کاتەی لە چاپخانەی ژیان کارم دەکرد یەکترمان ناسی و پێی گوتم کە خەریکە پارەی تەقاویتی چەند ساڵەی وەردەگرێ و لەگەڵ ئەندازیارێک بەناوی ڕەشید عارف چاپخانەییێکی کوردی پێکەوە دەنێن و دەیانەوێ هاوکارییان کەم، منیش بەڵێنی هاوکاریم دایێ، بەڵام کاتێک سەودای تەقاویتەکەی تەواوبوو تەنیا ئیمزای مدیری مالییە (عەبدوڵڵا سەنەوی) ناوێکی مابوو، کابرا بەڕقاچوو گوتی هەرگیز من ئیمزا ناکەم، تۆ چەند ساڵ لە حکوومەت یاخی بووبی و ئێستا پارەت بدرێتێ، چەندی تەقەلا درا نەیکرد، مەحموود جەودەت ئەوەندە تووڕە بوو لەبەردەمی برادەرەکەی خۆیدا بەدەمانچە کوشتی. پاش کودەتای بەکر سیدقی لەخنکان ڕزگاری بوو، بەڵام کاتی بەکر سیدقی کوژرا مەحموود جەودەت گیرا و ئیعدام کرا.



شەش فەمانبەر و دە کرێکارمان هەبوو، لە بەیانی تا ئێوارە خۆم و هاوکارەکانم ئیشمان دەکرد.

ئەو ساڵە بەهۆی تەرزە و بێ بارانییەوە ناوچەی شارباژێڕ دەخڵ و دانی نەبوو مەترسی برسێتییان لێ دەکرا، بۆیە جۆییێکی زۆریان لە سلێمانییەوە بۆ ناردین تا بەسەر گوندەکانیدا دابەش بکەین، کوێخای گوندەکانمان ئاگادار کردن کە لیستەی خێزانەکان بنووسن و بۆمان بێنن تاکو سەری دە کیلۆ جۆیان بدرێتێ، جا کاروانی کەروباری لادێیی ڕووی تێکردین و بەڕێمان دەکردن.

برادەرێک پێی گوتم کە مەعاونی پۆلیس عارفە فەندی (عارف قاپڕەش) خێزانی زۆرە و مانگانەکەی بەشی ناکا، لەم جۆیەی دەدرێ بەخەڵک چەند بارێکیش بدرێ بەو خراپ نییە، من ئەمەم نەکرد چونکو پێم وابوو ئەم جۆیە تەنیا بۆ لادێییە هەژارەکانە و من ناتوانم بەئارەزوو بڵاوی بکەمەوە، ئەمجارە قایمقام کە تورکمانێک بوو بەناوی (سامی عەلی) هەمان قسەی بەگوێ دادام، بەویشم گوت کە ئەم جۆیە بەپێوانە بۆ من دێت و منیش بەپێی لیستە دابەشی دەکەم، تۆ پارچە قاقەزێکم بۆ بنووسە چەندی بڵێی دەیدەمێ، قایمقام وای نەکرد و منیش جۆم نەدا بەعارفە فەندی... لەسەر ئەوە دژایەتی کەوتە نێوان من و پۆلیسەوە.

لە چوارتا خانووێکم لە باوکی (کاکەی فەللاح) گرتبوو، بەرهەیوانێکی بەرز و خۆشی هەبوو، من هاتوچۆی یانەم نەدەکرد، شەوانە دەستەییێک لە خوێندەوار و ئەدەب دۆستەکان دەهاتنە لام، لەوبەر هەیوانە تا درەنگ وەخت بەخوێندنەوەی شیعر و گێڕانەوەی قسەی خۆش ڕامان دەبوارد، لەوانەی دەهاتن شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی نووسەری قایمقام کە شاعیر بوو بەنازناوی (فەوزی) شیعری ناسک و جوانی دەنووسی، مەلا کاکە حەمەی ئیمام، برایم ئەدهەم کاتبی تەموین کە شاعیری هەڕەمەمان ناونابوو چونکو هەتا بیتوانیایە و قەڵەمی بڕی بکردایە شیعری دەنووسی بێ ئەوەی گوێ بداتە کێش و ناوەرۆک، میرزا محەمەدەمین (مەنگوڕی) نووسەری شارەوانیی چوارتا و بەڕێوەبەری قوتابخانە کە ناویم بیر نەماوە. ئەوسا چوارتا کارەبای نەبوو، لامپاییێکی گەورەی سەرپۆش دارمان لەسەرمێز دادەنا بۆ ڕووناکی.

شەوێک کۆڕەکەمان گەرم بووبوو و پیلە لەسەر شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو کە لە پڕ خڕکە بەردێک لە چراکەمانی دا خرمژنی کرد و بڵاوبوو، دوا بەدوای ئەو بارانی بەرد بەسەرماندا باری. میوانەکان خۆیان کوتایە ژێر مێز و کورسی و پەنا دیوارەوە، بەردباران یەک دوو دەقیقەی خایاند و باش بوو کەس سەری نەشکا و بڵاوەیان کرد. پاشتر

دراوسێکان گوتیان پۆلیس بوون بەردیان هاوێشت. ڕۆژی دوایی ئەم ڕووداوەم بۆ مودیری تەموین نووسی.

هاوین بوو، کەپرێکم لەسەربان کردبوو شەوانە لەنێو کەپرەکەدا دەنوستین، نیوەشەوێک پۆلیس هاتن بنمیچی ئەو سەربانەیان ئاگر تێبەردا، کاتێک خەبەرمان بۆوە لەنێو ئاگر و دووکەڵدا گیرمان خواردووە، هاوارمان کرد، دراوسێکان فریامان کەوتن، نوێن و شتمان سووتا، بەڵام خۆمان بێوەی بووین. ئەم ڕووداوەشم بۆ کاک ڕەشید جەودەت نووسی و داوام لێ کرد ئەگەر ناتوانێ بمپارێزێ، هیچ نەبێ با لێرەم بگوێزێتەوە.

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە موتەسەریفی سلێمانی (لیوا بەهائەدین نوری) و مودیری پۆلیس (سەبری عەبدوڵڵای کۆیی) و مودیری خۆمان (ڕەشید جەودەت) لە سلێمانییەوە گەیشتنە چوارتا و لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت کە ئەم ڕووداوانە فیتی پۆلیس بووە. موتەسەریف کە بیستبووی من نووسەرم و کتێبەکەی ئەو (پروسینا چۆن بەرز بۆوە)م وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، پێی گوتم «تۆ بۆ ئەم ئیشە دەست نادەیت، ئێرە شوێنی دزی و دابەشکردنی دەسکەوت لەگەڵ پۆلیسە، دەتبەمەوە سلێمانی لای خۆم ئیشی تەرجەمەت پێ دەکەم و دەرفەتت دەبێ بەئارەزووی خۆت بخوێنیتەوە و بنووسی». شەویش مووچەخۆرەکانی کۆکردەوە و بەتورکی قسەی بۆ کردن و گوتی «من کوردێکی هەولێریم، ئەوەندە لە نیشتمانەکەی خۆم دوور کەوتوومەتەوە کە بەداخەوە کوردیم بیر نەماوە، ئێوە بڕواننە ئەم چیا و دۆڵ و قەدپاڵانە کە بەڕاستی نموونەی بەهەشتن، بەڵام بزانن دانیشتوانی ئەم بەهەشتە لە چ حاڵێکدان ڕووت، برسی نەخۆش و نەخوێندەوار... جا ئەگەر ئێوەی هاوخوێن بەزەییتان پێیانا نەیێتەوە و یارمەتییان نەدەن. خوا غەزەبتان لێ دەگرێ»!

ئاکامی هاتنی موتەسەریف و لێکۆڵینەوەکەی ئەوەبوو کە سامی عەلی لە قایمقامی لابرا و ناردیانە دێیێک، عارف قاپڕەش ئەستێرەییێکیان لێ سەندەوە و گواستیانەوە بۆ باقوبە، منیش هێنرامە دایرەی موتەسەریف لەگەڵ مەدحەت موبارەک ناو کوردێکی کەرکووکیدا کرام بەموتەرجم، ئێمە ئەو ئاگاداری و بەیان و دەستووراتانەمان لە عەرەبییەوە دەکرد بەکوردی کە لە بەغداوە دەهاتن.

***

ڕۆژێک برووسکەیێکی کورت و خەست لە بەغداوە بۆ موتەسەریف هات کە: «الغيت وظائفكم المدنية والعسكرية جميعها، توجهوا الى بغداد للمداولة مع وزارتي الداخلية والدفاع»، واتا هەرچی فرمان و بەرپرسیی ملکی و سوپاییتان هەیە هەمووی هەڵوەشایەوە. وەرە بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ وەزیرەکانی بەرگری و نێوخۆییدا. ئەو کاتە



لیوا (بەهائەدین نوری) چەند ناو و فرمانی زۆر گرنگی میری بەدەستەوە بوو. وەکو فەرماندەی هێزەکانی سوپای باکوور، جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی، موتەسەریفی لیوای سلێمانی و شتی دیکەش.

ئەم ئاڵۆگۆڕە کوتوپڕە چاوەڕوان نەکراوە بۆ زۆر کەس سەرسوڕێنەر بوو، بەڵام ئەوانەی ئاگاداری نیازی دەروونی جووڵانەوە نهێنییەکانی بەهائەدین نوری بوون دەیانزانی کە ئەو گوایە دەرسی لە هەڵەکەی جەنەڕاڵ بەکر سیدقی وەرگرتووە و بەتەمای (یا هەڕە یا وەرە)یە و شتی گەورەی لە مێشکدایە، کەچی بەداخەوە ئەویش لە جیاتی ئەوەی بناخەیێکی گەلی و گشتی بۆ نیاز و گەڵاڵەکەی خۆی داڕێژێ، پشتی بەچەند کەسێکی ناودار و ناسراوی کورد بەست کە هەر یەکەیان بابەتێک بوون و تەنیا لە دەلاقەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوە بۆ کوردایەتییان دەڕوانی.

مەعروف جیاووک هاتە جێی بەهائەدین و یەکەم هەنگاوی پاککردنەوەی ئەوانە بوو کە لە بەهائەدینەوە نزیک بوون، (ڕەشید جەودەت) ڕۆیی و (حیکمەت زەهاوی) لە شوێن دانرا، منیش کە هەر لەسەر میلاکی تەموین بووم و لە دایرەی موتەسەریف تەرجەمەم دەکرد دانرام بۆ تەموینی ماوەت و ئەوەندەیان بیانوو پێ گرتم کە ناچار بووم وازم لە فرمانی میری هێنا.

***

دیسان بێ ئیش کەوتمەوە، ڕۆژانە لەگەڵ ڕەمزی قەزازدا ڕام دەبوارد کە سینەماییێکی پێکەوەنابوو، ڕۆژێک مەعروف جیاووک فەرمانی گرتنی من و ڕەمزی دەرکرد و گیراین، کاتێ گەیشتینە زیندان دەبینین زۆر ناسیاومان پێش ئێمە گیراون و لە ژوورەوەن،(*) وەکو حەماغای ئەوڕەحماناغا، ئەحمەد تەقی، عومەر قەزاز، عەلی قەزاز و زۆری دیکە، فەرمانی گرتنی زۆر کەسی دی لە پیاوماقووڵانی سلێمانی دەرچووبوو، بەڵام بەردەس نەکەوتبوون، میرزا تۆفیق قەزاز لە ڕێگای دەربەندیخانەوە ڕای کردبوو خۆی گەیاندبووە بەغدا، شێخ قادری حەفید توانیبووی بگاتە کەرکووک و لەوێ ڕایانگرتبوو، ئەوانی دیکەش خۆیان شاردبۆوە.

(*) ئەو ساڵەی ئەم زیندانە دروست دەکرا، ئێواران کە بۆ پیاسە بەرەو مەڵکەندی دەچووین بەناویدا دەگەڕاین و سەرنجی ژوورەکانیمان دەدا و بەگاڵتەوە بەیەکترمان دەگوت «خوا بیکا یەکەم کردنەوەی ئەم شوێنە خۆشەت پێ ببڕێ»، کەچی ئەم ئاواتە گاڵتەییە بۆ من و ڕەمزی قەزاز بەڕاست گەڕا و هەردووکمان ئەو نوخشەیەمان بەرکەوت.

ئەم گیـران و ڕاونرانەی ئێـمـە لەسـەر بڕیاری دادگـاییێکی قـانوونی نەبوو، بەڵکو لەو ساڵانەدا بەهۆی شەڕی جیهـانییـەوە دەسەڵاتێک درابوو بەموتەسەریفەکان بەناوی (قانون سلامة الدولة وصيانة الامن العام) کە دەیانتـوانی هەرکەسێکیان بویێ هەتا شەش مانگ بەبێ لێپرسینەوە و تاوانبارکران لە گرتووخانەدا بیهێڵنەوە.

گیرانەکەمان بابەتێکی تایبەتی بوو، بەندیخانە بەهۆی تازەییـیەوە بەندی کەم لێ بوو، داڵانی بەرامبەری دەرگای دەرەوە کرابووە دیوەخانی ئێمە، بەڕیز کورسی و قـەنەفەی لێ دانرابوو، ئاگردانێک سەمـاوەر و ئیـسـتیـکان و جزوەقـاوەی لەسـەر ڕیز کـرابـوو، هەر لە بەیانییەوە حاجی و بازرگان و خەڵکی شار دەستە دەستە بەرەو زیندان دەهاتن، دادەنیشتن جگەرە و چاییـیـان دەخـوارد و دەڕۆیشتن جـێگایان بۆ دەسـتـەییێکی دیکە چۆڵ دەکـرد، هەندێکیان لەگەڵ خۆیاندا فەردە ڕێواس یا چوالەیان دەهێنا، نوێنمان لە ماڵی حەمەئاغا و میرزا تۆفیقەوە بۆ هاتبوو، خواردنیش هەر لەو دوو ماڵەوە دەهات، دوو پیاوی حەمەئاغا لە بەیانییەوە دەهاتن خزمەتیان دەکرد و ئێوارە دەڕۆیشتنەوە.

لێرەدا هەواڵی کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیمان بیست.

پاش بیـست و چەند ڕۆژ حـەمـەئاغـا بەردرا، ئێـمـەیش بانـگ کرایـنە لای مـوتەسـەریف مەعـروف جیاووک، یەکەم جار گلەیی لە ئەحـمەد تەقی کرد کـە تۆ پیاوێکی ژیر و دنیا دیتەیت چۆن بەقسەی ئەم و ئەو دەخەڵەتێیت و دوای خەیاڵی منداڵانە دەکەوی؟ بەعومەر قەزازی گوت تۆ کاسبیت و منداڵت زۆرە، خەریکی کاسبی خۆت بی باشترە، لێگەڕێ با تۆفـیق قـەزاز سیاسـەتبـازی بکات، بەڕەمزیشی گوت تۆ لەسـەر دزی لە فـرمـانی مـیـری دەرکراویت و جارێکی دی مـووچەی حکوومەت ناخـەیتـە گیرفـانتەوە، سینەما شرێکت پێکەوەناوە ماڵ و منداڵتی پێ بەخێو دەکەی، دوای کلاوی بابردوو مەکەوە، دڵنیابە دنیا بەهەر بارێکدا بگۆڕێ تۆ نە دەبیـتـە نایب و نە دەگـەڕێیـەوە سـەر فـرمـانی مـیـری. نۆرە گەیشـتـە من، خێـسـەییێکی لێ کـردم و گـوتی تۆ بەتەمـای چیت؟ بەهائەدین نوری بەڵێنی قـایمقـامی پێـداوی؟ تۆ شـەهادەی سـەرەتاییت نیـیـە، خـۆشت بکوژی و هەزاری وەک بەهائەدین نوریت لە پشت بێ تەوزیف نـاکـرێیت... پاشـان لە چاوی مـێـزەکـەی چەند پەڕەقـاقـەزی دەرهێنا و بەتووڕەییەوە سەیرێکی کردن و گـوتی کورە تۆ شـەرم ناکەی جنێو بەدایکی من دەدەی؟(*) دایکی من سـەری سپییە و پیاوان شـەرمی لێ دەکەن، پاشان بێ

(*) من و ڕەمـزی بەدەسنووس و کـاربۆن شـتـێکمـان دەنووسی بریتی بوو لە شـیـعـری گـەپ و وێنەی کاریکاتێر و هەواڵە پڕ لە گاڵتەکانی حکوومەتی سلێمانی، ناومان لێ نابوو (دەنگی کۆمەڵەی >



ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی هیچ کـامـێکمـان بێ ناردینی بۆ لای مـودیری پۆلیس، لەوێ هەریەکەی پەڕەییێکیان پێ مۆر دەکردن و دەڕۆیشتین. سەرە گەیشتە سەر من، مودیر گوتی وا دیارە تۆ لە هەمـوویان موهیمـتریت، پێویستە تۆ سەد و پەنجا دیناری کاش دابنێیی جا بەرەڵڵا دەکرێیت، پێم گوت هێشـتا کەلوپەلەکانم لە زیندان نەهێناوەتەوە دەچمەوە، کاتێ خێڵی قەزازەکان ئەمەیان زانی، چوون پارەکەیان هێنا دایان و منیش ڕزگار بووم.

خوشکی تۆفیق تەلەفۆنی بۆ کردن کە نەهێـڵن بچمە مـاڵەوە، بۆیە هەمـوومـان چووینە مـاڵی ئەوان نانمان خوارد، دایکی تەلەفۆنی بۆ سەعید قەزازی کوڕی کرد کە موتەسەریف بوو لە هەولێر، مژدەی بەربوونمانی دایێ و پێشی گوت ناکامیش بەربووە، بەڵام بێ ئیشە. پاشان بەمنی گوت پێویسـتە بێ گیربوون بچیتە هەولێر، حەمە سەعیدی کوڕم ئیشی بۆ داناوی.

## ١٣- لە هەولێر

لە هەولێـر (سـەعـیـد قـەزاز) زۆر بەگـەرمی بەخێـرهاتنی کـردم، لە بەشی مـالیـەی لیـوا دامەزراندم، بەڵام تەنیـا مـانگانەکـەم لەوێ وەردەگـرت، خـۆم لە دەفـتـەری نهـێنی دایرەی مـوتەسـەریف -قـەڵەمی سـڕی- کـارم دەکرد، نێوانمان ئەوەندە خـەست و خـۆیانە بوو کـە هەمـوو خەڵـک بەخزمی مـوتەسەریفیان دەزانیم، گەلێک نیـوەڕۆیان دەیبردمە مـاڵی خۆیان پێکەوە نانمان دەخوارد. لە یەکەم ڕۆژەکاندا پێی گوتم «نابێ بەگ و شتی وام پێ بڵێیی، من بەتۆ دەڵێم کـاک سەعید تۆیش بەمن بڵـێ کاک سـەعید، بەڵام ئیمزاکانمان نەختێک لەیەک دەچێ پێویستە تۆ ئیمزای خۆت دەسکاری بکەیت».

لە هەمـووی خـۆشـتـر ئەوەبوو کـە لێـرە گـۆرانم چاوپێکەوتەوە، هەر لە دایرەی ئەشـغـال ژمـێریار بوو، ئێـواران پێکەوە پیاسـەمان دەکرد و شـەوانە دەچووینە یانە، جار جارە شێخ ڕەئووفی خانەقاش تێکەڵاوی دەمەتەقێی ئەدەبیمان دەبوو، ئەو نووسەری قایمقامی مەرکەز بوو. بڕیاردرا هەفـتـەی دوو شـەو، شـەوێک لە مـاڵی گـۆران و شـەوێک لە مـاڵی شـێخ ڕەئووف دابنیشین، بەڵام ماڵی من کەڵکی میوانداری پێوە نەبوو.

< زەردەواڵە)، مـانگی دووجـار بڵاومـان دەکـردەوە و بەپۆسـتـەدا بۆ مـوتەسـەریف و سـەرۆک دایرەکانیشمان دەنارد، ئەو ژمارەیەی مەعروف جیاووکی زۆر تووڕە کردبوو شیعرەکەی شێخ ڕەزا بوو بەکەمێک دەسکارییەوە کە دەڵێ:

«مـەعـروفی بێ درایەت گـوی کـردە ناو ویلایەت
چیت پێ بڵـێم قـوڕمـساخ هەردوو گونم بەدایەت»

گیوی موکوریانی داوای لە گۆران کردبوو لە دانیشتنەکانماندا بەشداربێت، چەند جارێک هات، قاموسێکی بەدەستەوەبوو، هەر جارە پیتێکی دەداینێ تا لە ماوەی هەفتەیێکدا چیمان لەو پیتە بەبیردادێ بینووسین. شەوێک لێی پرسین «بابزانم ئێوە لە هاوواتاکانی ماست چی دەزانن؟» زۆرمان بیر کردەوە هیچمان شتێکمان بەبیردا نەهات، تۆراخ و خەستە و مەیلەمان دەزانی، بەڵام ئەمانە ماست نین، داوامان لە گیو خۆی کرد پێمان بڵێ، ئەویش بەبایببوونێکەوە گوتی ئاخر بۆیە قامووس نووسین لە دەست هەموو کەس نایێ و ماندووبوونی پێ دەوێ، کاکی خۆم هاوواتای ماست (ترولە)یە!.

ئێمە سەرمان سوڕمابوو، بۆچی تا ئێستا ئەم وشەیەمان بەرگوێ نەکەوتووە، لە ڕاستیدا هەرسێکمان لێی دڕدۆنگ بووین، چونکو لەرەو دەربڕینی ئەم وشەیە لە کوردی نەدەچوو لەبەرگوێمان ئاوەکی دیاربوو، بەڵام دەنگمان نەکرد، پاش یەک دوو هەفتە شێخ ڕەئووف ئاگاداری کردین کە مەتەڵی (ترولە)ی هەڵهێناوە، گوایا لە دیانە یا عەنکاوا مەسیحییەکان جۆرە شتێک لە ماست دروست دەکەن ناوەکەی نزیکی ترولەیە و ئەم زاراوەیەش فڕی بەسەر کوردییەوە نییە، شەو کاتێ ئەمەی بەگیو گوت زۆر تووڕە بوو و ئێمەی بەنەزان دانا و چیدی لەگەڵماندا کۆنەبۆوە.

***

لەو ڕۆژانەدا شۆڕشی بارزان دەستی پێکرد، چینی ڕۆشنبیر و بەشی زۆری نیشتمانییەکانی کورد ڕاستەوخۆ و لابەلا پشتگیرییان لێ کرد، بەتایبەتی (هیوایی)یەکان، منیش کە لە بەشی نهێنیی ئیشم دەکرد هەموو برووسکە و نووسراوە تایبەتییەکانم دەهاتنە بەردەست، بەتایبەتی ئەو برووسکە تورکییانەی لەمەڕ داخستنی سنوور و هاوکاری هەردوو حکوومەتی تورکیا و عێراق دژی کورد دەهاتن و بەپیتی لاتینی دەنووسران دەمکردن بەعەرەبی.

برادەران بەناوی (هیوا)وە داوایان لێ کردم کە پێویستە منیش لەم ڕاپەڕینە پیرۆزەدا بەشداری بکەم، ئەرکی من ئەوەیە کە هەر برووسکە و نووسراوێک پەیوەندی بەشۆڕشەوە هەیە کورتە یا وێنەیێکی بنێرم بۆ سەرەوە. ئەم داخوازییە منی خستە هەڵوێستێکی لە ڕوودامانەوە. لە لایێک کاک سەعید قەزاز ئەوەندەی یارمەتی داوم و لە خۆی نزیک کردوومەوە خەڵک بەخزممان دەزانن. لە لایێکی دیکەوە داخوازی برادەران و خزمەتی کوردایەتی لە سەرووی هەموو لێکدانەوەکانە و(نا) هەڵناگرێ، لە پێشەوە ویستم پرس بەگۆران بکەم، بەڵام نەمتوانی ئەو نهێنییانە لای ئەو بدرکێنم، لە پاش چەند ڕۆژ سەرهێنان و بردن، دوودڵیم خستە ئەولاوە و ئامادەیی خۆم بەبرادەران ڕاگەیاند، (سەعید



جەوهەر) ناوێکیان بۆ دەستنیشان کردم کە دێتەماڵەوە بۆ لام و چیم هەیە بیدەمێ ئەو دەیگەیێنێتە حەمە قودسی لە ڕواندز یا هەر شوێنێکی کە بەباش بزانرێ. بەدرێژایی شۆڕش و تا لە سنوور ئاوابوونی شۆڕشگێڕان ئەم ئەرکەم بەجێ هێنا.

لە دوای تێشکانی شۆڕش، دادگایێکی عورفی لە هەولێر داندرا بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی هاوکار و لایەنگرانی شۆڕش. لەو ڕۆژانە (لقی بانکی زراعی و صناعی) لە هەولێر دەکرایەوە، موتەسەریف ناوی منی دابوونێ، بەمانگانەیێکی باش دامەزرام بە(جێگری ژمێریار) و دەستم بەئیش کرد.

ڕۆژێک سەرلەبەیانی دوو پۆلیس هاتنە ماڵەوە و داوایان لێ کردم بچم بۆ لای مودیری پۆلیس، کە چووم بێ ئەوەی وەڵامی ڕۆژباشەکەم بداتەوە (لە کاتێکدا ناسیاویمان هەبوو) لێی پرسیم داخوا سەڵتم یا ژن و منداڵم هەیە، گوتم ژن و ماڵم هەیە، گوتی لە ئێستاوە هەتا نیوەڕۆ ماوەت هەیە بچۆ ماڵت بارکە و بچۆرەوە بۆ سلێمانی ئەگەر پاش نیوەڕۆ لێرە مابیت ماڵەکەت بەپۆلیس بۆ بار دەکەم و بەپاسەوانی دەتنێرمەوە، ویستم بچم بۆ لای موتەسەریف، بەڵام فەراشەکە گوتی نایەوێ ببینێ، برادەران تێیانگەیاندم کە سەعید جەوهەر گیراوە و ڕاستی لە زۆر کەس گوتووە یەکیان تۆیت، بەڵام موتەسەریف فایلەکەی تۆی وەرگرتۆتەوە تا خۆی سزات بدا، ئەم دەرکرانەت سزاییێکە ئەو بۆتی داناوە تا تووشی زیندان و چەرمەسەرە نەبیت.

بەناچاری شڕە و بڕەم بارکرد و ناردمنەوە سلێمانی و خۆم ڕووم کردە ڕواندز، چوومە ماڵی خاڵە شاکر -شاکر موجرم- نووسەری یەکەمی دادگای ڕواندز کە بەڕاستی کوردێکی پاک و دڵسۆز و جێی بڕوابوو، بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و گوتم دەمەوێ بچم بۆ کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەو گوتی کە لەبەر سەرما و ڕێبەندان جگە لە لۆری عەسکەری هیچ گوێزەرەوەیێک بەگەڵیدا ناڕوا، بەڵام ئەگەر توانیمان دەتگەیێنمە گەلاڵە و لەوێ (شێخ نوری) دەتوانێ بەڕێت بکا. سێ چوار ڕۆژ لەگەڵ (عەزیز کوڕی خاڵ شاکر)دا چووینە سەر پردی جندیان و داوامان لە سەربازەکان دەکرد هەڵمگرن ڕێک نەدەکەوت، ڕۆژی چوارەم بۆم ڕەخسا چوومە نێو لۆرییێکەوە و گەیاندمییە سەر پردی گەلاڵە و لەوێوە سەرکەوتم بۆ نێو گوند و گەیشتمە لای شێخ نوری شێخ ساڵح کە مودیر ناحیە بوو.

شێخ نوری هاتنەکەمی زۆر پێ خۆش بوو، وەکو خۆی دەیگوت لەو گوندە بچووکەدا هاودەم و ناسیاوێکی نەبوو بەتایبەتی لەم وەرزی زستانەدا کە بەفر چوار لای تەنیوە، هاوڕێی ڕۆژ و شەوی (جەناب)ی کوڕییەتی، دەیویست ماوەیێک پێکەوە بمێنینەوە، بەڵام تێمگەیاند کە زۆر بەپەلەی گەیشتنە مەهابادم، شارەزا و قاچاخچییەکانی بانگ کرد و

داوای لێکردن بمگەیێنن، ئەوان گوتیان کە تەنیا زەلامی بەگوڕ و قۆچاخ دەتوانێ بەشەڕە شەق بگاتە دەربەند ئیدی لەوە بەولاوەتر باڵداریش لەبەر بەفر بڕ ناکا، بەلای کەمەوە پێویستە دوو مانگ ڕابوەستم تا ڕێ دەکرێتەوە. شێخ نوری ئەمەی بەدڵ بوو دەیگوت گوێ مەدەیێ، عەلیشیش و مریشکی زۆرمان هەیە و عەرەقیش پەک ناکەوێ، ئەم دوو مانگە پێکەوە ڕادەبوێرین و لە بەهارا بەئاسانی ئاوا دەبیتە ئەودیو...

بەڵام من هەفتەیێک زیاتر نەمامەوە، گەڕامەوە بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ سلێمانی.(*)

## ١٤- ئەرزوحاڵنووسی

لە سلێمانی بێ ئیش بووم، کاکە ئیبراهیم ئەحمەد بەهۆی برادەرێکی خۆیەوە تایپڕایتەرێکی نیوداشتی بۆ کڕیم و پارێزەرەکان بەڵێنیان دا کاری نووسینەکانیان بەمن بکەن، بەڵام پێویستم بەدوکانێکی نزیک سەرا هەبوو و دەستم نەدەکەوت. لەو ڕۆژانەدا (عەلی حاجی مەلا شەریف) دوو دوکانی بەرامبەر چوارڕێیانی سەرا گرتبوو کە بەڕۆژ هەتا ئێوارە داخرابوون، لە ئێوارە بەدواوە دەستەی مۆسیقا و گۆرانیبێژی لە ژوورەوە دادەنا و دەستیان بەزرموکوت دەکرد، وایەرێکی لە دوکانەکەوە ڕاکێشابوو بۆ چەتری پۆلیسی سەر چەقی چوارڕێیانەکە و دوو سێ میکرۆفۆنی گەورەی لێ قایم کردبوو کە دەنگی گۆرانی و هەراکەی دەگەیشتە ئەو سەری شار، ناو بەناو وشەیێک یا شیعرێکی لە بارەی ئازایی و

(*) هاوڕێی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی ئەندازیار (حەمە ساڵح ژاژڵەیی) بوو کە لە دادگای عورفی بەکەفالەت بەردرابوو، لە کەرکووک بەسواری پاسێکی تەختەی شەقوشڕ ڕێ کەوتین، پاش بانگی شێوان گەیشتینە نزیک چەمچەماڵ و پاس بەیەکجاری پەکی کەوت، بارانیش شەستی دەکرد، جانتاکانمان هەڵگرت و خۆمان گەیاندە نێو ئاوایی، چاخانەکەی چەمچەماڵ نە چرای هەبوو نە چا نە ئاو، حەمە ساڵح گوتی: من لێرە برادەرێکم هەیە ئەفسەری سەربازگری (زابت تەجنید)ە، با بچین میوانی بین، منداڵێکمان بەکرێ گرت بەنێو کۆڵانە پڕ لە قوڕ و زەلکاوەکاندا ماڵەکەی پیشان داین. ئەو کوڕە ئەفسەرێکی لاو بوو خۆی و دایکی پێکەوە بوون، زۆریان ڕێزگرتین و خاوەن ماڵ مێزی خواردنەوەی ڕێکخست و هەر دەهات و دەچوو، لە جولانەوەیێکدا بایێکی لێ بەربوو، ئێمە وامان پیشان دا کە هیچمان گوێ لێ نەبووە، بەڵام ئەو کوڕە بەستەزمانە بەجۆرێک شڵەژا کە نەیزانی چۆن خۆی گەیاندە دەرگا و بۆی دەرچوو، پاشان دایکی هات و گوتی: (ج...) ژانە سەری گرتووە و دەڵێ با ئەوان نانی خۆیان بخۆن من ناتوانم لەگەڵیان دابنیشم. ئێمە نانمان خوارد و نوستین، بەیانی کە هەستاین زانیمان خاوەن ماڵ هەڵنەستاوە و هەتا نەشڕۆین هەڵناستێ، بەپەلە ماڵاواییمان کرد و هاتین. ئێستایش بۆ ئەو ڕووداوە بەداخەوەم هەرچەندە سووچی ئێمەی تێدا نەبوو.



ئازادیخوازیی ئیمپراتۆرێتی بەریتانی مەزن تێکەڵ دەکرا.

برادەران (عەلی)یان قایل کردبوو کە بەیانیان تا نیوەڕۆ تایپ و مێزەکەم لە دوکانەکەی ئەو دانێم و ئیش بکەم، بەڵام ئەم یارمەتییەی عەلی حاجی مەلا شەریف زۆری درێژە نەکێشا و پەکی ئیشەکەم کەوت.

وەکو پێشتریش گوتوومە، لە هەر بارودۆخێکدا ڕێگام بووبێ پەیوەندی خۆم لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیدا درێژە پێداوە. لەو ڕۆژنامەدا (عەزیز شەریف) لە بەغدا ڕێگا درابوو کۆمەڵەیێک بەناوی (حیزبی شەعب) پێکەوە بنێ و ڕۆژنامەیێکیشی دەردەکرد بەناوی (ئەلوەتەن)، من ئەو ڕۆژنامەیەم حەز لێ دەکرد و دەمخوێندەوە، چەند ڕۆژ پاش ئەوەی چوومە دوکانەکەی عەلی، گوتارێکم بۆ ئەو ڕۆژنامەیە نارد لەژێر نیشانی (زوڕنای ئیستیعمار)، باسی ئەو زرموکوت و میکرۆفۆنانەم کرد کە کابرایێکی چڵکاوخۆر لەبەر لووتی میریی سلێمانیدا قوتی کردۆتەوە و کەسیش نقەی لێ نایێ!...

ئەم گوتارە لە ڕۆژنامەی (الوطن)دا بڵاوبۆوە و دەنگی دایەوە، هەرچەندە کاربەدەستانی میری خۆیان شلوێ نەکرد. بەڵام عەلی خۆی و هاوکارەکانی کەوتنە پرس و لێکۆڵینەوە و لە ئاکامدا دەستیان گەیشتە نامەکەی من و زانیان نووسەری ئەو گوتارە منم... لەسەر ئەوە عەلی مێز و تایپەکەمی فڕێدایە دەرێ و ئیشەکەم ڕاوەستا.

***

لە بیرەوەرییە خۆشەکانی ڕۆژانی ئەرزوحاڵنووسیم، ئەو ڕووداوەم لە بیرە: کاکە بلە پیاوێکی شارەزووری بەبەڵگە و بڕیاری دادگاوە بۆ ناردم تا ئیستینافی بۆ بنووسم، ئیستینافەکەم بۆ نووسی و لێم پرسی ناوت چییە؟ گوتی ئەلی مامە سەن، منیش وەکو خۆی نووسیم «ئیمزا ئەلی مامەسەن» و دامە دەستی بردی، زۆری پێ نەچوو حاکم لە دووی ناردم، دەبینم حاکم (شیت مستەفا) و (پارێزەر کاک برایم) و (ئەلی مامەسەن) لەوێن؛ حاکم لێی پرسیم ئەمە تۆ نووسیوتە؟ گوتم بەڵێ، گوتی ناوی ئەم پیاوەت بەڕاستی نەنووسیوە؟ زانیم مەبەستی چییە، بۆیە گوتم خۆت لێی بپرسە بزانە ناوی چییە، حاکم تووڕە بوو و گوتی تۆ ئەوەندەت خوێندەواری نییە بزانی ئەلی مامەسەن واتا عەلی مام حەسەن؟ گوتم کەواتە «مام»ەکەش بکەین بەعەرەبی و بڵێین عەلی عەمو حەسەن، تکا ئەکەم بەم پیاوە بڵێ تۆ ناوت عەلی عەمو حەسەنە بزانە تووڕە نابێ؟ کابرا ناوی خۆی چۆن گۆ دەکا وام نووسیوە، حاکم لە داخانا قیڕاندی و گوتی لەمەودوا هەر داواکارییێک بەدەستی تۆ نووسرابێ من وەری ناگرم. لێرەدا کاکە بلە خۆی تێهەڵقوتاند و بەحاکمی گوت ئەمە شاعیر و نووسەرە و یەکێکە لەوانەی هاوکاری گۆواری (ڕووناکی) ئێوەی

کردووە و شتی نووسیون.

لەگەڵ حاکم شیت ئاشت بووینەوە، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شێوە نووسینی ئەدەب و نووسراوی دادگا دوو شتی جیاوازن و ئەو ڕازی نابێ وای بۆ بنووسم.

***

کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرابوو و ڕۆژنامەی کوردستان کاتێ دەگەیشتە ئێرە، دەستاودەست دەقۆزرایەوە و بەشتێکی پیرۆز دەزانرا، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە لە بارەی دارشتن و ڕازانەوەی ڕۆژنامەنووسییەوە کەموکوڕی هەیە و هێشتا ساکارە، کاک برایم دەیگوت لەوێ پێویستیان بەیەکێکە جگە لە نووسەری و کوردیزانی سەری لە کاری چاپخانەش دەرچێ، پێت چۆنە ئەم ئەرکە بخەیتە سەر شانی خۆت؟ زۆر بەشادییەوە ئامادەیی خۆمم پیشان دا.

کاک برایم ئەم پیشنیارەی نارد و پاش مانگێک وەڵامی پەسند کرانم هاتەوە، هەروەها نامەیێکی تایبەتی برادەری خۆشەویستم (سەید محەمەدی تەهازادە)شم بۆ هات کە نووسیبووی بەپەلە خۆم بگەیێنمە پایتەختی کوردستانی ئازاد. بەم پێیە ڕۆژێکی هاوینی ١٩٤٦ بەماڵەوە لەگەڵ کاروان کەوتمە ڕێ و لە قەراخ گوندی (کەناروێ) لە ڕووباری تەیەت پەڕینەوە و بەنێو خاکی کوردستانی ئازاددا ڕوومان کردە شاری مەهاباد.

## ١٥- لە کۆماری کوردستانی ئێران

شاری مەهاباد کە پاش پازدە ساڵ بینیمەوە لە باری ئاوەدانی و نوێکارییەوە فەرقێکی ئەوتۆی نەکردبوو، هەمان کۆڵانی بەردرێژ و خانووە قوڕینەکان و ناو بەناو کەلاوەی داڕووخاو و هەردوو مەیدانی (ئازادی) و (مەنگوڕان) مابوون، سنووری شاریش هەروەکو خۆی بوو بەرین و بڵاو نەبووبۆوە، تەنیا گۆڕستانی مەلا جامی زیادی کردبوو لە سێ ئاشانەوە گەیشتبووە کانی مام قەمبەران، لەسەر ئەو سێ ڕێیانەی (چوارچرا)یان پێ دەگوت خانووبەرەیێکی نوێ بۆ کاربەدەستانی سەردەمی شا دروستکرابوو ئەمڕۆ بۆتە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی محەمەدی سەرەک کۆمار و ئەندامانی لیژنەی ناوەندی و وەزیرەکان هەموویان لێرەدا کۆبوونەتەوە و کار دەکەن کە جاران شوێنی مدیر ناحیەی ئێران بووە، ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێ هەموو دیوارەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئەم بارەگایە بەپۆستەری گەورە گەورە و ڕەنگاوڕەنگ ١×٢ مەتری ڕووسی داپۆشرابوو کە وێنەی ستالین و قارەمانان و گەورەپیاوانی سۆڤێتییان دەنواند، سەید محەمەدی وەزیری لەشساخیم دیت و پێکەوە چووینە بارەگای حزب و چاومان بەپێشەوا کەوت، سەید



محەمەد نامەکەی کاک برایمی پیشان دا، بەخێرهاتنی کردم و لە بارەی خوێندن و چۆنێتی ژیانی ئەو چەند ساڵەوە پرسیاری کرد، پاشان بەسەید محەمەدی گوت نامەکە بدا بەلێپرسراوانی حزب لەمەڕ دامەزرانمەوە.

جێگای ڕۆژنامە و چاپخانەش بەرامبەر بارەگای حزب بوو، چووم بۆ ئەوێ و چاوم بەسەرنووسەری ڕۆژنامە (سەید محەمەدی حەمیدی) کەوت، پاش یەکتر ناسین چووینە لای کرێکارانی پیتچن و وەستا و فیتەری مەکینە. لە یەکەم سەرنجی سەرپێییدا بۆم دەرکەوت کە ئەمە تەواوتر و ڕێکوپێکترین چاپخانەی کوردییە کە تا ئێستا دامەزراوە، شەش تەختە پیتی تەواو لە پۆنتی هەشتەوە تا سی و شەش، کەرەستەی پێویستی تەسەل، مەکینەی کارەبایی بۆ قاقەز بڕین و بۆ کونکردن، مقەسی ئۆتۆماتیک بۆ قاقەز بڕین، دەزگای تواندنەوە و داڕشتنی مز بۆ نینیا و بۆش، مەکینەیێکی گەورە و نوێی چاپ، مەکینەی پێ، مەکینەیێکی دروون... شازدە کرێکاری وریا و دڵسۆزیش کاریان تێدا دەکرد. تەنیا یەک دەزگای زەنگۆگرافی دەویست تا لە هەموو سەرێکەوە پەرداخ و تەواوبێ. دەتوانرا ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی بەپازدە هەزار نوسخە پێ دەربێنین، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان هەفتەی سێ یا چوار جار دەردەچوو لە ژمارەکانی لە ٦٠٠ تا ٨٠٠ دانە تێ نەدەپەڕی. کۆسپی ناخۆشی چاپخانە هێزی کارەبا بوو، ئەو کاتە شاری مەهاباد تاقە یەک مەکینەی زۆر کۆن و بچووکی کارەبای هەبوو کە بەشی ڕووناککردنەوەی نیوەی شاری نەدەکرد، بۆ ئیش پێکردنی مەکینەی چاپخانە، دەبوایە جگە لە کارەبای ماڵان گلۆپی کۆڵانەکانیش بکوژێتەوە.

بۆ چارەی ئەم ناتەواوییە حزبی دیموکرات ناردی مەکینەیێکی گەورەی کارەبا بۆ ڕووناکی شار و ماتۆڕ و دینەمۆیێک بۆ چاپخانە کڕرا، پاش یەک دوو مانگ ماتۆڕ و دینەمۆیەکە گەیشت و داندران، بەڵام دەزگای کارەباکە هەر نەهات و نەگەیشت.

شێوەی هەڵسووڕانی کار و بەڕێوەبردنی نێوخۆی کۆماری کوردستان بابەتێکی نوێی بێ وێنە بوو. ئەم ئەزموونە تازەیەی کورد کە تەمەنی لە یازدە مانگ تێنەپەڕی، خۆی بەسەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات دەزانی، خەڵکی ڕزگارکراو حکوومەتی تارانیان بەدوژمنێکی داگیرکەری بەزیو دادەنا کە لە کۆڵیان بۆتەوە و تازە گەڕانەوەی بۆ نییە. لە ڕاگەیاندنەکانماندا ناوی کوردستان و ئێرانمان وەکو دوو لایەنی هاوتا دەهێنا و وامان دەردەبڕی کە پەیوەندیمان لە دراوسێتی بەولاوەتر نییە، خۆم گوتارێکم بڵاوکردەوە بەناوی (نێوانی ئێمە و تاران) و تێیدا زۆرم ڕەخنە لە ڕژێمی تاران گرتبوو کە بۆچی ڕێزی دراوسێتی و هاوسنووری ناگرێ، لەلایێکی دیکەشەوە بووجەی دەزگاکانی کۆمار مانگ

بەمانگ لە تاران وەردەگیرا بەناوی مووچەی پۆلیس و فەرماندەر و کاربەدەستانەوە، چونکو کۆماری کوردستان لە جیاتی ڕژێمی تاران ئاسایشی ئەم ناوچەیە دەپاریزێ و کاروباری میری بەڕێوەدەبا. لە دوا مانگی تەمەنی کۆمارەکەمان کە سوپای عەجەم شالاوی بۆ کوردستان هێنا، پارە نەبوو مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرەکانی لێ بدرێ، حزب دەرگای عەمباری شەکری کردەوە و لە جیاتی پارەی مانگانە شەکریان دانێ.

***

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەوامی چاپخانەم دەست پێکرد، بۆم دەنووسین و ڕێنوێنیم دەکردن و یارمەتی کرێکارەکانم دەدا، بەڵام مانگێکی پێچوو بێ ئەوەی فەرمانی دامەزران و ئیش دیارکرانم دەرچێ؛ چەند جارێک سەرم لە بارەگای حزب دا و چاوم بە(سەید محەمەدی تەهازادە) کەوت، بەڵام وەڵامێکی ڕاستم دەست نەکەوت، ئەو پارەیەی لەگەڵ خۆم هێنابووم لە بڕانەوەدابوو، ناچاربووم لە جیاتی پرسیار کەوتمە تووڕەبوون و هەراکردن، دەمگوت من لەسەر داخوازی خۆتان هاتووم، ئەگەر ئیشتان پێم نییە بمنێرنەوە شوێنی خۆم، سەرنووسەری ڕۆژنامە (حەمیدی)یش لە یارمەتی و پشتگیریم درێخی نەکرد، تەنانەت چوو بەپێشەوا قازی محەمەدی سەرەک کۆماری گوت کە بوونی من بۆ ئەوان چەند پێویستە و پێشنیاری کرد کە من لە جێی ئەو دابندرێم بەلێپرسراوی چاپخانە و ڕۆژنامەکە، چونکو لەو باشتری لێ دەزانم و با ئەویش بگەڕێتەوە سەر فرمانی پێشووی کە لە دایرەی (ئامار) سەرژمێرە. داخوازییەکەی لەلایەن پێشەواوە پەسندکرا و بڕیاری دامەزرانم دەرچوو. باشتر بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەم تەگەرەیە تێچەندنی کەسانێک بووە کە ترساون لەوەی قوت بوونەوەی من بەلێهاتوویی و کوردی زانییەوە زیانی بۆ پەزەکانی ئەوان ببێ و پلەی کورسییەکانیان بلەقێنێ.

***

ڕۆژێک لە بارەگای پێشەواوە داواکرا ژمارەی نوێی ڕۆژنامە بەرم و بچمە دائیرەی پێشەوا. چاپخانە و بارەگای حزب بەرامبەری یەکتر و تەنیا شەقامیان نێوان بوو، کاتێ ڕۆژنامەکەم برد و چووم دیتم کە یەکێکی نەناسراوی لە لا دانیشتووە، پێشەوا منی بەو ناساند کە ئەمە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەمانە، بەمنیشی گوت ئەو برایە (قەدری بەگ)ە لە کوردە ناسراوەکانی کوردستانی سوریا. قەدری بەگ هەندێ پرسیاری لێ کردم و پاشان بەشێوەییێکی ڕەخنەگرانە گوتی: «کاکی خۆم تۆ بەرپرسیاری ڕۆژنامەییێکیت کە زمانی کۆماری کوردستانە، هەر میوانێکی بێگانە ڕوو لێرە بکا دەیەوێ تۆ ببینێ، جا کاتێ تۆ بەم دیمەنە شپرێوەوە بچیتە بەردەمی میوان دەبیتە هۆی سڵەمینەوەیان، کوردایەتی تەنیا



بەڕانکوچۆخە لەبەرکردن تەواو نابێ، پێویستە دەستە جلکێکی لێوەشاوەی وات لەبەر دابێ کە شیاوی سەرنووسەری ڕۆژنامەبێ» ئەم تێبینییەی میوانەکە کاری تێ کردم، کەمێک بێ دەنگ بووم و پاشان بەپێشەوام گوت گەورەم وەڵامی بدەمەوە؟ گوتی بەڵێ، گوتم جەنابی قەدری بەگ وەنەبێ من لەبەرکردنی چاکەت و پانتۆڵم پێ ناخۆش بێ یا نەزانم کراوات ببەستم، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیا ئەم ڕانکوچۆخەیەم هەیە کە ئیشی پێوە دەکەم و دەچمە پێشوازی میوانان و شەوانەیش پێیەوە دەنووم، پێشەوا بەپێکەنینەوە گوتی ئێمە گەلێکی هەژار و چەوسێنراوەین تازە خۆمان ڕزگارکردووە و خەریکین ماڵ پێکەوە دەنێین، هەر میوانێک ڕوومان تێ بکا لە کەموکوڕیمان دەبوورێ، بەڵام من لەم ڕۆژانەدا دەچم بۆ تەورێز، تۆیش لەگەڵ خۆم دەبەم و لەوێ دوو سێ دەست کۆت و شەلوارت بۆ دەکرم.

بەڵام بەداخەوە ئەو سەفەرەمان سەری نەگرت.

***

باری نێوخۆی مەهاباد گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر داهاتبوو، دەتگوت ئەم ڕزگارییە سیاسییە بیر و ڕەوشتی خەڵکەکەشی گۆڕیوە، لەنێو شاردا دزی نەمابوو، شەڕکردن و بەگژیەکتردا چوون تەواو کەم بووبۆوە، ئەو ڕۆژانەی لەبەردەمی بارەگای حزبدا کۆبوونەوەی گشتی بکرایە، وەستا و کرێکار و دوکاندار تێکڕا بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێ دەستیان لە کار هەڵدەگرت و دەهاتن لە چوارچرا ڕیز دەبوون و بەبایەخەوە گوێیان بۆ شیعر و گوتاری بێژەرەکان شل دەکرد... لەم کۆبوونەوانەدا باری سیاسیی کۆمار بۆ خەڵک شی دەکرایەوە.

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پێکهاتبوون و چالاکییان دەنواند، شار بەسەر چەند گەڕەک و ناوچە دابەش کرابوو و هەر کەسە شوێنی ڕووتێکردنی خۆی دەزانی، دەستەی ئافرەتانی کوردستان، دەستەی لاوان و دەستەی کارگەران، مەڵبەند و قەوارەی خۆیانیان دیارکردبوو و هەڵدەسووڕان.

سنووری دەسەڵاتی کۆمار جگە لە کوردستانی بەشی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشێکی لە ئەستانی (سنە)یش دەگرتەوە، کەچی شارەکانی سەردەشت و سەقز هێزی عەجەمیان تێدامابوو و گەمارۆ درابوون، هێزی پێشمەرگە دەیتوانی بەسانایی داگیریان بکا یا هیچ نەبێ ڕێگای ئازووقەیان لێ ببەستێ و ناچاری خۆبەدەستەوەدانیان بکا، بەڵام دەسەڵاتێکی نادیار نەیدەهێشت و نەیدەویست کوردستان گەشە بکات و پێ بگات، یا هیچ نەبێ وەکو کۆماری ئازەربایجانی لێ بێ، بۆچی؟ نازانم!... نموونەیێک:

ڕۆژێک برووسکەیێک هات کە پێشمەرگە تەنگیان بەهێزی گەمارۆدراوی شاری سەقز هەڵچنیوە و ناچاری کردوون مل بۆ خۆبەدەستەوەدان ڕاکێشن، تەنیا داخوازییان ئەوەیە کە ڕێگا بدرێن چەکەکانیان بەرن و بڕۆن، بەڵام هێزەکانی ئێمە دەیانەوێ چەک دانێن جا بڕۆن. پێشەوا ئاگاداری کردن کە دەست ڕاگرن تا خۆی دەگاتێ.

کاتێ پێشەوا دەگاتە سەقز، فەرمان دەدا کە گەمارۆ لەسەر شار لاببرێ و ڕێگا بدرێ کاروانی ئازووقە و چەک بگاتە دەستی گەمارۆدراوەکان، ئەم فەرمانە ناکاو و چاوەڕوان نەکراوە بوو بەهۆی تووڕەیی و سەرسوڕمانی فەرماندەکانی پێشمەرگە و گەیشتنە ئەوەی دەست هەڵگرن و هەر کەسە بگەڕێتەوە ماڵی خۆی... پێشەوا بەداخەوە پێی گوتن کە ئەم بڕیارە هی ئەو نییە و فەرمانی (کاکاغا)(*)یە کە ئەوەتا لەنێو ترومبێلەکەی پێشەوادایە و نایەوێ دابەزێ!!... ئەم ڕووداوە و زۆر وێنەی ئاوا دەهاتە پێشەوە کە بۆ ئێمە جگە لە داخ خواردن ئاکامێکیان نەبوو!...

وێنەیێکی دیکە: ئەو کاتەی بەپێی ڕێککەوتنەکەی (یاڵتا) هاوپەیمانانی دژی نازی بڕیاریان دا کە پاش بڕانەوەی شەڕ هێزە داگیرکەرەکان خاکی ئێران بەجێ بهێڵن و سنوورەکانی بپارێزن، کاتێ شەڕ نەما هێزی سوپای سوور لە ئێران کشایەوە، بەڵام سەیر لەوەدابوو کە ئەوان کوردستانیان بەجێهێشت بێ ئەوەی لەو چەک و کەرەسە سوپاییەی گەلێکیان لێ قەزابوو تۆپەشکاوێک یا لۆرییە شەقوشڕێکمان بۆ بەجێ بهێڵن، چەک و جبەخانەی پێشمەرگە هەمووی بریتی بوو لەوانەی کاتی ڕووخانی ڕژێمی ڕەزاشا خەڵک لە دەستی دەرهێنابوون یا لە تاڵانی سەربازخانەکان دەستیان کەوتبوو، بەڵام کاتێ سوپای سوور لە تەورێزی پێتەختی ئازەربایجان دەکشایەوە هەرچی چەکێکی هەیبوو لە تۆپ و تانک و لۆری و تفەنگ و شەستتیر، تەنانەت خێوەت و جلوبەرگیش بۆ ئازەربایجانییەکانیان بەجێهێشت، بۆیە لە پاییزی ١٩٤٦دا ئێمە کەوای نێوئاخن لۆکەمان بەخەیاتەکانی بازاڕی مەهاباد بۆ پێشمەرگەکانمان بەدروون دەدا لە کاتێکدا فیداییەکانی ئازەربایجان باشترین و گەرمترین جل و پاڵتۆی ڕووسییان لەبەر دەکرد، ئێمە پێنج لۆری چەپرەکی ئێرانیمان هەبوو کە بەخەتێکی درشت و ناشیرین (جمهوری کوردستان)مان لەملا و لەولای نووسیبوو و زۆریش شانازیمان پێوە دەکرد، کەچی ئازەربایجانییەکان بەسەدان جێب و لۆری باش و بەکاری ڕووسییان دەست کەوتبوو.

---

(*) ئەم کاکاغایە ئەفسەرێکی سۆڤێتی بوو کە بەناوی ڕاوێژکار و باوەڕپێکراوی سوپای سوور لە کۆماری کوردستان داندرابوو و دەبوایە بۆ هەر هەنگاوێکمان پرسی پێ بکرێ و لە قسەی دەرنەچین، جلی کوردی لەبەر دەکرد و بەیاوەری پێشەوا دەزاندرا.



ئەوان مانگ بەمانگ پێداویست و کەلوپەل و خواردەمەنییان لە سنووری سۆڤێتییەوە بۆ دەهات، ئێمە تووتنی کوردستان (کە هەر ئەوەمان شک دەبرد) بەسوت و سەلەم دەدا بە(ئەسەدۆف)(*) ئێمە دار و دیوارمان بەپۆستەر و وێنە و دروشمی سۆڤێتی ڕازاندبۆوە و چاپەمەنییەکانمان پڕ بوون لە پێداهەڵخوێندن و کرنۆش بردن بۆ سوپای سوور و ڕێبازی سۆڤێتی و منداڵەکانمان پڕ بەدەم هاواریان دەکرد:

«بژی ستالین خۆش بێ چەکوچ و داس لە ژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس»

بەڵام ئازەربایجانییەکان هەر خەریکی خۆیان بوون و بەڕێکەوت نەبووایە ئەم بابەتانەیان نەدەخستە ڕوو.

ئەمانە کە شتێکی سەرسوڕێنەر و گوماناوی بوون لە سەرچاوەیێکی قووڵەوە هەڵدەقوڵان، ئازەربایجان کە لە شاری (میاندواو)ی سەرسنووری کوردستانەوە تا (باکۆ)ی ڕۆخی ژووری دەریای خەزەر درێژ بۆتەوە، یەک خاکە و یەک نەتەوەی لەسەر دەژی کە (ئازەری)یان پێ دەڵێن، لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەریدا شایە قاجارییەکانی ئێران پاش تێکشکانیان لەشەڕدا نیوەی ئازەربایجانیان بۆ ڕووس بەجێهێشت و زێی (ئاراس)یان بەسنوور پەسندکرد، ئەم دوو کەرتی ئازەربایجانە کە زمان و ئایین و نەریتیان یەکە هێشتا دانیان بەم لەتکردنەدا نەناوە و ئاواتی یەکگرتنەوەیان نەمردووە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕووسیادا ئەم بیرە هەر مایەوە و دەوڵەتی سۆڤێت دەیویست بەپێشکەوتن و باشتر ژیانی بەشەکەی لای دڵی ئازەرییەکانی ئێران ڕاکێشێ و بیانکاتە لایەنگری ڕژێمی کۆمۆنیستی و لە دەرفەتێکدا هەردوو کەرتەکە لەژێر ئاڵای سووردا کۆبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە کادر و بەڕێوەبەرەکانیان تێ دەگەیاند و ئامادەیان دەکردن.

ئەو کاتەی ئێران لەلایەن سوپاکانی ڕووس و ئینگلیزەوە داگیر کرا، هەرچی نووسەر و سیاسی و کاربەدەستی ئازەربایجانی لەبەر دەستابوون بۆ ئازەربایجانی ئێران بەڕێکران و تێگەیێندران کە بەزوویی زەمینەی یەکگرتنەوەی هەردوو کەرتەکە ساز بکەن، ئەمانە کە هاتن لووتیان تەقی بەبوون و ڕاستەقینایەتی کوردستان و نەتەوەی کورد، وایان زانی ئەم کوردانەیش جۆرە هۆز و تیرەیێکی پەڕ و تەریوەی نێوان چیا سەختەکانن و دەکرێ وەکو

---

(*) تورکانێکی پشت مل چڵکن بوو کە بەڕواڵەت بەناوی (نوێنەری بازرگانێتی سۆڤێتی)و لەژێرەوە وەکو ئەندامی دەزگای پۆلیسی نهێنی سۆڤێتی لە مەهاباد دادەنیشت، کوردی و تورکمانی باش دەزانی، بەڵام هیچ کاتێک بەکوردی نەدەدوا تا بەڵکو کەمێک ئازووقەمان پێ بفرۆشی.

بشگێر و داغستان و کەمایەتییە چەند هەزار کەسەکانی لای خۆیان سەودایان لەگەڵدا بکرێ، بۆیە هەرچی بایەخ هەیە بەکورد و کوردستان نەدرا و مەبەستی بەرودوا هەر ئازەربایجان بوو و ئەگەر جار بەجار لێپرسراوێکی میوان ناوی کوردی بهێنابایە تەنیا بۆ دڵخۆشکەری و موجامەلە بووە و هیچی دی.

ڕادیۆی تەورێز دەنگی ئازەربایجانی بەزمانەکانی ئازەری و فارسی و ڕووسی دەگەیاندە دنیا و چەند ڕۆژنامە و گۆواری هەمەچەشنە چاپ و بڵاو دەکرایەوە، ئێمە دەبوایە بەمیکرۆفۆن دەنگمان بەنێو شاری مەهابادا بڵاو بکەینەوە، ئەو تاکە چاپخانەیەشمان بەپارەی ئەندامانی (ژ.ک) و خەڵکی دڵسۆزی خۆمان کڕیبوو و هێنابوومان، ئەگەر بمانویستایە هەواڵێک یا ڕاگەیاندنێک بڵاو بکەینەوە، دەبوایە ڕاکەینە تەورێز و سەرە وەربگرین تا ڕێگامان دەدرێ بۆ ژووری ڕادیۆ.

ئەمانە هەمووی وا. بابزانین ئەم دوو کۆمارە ساوایە چۆن ڕووخان و کاتی پەلاماری دوژمنیان بۆ هات چییان کرد؟ سوپای ئێران بۆ چوونە ئازەربایجان یەک تاکە ڕێگای هەبوو ئەویش ملەی (قافلانکۆ)ی سەخت و لغاوەگیرەیە کە بەپێی بۆچوونی پسپۆڕە سوپاییەکان پەلێک چەکدار دەتوانێ پێشی سوپای پەلامارەدەر بگرێ و تا ماوەی چەند ڕۆژ یا چەند هەفتە بیانوەستێنێ، کەچی ئەو هەموو تۆپ و شەستتیر و تانکانەی ئازەربایجان یەک ڕۆژیش لەسەر ئەو ملەیە خۆیان نەگرت و دووەم ڕۆژی پەلامار لە ڕادیۆی تەورێز بیستمان کە (دوکتۆر جاوید)ی سەرەک وەزیرانی ئازەربایجان برووسکەی بەخێرهاتنی بۆ سوپای داگیرکەری ئێران نارد.

بەڵام لەم لاوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتێکدا هیوای بەخۆڕاگری و بەربەرەکانی هێزی فیدایی ئازەربایجان هەبوو بەرامبەر بەپەلاماری سوپای ئێران، بەشی زۆری بەجێهێشت و بەرەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانی بەهێزکرد کە لەوانەبوو دوژمن لەوێوە پەلامارمان بدا، کاتێ هەواڵی خۆ بەدەستەوەدانی ئازەربایجان بەبێ شەڕ بیسترا، پێشەوا و بەڕێوەبەرانی حزب کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە لەبەرئەوەی بەتەنیا دەرەقەتی پەلاماری دوژمن نایێین، شەڕکردنمان هەڵەیە و ناچارین ئێمەیش چەک فڕێ دەین، ئەوەی زیاتر هانی چەکدارانی داین برای پێشەوا (سەدری قازی) بوو کە خۆی نوێنەری مەهاباد بوو لە پەرلەمانی تاراندا، سەرەک وەزیرانی ئێران لەکاتی پەلاماردا ناردبوویە کوردستان کە نەهێڵێ کورد بەرگری بکات و بەڵێن بدا بەپێشەوا و کاربەدەستانی حزبی دیموکرات کە دوای ئەوەی سوپای ئێران دەگەڕێتەوە، هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت و نوێنەرانی حزب دەچنە پەرلەمان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش نەک وەکو کۆمار بەڵکو بەشێوەی



حزبێکی ڕەسمی درێژە بەئەرکەکانی خۆی دەدات و کاروباری نێوخۆی کوردستان هەڵدەسووڕێنێ!... ئەم کابرا ساویلکەیە بەجۆرێک بڕوای بەم فشاڵەی سەرەک وەزیرانی ئێران کردبوو کە ئارامی نەگرت تا بڕیاری شەڕنەکردن دەرچوو و پێی وابوو هونەرێکی سیاسی نواندووە، کەچی ئەو دوژمنەی باوەڕی بەبەڵێنەکانی کردبوو پاش سێ چوار مانگ پەت پەتێن ملی ئەویشی بەو پەتەدا کرد کە ڕۆڵە قارەمانەکانی وەکو پێشەوا قازی محەمەد و سەیفی قازی پێداکرا.

چەند ڕۆژ پاش داگیرکرانەوەی ئازەربایجان و چەک دانانی هێزی پێشمەرگەش دیسان سەروگوێلاکی عەجەممان لێ دەرنەکەوت، گوایا گومانیان لەوەدا هەیە کە کورد خۆی بۆ لە بۆسەداون و لە پڕ پەلاماریان دەدا، ناچار پێشەوا خۆی و چەند کەس چوونە چاوپێکەوتنی فەرماندەی سوپای ئێران لە سەقز و داوایان لێکرد کە هێزەکەی بەرێ بکا بەرەو مەهاباد، چونکو پاش هەڵوەشانەوەی کۆمار ئێستا دەسەڵاتێک لەنێو شاردا نییە ئاشتی بپارێزێ، دڵنیاشیان کرد کە سەربازەکانی پەلامار نادرێن و کەس خۆیان تێ ناگەیێنێ. لەسەر ئەمە لەشکری عەجەم کەوتە ڕێ و هاتەوە مەهاباد، پێش گەیشتنەوەی عەجەم، بارزانییەکان بەرەوژوور هەڵکشان و چوون لە نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەری خۆیان گرتەوە، ئەوان لە بارێکی نالەباردا بوون، ئێران دوژمن بوو، عێراق سنووری لێ داخستبوون و بەڕواڵەت لە هیچ لایێکەوە ڕووناکی نەمابوو.

ئێران بۆ ئەوەی تووشی شەڕێکی تازە نەبێت و دیسان لە ناوچەکەدا ئاژاوە ڕوونەداتەوە، داوایان لە بارزانییەکان کرد دەستەیێکیان بچنە تاران بۆ وتووێژ و دۆزینەوەی چارەیێکی ئاشتیخوازانە، بۆ ئەم مەبەستە (مەلا مستەفا) و چەند کەس لە ئەفسەر و بارزانییەکان چوونە تاران و ماوەیێک لەوێ مانەوە، دەوڵەتی ئێران پێشنیاری کرد کە پێویستە چەک دانێن و بچن بۆ دەشتی گورگان لە ژووری ئێران، حکوومەت زەوی و کەرەسەی کشتوکاڵییان بۆ ڕێک دەخا تا بۆ خۆیان خەریکی چاندن و جووتیاری بن؛ مەلا مستەفا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا گوتبووی کە ئەو ئەم پێشنیارەی بەدڵە بەڵام خاوەنی دەسەڵات نییە، دەبێ بگەڕێتەوە و لەگەڵ پیاوماقووڵانی بارزانی بەتایبەتی لەگەڵ خودان (شێخ ئەحمەد)ا لێی بدوێن و ئەوانیش قایل بکات جا وەڵامی ئێران دەدرێتەوە، لەسەر ئەم قسەیە مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لە تاران گەڕانەوە.

***

دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوەی دەسەڵاتی عەجەم بۆ مەهاباد، فەرمان درا کە هەرچی ئەرشیف و قاقەزی بارەگای حزب و چاپخانە هەیە بسووتێنرێ، چڕە دووکەڵ لە بارەگای حزب و لە

چاپخانەوە لە بەیانی تا ئێوارە بەری ئاسمانی گرتبوو، نێوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم و دنیا زۆر ساردبوو، تەنکە بەفرێک سەربان و شەقامەکانی سپی کردبوو، لەوبەری چاپخانە پێشەوا و مەلا مستەفا بەجووتە پیاسەیان دەکرد و پێکەوە دەدوان، بەپەلە لە دەرگای چاپخانە هاتمەدەر و چووم لە پێشیان ڕاوەستام، هەردووکیان وەستان، بەپێشەوام گوت: «ئەوا عەجەم دێنەوە و دەست بەسەر چاپخانەدا دەگرن، من مەکینەیێکی بچووک و دەزگایێک پیت و کەرەسەی پێویستم لاداوە کە هەمووی بەپشتی ئێسترێک دەگوێزرێتەوە، بەڵکو بفەرمووی لە جێگایێک تاقەت بکرێ تا کاتێک لە پاشەڕۆژدا ئەگەر پێویستمان پێی بوو سوودی لێ وەربگیرێ». پێشەوا بەکزێکەوە گوتی: «ئێمە دەستمان لە هەموو شتێ هەڵگرتووە و پاشەڕۆژمان نادیارە، من ئەمڕۆ لە پاراستنی مەهاباد بەولاوە بیر لە هیچ ناکەمەوە»، ئەمجا ڕووم کردە بارزانی، ئەویش گوتی: «کاکی خۆم ئێمە دەبێ بڕۆین و زوو بگەینە جێگایێکی پەنا، من ئەگەر کەرە شەلێکم دەست کەوێ دوو منداڵە بارزانی پێ دەرباز دەکەم». بەم پێیە تەقەلاکەم سەری نەگرت.

پاشتر چوومە ماڵی (سەعیدی همایون) کە خوشکەزا و سکرتێری تایبەتی پێشەوا بوو، خۆی و باوکی دانیشتبوون کە باسەکەم بۆ گێڕانەوە، داوام لە سەعید کرد ئەم مەکینە چاپە وەربگرێتە لای خۆی و لە جێگایێک بیشارێتەوە بۆ کاتی پێویست، چونکو لەو ڕۆژەدا هەموومان لەو بڕوایەدا بووین کە ئەم تێکشکانەمان ڕووداوێکی کاتییە و زۆری پێ ناچێ جوولانەوەی شۆڕشگێڕی و ڕزگاریمان هەڵدەگیرسێتەوە و ئەوکاتە پێویستمان بەم مەکینەی چاپە دەبێ. سەعیدیش بەڵێنی دا بێت و بیبا، بەڵام نەهات.

***

دووەم ڕۆژی گەڕانەوەی عەجەم، پێشەوا و سەیفی قازی وەزیری بەرگریی کۆمار و سەدری قازی برای پێشەوا و گەلێک کاربەدەستی کۆماری گیران، منیش کە ترسم لێ نیشتبوو ویستم ماڵەکەم بارکەم و بەرەو سنوور بگەڕێمەوە، بەڵام ئەرکێکی تازەم پێ سپێردرا، ئەویش بەڕێکردنی خێزانە بارزانییەکان بوو بەرەو نەغەدە.

ساڵێک پێشتر، ئەو کاتەی شۆڕشی بارزان تێکشکا و چەکدارەکانی وێڕای ماڵ و خێزانیان لە سنوور بەرەو موکریان ئاوابوون، حزبی دیموکراتی کوردستان یارمەتی دان و ماڵەکانی بەسەر گوندەکاندا دابەش کرد، بڕیاریش وابوو کە هەر ماڵە ئاوارەیێک جگە لە ئازووقەی ماڵ، دوو بزن و چەند مریشکێک و کەرێکی بدرێتێ و پارچە زەوییان بۆ دیار بکرێ تا لە بەهاردا بیکەن بەدەخڵ و شینایی بۆ خۆیان. جا ئێستا کە دوژمن دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتۆتەوە، دەبوایە ئەم خێزانانە خۆیان بگەیێننە شاری مەهاباد و لێرەوە



بەرەو نەغەدە بەڕێ بکرێن. من و دوو کەس لە خۆیان خێزانەکانمان وەردەگرت و ئەگەر پێویست بوایە یارمەتییێکی کاتیمان پێ دەکردن و پاشان بەسواری دوو سێ لۆرییە شەق وشڕانەی کە کەلەپووری سەردەمی کۆماری بوون دەماننارد نە نەغەدە.

لەو ڕۆژەوە کە ڕژێمی تاران پێشنیاری نیشتەجێکردنی بارزانییەکانی لە ژووررووی ئێران دا پیشان دا تا ئەو کاتەی شەڕ دەستی پێکردەوە هەموو ڕۆژێک بەلۆری سوپایی ئازووقە لە مەهابادەوە دەنێررایە نەغەدە بۆ خێزانەکان، بەمەبەستی پیشاندانی دڵپاکی عەجەم لە ئاستی بارزانییەکان.

ڕۆژێک لەسەر شەقامی مەهاباد یەکێکی پۆشتە و ڕێکوپێک کە پاڵتۆیێکی ڕەش و شەپقە و دەستێ جلکی زۆر نوێ و قۆزی لەبەردابوو دەستی خستە سەرشانم، ئەو کاک نوری ئەحمەد تەها بوو، بۆی گێڕامەوە کە لەگەڵ مەلا مستەفا چۆتە تاران و ئەمڕۆ هاتوونەوە، پاشان گوتی مەلا مستەفا لە حەمامی پوتی دانیشتووە هاتم سەرتاشێک بەرم تراشی بکا، کاتێ لەگەڵ سەرتاشدا چووین، مەلا مستەفام دی بەتوێی کراس و دەرپێ دانیشتبوو، بەخێرهاتنەوەم کرد، لێی پرسیم خەڵکی مەهاباد لەمەڕ چوونە تارانم چ دەڵێن؟ گوتم دەڵێن مەلا مستەفا عەجەم و درۆ و پیلانەکانیان نازانێ و بەتەپکەوە دەبێ، یا ئەگەر بیزانێ ئەوا کورد و بارزانی بەشای ئێران فرۆشتووە... گوتی مەلا مستەفا دەسەڵاتی بارزانییانی نییە، لەوێ پیشنیاریان داوە بەمن و منیش پێیان دەڵێم و ئەوان خۆیان دەزانن، ئینجا پێم گوت من هێشتا ماڵەکەم لێرەیە، با لەگەڵ ئەو خێزانە بارزانییانە بیاننێرمە نەغەدە، گوتی نا وا مەکە، ئێمە بەرەو زستان دەچین، ژن و منداڵی بارزانی کەس نازانێ چییان بەسەردێ، منداڵی تۆ وەکو ئەوان فێری نێو بەفر و ئاوارەیی نییە، لێرەش مەترسە ناتکوژن، دەزانی ئێران جگە لە قازی کەسی دیکە ناکوژن؟ بەڵام قازی ئیعدام دەکەن!

***

پاش ئەوەی خێزانە بارزانییەکان گەیشتنە نەغەدە و ئەو خەڵکانەی لەگەڵ بارزانییەکاندا پەڕیبوونەوە دیوی موکریان گەڕانەوە عێراق و ئەفسەرەکان خۆیان دا بەدەستەوە، عێراق سنووری ژووررووی خۆی داخست و ئێرانیش خۆی ئامادەکرد، شەڕی بارزان و عەجەم دەستی پێکرد، بەدرێژایی زستان بارزانییەکان لە عەجەمیان دەسرەواند و زیانی جەرگبڕیان لێدەدان، لە ئاکامدا شێخ ئەحمەد و ژن و منداڵ هاتنەوە عێراق و گیران، پیاوەکان نێررانە خوارووی عەرەبستان و ژن و منداڵیش خرانە نێو تەلبەندەوە، خواردنێکی مەمرە و مەژییان دەدانێ و جارجارە ئارد و گەچیان بۆ تێکەڵ دەکردن، چوار

ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانمان کە لەسەر سوێند و پەیمانی عێراق خۆیان بەدەستەوەدابوو خنکێنران.

مەلا مستەفا خۆی و حەوسەد کەسێک لە چەک هەڵگرەکانی لە ئێرانەوە هاتنە نێو خاکی عێراق و کاتێ هێزەکانی عێراق بۆیان چوون، خۆیان کوتایە خاکی تورکیا و چەند دەستێکی باشیان لە هێزەکانی سنووری تورکیا وەشاند و دیسان پەڕینەوە خاکی ئێران، هێزی عەجەمی سەرسنووریان ڕاونا و بەرەو ژوور هەڵکشان، بەم جۆرە بەگژ هێزەکانی هەرسێک دەوڵەتی داگیرکەری کورددا چوون و پاش لێدانیان بۆی دەرچوون و گەیشتنە سەر ئاوی ئاراس کە سنووری نێوان ئێران و سۆڤیێتە، ویستیان لە زێ بپەڕنەوە، بەڵام سەربازی رووس پێشی لێگرتن و پاش چەندەدانێکی زۆر هێشتیان بچنە ئەوبەر بەمەرجێ چەکەکانیان لەوبەر بەجێ بهێڵن، ئەوانیش هەندێکیان هاوێشتە ئاوەوە و هەندێکیان بەجێهێشت و بەپەنابەری چوونە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیێتییەوە.

## ١٦- چوار ساڵ دەربەدەری

کاتێ شەڕی عەجەم و بارزانی دەستی پێکرد، ژیانی منیش لە مەهاباد کەوتە مەترسییەوە، منداڵەکانم لەگەڵ چەند خێزانێکی عێراقیدا ناردنەوە بۆ سلێمانی و خۆم هاتمە ماڵی (کاکە ڕەزا) لە گوندی (بایندەرێ)، بەچاوپێکەوتنم (لە پاش شازدە ساڵ) زۆر شادبوو گوتی ئێرە ماڵی خۆتە و تۆیش یەکێکی وەکو قادر و هەباسی کوڕم.

کاکە ڕەزا دوو کوڕی منداڵی ٨ و ١٠ ساڵانەی لە ژنە تازەکەی هەبوو، ڕێککەوتین هەتا لەوێ دەمێنمەوە دەرسیان پێ بڵێم. ئەو دوو کوڕەکەی ساڵی ٩٣١ من دەرسم پێ گوتبوون، ئێستا پیاو و خاوەنی ژن و منداڵن، کاکە ڕەزا گوندێکی داونەتێ بەناوی (ماسوێ) بۆ خۆیان پێی بەڕێ بچن.

لە گوندی بایندەرێ زانیم کە پێشەوا و هاوڕێکانی لە چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دراون، هەروەها هەواڵی شەهیدکرانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانی کوردستانی عێراقم بیست، ئاگام لە منداڵەکانی خۆم بڕابوو، هەستم بەکەساسی و لێقەوماوی خۆم دەکرد و ئەوەندە نائومێدبووم دنیام لێ تاریک بوو، نەشم دەوێرا بەهیچ لایێکیدا بڕۆم، ڕۆژێک قیروسیام کرد و هاتمە گوندی (شیلاناوێ) ماڵی باوکی هێمنی شاعیر و بووم بەمیوانی.

من هەر لە سەرەتاوە نێوانم لەگەڵ (ئاغا شێخەلئیسلام) باوکی هێمندا خۆش نەبوو، بەتایبەتی کە ئەمجارە قاچاخ و دژی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانم کە ئەو ئەمەیان بە لە دین وەرگەڕان دادەنێ، بەڵام هاوبیری و هاوئاواتیم لەگەڵ هێمندا کە وەکو من کەساس و



کۆستکەوتوو بوو، دەرفەتێکی سکالآ و بەجووتە هەناسە هەڵکێشانی دەداین، وای لێکردم چاو لە جۆری بیرکردنەوەی ئاغا و خێسەکانی بپۆشم و خۆمی لێ گێل کەم، جگە لەوەش ڕووخۆشی و خۆشەویستییە دایکانەکەی (کچی شێخی) دایکی هێمن وای لێ کردم بۆ ماوەیێک پەژارەکانم لەبیر بچێتەوە، بێ جیاوازی و بەچاوی هێمن سەیری دەکردم، بۆیە بۆم کرا یەک دوو مانگی خۆش و خەمڕەوێن ڕابوێرم.

پێیان گوتم کە ماڵی (عەلیاغای ئێلخانی) سەرەک هۆزی (دێبۆکری) پێویستیان بەمیرزا هەیە (میرزا خوێندەوارێکی بەکرێ گیراوە کە ئەرکی نامەنووسین و خوێندنەوە و لەگەڵ ئاغادا چوونە دایرەکانی میری و تەرجەمەی زمان لەگەڵ میوانی عەجەم و تۆمارکردنی حیسابی بەرهەم و خوێندنەوەی کتێبی حەکایەت و شانامە لە شەوانی زستانی لەسەر شانە) بەڵام بۆ من جگە لەوانە دەرس پێگوتنی دوو سێ منداڵیشی دەهاتە سەر. گوایا ئەوان دەیانەوێ من بۆ ئەم میرزایەتییە دامەزرێنن.

بێ گومان دانوی من لەگەڵ ئاغاکاندا نەدەکولا، بەتایبەتی لەگەڵ ماڵی عەلیاغای ئێلخانی کە یەکێک بوو لە سێ کوچکەی کۆنەپەرستی و جاشایەتی ناوچەی موکوریان، ئەم عەلیاغایە لەگەڵ قەرەنیاغای سەرەک هۆزی مامەش و (عەولای بایزاغای مەنگور)، لە سەرەتای ژیانیانەوە داردەستی عەجەمی داگیرکەربوون و بەگژ هەموو بیروجوولانەوەیێکی ڕزگاریخوازی وەستاون، کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردایەتی و دامەزرانی کۆماری کوردستان، کە زانیان بەربەرەکانی گەلیان لە توانادا نییە و ئاغاکەیشیان ئەوەندە کەنەفت و لاوازە نەدەیپەرژێتە سەر ئەوان و نەخۆی پێ دەپارێزرێ، بەناچاری بەرەو تاران هەڵیان تیزاند تا هیچ نەبێ لە توانج و فیکەی میللەت دوورکەونەوە.

لەم نێوەدا ئاغاکانی هۆزی (فەیزوڵڵابەگی) کە دانیشتووی گوندەکانی نێوان سەقز و بۆکانن، بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوانەبوون، ئەمان کە هەموویان خوێندەوار و ڕۆشنبیر و خاوەن بیری نەتەوایەتی بوون، نەک هەر لە سەرەتاوە پشتی کۆمار و بزووتنەوەکەیان گرت، بەڵکو پاش هەرەسی کۆمار و کارەساتی داگیرکرانەوەیش بەپێشکێشکردنی خوێنی پاکی دەستەیێک لە لاوە خوێنگەرم و فیداکارەکانیان لاپەڕەیێکی پڕ لە شانازیی مێژوویی کوردییان بۆ خۆیان تەرخان کرد.

خوێندن و فێربوون بۆ ئاغا بەپێویست نەدەزانرا، چونکو بەراگرتنی میرزایێک ئەم ڕەنج و ماندووبوونەیان لە کۆڵ دەکەوت، بۆ نموونە عەلیاغای ئێلخانی خۆی نەخوێندەواربوو و لە دە کوڕەکەی تەنیا سێیانیان کۆلکە خوێندەواربوون بێ ئەوەی خوێندنەکەیان بەرنەسەر،

هەروەها لەنێو ئاغاکانی مەنگوڕ و مامەشیشدا خوێندەوار کەم بوون و ئەوەی هەشبوو تەنیا بەشی خوێندنەوە و نووسینی نامەی فارسییان دەزانی.

لەبەر ئەم هۆیانە چوونی خۆمم بۆ ماڵی عەلیاغای وەک شتێکی گەمە دەهاتە بەرچاو، بەڵام برادەران ئەمەیان بەلاوە دەرفەتێکی ئاسمانی بوو، چونکو گوایا یەکێکی وەکو من کە ناتوانم هەتا سەر بەمیوانی ئەم و ئەو هەر مانگە لە گوندێک ڕابوێرم باشترین داڵدە ماڵی عەلیاغایە، کە هی وەکو منیان پێ دەپارێزرێ، بۆیە بێ ئەوە باسی چەند و چۆنی مووچە و بەرات بکرێ، ئامادەییم پیشان دا، ڕۆژێک پیاوێک و ئەسپێکی سواری گەیشتە شیلاناوی، ماڵاواییم لە هێمن و دایکی کرد و ڕووم کردە گوندی (ناچیت)ی نزیک بۆکان.

لەو ڕۆژانەدا عەلیاغا نیوە شێت و شەپلە «شەلەل» لێدراو لە قوژبنی ماڵەوە کەوتبوو، زمانی نەبوو و خۆی پیس دەکرد، لە ژن و کوڕەکانی بەولاوە کەس نەیدەبینی، دە کوڕەکەی عەلیاغا گوندەکانیان لەنێو خۆیاندا بەش کردبوو و ژیانێکی باش دەژیان و پیسترین شێوەی دەرەبەگایەتییان بەکاردەهێنا، لە گوندەکانیاندا خاوەنی هەموو شتێکی جووتیارەکان بوون.

لە گوندی (وشتەپە) کە نزیکەی سەد ماڵێک و بەدەست سێ برا (ڕەشید، فەتاح، خالید)ەوە بوو، تەنیا بەمەبەستی خۆڕانان و تووڕەکردنی من، نیشانیان دام کە هیچ ژنێکی ئەو گوندە نییە دەستیان نەگەیاندبێتێ و بەخۆشیی یا بەتۆبزی ناموسیان نەشکاندبێ!... گوایا براکانی دیکەشیان لە گوندەکانی خۆیاندا هەمان کردەوە لەگەڵ جووتیارەکاندا دەکەن.

ڕۆژێک لە گوندی (کانیەڕەش)، دایکی یەکێک لە خزمەتکارەکانی ئاغا هاواری بۆ هێنام و گوتی ئەگەر فریا نەکەوم ئاغا (کاکەڕەحمان) کوڕەکەی دەکوژێ. کە چووم دەبینم ئەوا کوڕی پیرێژن کە میراوی ئاوایی بوو لەسەر چۆک هەڵترووشکاوە و پرساجێک تەرسی ولاخی لەبەر دەم داندراوە، کاکە ڕەحمانیش بەتیلاییێکەوە لە ژووری سەری ڕاوەستاوە، لێی دەدا و بەسەریدا دەقیڕێنێ «... بیخۆ سەگباب...»! کابرایش بەڕاستی دەمی خۆی پڕ کردووە لە تەرس و زەرداو بەلالغاوەیدا دەچۆڕێتەوە، ئەم دیمەنە گێژی کردم، پاڵێکم بەکاکە ڕەحمانەوە نا و شەقێکم لە کابرا هەڵدا ڕاستم کردەوە و گوتم هەستە هەی سەگبابی ناپیاو، چۆن ئەم حاڵە قبوڵ دەکەیت و خۆت بەکوشتن نادەیت؟ مردنت لە گوو خواردن باشتر نییە؟ دەبوایە خوێنی خۆت بڕێژیت و ئەم سووکایەتییە هەڵنەگریت.

***



گوندی (ناچیت) کە منی بۆ چووم، دە کیلۆمەتر لە شارۆکەی (بۆکان)ەوە دوورە، ئاغای گوند کاک وسێن و کاکە ڕەحمان بوون، کاک وسێن دوو کوڕی منداڵی هەرەتی خوێندنی هەبوو، بەڵام ڕەحمان هێشتا ژنی نەهێنابوو، ئەو دەموچەناگەی جۆرە شەپلەیێکی هەبوو کە جارجار دەکەوتە لەرین و خواربوون، لەو کاتانەدا ناچار دەبوو هەستێ و لە خەڵک دوورکەوێتە تا دەم و لچی ئارام دەبێتەوە.

پاش چەند مانگ میرزاییێتی و مامۆستاییێتی وا دیاربوو کە لە هەردوو ئیشەکەم ڕازین و جۆرە ئاشنایی و پەیوەندییێکمان پێکەوەنا. کاک وسێن لەسەر بڕیار و ڕێککەوتنێکی نێوخۆیی، گوندی ناچیتی گۆڕییەوە بەگوندی کانیەڕەش، ماڵی ئاغا باری کرد و منیش پاشکۆیان. ئەم گوندە تازەیەم زۆر پێخۆش بوو، چونکو شوێنێکی بەرز و ئاووهەواییێکی پاک و خاوەنی دارستان و باخی میوە بوو، لەبەر ئەوەی باری ژیانم جۆرە ئارامییێکی بەخۆیەوە گرتبوو، ناردم منداڵەکانم لە سلێمانییەوە هاتن. (سمکۆ)ی کوڕم لەم گوندی کانی ڕەشەدا هاتە دنیا. ڕۆژی ١٠/٧/ ١٩٥٠.

لەم دێیەدا لەگەڵ مەلای ئاوایی (مەلا شێخ عیزەدین) یەکترمان ناسی و نێوانمان تەواو قایم بوو، ئەم مەلایە کە پیاوێکی زانا و ڕۆشنبیر و خاوەن هەستێکی خاوێنی کوردایەتی بوو، پاشتر لە ساڵانی ڕاپەڕینی کوردستان و تێهەڵدرانی شای ئێراندا دەوری ڕابەری گرت بەدەستەوە. مانەوەم لە کانی ڕەش زۆری نەخایاند، چونکو دیسان لەسەر ئاڵوگۆڕێکی دیکەی نێوخۆیان، کاک وسێن ئەوێی دا بەگوندی (وشتەپە)، ماڵی بارکرد و ماڵی منیش لەگەڵیا.

لەم دێیەدا ناسیاویم لەگەڵ دوو لاوی خوێندەوار پەیدا کرد کە ئەوانیش وەکو من بۆ خۆپاراستن لە ساواک و جەندرمەی ئێران هەریەکە لای ئاغاییێک مابوونەوە، یەکیان شاعیرێک بوو بەناوی محەمەدی گلۆڵانی کە لە شیعردا نازناوی (عەتری) بەکاردێنا، ئەوی دی ناوی ساڵح بوو ناسراو بە(ئیقلیدس) و خەڵکی شاری سنە بوو، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە وەزارەتی فێرکاری ئیشی دەکرد. پاش یەکترناسین سێ کوچکەیێکی ئەدەبیی خنجیلەمان پێکەوەنا و هەموو هەفتەیێک نامەی دوور و درێژی دەمەتەقێ و شیعر و گاڵتەمان بۆ یەکتر دەنارد. ڕووداوێکی ساکاری کوتوپڕ بوو بەهۆی تووڕەیی کاک وسێن لێم و بەچلەی زستان خۆم و منداڵەکانمی لە ئاوایی دەرکرد.

کاک وسێن ئیشێکی لە دایرەییێکی میریدا هاتبووە پێش دەبوایە منیش لەگەڵ خۆی بەرێتە شاری مەهاباد، من دوودڵ بووم و زاتم نەدەکرد، بەڵام ئەو دڵنیای کردم کە جێی ترس نییە و لەگەڵ خۆی بردمی. لە مەهاباد بووینە میوانی (میرزا ڕەحمەتی شافعی) کە

یەکەم دەزمایەداری شارە و خاوەنی گوند و خانووبەرە و دوکان و قەیسەرییە، ئەویش لە سەردەمی کۆماریدا ڕایکردبووە تاران و تا داگیرکرانەوەی کوردستان نەگەڕابۆوە، بەڕێکەوت ئەو خانووەی ڕۆژنامە و چاپخانەی کوردستانی تێدا داندرابوو هی ئەم بوو. ئەم حاجی ئاغایە دۆستێکی دێرینەی عەلیاغای ئێلخانییە، کچێکی ئەوی بۆ کوڕی خۆی هێناوە و کچی خۆی داوە بەکوڕێکی ئەو، کاک وسێن بەچەشنێکی ئەوتۆ ڕێزی دەگرت کە خۆی وەکو بچووکێک پیشان دەدا و دەستە و نەزەری خزمەتکارانە لەبەردەمیا ڕادەوەستا.

کاتێ منی پێ ناساند گوتی ئەمە فلانەکەسە و لە سەردەمی دیمۆکراتدا ڕۆژنامەی دەرکردووە. حاجی ئاغا ویستی گاڵتەم لەگەڵ بکا گوتی: «میرزا ئێوە خانووی منتان کردبوو بەجێگای چاپخانە و ڕۆژنامە و ئەو چەند مانگە کرێشتان نەدامێ، باش بوو بەردەستم کەوتی، بەرت نادەم تا هەقی خۆمت لێ نەستێنم». من کە لە ئاستی ناوهێنانی دیمۆکرات و پێشەوادا چەند جار لەگەڵ ئاغاکاندا دەمەقاڵێم بووە و بەتوندی وەڵامم داونەتەوە، لێرەشدا دەمار گرتمی و گوتم: «حاجی ئاغا ڕاوەستە، با ئەمجارە کۆمارەکەمان دامەزرێنینەوە، ئەوسا ئەگەر لێرە مابووی، کرێی کۆن و نوێت وێکڕا دەدەمێ»... میرزا ڕەحمەت لەم وەڵامەم گرژبوو و خێسەییێکی لێ کردم، پاش تۆزێک هەر بەپێکەنینەوە گوتی: «ناکا بەتەمابن جارێکی دیکەش ئەم بەزمە سازکەنەوە؟» گوتم: «بەڵێ، ئیشەڵڵا زۆریش نزیکە!».

لێرەدا دەمەتەقێیەکەمان وەکو ئاخاوتنێکی ئاسایی کۆتایی هات، بەڵام وا دیاربوو کاک وسێن ئەم جۆرە وەڵامدانەوەی منی بەرامبەر بەزاتێکی وەکو ئاغای شافعی بەتاوانی گەورە داناوە و سزاییێکی توندی بۆ لەبەرچاو گرتووم. بەیانی بێ ئەوەی کارەکەی خۆی تەواو بکا گەڕاینەوە، بەدرێژایی ڕێگا نەیدواندم، شەو بەخزمەتکارێکدا ئاگاداری کردم کە پێویستە بەیانی باربکەم و لەوێ نەمێنم. ئەوەی باش بوو کەلوپەل و شمەکی نێومالْمان نەبوو، هەر ئەو شەوە چووم لە ئاوایی سێ گوێدرێژم پەیدا کرد و سەرلەبەیانی بەرەو بۆکان بارمان کرد، چلەی زستان بوو، پروشەی بەفر دەهاتە خوار و ڕێگا بەستبووی، سەرماییێکی هێجگار سەخت و جەرگبڕ بوو، تیرێکمان لەسەر پشتی کەرێک دابەست، تاییێکی مەلۆتکەی سمکۆ و تایەکەی دی براگەورەکەیمان تێخست و بەپەڕۆوپاڵ دامانپۆشین، نێوانی وشتەپە و بۆکان لە پازدە کیلۆمەتر تێناپەڕێ، کەچی سەرما و تۆف ناچاری کردین دوو جار لادەینە ئاواییەکانی قەراخ ڕێ بۆ خۆ گەرمکردنەوە.

پێشتر بیرم لە دەرکردن و چوونە بۆکان نەکردبۆوە، کەسیشم لەوێ نەدەناسی، بەڵام یەکێک لەو دوو کەسانەیماڵەکەیان بۆ هێنابووم بردینیە ماڵێک داینایین و خۆی چوو



خاوەن ماڵەکەی لە بازاڕ هێنایەوە، پاش گەرم بوونەوە و چا خواردنەوە، ژوورێکیان بۆ ڕێکخستین و سۆبەیان بۆ دانایین و حەساینەوە. ئەم خزمەت و یارمەتیدانەی ئەو برادەرە کە بەڕاستی لە کاتی خۆیدا کردی، هۆیێکی پێشتری هەبوو.

لادێییەکان لە وەرزی سەرما و زستاندا نزیکەی چوار پێنج مانگ بێ ئیشن، ئێواران لەسەربانان کۆڕ دەبەستن و شەوانە دەچنە مزگەوت، یاری کاڵەمستێ و گۆرەوی بازی دەکەن و گوێ لە حەقایەت دەگرن، بیرم لەوە کردەوە کە خزمەتێکی ئەو خەڵکە بکەم، ژوورێکی خنجیلەمان لەبەرچاو گرت، خەڵکەکە حەسیر و بەڕەیان هێنا و سۆبەیان تێدا دانا و ناومان نا حوجرەی منداڵان، دەبوایە پاش تەواوکردنی دەرسی کوڕەکانی ئاغا بێم لەو حوجرەیە دەرس بەمنداڵانی ئاوایی بڵێم، بەڵام پێش ئەوەی ئەم ئاواتە بێتەدی، ئاغا پێی زانی، ناردی سۆبەکەیان شکاند و بەڕە و حەسیریان فڕێ دایە دەرێ و زۆر قسەی ناشیرینیان بەو کەسانە گوت کە دەستیان لەم کارەدا بووە، بۆ منیش کاک وسێن هەر ئەوەندەی گوت: «میرزا، تۆ بەکرێ گیراوی منیت و هەقت بەسەر کرمانج (خەڵکی ئاوایی)یەوە نییە، ڕازی نابم لێرە دیمۆکراتبازی دەربێنی».

شاری بۆکان (قەپان)ێکی هەیە ساڵانە بەکرێ دەدرێ، هەر میوە و بەرهەمێکی لادێ بۆ فرۆشتن بێتە نێو شار، بەو قەپانە دەکێشرێ و مزی قەپانی لێ دەستێنرێ، نووسەرێکیش هەیە لە دەفتەرێکدا نێوی کڕیار و فرۆشیار و شتی کێشراو دەنووسێ. برادەران بۆ بەڕێچوون کردیانم بەنووسەری قەپان.

چەند مانگێک لە بۆکان مامەوە، نامەیێکی ڕەمزی قەزازم بۆ هات، نووسیبووی کە دەتوانم بگەڕێمەوە سلێمانی چونکو بارێکی ئارام لە گۆڕێدایە و شتەکانی شەش ساڵ لەمەوپێش وەختە لەبیر بچنەوە. بۆیە بڕیاری گەڕانەوەم دا.

### ١٧- بێ ئیشی و تەقەڵای بەڕێچوون

هاوینی ١٩٥١ بەخشکەیی و بێ ئەوەی کەس پێمان بزانێ، بەرەو گەرمیان گەڕاینەوە، کاک ساڵح ئیقلیدسیش کە شەدای نووسین و چاپەمەنی کوردی بوو، داوای کردم لەگەڵمان بێت، ئەو لە وردەکاری دارتاشیدا زۆر وەستا بوو، دەیتوانی تەختە تاوڵەی ڕازاوە و سندووقی نقێمداری نەخشینی جوان دروست بکا، بڕیارمان دا کاتێ گەیشتینەوە سلێمانی، من بڵێم ئەمە برامە و تا ئێستا لە ئێران بووە هێناومەتەوە، پاشان دوکانێکی بۆ بکەمەوە تا کاری دارتاشی تێدا بکات.

لە پێشەوە شڕەبڕەی نێو ماڵمان نارد بۆ سەقز لە ماڵی برادەرێک دانرا، پاشان خۆمان

بەناوی سەیرانەوە لە بۆکان دەرچووین و هاتینە شاری سەقز، چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە تا چۆنیەتی گەیشتن و دەرچوونمان لە شاری (بانە)یش ڕێکخرا، دوای یەک دوو ڕۆژ حەسانەوە نیوە شەوێک خۆمان و ماڵەکەمان لە ولاخ بارکرد و بۆ ئێوارە گەیشتینە پێنجوین و بووینە میوانی ماڵی (مەلا عەبدوڵلای توتنچی) شاعیر کە بە(مفتی) ناسراوە. ڕێگای پێنجوین – سلێمانی تێکچووبوو بەناچاری چوار ڕۆژ لە پێنجوین ماینەوە، پۆلیس و پیاوەکانی میری ئێمەیان دیبوو و سلێمانیشیان ئاگادار کردبوو، بۆیە کاتێک گەیشتینە سلێمانی هێشتا شتەکانمان لەسەر پاس نەهێنابووە خوارێ دوو پۆلیس گەیشتنە سەرمان و کاک ساڵحیان برد، بەیانی چووم بۆ تەقەلای ڕزگارکردنی کەچی خۆیشم گیرام.

ئەوسا هێشتا پۆلیسی (ئەمن) دانەنرابوو، لقێک لە پۆلیس بەناوی (تحقیقاتی جنایی) ئەرکی لێکۆڵینەوەی سیاسی دەبینی، لە سلێمانی موفەوەزێکی موسڵاوی حازم ناو لەگەڵ (عەبەی حەملان) بەرپرسی تەحقیقات بوون، ئەوان گوتیان ئەم پیاوە (واتا کاک ساڵح) دەڵێ من برای ئەو نیم بەڵکو کوردێکی سنەییم و بۆ کاری دارتاشی هاتووم. جا لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژانە بزووتنەوەی گەلانی ئێران بۆ پشتیوانی لە (دوکتۆر محەمەدی موسەدیق) تا دەهات پەرەی دەسەند، ڕژێمی عێراق زۆر بەگومان و ترسەوە سنووری خستبووە ژێر چاودێری. ئەمان لە سلێمانییەوە بەغدایان ئاگادار کرد و لەوێوە فەرمان درا بمانبەن بۆ تەحقیقاتی بەغدا.

کاتێ ئێمە گەیشتینە ئەوێ، ئەو دایرەیە پڕ بوو لە گیراوی سیاسی، لەو ڕۆژەشدا سیاسی تەنیا بریتی بوو لە کۆمۆنیست. ئێمە تێکەڵاوی ئەوان نەکراین لای پاسەوانەکانی بەر دەرگا ژوورێکیان بۆ چۆڵ کردین، نیوەڕۆ و ئێواران کە گیراوەکان دەهێنران بۆ سەرئاو بەبەر پەنجەرەکەی ئێمەدا دەڕۆیشتن، زۆربەیانم ناسییەوە لە لاوەکانی سلێمانی بوون، سڵاویان دەکرد و جار جارە یەک دوو وشەش پێکەوە دەئاخاوتین. سەیر ئەوەیە لەنێو ئەو هەموو گیراوانەدا تاکە تاکەش عەرەبم بەرچاو نەکەوت!...

یەک دوو مانگ هێشتیانینەوە و هیچیان لێ هەڵ نەکراندین، ناردیانینەوە بۆ سلێمانی، لێرە ساڵحیان لە من هەڵاوارد و ناردیانە پێنجوین تا بینێرنەوە ئێران، منیش درام بەدادگا بەتاوانی لە سنوور ئاوابوونی بێ قانوونی و بەشداریکردن لە کۆماری مەهابادا، بەڵام سەرۆکی دادگا (کاک مەجید یاوەر) خۆی بوو بەپارێزەر و تاوانی لەسەر لابردم و فەرمانی بەردانمی دەرکرد.

پێش بەربوونم لە بەندیخانەی سلێمانی لەگەڵ مامۆستا گۆراندا یەکترمان دیتەوە،



ژوورێکی بچکۆلەیان دابووێ و نوری ئەحمەد تەهاشی لەگەڵدا بوو. من دیتنی گۆرانم لە بەندیخانەدا بەلاوە سەیر نەبوو، چونکە لەو ڕۆژەدا هەرچی کوردی دڵسۆز و خاوەن بەهرەیە دەبوایە لە قوژبنی بەندیخانەکاندا بۆیان بگەڕێی، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، گۆران گوتی من لەسەر سیاسەت نەگیراوم و تاوانەکەم دزییە... ڕووداوی گیرانەکەی بۆ باس کردم و هەموو شتێکی بۆ دەرخستم، من کە شەش ساڵ لەمەوپێش لە هەولێر پرێسکەی دەروونی خۆی بۆ کردبوومەوە و ئاواتە دێرینەکەی لەمەڕ پێکەوەنانی چاپخانەیێکی کوردی لە لا درکاندبووم، بۆم ڕوون بۆوە کە ئەم گیرانەشی باجێکە لە پێناوی دڵسۆزی و خۆشویستنی کوردستاندا دەیداتەوە.

***

ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد دەس کرا بەوەرگرتنی خەڵک و ناونووسین بۆ ئەندامیەتی حزبی دیموکرات، منیش کە پێشتر دەستەبەریم بۆ حزبی (هیوا) هەبوو و دەمزانی کە لەبەریەک هەڵوەشاوە، حەزم لە دەستەبەری تازە نەدەکرد، هەندێک کەسی سەر بەکۆمۆنیستی خۆیان گەیاندمێ، بەڵام نەچووم بەدەنگیانەوە. ڕۆژێک گوتارێکی ڕۆژنامەی نهێنی کۆمۆنیستی عێراق (ئەلقاعیدە)م کردە کوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوم کردەوە، ئەو گوتارە لەمەڕ یەکگرتنی عێراق و ئەردەن بوو کە شای هەردوو لا لە بنەماڵەی هاشمین و گوایا لەسەر هەموو مەرجەکان ڕێککەوتوون، جا حزبی کۆمۆنیستی عێراق بەتوندی ئەم پلانەی تاوانبار کردبوو کە ئەمە بەفیتی ئینگلیزە و بەزیانی عێراق تەواو دەبێ کە دوو نەتەوەی کورد و عەرەبی تێدا دەژی و هیچیان بەم یەکگرتنە قایل نین.

ئەم گوتارە بۆڵە و هەرایێکی توورەیی لەنێو ئەندامانی ناوەندی حزب نایەوە، ڕەخنەیان لێ گرتم کە ئەم نووسینە کۆمۆنیستانەیە و ئێمە نامانەوێ ڕۆژنامەکەمان شەقڵی وای لێ بدرێ، منیش بەرۆژنامەکەوە چوومە لای پێشەوا و بۆم ڕوون کردەوە کە مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە دەرخستنی پیلانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزە دژی بەشێک لە کوردستان، لەم کاتەدا کە هەموو ڕووداوێکی چاک یا خراپ لە هەر کامێک لە پارچەکانی نیشتمانەکەماندا بێتە پێشەوە، کار دەکاتە سەر ئێمەیش، پێویستە ئاگامان لە خۆمان و لە براکانیشمان بێ. پێشەوا بەلێکدانەوەکەم قایل بوو، بەڵام پاشتر لەگەڵ یەکێک لەو ئەندامە بەرزانەدا کە تەقەی سەری لە سیاسەت دەهات قڕەمان لێ پەیدا بوو نزیک بوو یەخەی یەکتر بگرین. لە داخانا چووم بۆ لای (ئەسەدۆف) کە تورکێکی سۆڤیەتی بوودەڵەوپنتی و چلکن بوو، ئەم کابرایە بەڕواڵەت نوێنەری دەزگای بازرگانێتی سۆڤیێت بوو لە کوردستاندا و لە ژێرەوەیش ئەندامی پۆلیسی نهێنی سۆڤیێتییەکان بوو، پێم گوت

من لەسەر وەرگێڕانی گوتاری ڕۆژنامەیێکی کۆمۆنیستی تووشی کێشە هاتووم و نیازیان وایە تۆڵەم لێ بکەنەوە، تۆ پێویستە خۆت تێهەڵقورتێنی و پشتم بگری، کەچی ئەو بەشێوە زمانێکیمیاندواویانە گوتی من لێرە ئەرکی تووتن کڕین و شەکر فرۆشتنم لەسەرە و هەقم بەسەر هیچی دیکەوە نییە.

ئەسەدۆفم بەجێهێشت و ئەم وەڵامەی ئەویش بوو بەسەرباری داخەکانی دی کە بەهۆی بایەخ پێ نەدان و پشت تێکردن و هیچ نەزانرانی کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی ئەو ڕۆژەی سۆڤێتەوە لەسەر دڵم کەڵەکە بووبوون.

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە ئەوەیە کە من پاش گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، گلەیی و نارەزایی زۆرم بەرامبەر بەکۆمۆنیستەکان هەبوو و پێم وابوو ئەگەر خۆمان بۆ ڕزگاری وڵاتەکەمان شتێکمان لەدەست نەیێ نابێ چاومان لە یارمەتی دەوڵەتان بێ. هەروەکو لە مەهاباد کاتێک ئێرانی داگیرکەر دەیویست پەلامارمان بدا و ئێمەی ساویلکە بەسەرسوڕمانەوە دەمانگوت ئەدی سۆڤێتی مەزن و سوپای نەبەزی سوور چۆن ڕێگا دەدەن بەبەرچاوی ئەوان و لەسەر سنووری ئەوانەوە دوو نەتەوەی چەوساوە و ئازادیخوازی دۆستیان بکەونەوە ژێر دەستی ڕژێمێکی کلکی ئیمپریالیزم؟ لە وەڵامدا پێیان دەگوتین کە ئازادی لە سەرانسەری دنیادا وەک ئاڵقەی زنجیر پێکەوە گرێ دراوە، پێویستە خۆپەرست نەبن، ئەمڕۆ کێشەی ڕزگاری حەوسەد میلیۆن چینی لە گۆڕێدایە، سۆڤێت ناتوانێ لە دووبەرەدا بجەنگێ ڕاوەستن با چین ڕزگار بکرێ ئەوسا سەرەی ئێوەیش دێ!!... ئەمانەم هەموو لەبیر بوو، پاش گەڕانەوە و بەربوونم لە گرتووخانە، چووم چاوم بەکاک برایم ئەحمەد کەوت، هەرچەندە دیدارەکەمان دۆستانە بوو، بەڵام ئەو هیوایەی نەهێنایەدی کە من بەتەمای بووم، جارێکی دیکەش چوومەوە لای و تێگەیشتم کە چاوەڕوانی یارمەتیم هەڵەیە، بۆیە ئەوم خستە لاوە و بۆ بەڕێچوونی ڕۆژانەی خۆم و خێزانەکەم تاقە یەک ڕێگام لە پێش بوو ئەویش (ئەرزوحاڵنووسی)یە، تەنانەت بۆ ئەویش کۆسپێکی زلم لەڕێ دابوو. چەند ئەرزوحاڵنووسێکی قیرسچمە و چەقاوەسوو لە کۆنەوە بەردەرکی سەرایان داگیرکردبوو هەروا بەسانایی نەیان دەهێشت مڵۆزمی تازەیان لێ قووت بێتەوە، ڕاستە ئەوان نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ پێشم بگرن، بەڵام بێ گومان هەر لە یەکەم ڕۆژدا وایان جاڕز دەکردم کە خۆم ناچاری ڕاکردن بم، بۆیە لەگەڵ برایێکی پینەچی کە دوکانەکەی بەرامبەری سەرابوو ڕێککەوتم کە نیوەی کرێ دوکانەکەی لەگەڵ بدەم تا لایێکی دوکانەکەیم بداتێ دوو کورسی و مێزێکی لێ دانێم... بەم جۆرە دەستم بەئەرزوحاڵنووسی کرد.



ئەم ئیشەم زیاتر لە چوار ساڵ درێژەی کێشا، لەم ماوەیەدا ژیانێکی هێجگار سەخت و کولەمەرگیم ڕابوارد، خێزانێکی پێنج کەسی بووین و باری بەڕێچوونیش بەهۆی هەرزانییەوە سانا بوو کەچی پێم هەڵنەدەسووڕا، مەمرە و مەژی دەژیاین و جاری وایش هەبوو کە بێ نان دەماینەوە، دەفتەری باخەڵی ساڵی ٩٥٢ز ماوە کە دەسکەوتی ڕۆژانەمی تێدا نووسراوە: مانگی کانوونی دووەم (٨,٢٤٠ دینار)، شوبات (١١,١٠٠ دینار) ئادار (١٤,٥٢٠ دینار) نیسان (٤,١٥٠ دینار)م پەیدا کردووە کە دەسکەوتی چوار مانگم دەکاتە ٣٨,٠١٠ دینار واتا مانگی ٩,٥٠٠ دینار، لە کاتێکدا مانگی سێ تا پێنج دینارم کرێی ژوورێک یا دوو ژوور خانووم دەدا، بۆیە زوو زوو تەقەڵڵایماڵێکی لەبارتر و هەرزانترم دەدا و دەمگواستەوە.

ساڵی ٩٧٦ لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لەگەڵ چەند ناسیاوێک دانیشتبووم، باسی حەوشەی ماڵ و چۆنێتی ڕازاندنەوەی بەگوڵ و باخچە دەکرا و هەر کەسە بەجۆرێک ڕای خۆی دەردەبڕی، تەنیا من دەنگم نەبوو، مامۆستا مەسعوودی جەلی زادە ڕووی تێ کردم و پرسی «ئەرێ تۆ حەز لە باخچە و گوڵ ناکەیت؟ دەی شتێ بڵێ بزانین»، گوتم: «باوەڕ بکەن ئەوەندەی هەمووتان حەز بەچیمەن و گوڵ و باخچەی ڕازاوە و ڕەنگین دەکەم، بەڵام من نەک خانووی خۆمم نەبووە و، ئێمە بەڵکو بەدرێژایی ژیانم کە نزیکەی شەست ساڵە، هێشتا بۆم نەلواوە سێ ساڵ لەسەر یەک لە خانووێکی کرێ گرتەییشدا بمێنمەوە تا بتوانم بەئارەزووی خۆم حەوشەکەی بڕازێنمەوە».

***

ساڵی ١٩٥٤ برادەران توانیان ئیجازەی (موعەقیب) لە دایرەی تاپۆم بۆ وەرگرن، ئەم ئیجازەیە ڕێگای ئەوەی دەدام بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئەوانەی دێنە دایرەی تاپۆ، تەماشای فایلەکان بکەم و هەنگاوی قانوونییان پیشان بدەم، بێ گومان ئەمە لە ئەرزوحاڵنووسی زۆر باشتر و بەرێزتر بوو و دەسکەوتیشی زیاترە، بەڵام ئەم کارە ئاکامێکی خراپی بۆ من بەدی هێنا کە چەندین ساڵ پاشتریش هەر بەدەستییەوە ناڵاندم، ئەمەیش ڕووداوەکەیە:

لە سەرەتای دامەزراندنی تاپۆوە تا ئەوکاتە تاقە کەسێک ئیجازەی موعەقیبی بۆ سلێمانی دراوەتێ ئەویش (ئەحمەداغا)یە، ئەم کابرایە کە خزمایێتی لەگەڵ بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی سلێمانیدا هەیە و نەخوێندەوارە، چونکو لە کۆنەوە (واتا زیاتر لە بیست ساڵ) لەو دایرەدایە و خەریکی ئەم کارە بووە، شارەزایییێکی تەواوی لە هەموو جۆرە سەوداکانی تاپۆدا پەیدا کردووە و دەیزانێ، هەر کەسێک ئیشی دایێ دەیباتە لای ئەرزوحاڵنووسێک و پێی دەڵێ ئەم ئیستیمارانە بەم شێوەیە پڕ بکەوە، ئەمجار خۆی

هاتوچۆ و هێنان و بردنەکەی بۆ دەکا تا تەواوی دەکا. هەمیشە جانتایێکی زلی هەڵئاوساوی لەبن دەستایە، مستێ تووتن دەکاتە گیرفانی و جارجارە وەکو بڕنوتی بەدوو پەنجە کەمێک کونەلووتی کە بەشێکی بەنێو مووەکانی سمێڵیدا دیارە، لەنێو خەڵکدا بە(ئەحەکەرە) یا (مەحامی دێم) ناسراوە.

کاتێ منیش بووم بەموعەقیب کە خەڵک دەیناسیم و خوێندەواریش بووم، خۆم ئیستیمارەکانم پڕ دەکردەوە و باشتر کارەکانم ڕادەپەڕاند، لە ئاستی ئەحمەداغا بووم بەپەتاییێک لەنێوبردنم ڕەوابێ، بۆیە لێم بوو بەسیخوڕێکی تایبەتی و هەموو هەڵسوکەوتەکانمی دایە بەر لێوردبوونەوە. تاکو دەرفەتی بۆ ڕەخسا لە مانگی ئاداری ١٩٥٥دا گیرام و بەیەکجاری لە کۆڵ ئەحمەداغا بوومەوە.

## ١٨- چۆن بووم بەکۆمۆنیست؟

ژیانی پڕ لە مەینەتی و سەرانسەر تێکەڵاوی ئازارم وای لێ کردبووم کە بەرامبەر بەهەر ئێش و دژواری زیاتر و نوێتردا شێلگیرتر دەبووم و هەستی بەربەرەکانی و تووڕەیی لەنێو دەروون و ناخی کپ کراومدا بەهێزتر و توندتر دەبوو.

کاتی گەڕانەوەم هەستێکی گلەیی و ناقایلی زۆرم لە سۆڤێت و ڕێبازە کەمتەرخەمییەکەی لە ئاستی کێشەی نەتەوەی کورددا لەسەر دڵ کۆبووبۆوە، پێویستم بەتێکەڵاوی و هەڵسووڕان لەنێو بزووتنەوەیێکی نهێنی کوردایەتیدا هەبوو، کۆمەڵەی هیوا نەمابوو، ئەو حزبەی بەناوی (پارتی)یەوە لە مەهاباد ڕەنگی بۆ ڕێژرا و ناوەندی کارکردنی کەوتە سلێمانی، کاکە برایم ئەحمەد دەیبرد بەڕێوە، دوو جار چووم بۆ چاوپێکەوتن و دەمویست ئامادەیی خۆم بۆ ئەرکی تێکۆشان دەربڕم، کەچی ساردی و مەیلی خۆ پاراستنی لێم نەک هەر خاوی کردمەوە، بەڵکو تووشی دڵساردی و سەرلێشێوانی کردم.

ساڵی ١٩٥٣ بەبۆنەی کۆچی ڕابەری سۆڤێت ستالینەوە، کۆمۆنیستەکانی سلێمانی دەیانویست کۆبوونەوەیێک سازکەن، من لە مەهابادەوە وێنەیێکی ڕەنگاوڕەنگی ١,٥×١,٠ مەتری ستالینم لەگەڵ خۆم هێنابوو، برادەرێکی کۆمۆنیست داوای لێ کردم کە منیش بەشداری ئەو ئاهەنگەیان بکەم و پۆستەری وێنەکەشیان بدەمێ، من نەچووم بۆ بەشدارییان، بەڵام وێنەکەم دانێ کە پاشتر بۆیان هێنامەوە، پیشاندرانی وێنەکە سەرنجی کۆمۆنیستەکانی ڕاکێشایە سەرم، چەند جارێک بەبیانووی جیاجیاوە لێم نزیک بوونەوە، لەمەڕ هەڵسەنگاندنی باری جیهانییەوە ناکۆکیمان نەبوو، نەتەوەی کورد پچڕ پچڕ و دابەشکراوە، عێراق بەدەست ئینگلیزەوەیە، ئێران تا ئەم دواییانە پیاوی ئینگلیز بوو و



ئێستا خۆی داوەتە ژێر باڵی ئەمریکا، تورکیا بەئاشکرا سەر بەئەمریکایە، تاقە ئومێدی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەوڵەتی سۆڤێتە کە دژی ئیمپریالیزمە و ئاڵای ڕزگاری نەتەوە ژێردەستەکانی هەڵگرتووە، بۆیە ئێمە کە تەقەلای ڕزگاربوون دەدەین، دەبێ بچینە پاڵ ئۆردووگای کۆمۆنیزم و بەتێکڕایی بۆ ئازادی تێکۆشین... تا ئێرە دەمتوانی لەگەڵیان بڕۆم، ئەوەی لە یەکتری دادەبڕین شێوەی ڕێکخستن بوو، ئەوان دەیانگوت حزبی کۆمۆنیست لە چوارچێوەی سنووری دیارکراوی دەوڵەتاندا دادەمەزرێ و خەبات دەکا، عێراق بۆ عەرەب و کورد یەک حزبی کۆمۆنیست، ئێران بۆ تورک و فارس و کورد یەک حزب و تورکیاش بۆ کورد و تورکەکان حزبێک، بەڵام من کە پێم وابوو گەلانی فارس و تورک و عەرەب دەوڵەتی خۆیانیان هەیە و بوونەتە خاوەنی ئاڵا، یەکەم قۆناخیان بڕیوە، ئێمە کە هیچمان نییە و لە نووکەوە تێهەڵچووین شێوەی خەباتمان جیاوازە، بەم جۆرە نەگەیشتینە یەک، تەنیا چەند کتێب و چاپکراوم لێ وەرگرتن بۆ خوێندنەوە، پاش چەند مانگێک دیداری کاک (هەمزە عەبدوڵڵایان) بۆ ڕێکخستم کە پێموابووە خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی و لە دامەزرێنەرانی (پارتی)یە.

لەگەڵ کاک هەمزەدا زۆر زوو سازاین و یەکترمان چووە دڵەوە، بیرەکەی ئەو لەمەڕ کوردایەتی بەبارێکی زۆر چەپدا دەڕۆیی و توانی پێم بسەلمێنێ کە تاقە ڕێکخراوی سیاسی دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی لە عێراقدا حزبی کۆمۆنیستە، باشتر وایە لەگەڵیا بڕۆین و لە دەرفەتەکاندا بەپێی توانین چەوساوەیی نەتەوەکەی خۆمان کە لەچاو چەوساوەیی عەرەبدا دوو سەرەیە دەربڕین... بەم جۆرە بووم بەئەندامی حزبی کۆمۆنیستی عێراق و زۆر زوو تێیدا پێش کەوتم.

ڕژێمی شایەتی عێراق بەهەموو هێزەکانییەوە لە حزبی کۆمۆنیست دەخەفتا و هەر کاتێ سووسەیێکی کردبانایە تێی دەسرەواندن، کاربەدەست و ڕابەرەکانی حزبیش لەنێو خۆیاندا نارێک بوون، بۆیە زوو زوو ئاڵوگۆڕیان دەکرد و دەستووری نوێیان بڵاودەکردەوە، تازە پەیمانی نەگریسی بەغدا بەسترابوو کە گەلی عێراق زۆری پێ ناخۆش بوو، خۆپیشاندان و لە دیوار نووسین و بەیان بڵاوکردنەوە بوو بەباوی ڕۆژ، ئا لەو ڕۆژانەدا یەکێکیان بۆ بەڕێوەبردنی لیژنەی محەلی سلێمانی نارد کە لە هەموو سەرێکەوە بوودەڵە و لێنەهاتوو بوو، تەنیا هۆی نێررانی گوایا خزمایەتی لەگەڵ ڕابەری حزب (حەمید عوسمان) بوو، ئەم کابرایە خەڵکی سلێمانی نەبوو، ئاخاوتن و دیمەنی سەرنجڕاکێش بوو لە باری ڕەوشتیشەوە ناپاک دەرچوو، هاتنی یەکێکی وا بوو بەهۆی ئاشکرابوونی لیژنەی حزب و تێوگلانی زۆر کەس کە یەکێکیان من بووم.

## ٢٣- ١٤ی تەمموزی پیرۆز

ئیشکردنی کارگەم، کرانەوەی دەرگایێکی خۆشی و بووژانەوە بوو کە لە دوای ئەو ماوە درێژەی جەزرەبە و چەوسانەوەیە لێم کرایەوە، زۆر بەگوڕ و وریایی کەوتمە کار و ئەوەندە لێهاتوویيم پیشان دا کە سەرنجی هاوکار و لێپرسراوەکانم ڕاکێشا، ئەو بەشەی منی لێ بووم بەهۆی داواکاری زۆری چیمەنتۆ، شەو و ڕۆژ کاری دەکرد، من دەبوایە جگە لە هەشت سەعات کاری ڕۆژانە، شەش سەعاتیش ئۆڤەرتایم کار بکەم، واتا سێ سەعات پێش دەوامی هاوکارەکانم و سێ سەعات پاش ڕۆیشتنەوەیان، مووچەی خۆم و ئەم شەش سەعات زێدەکارییە دەگەیشتە ٥٠-٦٠ دینار کە لەو ڕۆژەدا پارەیێکی باش بوو.

ڕۆژی ١٤/٧/٩٥٨ تاریک و روونی بەیان تازە دەستم بەئیش کردبوو و چەند لۆرییێکم بەڕێ کردبوو، دەبوایە نێوانی چوونە ژوورەوەی لۆرییەکان لە پێنج دەقیقە تێنەپەڕێ (واتا هەر لۆرییێک دێ لەسەر قەپانی بەردەرگا ڕادەوەستێ و قورساییەکەی دەنووسرێ، پاشان دەچێتە ژوورەوە چیمەنتۆ باردەکات و دێتەوە سەر قەپان قورسایی ئەم جارەش دەنووسرێ و دەزانرێ چەندی بارکردووە).

ئەم جارە هاتنە ژوورەوەی لۆری دواکەوت و لە ١٥-٢٠ دەقیقەش تێپەڕی، کاتێ ڕوانیمە بەردەرگا دەبینم لۆرییێک لەسەر قەپان وەستاوە و کۆمەڵێک کرێکار و خەڵک کەڵەکەیان کردووە و گوێ لە شتێک دەگرن، خەریک بووم بچم و لێیان تووڕەبم کە کارەکەیان دواخستووە، کەچی یەکێکیان بەڕاکردن هات و هاواری لێ کردم «وەرە بەقوربانت بم، ئەوە ڕادیۆ دەڵێ لە بەغدا کودەتا کراوە و عێراق بووە بەکۆماری» ، من کە بەبیرمدا نەدەهات ئەمە وابێ، وام زانی ئەمە ئێزگەی ڕادیۆی (دەنگی عەرەب)ی قاهیرەیە کردوویانەتەوە، بەڵام دیسان هەر چووم و گەیشتمە بەر ئەو لۆرییە کە ڕادیۆیەکەی کردبۆوە، بیستم دەڵێ «ئێرە کۆماری عێراقە...»! بەجۆرێک کاس بووم و سەرم سووڕا کە ناچاربووم خۆم بەلۆرییەکە بگرم تا نەکەوم... پاشتر بەیانەکان دووبارە کرانەوە و دەرکەوت کە شۆڕش سەری گرتووە و خێزانی بنەماڵەی شای عێراق لەنێوچوون و ئێستا لە سەرانسەری عێراقدا خەڵک بۆ پشتگیری لە شۆڕش ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و هەرایە.

دەوامی دایرە دەستی پێ کرد و مووچەخۆرەکان لە سلێمانییەوە گەیشتن، چووم لەبەر دەرگا ڕاوەستام و وەکو مژدەیێک پێم گوتن «کوڕینە، شۆڕش سەری گرت و نوری سەعیدی نامەرد سەری تیاچوو، هەق وایە ئەمڕۆ کەس ئیش نەکات و بیکەین بەجەژن...» ، بەڵام ئەوان تێکڕا سەریان داخست و بەپەلە خزانە ژوورەکانیانەوە، تەنیا (حەسیب



قەرەداخی)ی شاعیر هات بەدەنگمەوە، داوام لێ کرد کە لە سالۆنەکەدا بانگێکی خۆمانە بدا، حەسیب دەنگی لێ هەڵبڕی «بژی کۆماری عێراق، بڕووخێ ئیمپریالیزمی بەریتانی و کلکەکانی» ، دانیشتوانی پشت مێزەکان ورتەیان لێوە نەهات، بەڵام کرێکارەکان لە حەوشە و بەردەرگای بەشەکانیان دەستیان بەچەپڵەلێدان کرد.

خۆم گەیاندە نێو کرێکارەکان و داوام لێ کردن ئەمڕۆ دەست لە ئیش هەڵگرن و خۆیان سازکەن بچینە شار تا ئێمەیش وێڕای خەڵک پشتگیری خۆمان بۆ کۆمارەکەمان دەرببڕین، چووم لە گەراج داوام لە بەرپرسی ئەویش کرد چەند ترومبێلی هەیە با هەموویان ئامادە بکا، پاشان کرێکاران بەگشتی هاتن و سواری لۆرییەکان بوون، لەو کاتەدا پەڕۆی سپیمان دەست نەکەوت، لە پارچە خێوەت و قاقەزی پان و درێژ چەند دروشمێکم نووسی و بەپێشی لۆرییەکانەوە هەڵمان واسین، (جەلالی حاجی سەعید ئاغا) کە جێگری بەڕێوەبەری گشتی بوو هاتە لام و گوتی: «من ئێستا تەلەفۆنم بۆ موتەسەریف کردووە و لێم پرسیوە چی بکەین؟ ئەو دەڵێ هێشتا بارودۆخەکە روون نییە، باشتر وایە جارێ ڕاوەستین و چاوەڕوان بین» ، گوتم: «ئاغا حکوومەتی شایەتی لە عێراق ڕووخا و ڕژێمی کۆماری لە جێگای دامەزراوە، ئەمڕۆ لە هەموو شارەکانی وڵاتدا جەژن و خۆپیشاندانە، ئێمە بۆ لە میللەت دوابکەوین؟» .

شەش لۆری و چەند ترومبێل لە کارگەوە کە حەوت کیلۆمەتر لە شارەوە دوورە بەدروشمدان و چەپڵەلێدان خۆمان گەیاندە شار، دیمان کە ژن و پیاو و ورد و درشت ڕژاونە سەر شەقامەکان تێکڕا بانگ دەدەن و هاوار دەکەن، ئێمەیش تێکەڵاوی لافاوی خەڵک بووین، بەڵام تیپەکەی ئێمە لە نێوانیاندا سەرنجڕاکێش بوو چونکە ئەو لۆرییە یەکڕەنگانەی پڕ لە کرێکاری بەدلە شین نیشانەی هێزێکی پتەوی ڕێکخراو بوو بۆ پشتگیری لە کۆماری نوێی عێراق.

***

کرێکارەکانی کارگەی چیمەنتۆ ناتەواوی و پێداویستی نێوخۆیان زۆربوو، لەگەڵ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی نوێدا ئەوانیش دەیانویست هەندێ لەو نەریتە نالەبارانەی خۆیان بگۆڕن، بۆیە کەوتبوونە بەیەکدا هاتن و بۆڵەبۆڵ. لە ئاکامدا وایان باش زانیبوو بێنە لای من و داخوازییەکانی خۆیان بەهۆی منەوە ڕاپەڕێنن، من ئامادەیی خۆمم پیشاندان، بەڵام داوام لێ کردن کە پێویستە هەموویان بچنەوە سەر کارەکانیان و نەهێڵن بەرهەم لە کورتی بدا، چونکو لەمەولا ئەم کارگەیە هی خۆمانە و بەروبوومی بۆ خۆمانە.

کەوتمە پشکنینی کتێبخانەکان بەڵام سەرچاوەییێکم لەمەڕ چۆنێتی پێکەوەنانی نەقابەوە

دەست نەکەوت، بۆیە هەروا لە خۆمەوە چیم بەبیرا هات کردم و وەکو لە ئاکامدا دەرکەوت هەنگاوەکانم دروست دەرچوون.

## ٢٤- لەگەڵ خەباتی کرێکاراندا

ئاگاداریمان بڵاوکردەوە بۆ ناونووسینی کرێکاران لە نەقابەدا، هەموو کرێکارەکان بەگشتی هاتن و بوون بەئەندام، ڕۆژی هەڵبژاردن دیارکرا بۆ دانانی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر و بەتێکڕایی منیان بەسەرۆکی نەقابە هەڵبژارد، منیش زۆر بەگوڕ هەڵدەسووڕام، سەرەڕای کاری دایرەم بەشی هەرەزۆری کارەکانی نەقابەشم جێبەجێ دەکرد.

توانیمان گەلێک لە داخوازییە پێویستەکانی کرێکاران بەجێ بێنین، وەکو دابەشکردنی بەدلەی کارکردن، دانانی مەکینەی ساردکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو بەشەکانی کارگە، ڕاپەڕاندنی لیستەی زیادکردنی مووچەی کرێکاران، دابەشکردن و چوونە نێو ئەو خانووانەی سەرچنار کە دەمێک بوو تەواو بووبوون بەڵام ڕێگا نەدرابوو بێنە ناوی، دیارکرانی دەوامی ڕەسمی و نەمانی زیاتر کارکردن بەهیچ بیانوویەکەوە، داننان بەمافی نەقابەدا وەکو نوێنەر و دەمڕاستی کرێکاران لەلای بەڕێوەبەرایەتی کارگەوە.

کرێکارەکانی دیکەی سلێمانیش وەکو بەرگدرووان، دارتاشان، خانوو و قوڕکاری، شوفێران، ئاسنگەر و فیتەران و هیدیش... دەیانویست نەقابە پێکەوە بنێن، یارمەت ئەوانیشم دا و ڕێ شارەزاییم کردن، کاتێ ئەو نەقابانەیش هاتنە کایەوە، ویستمان (یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران) دروست بکەین، بۆ ئەمەیش هەڵبژاردنێکمان کرد، بۆ ئێرەیش من هەڵبژێردرام و بووم بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نەقابەکانی کرێکاران لە سلێمانی.

ئەوەی پێویستە باس بکرێ: سەرکردایەتی هەموو ئەو نەقابانە، سەر بەحزبی کۆمۆنیست بوون، من بەنوێنەرایەتی ئەوان کۆبوونەوەم لەگەڵ ئەندامی بەرپرسی حزب دەکرد کە ئەوسا (ئەحمەد غەفوور) بوو، لەلایەن حزبەوە دوو کەس بۆ یارمەتیدانم دەستنیشان کران، یەکەم (قالەی ڕەشە ناسک) کە شوفێرێکی ئەندامی حزب و سەرۆکی نەقابەی شوفێران بوو، دووەم (نایب عەبدوڵڵا) کە شاگرد و بەرگدروو و کابرایێکی لاڵەپەتە بوو کرابوو بەسەرۆکی نەقابەی بەرگدرووان.

ساڵی ١٩٥٩ بەڕاستی ساڵی بووژانەوە و وریابوونەوەی کرێکاران بوو لە سلێمانیدا، بەتایبەتی کرێکارانی چیمەنتۆی سەرچنار، شان بەشانی ئەم بەرزبوونەوەی کرێکارانە، دەستەی کۆنەپەرست و کەسانی سەر بەڕژێمی کۆن ترسیان لێ نیشتبوو و خەریکی خۆ گورجکردنەوە بوون، لەبەرئەوەی من وەکو نوێنەر و هەڵسووڕێنەری نەقابەکان دەرکەوتبووم،



زیاتر خێسەم لێ دەکرا و ددانم لێ تیژ دەکرا.

ڕووداوێک کە زیاتر من و دەستە نەیارەکانی لێکتر ئاشکرا کرد، دابەشکرانی خانووەکانی سەرچنار بوو، ئەم خانووانە لە سەردەمی ڕژێمی شایەتی کۆندا بۆ مووچەخۆر و کرێکاران دروست کرابوون بریتی بوون لە سێ بابەتی دوو ژووری و سێ ژووری و چوار ژووریی دوو قات، نزیکەی ساڵێک بوو تەواوکرابوون بەڵام لە قۆنتەراتچییەکەیان وەرنەدەگیران، چونکو هەندێ دایرەی نێو شار کە مرقیان لەو خانووانە خۆش کردبوو لەسەر ژمارەی دەسکەوت پێک نەدەهاتن، دائیرەی ئەمن شەش خانووی دەویست و پۆلیس داوای دە خانووی دەکرد و دایرەکانی دیکەش هەروا کەم و زۆر داواکار بوون، لەبەر ئەوەی سەرچنار هاوینەهەوارێکی خۆشە و خانووەکانیش تازەن و کرێیان کەمە بڕیار وابوو لە بیرەوەریی یەکساڵەی ١٤ی تەمووزدا خانووەکان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارگە دابەشیان بکات، بەڵام نەقابە ئەم پلانەی هەڵوەشاندەوە.

لیستەیێکی کرێکار و مووچەخۆرەکانی کارگەمان ڕێکخست و بەپێی کەم و زۆری مانگانە و ژمارەی خێزان، پشکمان لەسەر ناوی کەسان و ژمارەی خانووەکان هاویشت و هەر کەسە ژمارەی خانووی خۆی درایێ. جگە لە مامۆستاکانی قوتابخانە کەس خانووی نەدرایێ، لەبەر ئەوەی کرێکاران ماڵیان لەنێو شار بوو و دەبوایە هەموو بەیانیان بەلۆری و پاس و پایسکل بێن و بڕۆنەوە، پەلە لە دابەشکردن کرا و ڕۆژی گواستنەوەمان دیار کرد، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەڵستی کرد کە گوایە پێویست وایە بەبۆنەیێکەوە و لە یادی ڕووداوێکی گرنگدا خانووەکان دابەش بکرێن، ئێمە گوێمان نەدایێ و هاتین.

ئەم هەنگاوە کارێکی گەورەی کردە سەر کرێکارانی کارگە و گشت کرێکارانی سلێمانی، جا لەبەر ئەوەی ئیشەکە زیاتر لە نەقابە بەناوی منەوە پێکهاتبوو، لە نێو کرێکاران و خەڵکی دیکەشدا ناسرام و دەرکەوتم. نموونەیێکی ئەم ناسرانە لێرەدا دەگێڕمەوە:

سەرکردەی تیپی دووی سوپای عێراق (داود سەلمان جەنابی) بۆ بەسەرکردنەوە هاتە سلێمانی، بەکاربەدەست و گەورە پیاوانی شاریان ڕاگەیاند ئێوارە لە یانەی ئەفسەران چاویان پێی بکەوێ، منیش یەک لە بانگکراوەکان بووم.

کاتێ گەیشتمە ساڵۆنی یانەی ئەفسەران، ژوورەکە پڕ بوو لە ئەفسەران و مودیری پۆلیس و سەرۆک دایرە و پیاوماقوڵانی شار، لە ڕیزی خوارەوە کورسییێکی بەتاڵم دەسکەوت و دانیشتم. ئەفسەرێک هات بەدانیشتوواندا گەڕا و ناوی نووسین و بردیە ژوورەوە بۆ سەرکردە داود جەنابی، پاشتر هاتەوە و بانگی کرد با سەعید ناکام بفەرموێ،

هەستام و بەنێو حەپەسان و دەم داچەقاوی دانیشتووانداا چوومە ژوورەوە، سەرکردە زۆری ڕێز گرتم و سوپاسی کردم کە لە سەرەتای شۆڕشەوە چالاکیم نواندووە و خۆمم ماندووکردووە، پاشان باسی ئەو گیروگرفتانەم بۆ کرد کە بەرهەڵستی هەنگاوەکانمان دەکات و گوتم ئێمە هێشتا هەر ئەو قانوونانەمان لەبەر دەستایە کە ڕژێمی کۆن دایناوە و دەرفەتی هەڵسووڕانمان ناداتێ، ئەو گوتی: «گوێ مەدەنە ئەم تەگەرانە، هەرچی هەنگاوێکتان بۆ بەرژەوەندی چینی چەوساوە پێ باشە بیهاوێن، ئێمە شۆڕشێکی مەزنمان کردووە و ڕژێمێکمان ڕووخاندووە، ئەگەر هەروا ڕۆیشتین و نەخشەکانمان سەری گرت، ئەم بێ قانوونییانەی ئەمڕۆی تۆ هەمووی دەکرێ بەقانوون و ئافەرینیش دەکرێی، خۆ ئەگەر تێشکاین و ئیمپریالیستەکان هاتنەوە، دڵنیابە کردەوە قانوونییەکانیشت بەتاوان دەژمێردرێن و سزا دەدرێیت»!

## ٢٥- ناکۆکی لەگەڵ حزب و کشانەوەم لە نەقابە

نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ ئاهەنگێکی گەورە لە توی مەلیک ڕێکخرا کە هەر دووک حزب واتا کۆمۆنیست و پارتی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی پێک هاتبوون، یەکێتی نەقابەکانیش نەقابەکانی ڕێک خستبوو و بەچاکی ئامادەی کردبوون، هەر نەقابەیە دروشمی تایبەتی خۆی هەڵگرتبوو و کرێکارەکانی چوار چوار دەهاتن و لەو مەیدانەدا دەچوونە ئەو جێگایەی بۆیان دیارکرابوو تا بەهەموویان ئاڵقەیێکیان لە دەوری مەیدانەکەدا دروست کرد، دەبوایە من بەناوی کرێکارانەوە قسە بکەم، گوتارەکەشم لەلایەن نوێنەرانی هەردوو حزبەکەوە پەسند کرابوو، نوێنەری حزبی کۆمۆنیست (ئەحمەد غەفوور) و نوێنەری پارتی (حیلمی عەلی شەریف) بوون.

پێش ئەوەی سەرەی قسەکردنی من بگات، ئاگاداریان کردم کە تاقمێک هاتوون خەریکن ریزی کرێکارەکان دەشێوێنن، کە چووم دەبینم (عەباسی برایم دەروێش)ی سەر بەپارتی نزیکەی ٧٠ - ٨٠ هەرزەکاری دەمڕووت و دەروێشی پرچنی لە گوندەکانی قەراخ شار کۆ کردۆتەوە هێناونی و دروشمێکیان هەڵگرتووە لێی نووسراوە (کرێکارانی کوردستان)، ئەمانە هەریەکە تێلاییێکیشیان پێیە و وا دیارە لە ڕێوە خۆیان بۆ شەڕ و لێکدان ساز کردووە هاتوون لە پێشەوە چوونەتە بەردەمی نەقابەکان دانیشتوون. لە عەباسم پرسی ئەمانە چین؟ گوتی: ئەمانە کرێکاری کوردستانن، بۆچ لە خاکەکەی خۆشمانا مافمان نادرێتێ ئاهەنگی نەورۆزی کوردی بگێڕین؟

چووم ئەحمەد غەفوور و حیلمیم ئاگادار کرد کە ئەمانە لەنێو بەرنامەی ئاهەنگەکەدا نین



و خەریکن تێکی دەدەن، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی عەباس و گرۆکەی دوورخەنەوە، بەڵکو شێلگیرتر بوون و کردیانە هەراوهۆریاییێک سەریان لە کرێکاری نەقابەکان تێکدا و ڕیزەکانیان شێواندن.

کاتێ بانگ کرامە سەر میکرۆفۆن و دەستم بەدوان کرد، گوێم نەدایە گوتارە بڕیار دراوەکە و لەخۆمەوە پەلاماری ئەو کەسانەم دا کە بەناوی کوردستان ئاژاوە دەنێنەوە. حیلمی لە قسەکانم تووڕە بوو و لێمان بوو بەدەمەقاڵێ، ئاهەنگەکەم بەجێهێشت و لەگەڵ کرێکارانی چیمەنتۆدا بەرەو شار گەڕامەوە، نەقابەکانی دیکەش دوامان کەوتن، ئەحمەد غەفوور ویستی پێشیان بگرێت و دەیگوت نەقابە هی کرێکارانە و مڵکی کەس نییە، بەڵام ئەوان بەقسەیان نەکرد و هاواریان دەکرد «ئێمە هەموومان ناکامین»!

ئەم ڕووداوە حزبی لە من دڕدۆنگ کرد و ئامۆژگاری ئەندامەکانی کرد کە خۆیانم لێ دووربخەنەوە و وەکو جاران تەماشام نەکەن، بەڵام ڕووبەڕوو هیچ ڕەخنە و لێپرسینەوەم بەرەوڕوو نەکرایەوە.

لەو ڕۆژانەدا دووەم هەڵبژاردنی نەقابەکان هاتە پێش، زۆرم خۆماندووکرد بۆ ئەوەی هەموویان بەپێی پرۆگرامەکانیان هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن و کەلەبەری ڕەخنە و ناقایلی کرێکاران نەهێڵن. خۆیشم بەتێکڕای دەنگی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ بەسەرۆک هەڵبژێردرامەوە. ئەمجار خەریکی دانانەوەی ئەنجوومەنی یەکێتیی نەقابەکان بووین، دەمویست کرێکارەکان بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان کێ بەباش دەزانن هەڵی بژێرن، تەنانەت فێرم کردن کە چەند کەسێک بۆ سەرۆکایەتی خۆیان ناودێر بکەن تاکو بەربەرەکانی دروست ببێ و کێ لایەنگری زیاترە سەربکەوێ.

لەو ڕۆژانەدا سەفەرێکی بەغدام هاتە پێش کە نزیکەی هەفتەییێکم پێ چوو، کە هاتمەوە دەبینم ئاگاداری خۆ ناودێرکردن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی نەقابەکان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ناوی منی تێدا نییە و لە جیاتی من نایبە لاڵ داندراوە! لە کۆبوونەوەی یەکێتیدا داوای ڕوونکردنەوەم لێ کردن، گوتیان نایب دەڵێ خۆت وات بەباش زانیوە، نایب گوتی لە حزبەوە وایان فەرمان داوە. چاوم بەئەحمەد غەفوور کەوت، گوتی ئەگەر ڕاستت دەوێ بۆ بەڕێوەبردنی نەقابەکان لە تۆ باشتر و لێهاتووترمان چنگ ناکەوێ، بەڵام تۆ بەجۆرێک لەنێو کرێکارەکاندا ناوت بەرزبۆتەوە کە ناوی حزبی داپۆشیوە گوایا لەنێو نەقابەکاندا دەستەی (ناکامی)یش پەیدابووە کە ئەمە پێچەوانەی ڕێبازی کۆمۆنیستییە. گوتم من ئەندامێکی ئەم حزبەم، کە دەتانویست دوورم خەنەوە بەخۆمتان بگوتبایە چارەییێکی باشترم دەدۆزییەوە، بەڵام ئەم کردەیە گزی حزبە لە ئەندامێکی خۆی، ئەویش گوتی ڕاستت

دەوێ شێوەی چارەکردنەکە هەڵە بووە، بەڵام ئەم ڕێگایە هاوڕێ (عومەری عەلی مامە شێخە) بەرپرسی لقی کوردستان دایناوە، ئەگەر دەتەوێ لێی بکۆڵیتەوە بچۆ لەگەڵ ئەودا ساخی بکەوە، بەڵام من نەچووم بۆ لای عومەر و خۆم کێشەکەم چارەکرد.

کۆبوونەوەییەکی گشتیم بەنەقابەکان کرد، لە پاش سوپاسی ئەو بڕوایەی بەمنیان کردووە، داوام کرد لێم ببوورن کە چیتر ناتوانم وەک سەرۆکی یەکێتی هاوکارییان لەگەڵدا بکەم، چونکە فرمان و ئەرکی دیکەم لەسەر شانە و دەبێ خۆمیان بۆ تەرخان بکەم، بەڵام وەکو کرێکارێک هەر لەگەڵیاندام و هاوبەشی تێکۆشانیانم.

***

ئەم بەسەرهاتە دڵی ئێشاندم بەڵام چاویشی کردمەوە، لە سەرەتای پەیوەندیم بەحزبی کۆمۆنیستەوە، بەرەبەرە بڕواییەکی دەروێشانەم پێکەوەنابوو و پێم وابوو ئەوانەی دەگەنە ئەندامێتی حزب، لە هەموو سەرێکەوە پاک و ڕاست و فیداکارن، خۆ ئەگەر کردەییەکی چەوت لە یەکێکیان ڕووی دا، ئەوە هەڵەییەکی تایبەتی ئەو کەسەیە لێی دەقەومێ، نەک ویستی ناپاکی یا هەڵەی حزبایەتی.

ئەم جار چاوێکم بەتێکڕای ئەزموونەکانی خۆم لەگەڵ حزبدا گێڕایەوە، هەر لە ناپیاوی بەرپرسی لیژنەی سلێمانی لەگەڵ کچێکی منداڵی سەر بەحزب، مان شکاندنی ئەندامە بەرزەکانی زیندانی باقوبە کە بڕیاریان وابوو: «پێکهێنانی داواکان، یا لە برسانا مردن»، پاشقول دان لە من کە لە هیچەوە نەقابە و ئەنجومەنی نەقابەکانم بۆ دروست کردوون و بەپێی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستانە چەسپاندوومن، کەچی بەتێچاندنی دوانی هەلپەرست گێڕایانمەوە.

پەیوەندیم لەگەڵ حزب نەبڕی، بەڵام زۆریش گوێم نەدەدانێ، بۆ ئەوەی زیاتر لێیان دوورکەومەوە وازم لە سەرۆکایەتیی نەقابەی کرێکارانی سەرچناریش هێنا، دوو شانەی حزبیم دەبرد بەڕێوە، ئەوانیشم دەست لێ هەڵگرت و خۆم وەکو ئەندامێکی نەقابە هێشتەوە.

لەم ئاڵوگۆڕەدا هەڵسووڕێنەرانی حزبی کۆمۆنیست کە دوورکەوتنەوەی منیان پێ گران بوو و دەیانویست بمگێڕنەوە کارێکیان کرد کە بەڵگەی ساویلکەیی و بیرتەسکی سیاسییان بوو، بۆ مەبەستی دڵخۆشیدانەوە و هێنانەوە سەر ڕێی ڕاستی یەکێکی وەکو من، کۆلکە خوێندەوارێکی قسە نەزانیان دانا کە (سەعید شەقی)یان پێ دەگوت، ئەم کابرایە لە یەکەم دیدارماندا وەکو بیەوێ تاوانێکی لە ڕێ دەرچوو ڕاست بکاتەوە لەگەڵم



دەدوا، قسەکانی نیوێک هەڕەشە و نیوێک ئامۆژگاری بوون و خۆی بەنوێنەری حزبی کۆمۆنیستی عێراق ناساندم. لەو کاتەدا ئەحمەد غەفوور لەوێ نەمابوو، نەشمدەویست چاوم بەوانی دی بکەوێ، بۆیە بەهەلم زانی هەندێ وەڵامی گاڵتەیی و سەیری وام دەدایەوە کە ئەو پیاوە خۆی تێی نەدەگەیشت و کاتێ دەیبردەوە بۆ کاربەدەستانی حزب، ئەوانیش لەم وەڵامانە سەریان لێ دەشێوا و تا ماوەییەک بەدەستمەوە خەریک مابوون.

لە یەکێتی گشتیی نەقابەکانی بەغداوە نوێنەرێک هات و تەقەلای دا کە بگەڕێمەوە سەر بەڕێوەبردنی نەقابە، بەڵام ئەوەندە دڵم شکابوو کە قایل نەبووم و نەمکرد.

## ٢٦- دەرکران و گیران و دوورخرانەوەم

کێشەیێک کەوتبووە نێوان کرێکاران و بەڕێوەبەرایەتیی کارگە کە هەردوولا لەسەر قسەی خۆیان سووربوون، ئەم داخوازییەی کرێکاران مافێکی بەجێ و ڕەوای خۆیان بوو، بەڵام بەڕێوەبەران کە دەیاندی سیاسەتی بەغدا بەرەو ڕاستڕەوی و دژی چەپڕەوەکان هەنگاو دەنێ و خەریکە لە هەنگاوەکانی جارانی پاشگەز دەبێتەوە، لاسارییان دەکرد و داوای کرێکارەکانیان بەجێ نەدەهێنا، دەستەی بەڕێوەبەری نەقابە داوایان لە من کرد کە لە جیاتی ئەوان لەگەڵ ئیدارەی کارگەدا بدوێم.

چووم بۆ لای (جەلالی حاجی سەعیداغا) بەڕێوەبەری گشتیی کارگە و داخوازیی کرێکارانم پێ گەیاند، سەرم سووڕما کاتێ ئەو زۆر بێ بایەخانە وەڵامی دامەوە و گوتی: «نایکەم»! پێم گوت: «ئاغا، ئەوە داوای من نییە، ویستی هەموو کرێکارەکانە»، ئەو زۆر تووڕە بوو و بەشێوەییەکی ناشیرین لێم ڕاپەڕی و قیڕاندی «یاڵڵا بۆ دەرەوە... کرێکار، کرێکار... ئەگەر ناتەوێ دەرتکەم، بڕۆ لەسەر ئیشی خۆت دانیشە و هەقی ئەملا و ئەولات نەبێ»!.

ئەم قسە و کردەوەیەی ئاغا بەری چاوی تاریک کردم و خۆمم پێ نەگیرا، یەخەیم گرت و هەندێ قسەی باشم پێ گوت، (غەنی شاڵی) ئەندامی ئەنجومەنی کارگە لەوێ بوو لێکی کردینەوە. چوومە نێو کرێکارەکان و تێم گەیاندن کە جەلال ئاغا نایەوێ بۆیان بکا، بەڵام ئەوان خۆیان دەتوانن لەسەر داخوازییەکەیان سووربن، ئەوا سەردەکەون و کەسیش ناتوانێ هیچ بڵێ. باش بوو زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران بەقسەیان کردم و بەرەو ڕووی ئیدارە وەستان تا قسەکەیان هاتەجێ.

ئەم دوو ڕووداوە، بەگژ جەلال ئاغا داچوونم و سەرکەوتنی داخوازی کرێکاران، هەموو دەزگا و کاربەدەستەکانی میری خستە هەڵپە و وێڕای ئەمن و پۆلیس نەخشەی نەهێشتنی

منیان کێشا.

ئاهەنگی یادی دوو ساڵەی چواردەی تەمووزمان زۆر بەشکۆ و شادییەوە گێڕا و هەتا توانیمان بەهەڵواسینی دروشم و شانۆی کرێکارانە، گاڵتەمان بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان کرد و جنێومان بەدەرەبەگ و نەیارانی کۆماری دا. خۆم هەستم دەکرد کە پیلانێک دژی من لە ژێرەوە دەهۆنرێتەوە و نیازی ئیدارە و دەزگاکانی میری بەقەڵبەدادانی منە، بەڵام وام دەزانی کە لە ترسی تووڕەبوونی کرێکارەکان کە زیاتر لە نەقابە پەیوەندییان بەمنەوە هەیە و زۆریان خۆش دەوێم، جارێ دەستم بۆ ناهێنن، هەروەها ئەگەر مەترسییێکیش لە گۆڕێدا هەبێ، حزبی کۆمۆنیست پێی دەزانێ، وریام دەکاتەوە و ڕێگای دەربازبوونم پیشان دەدا، بەڵام وەکو پاشتر دەرکەوت، هەردوو بۆچوونەکەم بەهەڵە دەرچوو و لە جێی خۆیدا نەبوو.

***

ئاهەنگەکانی تەمووز سێ ڕۆژی خایاند، ڕۆژی ١٩٦٠/٧/١٧ کتوپڕ فەرمانی لە کاردەرکرانم دەرچوو و کاتێ گەیشتمە بەر دەرگا پۆلیس چاوەڕوانی دەکردم، یەکسەر بردیانمە گرتووخانە، بۆ بەیانی منداڵەکانیشمیان لە سەرچنارەوە هێنا و هەموومانیان پێکەوە سوار کرد و گەیاندیانینە خانەقین، لێرە لە حەوشەی گرتووخانەدا ژوورێکی بچکۆلەیان داینێ و دەرگایان لەسەر داخستین. شاری خانەقین هاوینان زۆر گەرمە، ئەم ژوورەی ئێمەیش کە بەرۆژ دیوارەکانی سوور دەبۆوە و هالاوی گەرمای دەرەوە لە شیشی دەرگاوە دەهاتە ژوور و هیچ ئامراز و هۆی خۆ فێنک کردنەوەمان نەبوو، بەتەواوەتی پرزەی بڕیبووین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمنی خانەقین لەوە تووڕە بوو کە ژوورمان دراوەتێ و دەیویست ئێمەیش بخرێینە نێو گیراوەکان.

گرتووخانەی خانەقین پیسترین و خراپترین گرتووخانەیە لە عێراقدا ئەگەر هی هەموو دنیا نەبێ، قاوشێکی ٦×٣٠ مەتری سەردەمی عوسمانییە، دیوارەکانی زۆر ئەستوور بەبەرد گێچ کراوە و تەختەکەی خۆڵە، ئاودەستێکی بێ دەرگا لە ژوورەوە هەیە، ساڵ دوازدە مانگ پڕیەتی لەو ئێرانییانەی لەبەر هەژاری و دەستکورتی بەنیازی ئیشکردن و پارەپەیداکردن لە سنوور دەپەڕنەوە، کەچی درەنگ یا زوو پۆلیس دەیانگرێت و لە هەموو لاییێکەوە بەرەو ئێرەیان دێنن کە بدرێنەوە بەئێران، جاری وا هەیە (١٥٠) تا (٢٠٠) گرتووی تێ دەخزێنرێ کە لەنێو ئەمانەدا نەخۆش و شێت و دز و پیاوکوژیان تێدایە کە هەموو بەسەریەکدا دەترشێن و دەبێتە چەقە و قیژە و هەرایێک مەپرسە، ڕۆژی دوو جار بەردەدرێن بێنە حەوشە چاویان بشۆن و ئاوی خواردنەوە بەرنە ژوورێ، ئەمانە شەوێک یا



چەند شەوێک دەمێننەوە و لە سنوور ئاوا دەکرێن، پاشان دەستەییێکی دیکە دێتە جێیان.

دائیرەی ئەمن دەیویست ئێمەیش تێکەڵاوی ئەو گیراوانەی بکرێین بەڵام من بەتوندی بەرهەڵستیم کردن و نەچووم، لەو ژوورە دەریان هێناین و بردیانینە دالانێک کە کۆنە تەویلەی ئەسپ بووە و جۆگەی ئاودەستی ژووری گرتووخانەی بەدانەپۆشراوی پێدا دەڕوا، پیس و بۆگەن و پڕ لە مێش و تەپوتۆز و پەین!

پتر لە دوو هەفتە لە گرتووخانەی خانەقین جەزرەبەمان چەشت، سێ جار بردیانینە سەر سنوور و ئێران وەری نەگرتین، دوا جار قائیمقامی خانەقین بەنامەییێکی تایبەتییەوە چووە قەسری شیرین و بەڵێنی وەرگرت کە وەرمان بگرن. ئەوەی پێویستە لێرەدا بیڵێم، بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە خۆم و منداڵە وردەکانم ناخۆشترین مەینەتی و تاڵاومان دەنۆشی، حزبی شیوعی بەهیچ جۆرێک خۆی تێ نەگەیاندین و ئاوڕی لێ نەداینەوە، لە کاتێکدا کە زۆر بەسانایی دەیتوانی یارمەتیم بدات و لەژێر جەزرەبە دەرمان بێنێ.

## ٢٧- لەبەردەستی «ساواک»دا

ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٦ بۆ جاری سێیەم براینە (خوسرەوی) و ئەو ئەفسەرەی لەگەڵمان هاتبوو فایل و پاکەتەکەی بردە ژووری ئەفسەری ئێران، پاشتر هاتە دەرەوە بزەییێکی سەرکەوتنی بۆ هەڵدام و لەگەڵ پۆلیسەکانیا گەڕایەوە، سەربازی ئێران سواریان کردین و لەگەڵ ئەو فایل و نامەیەی لە عێراقەوە هاتبوو گەیاندیانینە شاری (قەسری شیرین)، شەوێک ماینەوە و ناردیانین بۆ (کرماشان)، ئەو سەربازەی ئێمەی پێ سپێررابوو خانێکی نیشاندایـن شەو ژوورێکمان لێ گرت و حەساینەوە، ڕۆژی دوایی سەربازەکە هاتەوە بردنی بۆ (ڕوکنی دوو)، واتا دائیرەی ئیستیخباراتی سوپای ئێران. ئەو دائیرەیە حەوشەییێکی پڕ لە گوڵ و دار و درەختی هەبوو کە منداڵەکان لەوێدا کەوتنە شادی و یاری کردن. منیشیان بردە ژوورێک هەندێ پرسیاریان لێ کردم و هاتمەوە لای منداڵەکان.

نزیک نیوەڕۆ ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە کە گوتی من (سەروان ئەمینی)م و سنەیی بوو هاتە لام و گوتی ئیشەکەی تۆ لای منە، دەمەوێ تەنیا یەک شتم بۆ ڕوون بکەیتەوە بزانم ئەمنی عێراق بۆچی ئەوەندەی ڕق لێتە، ئەگەر کێشەکەت سیاسی نەبێ بەیانی دەتنێرمەوە. گوتم من لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بووم و لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی کارگەدا ناخۆشیمان بوو بەگژیدا چووم، ئەویش لەژێرەوە ئەم پیلانەی بۆ ڕێکخستم، سمکۆی کوڕم کە تەمەنی دە ساڵ بوو لە تەنیشتمەوە وێستابوو لە خۆیەوە هەڵیدایە و گوتی: «ئاخر ئەو سەگبابە ئاغایە بۆیە ڕقی لێمانە»! سەروان ئەمینی لەم قسەیەی سمکۆ

هەڵبـەزیبیـەوە، خۆی دانەواند و سـەری بردە پێش سمکۆ و بەبزەوە گوتی: «بۆچی بچکۆل گیـان تۆ ئاغـات خۆش ناوێ؟»، سـمکۆش وەکو دەرفـەتی خۆ دەرخستنی بۆ ڕەخسـابێ، ڕاست و ڕەوان وەڵامی دایەوە «ناوەڵڵا ئاغـا و مـاغـامـان خـۆش ناوێ، چونکو ئێـمـە کـرێکارین». سـەروان وەکـو نێـهـێنیـێکی زلی دۆزیبێـتـەوە، قـیت بۆوە و گـەڕایەوە بۆ دائیرەکەی.

زۆری نەخایاند سواری جێبێکیـان کردین و لەبەر دەروازەیێکی ئاسن دایان بەزاندین، دەروازەکـە دەرگـاییێکی بچـووکی بۆ هاتوچۆ تێـدا بـوو پێـیـدا چووینە ژوور، بردیانینە ژوورێک، ئەو کەلوپەلی منداڵان کە پێمان بوو بردیان، پاش پشکنینی بۆیان هێنایینەوە، یەکێک هات و پێی ڕاگەیاندین کە ئێرە دائیـرەی (سـاواک)ی کرمـاشـانە، گـوتی ئەم ژوورەتـان دەدەینێ و دەرگـاتـان لەسـەر داناخـەین، بەڵام ڕۆژانە لە کـاتی دەوامـدا با منداڵەکان نەیبێنە حەوشە و دوای دەوام ئازادن.

پازدە ڕۆژ لەو سازمانەدا هێشتیانینەوە، پرسیار و لێکۆڵینەوەیان درێژەی کێشا، وەکو بۆم دەرکەوت گومانیـان لەوەبوو کە من (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) بم کە لاوێکی شۆڕشگێڕی مەهابادییە و دژی عـەجەمە داگیرکەرەکان جوولاوەتەوە، پاشتر ڕایکردۆتە ئەمدیو و ناوی خۆی ناوە (ئەحمەد تۆفیق)، هەروەها زۆریان تەقەلادا بزانن ئاخۆ من فارسی دەزانم یا نا، بەڵام دڵنیام کردن کە من سەرم لە فارسی دەرناچێ. دوایی لە تارانەوە دەستوور درا بمانبەن بۆ مەهاباد تا لەوێ بناسرێینەوە.

***

لە کرماشانەوە یەک ساواکییـان لەگەڵ ناردین کە تەنیا دوور بەدوور چاوی لێمان بێت، هاتینە سنە و سەقز و ڕۆژی سێیەم ئێوارە گەیشتینە مەهاباد و لەنێو دایرەی ساواک دایان بەزاندین، سەرۆکی ساواک سەرهەنگێکی ئازەری بوو، کاتێ چاوی بەئێمە کەوت و فایلە نێرراوەکەمانی خوێندەوە، بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی و دوو بەدوو دانیشتین (زمانی ئاخـاوتنمـان تورکی بـوو، چونکو من دەمگوت فـارسی نازانم، ئەو بەتورکی ئازەری و من بەشێوە تورکیی تۆخی تورکیا دەدواین).

سەرهەنگ گـوتی: «تۆ پێنج منداڵت هەیە، منیش وەکو تۆ پێنجم هەیە، جا بەمـەرگی هەر پێنج منداڵەکەم و بەسەری ئەم ئەعلاحەزرەتە (دەستی بۆ ڕەسمی شا درێژ کرد لە پشت سەرییەوە) یەک پرسیارت لێ دەکەم ئەگەر ڕاستم پێ بڵێی چی لە توانامدا بێ بۆ یارمەتیت درێخی ناکەم»، گوتم دڵنیابە ڕاسـتیت پێ دەڵێم، گوتی تۆ لە کاتی کۆماری کـوردسـتـانـدا لێرە بوویت و سـەردەبیـری ڕۆژنامـەی کـوردسـتـان بوویت؟ گـوتم: بەڵێ!!.



سەرهەنگ ئەم «بەڵێ»یەمی زۆر پێ خۆش بوو، گوتی: «جا با منیش خەبەرێکی خۆشت بدەمێ، دەمێکە قانون بۆ بەخشرانی گشت تاوان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەرچووە و هەرچێکت کردبێ ئەمڕۆ پرسینەوە هەڵناگرێ، ئێستا دەبێ من لە یەک شت بکۆڵمەوە بزانم تۆ عێراقیت یا ئێرانیت، بەڵام ئەوەش بزانە تەنانەت ئەگەر ساخیش بێتەوە کە تۆ ئێرانیت و خۆت نەتەوێ لە ئێراندا بمێنیتەوە، ئێمە ڕێگات لێ ناگرین و دەتوانی بۆ کوێ دەچی بچی، تەنیا جیاوازی لەوەدایە ئەگەر ئێرانی بیت ئێمە بەرەڵڵات دەکەین و خۆت دەڕۆیت، بەڵام ئەگەر عێراقی بیت ئێمە ناچارین وەکو ئامانەتێک بتدەینەوە بەعێراق و قبوڵیش ناکەین جارێکی دی بتنێرنەوە بۆ ئێرە».

لە ژوورەکانی دائیرە یەکێکیان بۆ چۆل کردین، ئاگاداریشیان کردین کە گرتووەکانی ئێرە خواردنی سەربازییان دەدرێتێ، واتا بەیانیان لە سەربازخانەوە کە دوو کیلۆمەتر لە شار دوورە، سەربازێک سەتڵێک پڕ شۆربای نیسک بەدەستەوە دەگرێ و دەیهێنێ بۆ سازمان و لێرە یەکی ئەسکوێیێک بۆ گیراوەکان دەکرێتە قاپێکی فافۆنی چڵکن و قوپاو، نیوەڕۆ و ئێـوارانیش یەکی یەک سەولە و کەمـێک برنجی خـوسـاو یا شـتێکی وەکـو چێشت لە سەربازخانەوە دێت و دابەش دەکرێت. ئێمە کە دەفر و ئامێری چێشت لێنانمان نەبوو و ئەم خواردنەی ساواکیشمان بۆ نەدەخورا بەناچاری دەبوایە لە بازاڕ خواردن بکڕین کە جگە لە ناخۆشی خواردنەکە و گرانی نرخی، ئەو سەربازەی دەچوو بۆی دەکڕین هەموو جارێ کرێی ڕێگای خۆی لێ دەگێڕایەوە، نزیکەی حەفـتـا دینار پارەم مـابوو کە وردە وردە بەخـواردن کڕین توایەوە و وشکاوی هات.

***

دوو مـانگ زیاتر لەم شوێنەدا مـاینەوە، جارێک سەرهەنگی پۆلیسی مەهاباد و جارێک لێپـرسـراوی سـاواکی ڕەزائیـە هاتن بۆ تێـوەڕوانین و دواندنم، سـەرۆک سـاواکی ڕەزائیـە گـۆوارێکی کـوردی دامێ کـە ئەوسا لە تاران دەردەچوو و گـوتی ئەگـەر بتـەوێ لە ئێـران بمێنیتـەوە، دەتنێرین بۆ تاران تا لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ئەم گۆوارەدا هاوکاری بکەیت و مـووچەییێکی باشت بۆ دەبڕینەوە، بەڵام من سـوور بـووم لەسـەر ئەوەی کـە دەمـەوێ بگەڕێمەوە بۆ عێراق.

چەند کەسێکی کوردیشیـان هێنا بۆ ناسینەوەم، یەک لەوانە (جەعفەری کەریم ئاغـا) کە لە سەردەمی کۆماریدا وەزیری بەرگریی کۆماریمان بوو و زۆر برادەر بووین، دیاربوو کە ئەم گیران و لێقەومانەی منی پێ ناخۆش بوو بەڵام خۆی نەناس کرد، لە وەڵامی سەرهەنگدا گوتی: «بەڵێ ئەمە یەکێکە لەو عێراقییانەی لە سەردەمی کۆماریدا هاتبوون وابزانم لە

ڕۆژنامە و چاپخانەدا کاری دەکرد، وەکو دەمبیست عێراقییە و نەمزانیوە ئێرانی بێت».

جارێکیش (هێمن)ی شاعیریان هێنا، ئەو کە خۆی گومان لێکراو و دزێوی بەرچاوی ساواک بوو، بەدیتنی من لێرەدا ئەوەندە ترسا نەبێتەوە، کاتێ سەرهەنگ بەفارسی لێی پرسی: ئەم پیاوە دەناسی؟ گوتی: ئەمە (سەعید ناکام) یا (عەبدوڵڵای موستەوفی)یە، کە سەردەبیری ڕۆژنامەی کوردستان بوو، سەرهەنگ گوتی: بەڵێ ئەم خۆیشی ئەوە دەڵێ، بەڵام وەکو تۆ بزانی ئێرانییە یا عێراقییە؟ هێمن گوتی: ئەوەی من بیزانم لە حکوومەتی کوردستاندا فرمانی میری تەنیا بەکوردەکانی ئێرانی دەدرا، بەتایبەتی فرمانێکی قورسی وەکو سەردەبیری ڕۆژنامەی میری. سەرهەنگ گوتی: کەواتە دەتوانی یەکێک لە خزمەکانیمان پێ بڵێیت تا بیهێنین بۆ ناسینەوەی؟ وا دیار بوو هێمن تازە تێدەگەیشت کە من دیلی بەردەستی ساواکم، بۆیە هەناسەی هاتەوە بەر و لە وەڵامدا گوتی: ئەوەیان نازانم چونکو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لێرە بوو نەمبیست خزم و کەسوکاری لێ پەیدا بووبێ... ئەمجار سەرهەنگ بەتورکی لە منی پرسی، تۆ ئەم پیاوە دەناسیت؟ گوتم بەڵێ ئەمە شاعیری نیشتمانی کورد هێمن موکریانییە کە زۆر ڕێزم بۆی هەیە.

ڕۆژێک (برایماغا) کوڕی عەلیاغای ئێلخانییان هێنابوو، سەرهەنگ بانگی کردم و لە برایماغای پرسی داخوا دەمناسێ؟ گوتی: بەڵێ ئەمە دە دوازدە ساڵ لەمەوپێش مامۆستای کوڕەکانی (وسێن)ی برام بوو لە وشتەپە و ناچیت، دەشمانزانی کە پێشتر لەگەڵ دیمۆکراتەکاندا بووە، بەڵام لە ڕاستیدا نازانم ئێرانی یا عێراقییە. ئەوەی سەرنجی برایماغای ڕاکێشا ئەوەبوو کە سەرهەنگ بەتورکی لەگەڵ من دەدوا و بەفارسی لەگەڵ برایماغادا، بۆیە لە منی پرسی: ئەرێ میرزا پێم وایە تۆ ئەوسا فارسیت باش دەزانی دەڵێی بیرت چۆتەوە؟ گوتم بەڵێ کەمێکم دەزانی بەڵام ئەوەندە نەبوو بتوانم پێی بدوێم.

***

زیاتر لە دوو مانگ لە سازمانی ساواکی مەهابادا هێشتیانمەوە، هەرچەندە زۆر دەستم بەو پارە کەمەوە دەگرت کە پێمان بوو دیسان بەکڕینی ناچاری پەنیر و ترێ و چا وشکاوی هات.

ڕۆژی ١٨/ ١٠/ ١٩٦٠ یادی سێیەمین ساڵی لەدایکبوونی (شەرمین)ی کچم بوو، ناردم سێ مۆم و کەمێک نوقڵ و میوەیان بۆ هێنایین و لە ژوورە کەساسەکەی زیندانا ئاهەنگێکی بچکۆلانەمان بەچەپڵە و گۆرانی ساز کرد، یەک لەو گۆرانییانەی منداڵەکان دەیانگوت سروودی «عەبدولکەریم ئەی پاڵەوانەکەم...» بوو، ساواکییەکانیش لەبەر دەرگای ژوورەکەماندا وەستابوون کە هەندێکیان کوردیش بوون و تێدەگەیشتن و



پێدەکەنین، بەڵام ئەفسەرێکی ئازەرییان تێدابوو بەناوی (ئیسلاحی) ئەم گۆرانییەی زۆر پێ ناخۆش بوو و نەشیدەتوانی ڕێمان لێ بگرێ، بۆیە کە منداڵەکان دەیانگوت... ئەی پاڵەوانەکەم ئەو لەبەر دەرگاوە دەیگوت «پەهلەوان پەمبە» واتا فس فس پاڵەوان.

بۆ ڕۆژی دوایی سەرهەنگم ئاگادارکرد کە لەبەر ئەوەی پارەمان نەماوە و خواردنی سەربازخانەشمان بۆ ناخورێ، لەمڕۆوە تا دەمانێرنەوە من مانم گرتووە و نان ناخۆم، سەرهەنگ دیسان پاکانەی کرد گوایە زۆر تەقەلای داوە ئێمە لێرە نەمێنین، بەڵام هێشتا دەوڵەتی عێراق ئامادە نییە وەرمان بگرێتەوە، ئێستا کێشەکەی ئێمە گەیشتۆتە باڵوێزی عێراق لە تاران و لەوانەیە بەم زووانە کۆتایی بێت. بەڵام من لەسەر مانگرتنەکەم سوور بووم و نێوانم لەگەڵ سەرهەنگ تێکچوو، فەرمانی دا ئەو حەسیر و پەتووە شڕانەی لە ژوورەکەماندا بوو لێیان سەندین و دەرگای ژوورەکەشمان داخرا تا منداڵەکان نەتوانن بچنە حەوشە. مانگرتنەکەم پێنج ڕۆژ درێژەی کێشا، ڕۆژی ٢٣/ ١٠/ ١٩٦٠ سەرهەنگ خۆی هات و مزگێنی بۆ هێنام کە ئیشەکەمان بڕایەوە و فەرمان هاتووە بمانێرنەوە بۆ عێراق.

ڕۆژی ٢٧/ ١٠/ ١٩٦٠ سواریان کردین، ماڵاواییمان لە ساواک کرد و کەوتینە ڕێ، لەسەر سنووری حاجی ئۆمەران دایانینە دەست پۆلیسی عێراق و کۆتاییمان بەهەشتا و دوو ڕۆژ گیران و ئەمسەرە و سەری پڕ لە ئازاری نێوان سنووری دوو داگیرکەری عێراق و ئێران هێنا.

### ٢٨- دوورخرانەوەمان بۆ ناسریە

یەک هەفتە لە پۆلیسخانەی ڕەواندز ماینەوە تا دەستووری حاکمی عەسکەری لە بەغداوە هات کە بەناوی (دوورخراوە) بمانێرن بۆ ناسریە، لە ٩/ ١١/ ١٩٦٠دا گەیشتینە ناسریە، خانوویێکم بەکرێ گرت و منداڵەکانم ناردنە قوتابخانە. جگە لە من چەند کوردی دیکەش بۆ ئەم شارە دوور خرابوونەوە کە یەک لەوان (ساڵح یوسفی) بوو. پاشتر (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)شیان هێنا.

دوورخراوەکان یەکی حەوت دینار و نیو مانگانەیان دەدرایێ، ئێمە کە خێزانێکی حەوت کەسی بووین ئەم پارەیە بەشی نەدەکردین، داوام لە حکوومەت کرد کە یا ڕێگا بدەن منداڵەکانم بڕۆنەوە سلێمانی یا ئەگەر ئەوانیش دوورخراوەن مانگانەیان بدرێتێ، وەزارەتی نێوخۆ وەڵامی داینەوە کە پێویستە خێزانەکەشی لە لا بێ و بۆیشی زیاد ناکەین! نامەم بۆ سلێمانی نارد کە کەلوپەلی ماڵەکەمان بفرۆشن و پارەکەیان بۆ بنێرن پێی بەڕێ بچین.

بەرێکەوت ناسیاوێکی ئەندازیارم تووش هات کە سەرپەرشتی خانوسازیی میری دەکرد، ئەو گوتی ئەگەر (ئەمن) ڕێگا بدا دەتوانێ لە پرۆژەکەی خۆیدا کارێکم بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەم بەمعاونی ئەمن (مارف عوسمان) گوت - ئەم مارفە کوردێکی هەولێری و هەمان کەسە کە لە ساڵی ١٩٥٥ لە سلێمانی ماڵەکەمانی پشکنی- ئەو ئەمەی پێ خۆش بوو و بەتەلەفۆن پێی گوت: (کە سوپاسی دەکا ئەگەر دام بمەزرێنێ)، بەم جۆرە بوومە سەرکاری کرێکاران ڕۆژی بەنیو دینار، چونکو دەسەڵاتی ئەو ئەندازیارە لە ڕۆژانە نیو دینار تێ نەدەپەڕی.

***

ساڵێک زیاتر لە ناسریە ماینەوە، جگە لە من نزیکەی پازدە کوردی دیکەیش لە هەموو لاییێکەوە بۆ ئێرە دوور خرابوونەوە، ئێواران لێکتر کۆ دەبووینەوە و بەپیاسە بەسەر شەقامەکانی قەراخی شاردا دەڕۆیشتین.

سەرکردەی شۆڕشی چواردەی تەمووز (عەبدولکەریم قاسم) پیاوێکی پاک و دڵسۆز و ئازا بەڵام کەم ئەزموون بوو، پاش ڕووداوی پەلاماردران و بریندارکرانی لەلایەن بەعسییەکانەوە جۆرە ترسێکی لێ نیشتبوو و لە هەنگاوە دیمۆکراتییەکانی پێشووی خۆی پەشیمان بووبۆوە، کەسانی ناڕاست و مەراییکەری کۆنەپەرست لە دەوری کۆبوونەوە و ڕێگای خراپیان دەخستە پێش، لە پێشدا کەوتە لێدانی کۆمۆنیستەکان و تەنگی پێ هەڵچنین، پاشتر بەگژ پارتی دیمۆکراتی کوردستانیشدا چوو، ڕۆژنامەی خەباتی داخست و کۆمیتەی ناوەندی پارتی پەرەوازە کرد و بەجۆرێک شاڵاوی بۆ هێنان کە ناچاربوون ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ جاڕی شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کوردیان دا، دەوڵەت سوپای عێراقی بەرەو کوردستان نارد و شێخ و دەرەبەگەکان دنە دران بۆ مەبەستی بەربەرەکانێی کوردایەتی بجوولێن.

لە دوا مانگی ساڵی ١٩٦١ ڕێگا درا دوورخراوەکان بگەڕێنەوە، کاک ساڵح یوسفی لە کاتی ماڵاواییدا زۆر بەگەرمی داوای لێ کردم کە پاش گەڕانەوەم بیبینمەوە، چونکو لەوانەیە بۆ نێو ڕیزی شۆڕش بچێتە کوردستان و لەوێش دەگاتە لای مەلا مستەفا بارزانی، منیش کە ناسیاوی کۆنم لەگەڵیا هەیە دەتوانم بەشداری شۆڕش بکەم و پێکەوە دەزگاییێکی ڕاگەیاندنی کوردی پێکەوە بنێین.

لە ناسریەوە هاتمە بەغدا بۆ ئەوەی خانووێک پەیدا بکەم ماڵەکەمی تێدا دانێم و پاشان تەقەلای ئیشێک بدەم، بەڵام خانووم دەست نەکەوت، منداڵەکانم ناردەوە بۆ سلێمانی و خۆم بەدوای کارێکدا دەگەڕام، برادەران لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی عەرەبی کە (حاجی یونس



تائی) دەری دەکرد کاری نووسەرییان بۆ دۆزیمەوە و چووم مانگی بە سی دینار دامەزرام، بۆ خۆیشم چووم لەگەڵ مامۆستا گۆراندا جێگیربووم.

گۆران لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا -بەشی کوردی- دەرسی دەدا، شوقەییێکی لە شەقامی سەعدون بەرامبەر مەیدانی نەسر گرتبوو کە نهۆمی چوارەم بوو و هەموو جارێ دەبوایە زیاتر لە شەست پلەکان سەرکەوین: ئەو ئامێری چێشت و چالێنانی هەبوو، منیش دەستە نوێنی خۆمم برد و چووم. وامان بڕیاردا کە چواریەکی خەرجی خواردن لەسەر من بێت، چونکو گۆران دوو کوڕی مێرمنداڵی لە ژنە عەرەبەکەی لەگەڵ بوون. بەم جۆرە ژیانێکی دوو قۆڵی هێجگار بەتاممان دەست پێ کرد.

## ٢٩- نەخۆشی و دواڕۆژەکانی (گۆران)ی شاعیر

گۆران لەمێژوو بوو تووشی برینی گەدە هاتبوو کە هەندێ جار ئەو برینە دەهاتە ژان و پاشان دەنیشتەوە، ئەویش کەمتر بایەخی دابوویە و پارێزی خواردنی نەکردبوو، ئەوەبوو لەو ڕۆژانەدا کە پێکەوە بووین بەچەشنێکی خراپ کەوتە ژان و وای لێ کرد پەکی گەڕان و خواردنی خست و لە جێگادا کەوت، دوا بڕیاری دوکتۆرەکان هاتە سەر ئەوە کە پێویستە پارچە خراپ بووەکەی گەدەی بەنەشتەرکاری ببڕدرێ، بۆ ئەم مەبەستە دوکتۆر ڕافید برینکاری شارەزا و لێهاتووی کورد لەبەرچاو گیرا.

ڕۆژی دیارکراو گۆرانمان بردە نەخۆشخانە تایبەتییەکەی فەیزی لە نزیک کۆشکی سپیی بەغدا، ئەویان بردە ژووری عەمەلیات و من لەبەر دەرگا چاوەڕوانیم کرد، نزیکەی دوو سەعاتی خایاند تا دوکتۆر ڕافید هاتە دەرەوە، دەستی خستە سەرشانم و گوتی دڵنیابە سەرکەوتین، قاپێکی پڕ لە گۆشتی بڕاوی پیشان دام و گوتی ئەمە هەموویم لە مەعیدەی بڕیوە و لە ڕیخۆڵەی گەدەی تازەم بۆ دروست کردووە.

گۆرانیان نواند و منیش بەدیاریەوە مامەوە. پێویستە بیڵێم کە نە لە کاتی عەمەلیات و نە لە ڕۆژەکانی نوستنی لە نەخۆشخانەدا، جگە لە سەردانی سەرپێیی یەک دوو کەس، لە من زیاتر کەسی بەدیارەوە نەبوو، تەنانەت ئەو دوو کوڕەی خۆی کە دەبوایە لەلای بن، شەوانە خۆیان دەدزییەوە و بەجێیان دەهێشتین، ئەمە سەرەڕای دۆستایەتی دێرینە وای لێ کردین کە جۆرە پەیوەندییێکی گیانی لە نێوانماندا بەدی بێت و پتر هەستی دڵسۆزیمان تێکەڵاوکەین.

گۆرانمان هێنایەوە ماڵ. بەڕواڵەت زۆر لە جاران باشتربوو، بەڵام وا بەپێویست زانرا کە بۆ چارەی تەواو بچێتە دەرەوەی عێراق، پێویستییەکانی سەفەرمان بۆ ڕێکخست و ڕۆیی

بۆ مۆسکۆ، یەکەم نامەیم لە مۆسکۆوە بۆ هات لەگەڵ وێنەی پێشوازیکرانی لە فرۆکەخانەی مۆسکۆ، پیرێژنێک ڕاسپێرابوو بەخێرهاتنی بکا کە بەڕاستی زۆر پنتی و ناشیرین بوو، بەنامەیێک وەڵامم دایەوە و هەتا توانیم گاڵتەم بەخانەخوێ ناشیرینەکەی کرد و نووسیم کە ئەوان گۆرانیان نەناسیوە و ناشی ناسن، ئەو گۆرانەی بەدرێژایی ژیانی حەزی لە جوانی و خۆشی و شادی کردووە و نرخی جوانییەکانی سروشتی زانیوە و پیای هەڵداون، هاتوون دایکی دێویان کردووە بەهاودەمی و ڕابەری!... پاش گەڕانەوەی لە مۆسکۆ نامەکەمی هەر لەگیرفاندابوو و پیشانی دام و پێکەوە -لەداخان- زۆر پێکەنین.

***

لەمەڕ چۆنێتی بیرکردنەوەی سیاسی و هەستی گۆران، گەلێک شت نووسراوە و بیروباوەڕی جیاجیا دەربڕاوە کە کەمیان ڕاستییان پێکاوە، بەئاواتەوەم لە دەرفەتێکدا ڕاستەقینە ڕوون بکەمەوە، لێرەدا ڕووداوێکم بیرکەوتەوە کە دەیگێڕمەوە:

ڕۆژێک لەگەڵ گۆران بڕیارمان دا لە کاتێکی دیاریکراودا لە باخچە بچکۆلانەکەی (یانەی سەرکەوتن) چاوەڕێی یەکتر بکەین، من لەو زووتر گەیشتمە ئەوێ و چوومە پشت یەکێ لەو مێز و کورسییانەی لەنێو چیمەنەکەدا داندرابوون، لەسەر هەر یەکێ لە مێزەکان گۆڤارێکی (هیوا)ی ژمارە (٣٧) داندرابوو کە ئەو ڕۆژە بڵاوکرابۆوە، سەروتاری گۆوارەکە نووسینی من بوو بەناوی (هەردەبێ بنووسین)، لە مێزێکی پشتمەوە سێ لاوی خوێندکار دانیشتبوون کە نەمدەناسین و ئەوانیش منیان نەدەناسی، گوێم لێ بوو یەکیان پاش ئەوەی نووسینەکەی منی خوێندبۆوە بەبرادەرەکانی خۆی گوت: «ئای کە جوانی نووسیوە»، ئەوی ئەو لای گوتی: «جا بەچی دەچێ، خۆ کوردێک نەینووسیوە»، هاوڕێیەکەی بەسەرسوڕمانەوە پرسی «بۆچی ئەم ناکامە کورد نییە؟» وەڵامی دایەوە «ناوەڵڵا کورد نییە، کۆمۆنیستە»!

پاش ماوەیێک ئەوان ڕۆیشتن و گۆران هات، دەمەتەقێی لاوەکانم بۆ گێڕایەوە، گۆران زۆر پێی تێکچوو و گوتی: «تۆیش دەردەکەی منت بەسەر هاتووە و لە کوردایەتی شۆراویتەوە، شتیش لەوە ناخۆشتر نییە کە ئەوەی بەرزترین ئاوات و ئامانجی ژیانتە و لە گشت شتێکت لا پیرزۆترە پشتت تێ بکا و بەئاوەکیت دابنێ»!!

## ٣٠- لەگەڵ ڕۆژنامەی (الثورة)دا

(حاجی یونس تائی) مامۆستاییێکی قوتابخانە بوو کە لە پێش چوارەدەی تەمووزدا دۆستایەتییێکی گەرمی لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم)دا بووە و پەیوەندیی برادەرییان زۆر



قایم بووە، پاش شۆڕشی تەمووزیش ئەم دۆستایەتییە هەر ما و بگرە توندتریش بووبوو، خەڵک کە ئەم نزیکییەیان دەزانی زۆر جار کاروباری تایبەتی و گیروگرفتەکانیان بەهۆی حاجی یونسەوە لە دەزگاکانی میری ڕادەپەڕاند.

حاجی پلەی خوێندەواری و نووسینی ئەوەندە نەبوو بێتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە بەڵام لێهاتوویی بەڕێوەبردن و هەڵسووڕاندنی تێدابوو، وەکو پرۆژەیێکی بازرگانێتی بەسوود چاپخانەییێکی گەورەی کڕی و ڕۆژنامەییێکی ڕۆژانەی بەناوی (الثورة) دامەزراند، نووسەر و کرێکاری بۆ گرت و ڕۆژنامەکەی بڵاوکردەوە کە برەوێکی باشی پەیدا کرد، وەکو پاشتر دەرکەوت ئەم ڕۆژنامەیە لەلای لابەلاوە بیر و ویستی سەرۆکی شۆڕش عەبدولکەریم قاسمی بڵاودەکردەوە و خەڵک پێیان وابوو کە سەورە ڕۆژنامەی عەبدولکەریمە.

ساڵی ١٩٦١ کە ناکۆکی نێوان (عەبدولکەریم قاسم) و (مەلا مستەفای بارزانی) خەست بوو و پارتی دیمۆکراتی کوردستان تەنگی پێ هەڵچنرا و ناچار کرا لە ئەیلوولی ئەو ساڵەدا شۆڕشی کورد دژی ڕژێمی بەغدا ئاشکرا بکا و میری سوپای عێراق و فڕۆکەکانی ناردە سەر کوردستان، ڕۆژنامەی (الثورة)ی حاجی یونس تائی بەهەموو هێزیەوە دژی نەتەوەی کوردی دەنووسی و بەئاشکرا داوای تواندنەوەی کوردەکانی عێراقی دەکرد، بەڵام گەلێک لەوانەی کاری نووسین و دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان بەڕێوە دەبرد لەگەڵ ئەم ڕێبازە نەبوون چونکو یا کۆمۆنیست یا سەر بەکۆمۆنیستەکان بوون، منیش کە لەوێ دامەزرام چوومە پاڵ ئەوانەوە.

یەکەم جار کرام بەبەرپرسی لاپەڕە ٣ و ٤ واتا هەواڵەکانی نێوخۆیی، چەند کەسێک هەبوون لە دەزگاکانی میری دەنگوباسیان کۆ دەکردەوە و بۆیان دەهێنام و منیش ڕێکم دەخست و بڵاو دەکرایەوە.

کاتی شەڕ لە کوردستاندا گەرم بوو، هێزە سیاسییەکان بەئاشکرا ناڕەزاییان دەربڕی و داوای وەستانیان کرد، خوالێخۆشبوو (کامیل چادرچی) سەرۆکی حزبی وەتەنی دیمۆکراتی کۆنگرەییێکی ڕۆژنامەنووسی لەماڵی خۆیدا پێکهێنا کە منیش لەلایەن ڕۆژنامەی سەورەوە بەشداریم کرد. مامۆستا چادرچی گوتی لە زمانی منەوە بەئاشکرا بنووسن کە بارزانی خاین نییە و داوای جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق ناکا. بانگکراوەکان پرسیاریان کرد و وەڵامی دانەوە، منیش دوای هەموان گوتم مامۆستا من وەکو نوێنەری ڕۆژنامە نا بەڵکو وەکو کوردێک زۆر سوپاسی ئەم هەنگاوەتان دەکەم. پرسی :تۆ نوێنەری کام ڕۆژنامەیت؟ گوتم ڕۆژنامەی (الثورة). چادرچی پێکەنی و ئەمەی بەلاوە سەیر بوو کە کوردێک نوێنەری ئەو ڕۆژنامە بێت.

داواکارییێک لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانی بەغداوە ڕێکخرابوو کە زیاتر لە دوو سەد کەس مۆریان کردبوو تێیدا داوا لە میری دەکرا شەڕ لە کوردستان بوەستێنێ، لەسەر ئەمە زۆر کەس گیران و دران بەدادگا، پێنج کەسیان لە ناسراوەکان بڕیاری بەندکرانیان بۆ دەرچوو، یەک لەوانە (حەمید ڕەشید) سکرتێری ڕۆژنامەی (الثورة) بوو، (حاجی یونس) تا بەربوونی سکرتێر یا هاتنی سکرتێرێکی دی ئیشەکەی بەرەو ڕووی من کردەوە. ئەم کارە زۆرگران نەبوو و پێم وابوو دەتوانم بەجێی بێنم، تاکە ئەرکی دیار نووسینی گوتاری یەکەم واتا سەرگوتاری ڕۆژانە بوو کە من نەمدەزانی باسی چی بکەم و چی بنووسم، بەڵام حاجی تێیگەیاندم کە هەموو ڕۆژ خۆی بابەتەکەم پێ دەڵێ و ئەگەر ئەوم نەدی لە بابەتی سیاسەتی ڕۆژانە شتێک بنووسم.

دوو ڕۆژ بوو کاری سکرتێریم درابوویە کە ئێوارەیێک بەتەلەفۆن داوای حاجی یونس کرا و من وەڵامم دایەوە، قسەکەرەکە کە زانی من لە جێی سکرتێرم گوتی هەر ئێستا وەرە بۆ وەزارەتی بەرگری و لەبەر دەرگا بەپاسەوانەکان بڵێ من لە ڕۆژنامەی (الثورة)وە هاتووم و دەچم بۆ لای سکرتێری زەعیم (جاسم عەزاوی).

بەم پێیە گەیشتمە وەزارەت و ئەفسەرێک گەیاندمیە ژووری عەزاوی کە پاش یەکترناسین داوای لێ کردم سەرگوتاری بەیانیی ڕۆژنامەکەمان لە بارەی فلانە بابەتەوە بێ. ئەوەشی تێگەیاندم کە لە مەوپاش ئەگەر پێویست بوو یا بانگم دەکاتە ئێرە، یا بەتەلەفۆن بابەتی سەرگوتارەکانم پێ دەڵێ.

تێکڕا چوار جار بانگ کرامە وەزارەت کە جارێکیان لای جاسم عەزاوی بووم (عەبدولکەریم قاسم) هاتە ژوورەوە. تەماشاییێکی کردم، عەزاوی گورج گوتی گەورەم ئەمە سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی (الثورة)یە، بەخێرهاتنی کردم و گوتی: ڕۆژنامەکەتان باشە و پتر هەوڵ بدەن خزمەتی گەل بکەن.

***

لەو ڕۆژانەدا دایرەکانی میری دابێکی تازەیان داهێنابوو، هەر کوردێک کاری بکەوتایەتە یەکێ لە دایرەکان، پێش هەموو شتێک داوای برووسکەی پشتگیریی میرییان لێ دەکرد و دەبوایە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بەناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە کە دڵسۆزە بۆ زەعیم، شێوەی ئەم برووسکانەش هەموو یەک کلێشە بوو: (من لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قاسم دام بۆ پانکردنەوەی سەری کوردە یاخیبووەکان... ئیمزا: لە کوردە نەجیبەکان فلان). ئەم برووسکە بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکاندا بەجۆرێک پەرەی سەند کە هەموو کوردێکی نێو عێراقی گرتەوە.



وێڕای کوردەکان هەندێ هۆز و تیرەی عەرەبیش بەمەبەستی خۆ بردنە پێش برووسکەی ئامادەیی خۆیانیان دەنارد بۆ لەنێوبردنی کورد. منیش هەر برووسکەییێکی عەرەب دەهات لە داوێنەکەیەوە وشەی «لە عەرەبە نەجیبەکان...»م لێ زیاد دەکرد و دەمنارد بڵاو بکرێتەوە. ڕۆژێک (حاجی یونس)ی خاوەنی ڕۆژنامە بەهەڵەداوان هاتە سەرم و بەتووڕەیی گوتی: «ئەم وشەی نەجیبە چییە لەپاڵ ناوی عەرەبەکاندا دەنووسرێ، خۆ ئەمانە کوردنین؟» گوتم: «بێ قەزابی، دەستووری کاتیمان دەڵێ کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن، ئێستاش هەردوو لا برووسکەی پشتگیری دەنێرن، جا ئەگەر کوردی برووسکەنووس نەجیب بێ عەرەبی برووسکەنووس بۆچ نەجیب نەبێ؟»... حاجی نەیزانی چی بڵێ جنێوێکی بەخۆیان دا و گوتی: «پێت دەڵێم لەمەولا هیچ برووسکەییێکی پشتگیری لە ڕۆژنامەی مندا بڵاوناکرێتەوە»، داوام لێ کرد ئەم فەرمانەم بەنووسین بداتێ، ئەویش دەزبەجێ بۆی نووسیم و ئیدی وازمان لە بڵاوکردنەوەی برووسکەی پشتگیری هێنا.

***

چین و هیندستان لەو ڕۆژنەدا لەسەر دیاریکردنی سنوور ناکۆکییان لێ پەیدابووبوو و چەند جارێک بەگژیەکتردا چووبوون، زەعیم کە لایەنگری هیندستان بوو داوای لە ڕۆژنامەکان دەکرد لایەنی هیندستان بگرن و چین بەدەسدرێژکەر بناسێنن، حاجی فەرمانی دامێ کە لە ڕۆژنامەدا هەر جارێک ناوی چین هات دەبێ وشەی دەسدرێژکەری لەپاڵدا بنووسرێ، هەرچی ویستم پێی بسەلمێنم کە ئەم وشەیە بۆ هەموو شوێنێک دەست نادا قایل نەبوو و کردی بەبڕیارێک، ئێمەیش بەناچاری ئەم فەرمانەمان بەجێ گەیاند، لەسەر ئەمە تووشی هەندێ هەڵوێستی گەماوی بووین کە شیاوی گێڕانەوە و پێکەنینە:

- «کۆماری چینی دەستدرێژکەر سەنگێکی گرانی داوە بەهێزی وڵاتە بێ لایەنەکان و بۆتە لەمپەرێک کە ئیمپریالیستەکان ناچارن حیسابی بۆ بکەن».

- «شوئین لای سەرۆکی کۆماری چینی دەسدرێژکەر، ئامادەیی وڵاتە دەسدرێژکەرەکەی خۆی بۆ پشتگیری وڵاتە بێ لایەنەکان پیشان دا و گوتی حەوسەد ملیۆن چینی دەسدرێژکەر دیوارێکی پۆڵایین لە بەرامبەر ئیمپیریالیستەکاندا».

- «ئەمڕۆ وەزیری دەرەوەی کۆماری عێراق پێشوازی لە باڵوێزی کۆماری چینی دەسدرێژکەر کرد و بۆ ماوەی دوو سەعات پێکەوە دوان، کۆبوونەوەکە لە بارێکی گەرمی دۆستانەدا پێکهات و سەلماندی کە پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان هەردوو کۆماری عێراق و چینی دەسدرێژکەردا پتەو و لە پچڕان نەهاتووە».

## ٣١- کودتای شوبات و گیرانم

دەزگای دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم)، بەهۆی بێ پرۆگرامی و لەژێرەوە دەم تێژەندنی نەیارەکانی، لەم دواییانەدا وەکو قاوخێکی بێ ناوەرۆکی لێ هاتبوو، لە هەموو لایێکەوە وێنەی زەعیم بەدار و دیوارەوە درابوو و لە بنەوە پلانی ئاوەژووکردنەوەی دەکێشرا، زەعیمیش کە لە خۆشەویستی خۆی لەنێو گەلدا دڵنیابوو بیری بەلای دوژمنانیدا نەدەچوو کە بوێرن دەستی لێ بوەشێنن، بەگژ پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا چووبوو، پشتی کردبووە حزبی کۆمۆنیست، ڕاوێژ و پێشنیاری ئەفسەرە دڵسۆزەکانی دەوروپشتی خۆی بەڕاستەقینە وەرنەدەگرت، پێی وابوو تەنیا بوونی خۆی بەسە بۆ هەسدانەوەی دوژمنان و ئامادە ڕاگرتنی گەل... لەبەر ئەمە هەموو کەس هەستی بەمەترسییێکی نەزانراو دەکرد و چاوەڕوانی گۆڕانکارییێکی ناخۆش دەکرا، کە ئەویش لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨دا ڕووی دا.

ئەو ڕۆژە هەینی بوو، ئەفسەر و دڵسۆزەکانی زەعیم کەسیان لە سوپاگاکان نەبوون، دەستەی بەعس و گرۆی سەلام کوڕی عارف دەرفەتیان هێنا، چەند فڕۆکەیێکیان دەست بەسەردا گرت و پەلاماری وەزارەتی بەرگرییان دا کە شوێنی زەعیم بوو، پەلامارەکە ئەوەندە کتوپڕ و ناکاو بوو کەس فریای هیچ نەکەوت، پاش چەند سەعاتێک وەزارەت و دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن داگیرکران، زەعیم و ئەفسەرەکانی هەواڵی درانە بەر گوللە و بەتەواوی دەست بەسەر بەغدادا گیرا، ئەمجار کودەتاچییەکان وەکو سەگی هار پەلاماری خەڵکیان دا و ئەوەندەیان کوشت کە لە ژمارە نایێت. نموونەیێک لەو دڕندایەتییە ئەوەبوو کە چوونە ماڵی تۆفیق مونیر سەرۆکی نەقابەی پارێزەران، لە ناوەڕاستی حەوشەدا خۆی و باوکی پیری و کوڕی لاویان لە یەک شوێنا کوشت.

نزیکەی هەشت ڕۆژ لە ماڵ نەچوومە دەرەوە، بەڕادیۆ دەنگوباسی ناخۆش و زاڵبوونی ئەو دڕندانەم دەبیست کە چییان بەسەر ئەو خەڵکە دەهێنا، چاوەڕوانی کەمێک ڕەوینەوەی ئەم تەمەبووم تا بتوانم دەربازبم و بگەڕێمەوە سلێمانی. یەکێک لە کرێکارانی چاپخانە کە من دەمناسی، سەر بە(ئەمن) بوو، ئەو بەشی زۆری نووسەر و کرێکارەکانی ڕۆژنامەی بەگرتن دابوو، بەڵام ماڵی ئێمەی پێ نەدەزانی لە گەڕەکی (دەباش)ین. ڕۆژێک پۆلیس دەچنە قوتابخانەی ناوەندی کە شێرکۆی کوڕمی لێیە، لەگەڵ خۆیان سواری جێبی دەکەن و هاتنە بەردەرگا... بەم جۆرە دۆزیمیانەوە و بردیانم.

یەکەم جار بردیانمە پۆلیسخانەی حوڕیە و پاش تاریک داهاتن گەیاندیانمە (یانەی



ئەعزەمییە). ئەم شوێنە کە دەیانگوت جێگای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی گیراوەکانە، زیاتر لە کوشتارگەی قەسابخانە دەچوو، شتی وام بیست و دی کە لە گێڕانەوە نایێت. لەبەر دەرگا لە پۆلیسەکانیان وەرگرتم و ناوونیشانمیان نووسی و (ئالوسی) ناوێک ناردمی بۆ ژوورێک ئەو ژوورە نە کەسی لێ بوو و نە هیچی تێدابوو، دەرگایان پێوەدا و بێ ئەوەی دای بخەن ڕۆیشتن. پەنجەرەی ژوورەکە بەرز و تەلبەند نەبوو و دەمتوانی بەباشی بەشی زۆری حەوشەکە ببینم. چەند داری مەتر و نیویم بینی چەقابوون وادیاربوو پاشماوەی ئامرازی یاریکردنی یانەکەیە، لە بن یەکێک لەو دارانە زەلامێک کەوتبوو لە پێشا وام زانی مردووە کەچی دیتم جار جارە دەستی دەجوولایەوە و هێشتا زیندوویی خۆی دەسەلماند، بەڵام نەبەسترابۆوە و نە کەسی بەدیارەوەبوو، دوایی سێ کەس پەیدابوون هەڵیان گرت و بردیان بەجۆرێک کە لاقی تەکەتەک لە زەوی دەخشا. ناو بەناو گوێم لە دەنگی زریکە و قیڕاندن و هاوار دەبوو کە نەمدەزانی چییە و لە کوێ دێت. خەڵک بەپەلە دەهاتن و تێدەپەڕین. ئافرەتێکم دی هێنایان. نازانم پیربوو یا لاو، بەچوار کەس لەنێوخۆیان گرتبوو، عەباکەی لەسەری هاتبووە خوارێ و لە کەمەری خۆی ئاڵاندبوو، دووان لە زەلامەکان قۆڵیان گرتبوو دووانیان لە پشتەوە دەڕۆیشتن. هەر وا ڕاوەستابووم و دەمڕوانی، زەلامێک دەڕۆیی چاوی پێم کەوت نەڕاندی بەسەرما و لەگەڵ یەک دوو جنێوی عارەبی گوتی: «دانیشە... هەڵنەستی». ئەمجارە پەکی ڕوانینم کەوت بەڵام هاوار و قیڕەم هەر دەبیست.

لەسەر عەردە ڕووتەکە قاچم لێ ڕاکێشا و بیرم لە بەسەرهات دەکردەوە، هەر چەندە هەستم بەبرسێتی و تێنوێتی نەدەکرد بەڵام دەمگوت ئاخۆ ئەگەر تینووبم ئاوم دەست دەکەوێ؟... نزیک نیوە شەو دەرگا کرایەوە و بەدووکەس یەکێکی نیوە مردوویان بەپاڵ فڕێدایە ژوورەوە، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە هەستیان کرد منیش لێرەم، یەکیان لێی پرسیم «تۆیان لە کوێ هێناوە؟»، گوتم لە حوڕیەوە، ئیدی بێ ئەوەی هیچ بڵێن هەردووکیان ڕۆیشتن و دەرگاکەیان پێوەدا، چووم بەلای کەوتووەکەدا کە بێ جوولە لرخەی دەهات و چاوی نوقابوو، پیاوێکی ٣٠-٣٥ ساڵە دیاربوو، چاکەت و پانتۆڵێکی خاکی لەبەربوو، قژی بژ و دەموچاوی شێواو بەڵام خوێناوی نەبوو، دەستم تێوەژەند و گوتم ناتوانی هەستی پاڵ بەدیوارەوە دانیشی؟ لە دەنگی من کەمێک وریا بۆوە و چاوی کردەوە تەماشای کردم، بێ ئەوەی هیچ بڵێ هەناسەیێکی قووڵی هەڵکێشا و چاوەکانی لێکنایەوە. لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە و یەکێک هاتە ژوورەوە قەڵەم و پەڕە قاقەزێکی پێ بوو، ناو و ئیش و ڕۆژی گیرانمی پرسی و ڕۆیی.

دیتم کابرای کەوتوو تەکان دەدا ڕاست بێتەوە چووم لە دواوە شانیم گرت و هەڵم ئەستاند تا پاڵی بەدیوارەوەدا، بەهەناسەبڕکێ گوتی من ناوم (عەبدوزەهرە)یە و خەڵکی حیللەم، ئەوە سێ ڕۆژە لەژێر ئەشکەنجە و جەزرەبەدام، کاتی خۆی سەرۆکی نەقابە بووم بەڵام سێ ساڵە وازم لە نەقابە و لە حزبایەتی هێناوە، وا ئێستا داوای ئیعتیرافم لێ دەکەن، گوتم بەڵام نابینم بریندارکرابی یا خوێنت لێ هاتبێ، گوتی وەرە ئەم چاکەتەم لەبەر داکەنە، خۆیشی دوگمەی کراسەکەی کردەوە و نیشانی دام سەر پەراسوەکانی ڕەش و شین هەڵگەڕابوون، هەردوو بن هەنگڵی ئەو شوێنەی مووی لێ هاتووە سووتاوە، مووەکانی هەڵپڕووزاون و زنجکاوی لێ دێ، گوتی نێولینگیشمیان هەر بەم جۆرە سووتاندووە.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، جگە لەو بارە ناخۆشەی تێی کەوتووم و بیری دواڕۆژی تاریک. قیڕە و هەرا و زرمەکوتی هاتن و ڕۆیشتنی بێ پسانەوە هەراسیان پێ هەڵگرتبووم بیرم بەلای خەو و خواردندا نەدەچوو، هاوژوورەکەم سەری بەگۆشەی دیوارەوە نابوو و لرخەی دەهات، تازە هەتاو کەوتبوو چەند کەسێک هاتنە بەر دەرگاکەمان و یەکێک هاتە ژوورەوە، کە ئێمەی بینی لەوانی بەر دەرگای پرسی ئەمانە کێن؟ گوتیان ئەمەیان عەبدوزەهرەیە و ئەمەشیان ئەمشەو هێناوە، لە خۆمی پرسی لێیان کۆڵیوێتەوە؟ گوتم نا، گوتی بیبەنە دەرێ، منیان لە دەرەوە ڕاگرت و یەکێکی تازەیان هاویشتە ژوورەوە و دەرگایان پێوەدایەوە. بردیانم لەبەر ژوورێک ڕایانگرتم و گوتیان ڕاوەستە تا بانگت دەکەن. ئاودەستێک نزیک بوو چووم بەپەلە میزم کرد و هاتمەوە.

بانگ کرامە ژوورەوە، ناوونیشانیان پرسیم و هیچ نووسراوێکیان لە سەرم نەدۆزییەوە، تەلەفۆنی لەگەڵ پۆلیسی حوریە کرد، دەرکەوت کە من دائیرەی (ئەمن) داوای کردووم، بۆیە بەپەلە ناردیانم بۆ ئەمنی گشتی. لێرە بردیانمە ژوورێک چوارکەس ئەفسەری ئەمن خەریکی نووسین بوون. ئەوی سەروویان بانگی کردم، هێشتا هیچی لێ نەپرسیبووم یەکێک هاتە ژوورەوە و گوتی گەورەم ئەوا دوکتۆر عەبدولحەمید فەیزیمان هێنا، بەڵام با پێت بڵێم دوکتۆر لە ماڵی خۆی کتێبخانەیێکی پڕ و قەڵەباڵخی هەیە، من خۆم سەرانسەری ئەو کتێبخانەم پشکنی خوا دەزانێ یەک کتێبی عەرەبی تێدا نەبوو هەمووی ئینگلیزی بوو، تەنانەت تاقە یەک قورعانیش لە ماڵەکەیدا نەبوو، کەچی ڕەنگە خۆیشی بەموسڵمان بزانێ.

دەست کرا بەپرسیار و گوتی: «تۆ کە کوردی چۆن لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی یونس تائیدا دامەزراوی و پەیوەندیت لەگەڵ لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی کۆمۆنیستدا چییە و چۆنە و هاوڕێکانت کێن؟»، خەریکی وەڵامدانەوە بووم کە یەکێک هاتە ژوورەوە و بەگەرمی



ڕۆژباشی لە دانیشتوان کرد و چوو دەمی نا بەگوێچکەی کابرای سەروو و چەند چپەیێکی بۆ کرد، پاشان گەڕایەوە کە بڕوا چاوی پێم کەوت، وێستێکی کرد و لێم هاتەپێش بەبزەیێکی پێخۆشبوونەوە گوتی: «ها... هێناتیانی؟» لەگەڵ پرسیارەکەیدا تا هێزی تێدابوو یەک زللەی لە بناگوێم سرەواند کە مێشکم زرنگایەوە و یەک دوو هەنگاو پاشەوپاش چووم، ئەمجا بەپێکەنینەوە پێی گوتن: «ئاگاتان لەمەبێ» و ڕۆیشتە دەرەوە!

ئەم کردەوەیە بوو بەهۆی سەرسوڕمان و تووڕەبوونی دانیشتوان، لێکۆڵەرەوەکەی من قەڵەمەکەی دانا و سەیرێکی من و هاوکارەکانی کرد و گوتی: «جا توخوا ئەمە ئیشە؟ تاوانبار لەبەردەمی مندایە لێی دەکۆڵمەوە، تۆ بۆچی خۆتی تێ هەڵدەقوتێنی و لێی دەدەی؟». ئەمجا لە منی پرسی دەیناسی؟ گوتم یەک جارم دیوە بەڵام نازانم ناوی چییە و لە کوێ ئیش دەکا، گوتی لە کوێت دیوە؟ گوتم پار کە سەرۆکی جەزایر (ئەحمەد بن بێللا) هاتە بەغدا، لە زەعفەرانیە بۆ میهرەجانی ساڵانەی وەرزین بانگ کرابوو، منیش لەلایەن ڕۆژنامەی (الثورة)وە نێردرابووم، کاتێ گەیشتم یاری دەستی پێ کردبوو و کورسی خاڵی نەمابوو، نیازی گەڕانەوەم هەبوو کە ئەم پیاوە هاتە لام بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و گوتی بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟ گوتم درەنگ هاتووم و وا دیارە جێگای بەتاڵ نەماوە. ئەو گوتی نا، چۆن دەبێ نوێنەری ڕۆژنامەی (الثورة) کە ڕۆژنامەی زەعیمە جێگای نەبێ، فەرموو وەرە لە ڕیزی پشتەوەی زەعیم و سەرۆک بن بیللا کورسیێکم بۆ هەڵگرتووی... بەم جۆرە جێگای بۆ کردمەوە و منیش سوپاسم کرد.

کابرای لێکۆڵەرەوە سەری لەقاند و هەندێ پرسیاری لەمەڕ نووسینەکانی دژی سەرۆک جەمال عەبدولناسر لێ کردم و پاشان گوتی: لە داخی ئەو کابرایە بڕیارم دا ئیشەکەت بۆ سانا بکەم. پۆلیسی بەردەرگای بانگ کرد و گوتی ببەن، هێنایانم بۆ گرتووخانەی ئەمن. ئەم گرتووخانەیە دوو ژووری بەرامبەری یەکتر و پێم وایە ٣×٤ مەتر بوون، ئەوەندە پڕ و پەستێوراو بوون ئەوانەی بەردەرگا پاڵیان بەیەکتر نا تا توانیم بگەمە ژوورەوە، ئەو کاتە کە دوارۆژەکانی مانگی شوبات و لە دەرەوە دنیا ساردبوو، لەم ژوورەدا بۆنی ئارەقە و هاڵاوی هەناسە پڕی کردبوو بەزەحمەت هەناسەمان بۆ دەدرا، بۆیە ڕاوەستانی بەردەرگای دەرەوەیان کردبوو بەنۆرە بۆ نەگبەتی زۆربەی ئەو خەڵکە جلکی زستانییان لەبەردابوو و هەندێکیان پاڵتۆشیان پێ بوو، بەجۆرێکی وا تێک ترنجابووین ڕێگای جوولانەوە و خۆ خوراندنمان نەبوو. لە دوێنێ نیوەڕۆوە هیچم نەخواردبوو، بێ هێز و داهێزراو بووم، حەزم لە دانیشتن و پاڵدانەوەبوو، کەسم لەو خەڵکە نەدەناسی، کەسیش یەکتری نەدەدواند، دوانی دیکەشیان لە دەرەوە هێنا و فڕێیان دانە ژوورێ و پەستانەکەمانیان سفتتر کرد. یەکێک

هاواری لێ هەستا «کوڕە بۆ خاتری خوا میزم بەخۆمدا کرد»، لە دەرگاوە بانگی عەریفیان کرد، عەریف دەرگای نەکردەوە بەڵام گوتی کەمێک خۆ بگرن، هەندێکتان دەڕۆن و سووکتر دەبن. پاش ماوەیێک هاتن ناویان خوێندەوە بیست و دووکەسمان لێ برایە دەرەوە، کەمێک شانمان حەسایەوە بەڵام هێشتا زۆر چڕ بووین. بۆ نیوەڕۆ دەرگا کرایەوە تا چوار چوار بچن بۆ سەراو، زۆر کەس نیازی پاڵەپەستێ و پێشبڕکێیان هەبوو بەڵام پێشنیارکرا زۆر تەنگاوەکان پێشکەون. پاشان یەکی یەک سەموونیان داینێ و سەتڵێک ئاویان هێنا لەودیو دەرگاکەوە دایان نا بۆ ئەوەی لەنێو شیشە ئاسنەکانەوە دەست بەرین جامە فافۆن لای لێ پڕ کەین و بیخۆینەوە، لای ئێوارە ١٢ کەسیان لێ کەم کردینەوە، کەمێک باشتربووین بەڵام هێشتا زۆر چڕ بووین، لەنێو خۆماندا بڕیار درا گۆشەیێک تەنک بکەین و بەنۆرە شەش کەس بچن دوو سەعات ڕابکشێن، ئەوانی دی دەمانتوانی لە ئاستی خۆمان دانیشین یا هەڵترووشکێین. یەکێکی بەساڵاچوومان تێدا بوو وابزانم ناوی عەبدولهادی بوو باڵوێز یا قونسولێ بووە لە ئیتاڵیا، ئەو کۆڕێکی خۆشی پێکەوەنا بوو قسەی خۆش و بەسەرهاتی گەماوی بۆ دەگێڕاینەوە، سەیر لەوە دایە کە بەو حاڵەشمانەوە پێکەنینمان دەهات و دەتریقاینەوە.

ڕۆژی دوایی من و چەند کەسێک بانگ کراین، خراینە لۆری و لە (پشتی سەددە) هەڵیان ڕشتین. ئەم شوێنە ئۆردووگای پۆلیسی گەڕۆکی عێراق بووە و بریتییە لە ١٢ قاوشی گەورە کە هەر قاوشە بۆ سەد پۆلیس دانراوە، بەڵام ئێستاکە کراوە بەگرتووخانە، قاوشەکانی دووسەد تا سێ سەد کەسیان تێ ئاخنراوە، ئێرە کە چۆڵ و دوور لە بەغدایە ئەو گیراوانەی تێدا کۆ دەکرێتەوە کە تاوانەکانیان قورس نییە یاخود هێشتا تاوانی زلیان لەسەر نەدۆزراوەتەوە. لەو ڕۆژانەدا جگە لە سینەما و قوتابخانەکان هەرچی شوێنە گشتییەکانیش هەن کرابوون بە گرتووخانە. وا دیاربوو کودەتاچییەکان جگە لە خۆیان گومانیان لە هەموو کەس هەبوو و دەیانگرتن تا پاکانەی خۆیان دەکەن.

من بەر قاوشی ژمارە یازدە کەوتم کە هێشتا نەئاخنرابوو، ئێرە ژمارەیێک پارێزەر و پرۆفیسۆر و دکتۆری لێ بوو و چەند برادەرێکی کوردی ناسیاویش وەکو (حەمە سەعید کانی مارانی) حاکم مەعاونی پۆلیس (عیزەددین جەباری) و ئەندازیار (عەبدوڕەحمان)، ئەوان پێش من هاتبوون و گوایا چاو و گوێیان کرابۆوە، جار جارە ئەو نان و خواردنەی لە ماڵەوە هەموو ڕۆژێ بۆیان دەهات دەگەیشت و هەندێ جار نەدەگەیشت، لێرە هەناسەیێکم هاتەوەبەر و ئاگاداری هەواڵەکانی دەرەوە بووم و پتر لە کوشتن و بڕینی نێو بەغدا گەیشتم.



هەر لەو ڕۆژانەدا سی کەسێک کوردی ناوچەی شارەزووریان هێنایە لامان و قاوشەکەمانیان پێ پڕ کردنەوە. هێشتا دە ڕۆژێکی بۆ نەورۆز مابوو دەستمان کرد بەئامادەیی و خۆ ڕێکخستن بۆ ئاهەنگگێڕان، کوردەکان کە لادێیی بوون مەشقی گۆرانی (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە...)مان پێ کردن تا باش فێری بوون، مامۆستا عەرەبەکانیش تێکەڵاوبوون گوتار و شیعریان ئامادە کرد، ئێوارەی ٢٠ی ئازار ئاهەنگ دەستی پێ کرد، ئەو چوکلێت و نوقڵانەی لە ماڵانەوە هاتبوو دابەش کرا، لە چەقی ژوورەکەدا هەندێ قاقەز و مقەبامان ئاگر تێ بەردا و بەتێکڕایی سروودی نەورۆزمان خوێندەوە، بەگوتار و بەشیعری کوردی و عەرەبی باسی ئاکامی ئەژدەهاکمان کرد کە سەری بەکوتکی ئاسنگەرێک پان کرایەوە.

گۆرانیبێژێکی بەغدایی بەناوی (سەعید عەجلاوی) تازە لە لبنان گەڕابۆوە و گیرابوو، دەنگی خۆش بوو. هەندێ گۆرانی تازەی لبنانی بۆ دەگوتین، منیش یەکێ لەو گۆرانییانەم شێواندبوو وشەکانی نەورۆز و کاوە و ئەژدەهاکم تێکەڵاو کرد، کاتێ سەعید عەجلاوی بەدەنگە خۆشەکەی ئەم هەڕەمە کوردی و عەرەبییەی بەئاوازی لبنانی دەچڕی، شتێکی زۆر خۆش دەردەچوو.

## ٣٢- دیسان بەرەو سنوور

ئۆردووگای پشتی سەددە کە لە قەراخ شارە و ئێستا بۆتە گرتووخانە، چوار دەوری تەلبەندکرابوو و دەروازەیێکی زلی لە خوارەوە بۆ هاتوچۆ لێ هێڵرابۆوە. بەیانیان تا نیوەڕۆ خەڵکیان دەهێنا و دەبرد ئاسایی بوو، بەڵام ئێواران و شەو هەر کاتێ جیێبی حەرەس قەومی دەردەکەوت و داوای یەکێکیان دەکرد، نیشانەی مەترسی و ئاکامی خراپی داواکراوەکە بوو کە دەبرا بۆ بەردەمی یەکێ لە لیژنە دڕندەکانی کوشتن و بڕین.

پەنجەرەی قاوشەکەی ئێمە ڕێگای دەرەوەی لێ دیاربوو، ڕۆژێک دیمان جیێبی گۆڕین پەیدابوو، هەموو گوتمان داخوا ئەمڕۆ سەرەی چ کڵۆڵێ بێت؟ پاش ماوەیێک عەریفی پاسەوان گەیشتە بەر دەرگای قاوشەکەی ئێمە و لە دەلاقەکەوە بانگی کرد (سەعید ناکام)، کە وەڵاممان دایەوە گوتی ئامادەبە و کەلوپەلت بێنە هاتوون بەدواتا... هاوقاوشەکانم وەکو چاویان لەو پەتی سێدارە بێ کە بۆم هەڵخراوە ماتەمینی دایگرتن و هەندێکیان ئاو بەچاویاندا هاتە خوار. من پێشتر زۆر جار کەوتوومە هەڵوێستی نالەبار و مەترسیدارەوە و بەرەو ڕووی ناخۆشی زۆر گەورە بووم، وا لە خۆم ڕادەبینم کە بتوانم بەرامبەر بەپێشهاتی جەرگبڕیش خۆ ڕاگربم و نیشانەی شپرزەیی و شڵەژانم لێ

دەرنەکەوێ، کەچی ئاخ و ئۆفی هاوڕێکانم ورەی منیشی دابەزاند و لە پەلوپۆی خستم، نوێنەکانیان بۆ پێچامەوە و کەمێک خواردنیان بۆ دانام و بەگریانەوە ماڵاواییان لێ کردم و لە دەرگای قاوش چوومە دەرێ و دانیشتم تا جێبەکە دێ، لەو کاتەدا مەعاون (عیزەدین جەباری) کە لە قاوشی (٩) دەگەڕایەوە -جار جار ڕێگا دەدرا قاوشەکان هاتوچۆی یەکتر بکەن- چاوی بەمن کەوت لەسەر نوێنەکانم دانیشتووم، پرسیاری لێ کردم، گوتم هاتوون ببەن، زۆر بەشێنەیی گوتی: «جا چی تێدایە، تۆ هەموو ژیانت لە خەبات و بەربەرەکانێدا ڕابواردووە و ناوێکت بۆ خۆت تۆمار کردووە، ئێستاش یا بەسەربەرزی ڕزگارت دەبێ یا ژیانت بەشەهیدی کۆتایی دێت» ، ئەمەی گوت و ماڵاواییێکی پیاوانەی لەگەڵ کردم و بردیانەوە ژوورەوە... ئەم گوتەیەی کاک عیزەدین بەپێچەوانەی هەڵوێستی برادەرانی ژوورەوە، بەڕاستی زیندووی کردمەوە و ورەم لە جاران بەرزتر بۆوە، ئازایانە خۆم بۆ هەر چەشنە پێشهاتێک ئامادە کرد.

لە پشتی سەددەوە هێنایانمە گرتووخانەی گشتی و خستیانمە حەوشەی ژمارە (٤) ، لێرەدا (کازم سەماوی) خاوەنی ڕۆژنامەی (ئینسانیە) و (ئەحمەد خەلیل) ئاوازساز و گۆرانیبێژی کوردم ناسییەوە، بردیانمە لای خۆیان و چەند ڕۆژێک لێرە مامەوە، ئێوارەیێک بەڕێوەبەری گرتووخانە (محەمەد حەسەن تائی) بۆ سەردان و ڕوانینی حەوشە هات، لە بیست ساڵ پێشترەوە ئەم پیاوەم ناسیوە، واتا ئەو کاتەی بەڕێوەبەری گرتووخانەی سلێمانی بوو. بانگی کردمە لاوە و گوتی: «نهێنییێکت پێ دەڵێم، ناوت هاتووە و دێن دەتبەن و نازانم چیت لێ دەکەن، ئاگاداربە و خۆت ئامادە بکە» ، ئەو شەوە لەگەڵ کازم سەماوی و ئەحمەد خەلیلدا قسەم کرد، هیچم نەبوو لایان دابنێم یەک دوو کوتە قاقەز نەبێ کە شیعرم تێدا نووسیبوون، بەئەحمەد خەلیلم گوت ئەگەر بۆی لوا با منداڵەکانم لە سلێمانی ئاگادار بکا کە منیان برد بۆ ئیعدام.

ڕۆژی دوایی پاش نیوەڕۆ دەستەیێک حەرەس قەومی هاتن و لە دەرەوە دانیشتن، گیراوەکانیش لەنێو تەلبەندەکاندا کۆ کرانەوە، بەڕێوەبەر لەوێ نەبوو، جێگرەکەی دەفتەری ناوەکانی دانابوو دەیخوێندەوە و حەرەس قەومییەکان لیستەکەی خۆیانیان دەڕوانی، ئەگەر ناوێکی خوێندراوە لە لیستەکەی ئەواندا ببوایە دەیانبردە دەرەوە بۆ ئیعدام گومانم لەوەدا نەبوو کە هاکا سەرەم دەگاتە سەر و دەمبەنە دەرێ، لەم بیر و دڵەکوتێیەدا بووم کە بانگیان کرد (محەمەد سەعید کازم) ، لە خۆمەوە بەبێ ڕاوەستان (بەڵێ)یێکم گوت، گوتیان ئیشت؟ گوتم فەرمانبەر، حەرەس قەومی قسەیان نەکرد، بۆیە بەمنیشیان گوت (بڕۆ) ؟ ڕاست گەڕامەوە جێی خۆم.



خۆم و برادەرەکان سەرمان سوڕمابوو نەماندەزانی بۆچ نەیانبردم، لای ئێوارە دیسان (محەمەد حەسەن تایی) سەری لە حەوشەکەمان دا و بەچاوپێکەوتنی من سڵەمییەوە و پرسیاری کرد چۆنە ماوم؟ گوتم چونکو ناوی منیان پێ نەبوو. سوێندی خوارد کە بەچاوی خۆی (سەعید ناکام)ی لە نێو لیستەی داواکراواندا دیوە، گوتم بەڵام من لە دەفتەرەکانی ئێوەدا بە(محەمەد سەعید کازم) نووسراوم، تائی ئەمەی پێ خۆش بوو و گوتی وا دیارە بەختت یارمەتی داوی کە جێگرەکەی من ناکامی لێ بۆتە کازم.

***

لە گرتووخانەی گشتییەوە بردیانم بۆ پۆلیسخانەی (سەفەر) ، مودیری ئەم دائیرەیە گوتی کە «نامەوێ تۆ لە عێراقدا بمێنی، ئێرانیش وەرت ناگرێ، باشتر وایە خۆت بەلایێکدا بڕۆیت و نەگەڕێیتەوە، کام سنوورت پێ باشە دەتبەین لەوێ بەرەڵڵات دەکەین» ، گوتم لە جیاتی ئەوە ڕێگام بدەن خۆم سەر لە باڵوێزخانەکان بدەم بەڵکو لایێک وەرم دەگرێ، گوتی باشە بەڵام ناوی ئەو باڵوێزخانانەم پێ بڵێ کە دەتەوێ سەریان لێ بدەیت، گوتم سۆڤێت و چیکۆسلۆڤاکیا و هیندستان و کۆریای ژوورو، هۆی ئەم هەڵبژاردنەی پرسی، گوتم چونکو ناسیاویم لەگەڵ پاشکۆی ڕۆشنبیرییاندا هەیە، مودیر ئەم داواکارییەمی پەسندکرد و بۆ ڕۆژی دوایی یەک پۆلیسیان لەگەڵ ناردم، یەکەم جار چوومە باڵوێزخانەی هیندستان و داوای میستەر (ساردار)م کرد کە ڕیشدارێکی ئیسلام بوو زمانی فارسی باش دەزانی، لە ئاهەنگی باڵوێزخانەکاندا ناسیاریمان پەیدا کردبوو، بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە و گوتم تەنیا یارمەتی ئەوەم بدەن کە بەناوی پەنابەر لێرە دەرچم پاشان ئەگەر ویستتان لە هیندستانەوە بۆ وڵاتێکی دی دەڕۆم. ساردار چوو قسەی لەگەڵ باڵوێز کرد و هاتەوە گوتی باڵوێزی قایل کردووە بەڵام پێویستە من جارێ چاوەڕوان بم تا وەڵامی دەلهی دێتەوە، ئەمەیش لانی کەم پتر لە مانگێک دەخایەنێ.

ئەمجار ڕووم کردە باڵوێزخانەی چیکۆسلۆڤاکیا کە چۆڵ و هۆڵ دەهاتە بەرچاو، بەهۆی باخچەوانێکی بەغدایییەوە پاش کون و کەلەبر گەڕان، پیاوێکی چیکیمان دۆزییەوە کە هیچ زمانێکی نەدەزانی، پێم گوت من (میرۆسلاڤ هۆسکا )م دەوێ، کابرای زمان نەزان بەبیستنی ئەو ناوە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ شوێنێک کرد و پاشان تەلەفۆنەکەی دایە دەستم، یەکێک لەو سەرەوە بەعەرەبی وەڵامی دامەوە و پرسی چیت دەوێ؟ گوتم هۆسکا دەناسم و دەمەوێ یارمەتیم بدات بگەمە چیکۆسلۆڤاکیا ، گوتی تەلەفۆنەکە بدەوە بەو پیاوەی لەلاتەوەیە، پێکەوە قسەیان کرد و دیسان تەلەفۆنیان دایەوە دەستم، ئەوی ئەوسەر گوتی هۆسکا لێرە نەماوە، باڵوێزخانەیش کەسی وای تێدا نەماوە، ئەم داخوازییەی تۆیش

ڕێگای بەجێهێنانی نییە. لەوێ هاتینە دەر و ڕوومان کردە باڵوێزخانەی سۆڤێتی.

لێرە ئەو ناسیاوەی داوام کردبوو زوو بەدەنگمەوە هات، پاش ئەوەی بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە بەڵێنی یارمەتی دا و بەرە و ڕووی کۆنسوڵخانەی کردمەوە، لەوێش پاش لێکۆڵینەوە و پڕکردنەوەی چەند ئیستیمارە، گوتیان پاش یەک هەفتەی دی سەریان لێ بدەمەوە بەمەرجێ (١٢) وێنەی فۆتۆگرافی خۆم و نامەیێکی میریم پێ بێ کە من عێراقی نیم و میری ڕێم لێ ناگرێ بۆ هەر کوێ بچم، کاتێ لە کۆنسوڵخانەی سۆڤێتی هاتمە دەرەوە لە دڵی خۆمدا دڵنیابووم کە ئیشەکەم بڕاوەتەوە، بۆیە لە ئوتێلەکان گەڕام تا ناسیاوێکم دۆزییەوە، تکام لێ کرد کە لە گەڕانەوەیدا سەری ماڵی ئێمە بدات و پێیان بڵێ من ئەوا ڕۆیشتم بۆ سۆڤێت و پاشان ئەگەر توانیم لەوێوە پەیوەندییان پێوە دەکەم.

کاتێ ئەم ئاکامەم بۆ مودیری سەفەر گێڕایەوە ئەو قایلبوونی خۆی دەربڕی و منیش بەچاوەڕوانیی ڕۆژی دووشەممە دانیشتم. گەیشتمە دووشەممە و خۆم گورج کرد و بەپاسەوانم گوت مودیر ئاگادار بکا، پاسەوان هاتەوە و گوتی مودیر ئیشی هەیە، ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دوایی و هی دواتریش چەندی هاوارم کرد سوودی نەبوو، پاش چوار ڕۆژ توانیم بگەمە لای مودیر، پێش ئەوەی من هیچ بڵێم گوتی چوونت بۆ سۆڤێت پەسند نەکرا، چونکو ئاشکرایە یەکی وەکو تۆ بگاتە ئەوێ پڕوپاگەندەی خراپمان لەسەر بڵاودەکەیتەوە، گوتم ئەوانەی ئێستا لە دەرەوەن و لێتان دەدوێن زۆرن، گوتی بەڵام وەکو دەڵێن گوایە زمانی تۆ لەوان درێژترە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابە ئێمە دەتنێرین لەسەر سنوور بەرەڵات دەکەین، جا کوێ ئارەزوو دەکەی ڕووی تێکە.

پاش چەند ڕۆژێک ناردیانم بۆ باقوبە و لەوێشەوە بۆ خانەقین. برادەرێک خۆی گەیاندە لام و گوتی نیازیان وایە بتبەن لەسەر سنوور بەرەڵات بکەن، وا منیش دەچم لەگەڵ مەعاونی پۆلیسدا ڕێکدەکەوین بۆ چۆنێتی ڕۆیشتنت، ئەو ڕۆژەی بڕیاری ناردنم درا برادەرەکەم هاتەوە لام و گوتی ئەم نیوەڕۆیە لە پشت مەرکەزی (مونزرییە) بەرت دەدەن، بچۆرە سەر پیادە ڕێیەکە و لەوێ چاوەڕوان بە، زەلامێک و وڵاخێکی سواریت بۆ دەنێرم تا بتهێنێتە ئەو شوێنەی خۆم چاوەڕوانتم.

وەکو ئەو گوتبووی گەیاندیانمە مونزرییە و لەوێ پۆلیسێکیان لەگەڵ ناردم تا لە گردۆڵکەی پشتی مەرکەز ئاوابووین، پۆلیس گەڕایەوە و منیش چووم لە قەراخ ڕێگاکە لێی دانیشتم، زیاتر لە دوو سەعات چاوەڕوانیم کرد کەس نەهات، لەو قەراخ ڕێگایە و بەقرچەی گەرمای نیوەڕۆ تەواو شپرزە بووبووم کە دوو سوار لە دوور دەرکەوتن بەرەو خانەقین دەڕۆیشتن، کە گەیشتنە لامەوە دیتم پیاوێکی کاکەیی و منداڵێکی ١٠-١٢



ساڵانەن، کابرا سەرنجی دامێ جانتایێک و ترمۆسێکی ئاوی ساردم پێیە و دانیشتووم، پرسی بۆ لێرەم؟ گوتم چاوەڕوانی هاوڕێیێکم دەڕۆین، گوتی ئاوا یا ئاوا، دەستی بۆ ئێران و عێراق درێژ کرد؟ گوتم ئاوا، واتە بۆ ئێران، گوتی چەندم دەدەیتێ بەسواری بتگەیێنمە ئێران؟ وەکو بیرم لێ کردەوە مانەوەم لەم سەر چەقی ڕێگایە بەرامبەر بەبنکەی پۆلیس یا گەڕانەوەم بۆ خانەقین و دووبارەبوونەوەی گاڵتەکاری هێنان و بردن، ڕاست نییە، بۆیە لەگەڵ کابرا کەوتمە سەودا و بەدینار و نیوێک پێکهاتین، کوڕەکەی لەوێ بەجێهێشت و منی خستە پاشکۆی خۆی، نزیکەی کیلۆمەترێک ڕۆیشتین بنکەی ئێرانی سەر سنوور دەرکەوت. کابرا گەڕایەوە و منیش بەجانتا و ترمۆسەوە کوتام تا گەیشتمە بەر قوللەی ئێران و هاوارم کرد پەناهندە، پەناهندە، یەکێک هات بەفارسی بەخێرهاتنی کردم و چووین لە چایخانە دانیشتین تا ترومبێلێک هات پێکەوە سواربووین بەرەو قەسری شیرین، لە دایرەی مەرزبانی دایاننام تا سەرهەنگ دێ، لەو کاتەدا (ڕەزا عەباس)م دی هات (ئەمە لاوێکی فەیلی بەغدایە و لە زانکۆی بەغدا دەیخوێند، دوو برای هەبوو کە نانەواخانەیێکی گەورەیان هەبوو لە بەغدا. پاشتر دەریانکردن بۆ ئێران). کاتێ ڕەزا چاوی پێم کەوت هات چاکوچۆنیمان کرد و چۆنێتی هاتنی خۆمم بۆ گێڕایەوە، گوتی منیش لێرە لە دایرەی مەرزەبانی دامەزراوم، من کە پاسەوان و شتم بەدیارەوە نەبوو. دەستی گرتم و لە مەرزەبانی هاتینە دەرەوە بردمی بۆ میوانخانەیێک ژوورێکی بۆ گرتم و گوتی ئەمڕۆ بەناوشاردا بگەڕێ، سبەی دەچیتە لای سەرهەنگ و کارەکەت بۆ ڕایی دەکەین.

ڕۆژی دوایی چووینە لای سەرهەنگ و گوتم من ڕۆژنامەنووسێکی عێراقیم و لە ترسی پۆلیس پەنام بۆ ئێران هێناوە، سەرهەنگ بەخێرهاتنی کردم و گوتی تۆ کوردیت و ڕەزاش کوردە، پێکەوە تەگبیر بکەن و بڕیار بدەن پاشان وەرنەوە لام چیتان ویست بۆتان جێبەجێ دەکەم، ڕەزا داوای کرد جارێ چەند ڕۆژێک ماوە بدرێم تا دەحەسێمەوە، سەرهەنگ ڕازی بوو.

لە دەرەوە ڕەزا گوتی بەڕای من مانەوەت لە ئێراندا تەواو نییە و باشتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق، گوتم منیش مەبەستم لە هاتنە ئێرە هەر ئەوەیە، گوتی کەواتە ئیشەکەت سانایە و دەتوانین بەڕەحەتی بتنێرین.

## ٣٣- بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکان

سێ ڕۆژ لە شاری قەسری شیریندا بەسەربەستی گەڕام، ڕۆژی چوارەم ڕەزا پێی گوتم کە ئەمڕۆ دێن بەدوامدا و بۆ بەیانی دەگەمە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی عێراق،

جانتاکەم لە ئوتێل هێنا و چووینە پۆلیسخانە، ئەفسەری پۆلیس بەرێزەوە بردمی لە ژوورێک دایانم، ئێوارە پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵا هات کە ناوی (فەیزوڵڵاخان) بوو هات و یەکترمان ناسی، بەئەفسەری پۆلیسی گوت ئاغا (واتە من) میوانی ئەوم و دەمبا بۆماڵی خۆیان، ئەویش دەفتەرێکی پێ ئیمزا کرد و ماڵاوایی لێ کردم، لەگەڵ فەیزوڵڵاخان سواری جێبەکەی بووین و چووینە مەرزەبانی گروبانێکیشمان سوارکرد و کەوتینە ڕێ، تاریک داهاتبوو لە شار هاتینە دەر، بەڕێگاییێکی کوێرەڕێدا پاش سەعاتێک گەیشتینە گوندی فەیزوڵڵاخان، ئەو پێشتر خواردن و خواردنەوەییێکی زۆری ئامادە کردبوو، جەژنی گروبانی عەجەم بوو هەتا توانی خواردی و خواردییەوە، پاشان موختار و دوو کەسی ئاوایی هاتن کران بەشایەدی ئەوەی کە من بەساخ و سەلیمی درامە دەست فەیزوڵڵاخان، گروبان قاقەزی مۆرکراوی خستە باخەڵی و پارەییێکیشی هەقی ماندووبوون وەرگرت و گەڕایەوە بۆ شار، منیش وڵاخێکی سوارییان بۆ ئامادە کردم و فەیزوڵڵاخان هەندێ ڕاسپێری تایبەتی پێ گوتم کە بە (مەکتەبی سیاسی)ی پارتی بگەیێنم و ماڵاواییمان لەیەکتر کرد، پیاوێک پێشم کەوت و هاتین، پاش نیو سەعات پیاوەکە گوتی ئێستا لە ئێران دەرچووین و لە خاکی عێراقداین، پێویستە یەک سەعات بێدەنگ و بەئەسپایی بڕۆین تا لە گوندی جاشەکان (حەوشکرۆ) دەردەچین، بەڵام زۆر نەڕۆیشتین چوار سواری چەکداری کوردمان لێ دەرکەوتن، گەیشتنە لامان، هاوڕێیەکەمیان ناسی و ماندوونەبوونیان لێ کرد و کەمێک بەچپە پێکەوە دوان، پاشان ماڵاوایییان لێ کردین و بەجێیان هێشتین، هاوڕێیەکەم گوتی ئەمانە جاش بوون و کە زانیان تۆ بەرەو شۆڕش دەچی گەڕانەوە. لە دوای دوو سەعاتێک ڕێ، گەیشتینە گوندێک لە قەراخ ڕووباری سیروان، چووینە بەر ماڵی موختار و لە خەو ڕاستمان کردەوە، موختار پاش بیستنی چپەی هاوڕێیەکەم کەوتە نێو ئاوایی و سێ زەلامی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بەنێو دار و درەختا لە بن بنچک و چڵوی دار، بەلەمێکی شاراوەیان دەرهێنا، من و سێ زەلامەکە سواربووین، ماڵاواییم لە هاوڕێ و موختار کرد و هاتین، بەبێدەنگی لە سیروان پەڕینەوە، لەوبەر لە سێ کەسەکە دووانیان بەسواری بەلەمەکە گەڕانەوە و سێیەمیان جانتاکەی منی هەڵگرت و هاتین، زۆر نەڕۆیشتین چووینە نێو گوندێک لەسەر جادەی دەربەندیخان -باوەنور - کە ناوی (بەرلوت)ە، دەرگای ماڵێکمان کردەوە، خاوەن ماڵ کە لە سەربان نوستبوو هاتنەخوار لە حەوشە نوێنیان بۆ ڕاخستم و نوستم، نوستنەکەم زۆری نەخایاند خەبەریان کردمەوە و گوتیان هەستە نان بخۆ و دەبێ بڕۆی چونکو (قافڵە) بەڕێوەیە و باش نییە تۆ لێرە ببینن. (لەو ڕۆژانەدا بەهۆی دەسەڵاتی شۆڕش بەسەر زۆربەی



ناوچەکان و ڕێگا گشتییەکانی کوردستاندا، هاتوچۆی ترومبێلی ڕێبواران دەبوایە لەگەڵ کاروانی چەکداری سوپاییدا بێت و بچێ کە پێیان دەگوت قافڵە، ئەم قافڵەیە هەفتەی جارێک یا دوو جار لە بەغداوە بەرەو سلێمانی دەهات). لەگەڵ چەند کەسێکدا چووینە سەر گردەکەی پشتی ئاوایی و سەیری تێپەڕینی قافڵەمان کرد، پاشان وڵاخی سواری و زەلامێکیان بۆ دانام و ڕۆیشتم.

بەچوار ڕۆژ بەسەر گوندەکانی (بیسمیللا) و (خاڵەوەند) و (سۆفی وەند) و (بەکر بایێف) و (زەردەلیسکاو) و (قەڵا)دا گەیشتمە بنکەی پێشمەرگە لە پشتی قۆپی، لە هەموو گوندێک وڵاخی سواری و شارەزام لەگەڵ دەهات، بەدرێژایی ئەو ماوەیە کەس هیچی لێ نەپرسیم، وا دیارە لەسەر ڕاسپێری فەیزوڵڵاخان کە گوایا من مامۆستاییێکی زلی شۆڕشم و دەمەوێ بگەمە مەکتەبی سیاسی، ئەو ڕێزەم دەگیرا.

لە بنکە برایان سیامەند و عەزیزم ناسی کە دوو لاوی بارزانی سۆڤیێت دیتو بوون و ناوی منیان بیستبوو، زۆریان ڕێزگرتم و سیامەند گیسکێکی قەڵەوی هەبوو بۆی سەربڕیم و شەوێکی خۆشمان پێکەوە ڕابوارد.

بەیانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەییێکدا بەرەو قۆپی سەرکەوتین، لەسەر چیا تووشی کاروانێکی کۆمۆنیستەکان بووین کە لە گەرمیانەوە بۆ قەرەداخ دەچوون، (شێخ حەسەن) و (عەتا تاڵەبانی)یان تێدابوو، دیتنی منیان لەنێو دەستەی پێشمەرگەدا بەسواری و ڕێزی زۆرەوە پێ سەیر بوو، دابەزیم و کەوتینە ئاخاوتن. من تا ئەو کاتەیش وام دەزانی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمۆنیستی عێراق پێکەوە دژی بەعسی هاوپەیمانن و هاوکاری دەکەن، کەسیش لێی نەپرسیبووم چیت؟ بەڵام شێخ حەسەن وریای کردمەوە کە پارتی و کۆمۆنیست نەک هاوکارییان نییە، بەڵکو کۆمۆنیستیش بەلای پارتییەوە وەکو بەعسی بەدوژمن سەیر دەکرێت و جەزرەبە دەدرێت. هەروەها گوتی ئەوان لە قۆپی ژوورێکیان دراوەتێ منیش دەتوانم لای ئەوان بم.

ئێوارە چووم سەری بارەگای پێشمەرگەم دا، بەرپرس (مەلا ناسیح) بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، بەڵام ئەفسەر و پێشمەرگەکان کە زۆربەیان خەڵکی سلێمانی بوون بەچاوپێکەوتنی من سەریان سوڕما، چونکو لە ساڵی ١٩٥٩وە من لەلایەن پارتییەوە بەدوژمنی کورد ناسێندرابووم و پێویست بوو لە هەر لایێ بەردەستی پارتییەکان بکەوم بگیرێم و سزابدرێم. (مەلا ناسیح) لێی پرسیم نیازی کوێت هەیە؟ گوتم بەتەمام بچم بۆ مەکتەبی سیاسی، گوتی کەواتە پێویستت بەپسوولەی ڕێگا هەیە، دەزبەجێ پسوولەییێکی (خۆتێنەگەیاندن)یان بۆ ڕێکخستم.

رۆژی دوایی سەرەوخوار بوومەوە بۆ بنکەی گڵەزەرد، یەک دوو لاوی ناسیاوم لەوێ بوون شەو لەلایان مامەوە و خەبەرم بۆ منداڵەکان نارد کە بێن بۆ لام، خۆیشم چوومە گوندی تیمار بۆ ماڵی (سدیق شێخ مەحموود) کە ناسیارم بوو و ئەویش لە شار ڕای کردبوو و لە تیمار کەپرێکی بۆ خۆی و منداڵەکانی پێکەوەنابوو، یەک حەوتو لە ماڵی ئەوان چاوەڕوانیم کرد تا منداڵەکان هاتن، شەوێک لام مانەوە و بۆ بەیانی بەرەو سلێمانی گەڕانەوە.

### ٣٤- لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیددا

لە چاخانەی (کانی ماسی) ماڵاواییم لە منداڵەکان کرد، ئەوان بەرەو شار ڕۆیشتن و منیش دانیشتم چاوەڕوانی ئەو کاروانییانە بووم کە ئێواران ڕێگای گۆیژە دەگرن و ڕووەو شارباژێڕ سەردەکەون.

لەو ڕۆژانەدا چاخانەی کانی ماسی لە بەندەرێکی قەراخ دەریا دەچوو کە لە زۆر لاوە کەشتی و پاپۆڕی لێ ڕادەوەستێ، بار خاڵی دەکرێ و بار باردەکرێ و لە هەموو چەشنە خەڵک و شێوە ئاخاوتنی جیاجیای تێدا بەرچاو دەکەوت، قاچاخچی دەرەوە کە شت بۆ نێو شار دەبا، قاچاخچی نێو شار کە کەلوپەل دەبا بۆ دەرەوە، ئەوانەی لە دەست میری ڕایانکردووە و ئەوانەی دەیانەوێ بەدزی بچنەوە نێو شار، دەسکیس و جاسوسی هەمەچەشنە بۆ ملۆمۆکردن و... بەکورتی لە هەموو بابەتی چاک و خراپ کە چاخانەی کانی ماسی یەکەمین قۆناخیان بوو! چاودێری و پاراستنی ئەم شوێنە گرنگە لەلایەن شۆڕشەوە درابووە دەست (عوسەی ئامە).

عوسەی ئامە یەکێک بوو لە چەتە و چەقۆکێشەکانی شاری سلێمانی کە سەرانەی لە پارەدارەکان دەستاند و گیران و بەربوونی لە پۆلیسخانەی شتێکی ئاسایی بوو، کەس نەبوو سڵی لێ نەکاتەوە و خۆی لێ لانەدا، ئەو جارانەی من دەکەوتمە گرتووخانەی سلێمانی و چەند مانگێک دەمامەوە، جار جارە ئەم کوڕە لەسەر دەست وەشاندن و بەگژ پۆلیسدا چوون دەگیرا، منیش کە وەکو نیشتەجێی هەمیشەیی گرتووخانەم لێ هاتبوو یەکڕاست دەهاتە تەنیشتمەوە و چۆنێتی گیرانەکەی بۆ دەگێڕامەوە، منیش هەموو جارێ دڵخۆشیم دەدایەوە و ئامۆژگاریم دەکرد کە ئەم ئازایەتی و دژی پۆلیسەی خۆی تێکەڵ بەبڕوای نیشتمانی و باری سیاسی بکات چونکو ئەم دەزگا و دوکانی پاشاییییە هەر وا نامێنێ و بۆ خۆیشی ماکی سەربەرزێتی تێدایە. عوسە یەک دوو ڕۆژ دەمایەوە و بەردەبوو، وەکو هەموو جارێ پێش چوونە دەرەوەی دەیگوت: «ڕقت لە کێیە پێم بڵێ تا



دایکی...»، منیش دەمگوت کاکە عوسمان ئەوەی من ڕقم لێیەتی تۆ دەستت نایگاتێ.

کاتێ عوسە منی لە چاخانەی کانی ماسی دی، دڵسۆزانە باوەشی پێداکردم و بردمیە لای خۆی، شوێنی مەبەستمی پرسیار کرد، پێم گوت پسوولەی خۆتێنەگەیاندنم پێیە و دەمەوێ بچم بۆ ماوەت، عوسمان بزەیێکی کزی دەرخست و گوتی: «برووسکەیێکی مەکتەبی سیاسی بۆ من و بنکەکانی دی هاتووە دەڵێ سەعید ناکام لە قەرەداخە، هەر کاتێک کەوتە بەردەستتان بیگرن و بینێرن بۆ ماوەت»، پاشان گوتی: «بەڵام من ئەگەر سەری خۆم دانابێ ناهێڵم لێرە بتگرن، ئێستاش بۆ نێو شار یا هەر لایێ دەچیت خۆم بەڕێت دەکەم»، سوپاسیم کرد و گوتم کەواتە دەچم بۆ ماڵی شێخ لەتیف لە سیتەک، عوسە ئەمەی پەسند کرد و گوتی ماڵی شێخ لە سیتەک نەماوە و چووتە گوندی (پاڕەزان)، ناردی ڕانکوچۆخەیێکی نیوداشیان بۆ هێنام خۆم گۆڕی و ئەو کاروانییانەی ڕاسپارد کە بۆ شارباژێڕ دەچوون ئاگاداریم بکەن و بمنێرن بۆ پاڕەزان، ئیدی ماڵاواییمان لێکتر کرد و جارێکی دی چاوم پێی نەکەوتەوە، چونکو زۆری نەخایاند لەڕێی شۆڕش و کوردستاندا شەهید کرا.

***

زەردەپەڕ لەگەڵ ئەو کاروانەدا کە عوسە ڕاسپێری منی پێ کردبوون بەقەراخ گوندی قڕگەدا سەر گۆیژە کەوتین و شەو ئاوابووینە دیوی بناویلە، لەسەر سەکۆی چاخانەیەک دوو سەعاتێ نوستم و چێشتەنگاو لەگەڵ چەند کەسێکدا ڕێکەوتم تا گەیشتمە (پاڕەزان)، ماڵی شێخ لەتیف کە لە خانوێکی کرمانجی دوو ژووردا بوون، چونکو بەپەلە شاریان بەجێ هێشتبوو، جگە لە کەلوپەلێکی کەم و پێویست هیچیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو، شێخ خۆی لە ماڵ نەبوو، حەلاوەخانی ژنی و کاوە کوڕە تاقانەکەی هاتنی منیان بەدەسکەوتێکی ئاسمانی دانا، ئەوان کە لەو گوندە پەڕەدا هاودەمێکیان نەبوو تەواو وەڕەز بووبوون، یەکێکی وەکو منیان بەئاوات دەخواست.

زۆر زوو پێکەوە سازاین، من شەکەتی و بگرە و بەردەی ئەو هەشت مانگە جەزرەبەیە ٢/١٦ تا ١١/١٠/١٩٦٣م دەرەواندەوە و دەحەسامەوە، ئەوانیش قسەی خۆش و شیعری کوردی و ڕووداوی مێژووییان دەبیست و پێی شاد دەبوون.

هەواڵی هاتنی منیان بۆ شێخ نارد کە بەپەلە گەڕایەوە و لە خۆشیان نەیدەزانی چی بڵێ، دەیگوت مەمنوونی بەعسییەکانم وایان لێ کردی بگەیتە ئێرە و ئەم زستانە پێکەوە ڕابوێرین... بەڕاستیش خۆشمان ڕابوارد، جگە لە ڕۆژەکانی تۆف و کڕێوە بەکۆمەڵ دەچووینە گوێ کانی یا سەر گردی بەرماڵان یا دەم ڕووبار گۆشتمان دەبرژاند و تا ئێوارە دەماینەوە،

شێخ میوانیشی زۆر دەهات کە زیاتریان شێخەکانی دۆڵی بەرزنجە و ئاغاکانی شارباژێڕ و دەوروبەری پێنجوین بوون.

### ٣٥- لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی

لە زستانا (٦٣-٦٤) بیستمان کە مەلا مستەفا بارزانی گەیشتۆتە ناوچەی پژدەر و ئێستا لە سەنگەسەرە، ناردوویەتی بەدوای کەسایەتی و سەرەک هۆزەکاندا تا چاوی پێیان بکەوێ. شێخ لەتیفیش دەبوایە بچێ، داوای لە من کرد لەگەڵی بچم و ڕۆیشتین.

لەو ڕۆژانەدا -سەرەتای ساڵی ١٩٦٤- ناکۆکی نێو پارتی تەواو خەست بووبوو، گۆڕانکارییەکەی بەغدا کە سەلام عارف توانیبووی حزبی بەعس یەکلا بکات و خۆی هەموو دەسەڵاتێک بەدەستەوە بگرێ، گرژایەتی شەڕی کوردستانی کەمێک خاو کردبۆوە و ئەو قورسایەتییەی جاران لەسەر بەرەی بادینان کەمێک سووکتر بووبوو، بارزانی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسابوو بگاتە ناوچەی سۆران.

بنەمای ئەم ناکۆکییەی نێو پارتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە بارزانی لە خاکی سۆڤیەت بوو. پاش گەڕانەوەشی ناکۆکییەکان شێوەیەکی دیکەیان بەخۆوە گرت.

لە ئەیلوولی ١٩٦١دا کە شۆڕشی کوردستان جاڕدرا مەلا مستەفا بۆ بەرگری لە مەڵبەندی بارزان کشایەوە بادینان، مەکتەبی سیاسی پارتی لە ماوەت جێگیربوو و ئازادیی هەڵسووڕانی خۆی وەرگرت، لەو کاتەدا شارە گەورەکانی لێ دەرچێ بەشی هەرە زۆری کوردستان ڕزگار و بەدەست پێشمەرگەوە بوو، لە بەمۆوە تا دەگاتە مێرگەسوور و هێڵەکانی سنوور بنکەی پێشمەرگەی تێدا دانرابوو، قەزا و ناحیەکان (قەراخ و پێنجوین و تەوێڵە و بەرزنجە و چوارتا و ماوەت و سورداش و ڕانیە و سەنگەسەر و قەڵادزە و بنگرد و گەڵاڵە و ڕایەت و بلە و مێرگەسوور و مانگێش و بامەڕنی و کانی ماسی و مزووری و شەڕانیش و گولی و...) ڕزگار کرابوون، مەکتەبی سیاسی نیازی وابوو جۆرە ئیدارەیێک لەم ناوچانەدا دامەزرێنێ، بەڵام لەبەر تازە کاری و نەبوونی کادری بەڕێوەبەرایەتی لێوەشاوە، گەلێک کۆسپی نالەباری دەهاتە ڕێ. پارتی ئەوەندەی کادری کارگێڕ نەبوو ئەم بۆشاییانەی پێ پڕ کاتەوە. بەناچاری کەلکی لەوانە وەردەگرت کە لە سلێمانییەوە هاتبوون.

پێشتر گەلێک سکاڵاو هاوار گەیشتبووە مەلا مستەفا لە ناوچەی بارزان و ئەویش فەرمانی لە بارەیانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی ناردبوو، بەڵام کەمیان هێنرابوونە جێ و گوێیان درابوویە، ئەم ناکۆکییانە و زۆری دیکە لە کۆنەوە کەڵەکە بووبوون و پێداویستی



ڕەواندنەوە بوون، بارزانی بۆیە هاتبووە ناوچەی سلێمانی و تەقە وەستانی لەگەڵ تاهیر یەحیا سەرەک وەزیرانی بەغدا مۆر کردبوو، تا سنوور بۆ کێشەکان دابنێ.

زۆر بەناڕەحەتی لە پاڕەزانەوە گەیشتینە قەڵادزێ کە هێجگار قەڵەباڵخ بوو، جگە لە پێشمەرگە و دەسوپێوەندی بارزانی میوانێکی زۆریشی تێ ڕژابوو، دووجار چاوم بەبارزانی کەوت، یەکەم لەگەڵ شێخ لەتیفدا کاتی گەیشتنمان و جاری دووەم کە قەڵەباڵخی کەم بوو ئەو ناومی پرسی و منیش بیرم خستەوە کە لە مەهاباد یەکترمان دیوە، جا خۆمانەیی پێکەوە دواین و کەمێک باسی کۆنم بۆ گێڕایەوە.

من بەشداری دانیشتنە تایبەتییەکان نەدەبووم، بەڵام دەمبیست کە ناکۆکی نێوان سەرۆک و کۆمیتەی پارتی زۆر قووڵە و مەترسی بەگژیەکداچوونیان لێ دەکرێ، بەشی هەرە زۆری میوانەکان دەیانویست ئەم دەزگای مەکتەبی سیاسی نەمێنێ و بارزانی خۆی جڵەوی شۆڕشەکە بەدەستەوە بگرێ.

حەزم دەکرد لێرە بمێنمەوە، بەڵام شێخ لەتیف تەقەلای دا کە لەگەڵی بچمەوە تا لەوێ بۆ نووسین و ڕێکخستنی بیرەوەرییەکانی سەردەمی باوکی (شێخ مەحموودی نەمر) یارمەتی بدەم. بۆیە پێکەوە گەڕاینەوە پاڕەزان.

بەهاری ١٩٦٤ کە شەڕ وەستابوو، ماڵی شێخ لەتیف هاتەوە گوندی (سیتەک) لە پشت سلێمانی و پێکەوە درێژەمان بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی شێخ لەتیف دا. لە هاویندا بارزانی و مەکتەبی سیاسی لێکیان دا، بەڵام لێکدانەکەیان لاسەنگ دەرچوو، جگە لەوەی هۆزەکان و خەڵکی لادێ لایەنی بارزانیان گرت، زۆربەی پێشمەرگەکانیش پشتی مەکتەبی سیاسییان بەردا، بۆیە بەگڕوکفێک ئەوانەی دژی بارزانی وەستان بەزین و نزیکەی پێنج سەد کەسێک ئاوابوونە دیوی ئێران. حکومەتی شا چەکەکانی لێ سەندن و لە شاری هەمەدان نیشتەجێی کردن.

بارزانی بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەری حزبایەتی، کۆنگرەیێکی ساز کرد و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبژێردران.

### ٣٦- لەگەڵ مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی

هاوینی ١٩٦٤م لە سیتەک لەگەڵ شێخ لەتیف بردە سەر، بەشێکی زۆری بیرەوەرییەکانیمان ڕێکخست و نووسییەوە، لە پاییزدا ئەو سەفەری لای پێنجوینی کرد و منیش هاتمە ڕانیە، بەڕێکەوت چاوم بەعەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی عێراق کەوت، من و هەمزە عەبدوڵڵای بانگهێشتە ماڵی خۆیان لە قەڵادزە و نانی نیوەڕۆمان

لەوێ خوارد، ئەو دەری بڕی کە ئەگەر بێتو بتوانم هەندێ لەو بیر و باوەڕە توندە نەتەوایەتییانەی هەمە فڕێ بدەم لە حزبا شوێنێکی شیاوم دەست دەکەوێ، پاشان داوای لێ کردم جارێ لە ڕانیە بمێنمەوە تا بارێکی لەبارم بۆ دەڕەخسێنێ.

لەسەر ئەو بەڵێنە لە ڕانیە تێکەڵاوی ئەو خەڵکە هەڕەمەیە بووم کە لە ژوورێکی تاریک و ڕەش و داڕووخاوی بێ پەنجەرەدا دەژیان ناوی (بنکەی کۆمۆنیستەکان) بوو، لێرەدا ئەفسەری ڕاکردوو و مامۆستای ئامادەیی و سەرۆکی نەقابەی کرێکاران و عەریفی فڕۆکەوان و هی دیکەش بەسەریەکدا ترشابوون، یەک دوو مەنجەڵ و قاپی فافۆن و کتری و ئیستیکانی چای لێ بوو، سۆبەیێکی تەنەکەیش لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا چەقابوو ئەگەر دار دەست کەوتایە ئاگری تێدا دەکرایەوە، ڕۆژانە نیسکێنە ماشێنە یا ساوەر لێدەنرا و دەخورا، ئەوانەی لە ماڵەوە پارەیان بۆ دەهات تا دەبڕایەوە لە چێشتخانە و چاخانەکان خۆیان تێر دەکرد و شەوانە بۆ نوستن دەهاتنەوە کونە گورگەکە.

زستانەکەی ساردبوو و بەفر باریبوو، یەکێ لە هاوژوورەکانمان عەریفێکی سوپا و خانەقینی بوو کە خزمەتی ماڵی لێپرسراوی حزب مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی دەکرد، بانی بۆ دەماڵین و داری سۆبەی بۆ دەشکاندن و ئەگەر ئاو نەهاتایە بەتەنەکە ئاوی بۆ دەهێنان، ئەم خزمەتکردنە شتێک نەبوو گلەیی هەڵگرێ، بەڵام هەندێ جار کە دەهاتەوە یەک دوو پرتەقاڵ یا قاشێک پاقلاوە یا گیرفانێک مێوژ و گوێزی پێ بوو، دەیگوت: «من لە ماڵ باوک سەرباز تێر گۆشت و چێشتم خواردووە و ئەمانەیشم هێناوەتەوە، فەرموون بابخۆین»، ئەوەی ئەو لە باسی چاکژیانی هاوڕێ مەلای دەگێڕایەوە بۆ دانیشتوانی کونە گورگەکە دەبووە هۆی ناقایلی و تووڕەبوون و قسەلێکردن، چونکو دەمانزانی مەلا لەو خاوەن مڵک و پارەدارانە نییە لە بانیخێلانەوە پارەی بۆ بێ و بەڕێچوونی لەسەر حزبە، جا ئەگەر ئەو ژیانە تەسەلە حزب بۆی ڕێکخستبێ و ئەم کۆمەڵەی نێو کونە گورگەکەیش بەئاگاداری حزب ئاوا سەگانەبژین، ئەوە جێی داخە، خۆ ئەگەر ئەم جیاوازییە فراوانەیش کردەی مەلا خۆی بێ، ئەوا خیانەتێکی ئاشکرایە!... بەم جۆرە بۆڵەبۆڵ دەکرا و ناڕەزایەتی دەردەبڕا، کاکەی خانەقینیش ئەم بۆڵەبۆڵەی بۆ هاوڕێ مەلا دەبردەوە.

ڕۆژێک مەلا هاتە لامان و بەشێوەی ئامۆژگاری و بەسەرداهاتن گوتی پێویستە ئێوە باری ئێستای حزب لەبەرچاو بگرن، ئەو نان و چایەی لێرە دەیخۆن بەپارەی ڕەنجی شانی زەحمەتکێشەکانە کە لە دەمی خۆیان و منداڵیانی دەگێڕنەوە کەچی هێشتا ئێوە ناڕازین، ڕاستە خۆش ڕانابوێرن بەڵام خۆ ئێرە ئوتێل نییە، ئێمە فێری ژیانی دژوارین، بێگومان ئەمەیش کۆتایی دێت و هەتا سەر وا نابێ...



کەس قسەی نەکرد، من هەروا لەسەرخۆ گوتم هاوڕێ خواردنەکە خراپ نییە، نان و چامان هەیە، هەندێ ڕۆژ نیسکێنەش لێدەنرێ، خۆ ئەگەر جارجارە سێو یا پرتەقاڵیشمان ببوایە ئیدی هیچ کەموکوڕیمان نەدەما... ئەو لەم قسەیەی من داچڵەکی و تێگەیشت مەبەستم شتێکە، بۆیە بەتووڕەییەوە گوتی ئەوەی کۆمۆنیست بێ و شوێن حزب کەوتبێ شتی وا ناڵێ، بیر لە خواردن و ڕابواردن کردنەوە شێوەی ماڵە دەرەبەگ و پیاوەکانی میرییە، من کە تەواو تووڕە بووبووم گوتم شێوەی ئەوان و ماڵی ئەندامە بەرزەکانی حزبی کۆمۆنیستیشە!

پاش دەمەقاڵی و هەڕەشەی توند، مەلا ڕۆیشت و منیش خۆم کۆکردەوە و هاتمەوە سلێمانی، لە ترسی ڕەشەکوژی و کوشتارگەی کانی ماسی ماوەیێک خۆمم شاردەوە، لەو ڕۆژانەدا دەستەیێک لەو کەسانەی سەر بەڕژێمی بەغدابوون و خۆیان لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا جێ کردبۆوە، لە شاری سلێمانیدا بەربوونە گیانی هەندێ کەسی سادە کە یا کۆمۆنیستییان بەدڵ بووە یا سەردەمێک ئەندام بوون و ئەمڕۆ وازیان هێناوە، چەند کەسێکیان لە کۆڵان و لە ماڵی خۆیاندا کوشت و هەندێکیان بردە دێی کانی ماسی قەراخ شار گوایا لەوێ دادگایان کردن و کوشتیانن.

لە دەرفەتێکدا سەفەری بەغدام کرد، بەڵام لەوێش نە کەسم دیت و نە توانیم کارێک بدۆزمەوە، بەنیازی ئەوەی بچمە نێو شۆڕشی کوردستانەوە لە بەغداوە هاتمە قەڵادزە کە مەڵبەندی شۆڕشی تێدا داندرابوو، کاربەدەستانی پارتی ڕووی خۆشیان پیشان نەدام و خێسەی دوژمنانەیان لێ کردم، مەلا مستەفاش لێرە نەمابوو کە بیبینم، ڕووم کردە بارەگای کۆمۆنیستەکان کە شوێنێکی باش و هەندێ کەرەسەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان پێکەوەنابوو، لێپرسراوان بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم و خستیانمە نێو دەزگای بڵاوکردنەوەکەیان.

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥دا بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش گوێزرایەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی کە شوێنێکی سەخت و شاخاوییە، کۆمۆنیستەکانیش کە دەبوایە لە نزیک ئەوانەوە بن باریان کرد و لە گوندی بەرسیرین سەر ڕێگای ڕەواندز - گەڵاڵە جێگیربوون، ئەم جێگۆڕکێیە بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو، چونکو بارزانی پاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی لە کۆڵ خۆی کردەوە، چیدی خۆی بەوتووێژی درۆی بەغداوە نەبەستەوە و شەڕ دەستی پێ کردەوە، قەڵادزە جێگایێکی کراوە و بەرچاو بوو بۆ بارەگای سەرکردایەتی دەستی نەدەدا، بۆیە گواستیانەوە بۆ دەوروپشتی قەسرێ و ماکۆسان بەرامبەری گوندی گەڵاڵە و دەزگاکانی شۆڕش لەنێو دۆڵەکانی ئەو چیایانەدا بڵاوبوونەوە.

## ٣٧- لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق

شۆڕشی کوردستان ئێزگەیێکی ڕادیۆی پێکەوەنابوو و دەستەیێک نووسەر و بێژەر و وەستای کارەبای بۆ تەرخان کردبوو، مەکینەکان کۆن و چەپرەک بوون و کەڵکی کارکردنیان پێوە نەمابوو، ناردبوویان لە دەرەوە مەکینەی گەورەتر و باشتریان بۆبێ، بەرپرسی دەزگای ئێزگە (سالّح یوسفی) بوو، بەرێکەوت بیستبووی من لە بەرسیرینم، داوای لە کۆمۆنیستەکان کرد ڕێ بدەن بچم لە ئێزگە کار بکەم، کاربەدەستانی کۆمۆنیستیش دوورکەوتنەوەی منیان پێ خۆش بوو خێرا بەرێیان کردم بۆ گەلاڵە، لەوێ سدیق ئەمینم دی کە بەرپرسی ئەو ناوەبوو و لە ئەشکەوتەکانی خۆرهەڵاتی گەلاڵەدا جێی خۆی کردبۆوە، لای ئێوارە لەگەڵ دوو کەس لە کادرانی ئێزگە عوسمان سەعید و دڵشاد مەسرەف کەوتینە ڕێ، بەقەراخ گوندی مێرگەدا هەڵکشاین بۆ دارستانێکی چڕ بەناوی (گۆڕی گاجوتان) لە نێوان (وەڵاش) و (مێرگە)دا.

شەو گەیشتین و بردیانمە کەپرێک سالّح یوسفی و کاک سامی (ئەندازیار محەمەد مەحموود)ی تێدابوو، لە تەنیشت گابەردێکی زل زەوییان چاڵ کردبوو و سەرەکەیان بەچڵوو و پووش وا داپۆشیبوو کە شەوانە ڕووناکایی لۆکس نەڕواتە دەرێ، چونکو هەندێ شەو فڕۆکەی دوژمن دەهات و ئەگەر ڕووناکی بدیبا بۆمبای تێ دەگرت. تەنانەت ئەگەر ڕووناکاییشی نەدیبا بۆمباکانی هەڵدەڕشت و دەڕۆیی. سالّح یوسفی و کاک سامی بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم و لە کەپرەکەی خۆیاندا جێیان کردمەوە.

ئەوانەی لەوێ بوون وەکو بێتەوە بیرم: (سەیدا سالّح یوسفی)، (کاک سامی)، (هەژاری موکریانی)، (هەردیی شاعیر)، (شێ محەمەدی هەرسین)، (جەلال عەبدولڕەحمان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و خەڵکی کەرکووک، (نوری ئەتروشی)، (عوسمان سەعید)، (دڵشاد مەسرەف)، (محەمەد سالّح ئاکرەیی)، (ئەلبێر خۆری) عەرەبێکی موسڵاوی ڕاکردوو و یەک دووانێکی دیکە.

ئێزگە ئیشی دەکرد و بەرنامەی ڕۆژانەی هەبوو بەڵام دەنگی نەدەڕۆیشت و کەلکی لێ وەرنەدەگیرا، ئێمە لەو دارستانە بەرزەدا بووبووینە سەیرانکەر و بێ ئیش، هەندێ ڕۆژ شۆڕدەبووینەوە بۆ گەلاڵە و ئێواران دەهاتینەوە. لە پاییزدا بڕیار درا ئێزگە بوەستێنین تا مەکینەی تازەمان بۆ دێ، زۆربەی ئەو خەڵکە دابەزینە گوندی مێرگە دوو دوو و سێ سێ خانوویان بەکرێ گرت، منیش لەگەڵ (محەمەد سالّح ئاکرەیی) کە لە کۆلیجی ئەفسەری پۆلیس ڕای کردبوو و کۆمۆنیست بوو و (ئەلبێر خۆری) کە بەئەبوحارس ناسرابوو،



خانووێکمان گرت و زستانەکەمان بێ ئیش ڕابوارد.

لە بەهاری ١٩٦٦دا ئەندازیاری مەکینەکانی ئێزگە (عەبدولخالق مەعروف) لە دەرەوە گەڕایەوە، ئێزگەیێک و مەکینەی کاروباری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لە ئەشکەوتەکانی (سەردێمان) دامەزراندن و بۆ ئێمەیش کۆختەی نزم و قوڕین لە نزیک ئەشکەوتەکانەوە دروست کرا چووینە ئەوێ و ئێزگە کاری کرد و دەنگی (ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە) بەهەموو ناوچەکانی کوردستان ڕاگەیشت، ئەو دەنگە بەجۆرێک کاریگەر بوو و خەڵکی وروژاند کە ڕژێمی بەغدای تەواو هەراسان کرد و ناچاربوو چەند دەزگاییێکی دەنگ شێوێن بخاتە کار بۆ بەرگری لە بیسترانی.

من دوو بەرنامەی تایبەتیم ئامادە دەکرد: یەکەم شیکردنەوە و لێدوانی باری سیاسی و سوپایی، دووەم گێڕانەوەی کوشتار و جەزرەبە و دڕندەیییەکانی سەردەمی کودیتای ١٩٦٣ بەناوی «ئەو ڕۆژانەی بیر ناچنەوە»، هەر ئەو بەرنامەیەم دەکرد بەعەرەبی «ئەیام لا تونسا»، بەڵام جگە لەوانە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ کرانەوەی ئێزگەدا پاش سروودی ئەی ڕەقیب، چوارینەیێک دەخوێنرایەوە کە من دامدەنا و بەدرێژایی کارکردنی ڕادیۆ پەکم نەخست و هەر ڕۆژە چوارینەیێکی نوێم بۆ دەنووسین کە زۆر بەدڵیان بوو.

ژیانی پێشمەرگانەی ئێرەمان ساکار و خۆش بوو، وەکو خێزانێکی تەبا پێکەوە دەژیاین، یەکەمین پێکهێنەر و ڕاگری ئەم پەیوەندییە (سەیدا سالّح یوسفی) بوو کە هەمووانی بەچاوی برایەتی و چونیەکی دەڕوانی و ماوەی ناکۆکی و ئاژاوەی نەدەدا. باسی پارە و مانگانە لە گۆڕێدا نەبوو، نان و خواردنمان هەبوو، ڕۆژانە لە بن دارە چڕەکانی سەردێماندا جگە لە ئامادەکردنی ئەو بەرنامەیەی لەسەرمانە، خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبووین و هەندێ جاریش دەچووینە گەلاڵە کە دە کیلۆمەترێک لەوبەرمانەوە بوو.

## ٣٨- گزی و هەڵگەڕانەوەی حزبییەکان لە شۆڕش

لەم ساڵی ١٩٦٦دا دوو ڕووداوی گرنگ ڕووی دا، سووتان و لەناوچوونی سەرەک کۆماری بەغدا سەلام عارف و یاخیبوونی بەشێک لە دەستەی مەکتەبی سیاسی کۆن دژی شۆڕش.

ساڵی ١٩٦٤ کە هەندی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەلا مستەفا لێکیان دا و بەزین و ئاوای ئەو دیوی ئێران بوون، ڕژێمی شای ئێران ناردنی لە شاری هەمەدان نیشتەجێی کردن، ماوەیێک لەوێ مانەوە و دیسان گەڕانەوە کوردستانی عێراق، مەلا مستەفا جەبەی کردن و جێگای کارکردنیانی بۆ دیارکرد، پێشمەرگەکانیش بەشی زۆریان

هاتنەوە ڕیزی شۆڕش و کەمێکیان وازیان هێنا و بڵاوەیان کرد.

پاش نەمانی سەلام عارف شەڕ نەوەستا بەڵام باری بەرەکانی شەڕ بەلای شۆڕشدا شکایەوە و لە زۆر شوێندا پێشمەرگە قارەمانانە سەرکەوتن، یەکێک لەو مەیدانارییانەی سەرکەوتنی شۆڕشی تێدا بەدی کرا، شەڕی چیای هندرێن بوو، سوپای عێراق بەپێی نەخشە و خۆئامادەکردن و پێکەوەنانی چەک و کەرەسەی تەواو، لیوای چوارەمی لە ڕەواندزەوە سەر خستە چیای هندرێن کە بەپێی ئاگاداری و زانینیان کزترین سەنگەری شۆڕش بوو، پەلاماری دوژمن لەسەر هندرێن بۆ هێزی پێشمەرگە لێدانێکی ناکاوی بوو، بەڵام ئەو هێزە کەمەی لەوێ بوون خۆیان ڕاگرت و یارمەتی خێرا و گورجیش فریایان کەوت، باری شەڕ هەڵگەڕایەوە و دوژمن شکا و لیوای چوارەم بەپەلەپڕووزە و سەرلێشێواوی چەکی فڕێ دا و سەر بەرەوخوار بۆوە، بەشێکی کەم لە سەربازەکان توانیان گیانی خۆیان ڕزگار کەن و ئەوانی دی قەلاچۆ کران.

ئەم ڕووداوە بۆ ڕژێمی بەغدا ئەوەندە جەرگبڕ بوو کە چاوەڕوان دەکرا میری پێشنیاری وتووێژ بکات و شۆڕش بکەوێتە بارێکی لەباری ڕێککەوتنەوە، کەچی ئا لەم کاتەدا ئەو مامۆستا حزبییانەی شۆڕش بەخشیبوونی، لە ژێرەوە لەگەڵ میری پێکهاتن و لە کاتی دیارکراودا خۆیان و هاوبیرەکانیان لە شۆڕش جیابوونەوە و بەشێوەیێکی ناپیاوانە پەلاماری هەندێ بنکە و بارەگای پێشمەرگەیان دا لە ناوچەکانی سلێمانی و ئاژاوەیێکی گەورەیان نایەوە.

مەبەست لەم کارە هەڵەیە و ئا لەم کاتەدا ئەوەبوو کە ئەوان پێیان وابوو (میریش باوەڕی کردبوو) هەر کاتێ ڕاپەڕن و تفەنگ بەشۆڕشەوە بنێن، جگە لەوەی هەموو خەڵکی سۆران پشتیان دەگرێ، لە سەدا هەشتای پێشمەرگەیش پاڵیان پێوە دەدەن، مەلا مستەفا یا بەیەکجاری دەڕووخێ و لەناودەچێ، یا بەلای کەمەوە دەکشێتەوە ژووری بادینان، ئەمانیش پاش پشوودان و خۆ تەیارکردنەوە و پێکەوەنانی چەک و کەرەسەی پێویست، لە کاتێکی لەباردا، شۆڕشێکی نوێ هەڵدەگیرسێننەوە کە شانسی سەرکەوتنی زۆر لە ئێستا پترە.

بەڵام بۆچوون و لێکدانەوەکانیان نەک ڕاست دەرنەچوو بەڵکو ئاکامێکی پێچەوانەی لێ بەرهەم هات، خەڵکی سۆران پشتی نەگرتن و دژیان ڕاوەستان، پێشمەرگەکان پاڵیان پێوەنەدان بەڵکو بەتوندی پەلاماریان دان، تەنانەت لە چەکدارەکانی خۆیشیان هەندێک گەڕانەوە ڕیزی شۆڕش. میریش کە زانی ئەو هیوای بەوانەی هەبوو پووچ دەرچوو، ماوەی دەسەڵاتیانی کەم کردەوە و کێڵگەی (بەکرەجۆ)ی نزیک شاری سلێمانی بۆ دیارکردن



بیکەن بەبارەگای خۆیان. پاشتریش چالاکی چەکدارانەیان نەما و مانەوە سەر ڕۆژنامەیێک و هەندێ وردە شتی ڕۆشنبیری لە شاری بەغدا و هەولێر و سلێمانی.

تاقە ئاکامی ئەم ڕووداوە ئەوەبوو کە شۆڕش و ڕژێمی بەغداش، هەریەکەیان بەمەبەستی تایبەتی خۆی بۆ پشوودان و ئامادەبوونی گوژمێکی نوێ، بیریان لە تەقەوەستان و ماوەیێکی حەسانەوە کردەوە کە ئەویش لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا ڕووی دا، ئەم ڕێککەوتنە کە بە (بەیانی لامەرکەزی) ناوبرا و (عەبدولڕەحمان بەزاز)ی سەرەک وەزیری بەغدا دایڕشتبوو، هیچ سوود و گۆڕانێکی لەمەڕ کێشەی کوردەوە تێدا نەبوو، هەر ئەوەندە بوو کە تەقە وەستا و پێشمەرگە پشووی دا، وەزیری کورد خرایە کابینەوە و ڕۆژنامەی (برایەتی – تەئاخی) زمانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە بەغدا بڵاوکرایەوە، پێشمەرگە توانیان هاتوچۆی شارەکان بکەن بەهۆی ئەو پسوولانەوە کە میری دەیدانێ، ئەم نیمچە هێمنایەتییە تا تەمموزی ١٩٦٨ درێژەی کێشا، واتا تا کودیتای بەعسییەکان بەسەر ئەوڕەحمان عارفی سەرەک کۆماردا.

ئەم ئەوڕەحمان عارفە ئەفسەرێکی ئاسایی بوو لە سوپای عێراقدا، پاش ئەوەی سەلام عارفی برای کە سەرەک کۆماربوو لەنێو فڕۆکەدا سووتا و لە بەغدادا هێزێکی سیاسی وا نەبوو خۆی دەرخا، ئەو ئەوڕەحمانە کرا بەسەرەک کۆمار، بەڵام کابراییێکی ئەوەندە گەوج بوو کە دەسەڵاتە لەرزۆک و بێ بناخەکەی بەهاشوهوشێکی درۆزنانەی بەعسییەکان ڕووخا، چەند ئەفسەرێکی سەر بەئینگلیز و دەستەی بەعسی، جێیان گرتەوە.

***

لە بەهاری ئەمساڵ (١٩٦٦)دا، بەهۆی کەمتەرخەمی پێشمەرگەیێکەوە، فڕۆکەی دوژمن شوێنی ئێزگەکەمانی دۆزییەوە و بەتەواوی هێزی هەوایی خۆیەوە کەوتە داپلۆسینی بەرد و داری سەردێمان. لە بەیانییەوە تا بولێڵی ئێوارە تەمی فڕۆکە و زرمەی بۆمبا لەسەرمان نەڕەوییەوە، بەهۆی قایمی ئەشکەوتەکانەوە هیچ جۆرە زیانێکی وامان لێ نەکەوت، تەنیا لە ئەستوونەکانی ئانتێنی ڕادیۆ. دوانیان کەوتن و تەلەکانیان پچڕا، منیش کە زۆر کەم دەچوومە نێو ئەشکەوت و لە پەنا بەردێکدا مابوومەوە، تەڵەزمە بەردێکی بچووک بەرپشتی چاوم کەوت و برینداری کردم، بەڵام تەنیا ڕووشانێک بوو بەهەفتەیێک چاک بۆوە.

بڕیار درا ئێزگە بگوێزرێتەوە گوندی (ماوەتان)ی سەر سنوور، شەوانە مەکینە و کەلوپەلی خۆمانمان بارکرد و سەردێمانمان بەجێهێشت. لە مەڵبەندی نوێمان کە شوێنێکی تەسک و تەنگەبەربوو، بۆ ئەوەی تەنیابم و دەرفەتی نووسینم پتر بێ، هاتمە گوندی

(شیوەڕەش) لەنێو پەڵەچنارێکدا کەپرێکم دروست کرد و هەتا بڵاوکرانەوەی بەیانی لامەرکەزی **٢٩**ی حوزەیرانی **١٩٦٦** کە شەڕ ڕاوەستا لەوێ مامەوە، لەم ماوەیەدا چونکو کەپرەکەم لە شوێنێکی خۆش و فێنکدا بوو و لە قڕە و هەرا بەدوور بووم، میوانم زۆر دەهات، بەڵام توانیم ڕۆمانی (ئاگری بن کا) لێرەدا بنووسمەوە.

پاشان دەزگای ئێزگە گەڕایەوە بۆ دۆڵی شیناوێی بەرامبەر بەسەردێمان، چەند خانووێکی کۆختەی قوڕینیان بۆ دروست کردین و ئامادەبووین هەر ساتێ لامەرکەزی دوایی هات، گورج تێهەڵچینەوە.

***

شتێک هەیە دەمەوێ لێرەدا تۆماری بکەم: یاخیبوونی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە شۆڕش و پاڵدانیان بەدوژمنی بەغداوە، بووە هۆی پچڕانی یەکجاری و دوورکەوتنەوەم لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق.

پاش ئەو ڕووداوە وا چاوەڕوان دەکرا کە حزبی کۆمۆنیستیش وەکو لایەنەکانی دیکەی هاوسەنگەری شۆڕش، تووڕە ببێت و ڕای خۆی لەمەڕ ئەم بزووتنەوەیە بەتاوانبارکردنیان دەرببڕێت، کەچی هیچ شتێکی وا ڕووی نەدا. سێکوچکەی ئێمەیش لە ئێزگە، واتا من و (محەمەد سالح) و (ئەلبێر خۆری) کە گوایا ڕووکاری حزبی کۆمۆنیست بووین، بەئاشکرا ڕای خۆمانمان دەردەبڕی و ئەم هەنگاوەمان تاوانبار دەکرد.

ڕۆژێک چووم بۆ بارەگای حزبی کۆمۆینست و چاوم بە(بەهائەدین نوری) بەرپرسی حزب کەوت و ناڕەزاییم دەربڕی کە تا ئێستا بەیانێک لەمەڕ تاوانبارکردنی ئەم بزووتنەوەیە دەرنەکراوە. بەهائەدین نوری گوتی ئەمە ناکۆکی نێوخۆی پارتییە و نابێ ئێمە خۆمانی تێ هەڵقوتێنین، گوتم ئەمە ناکۆکی نییە بەڵکو هەڵگەڕانەوەی دەستەیێکی کەم لە شۆڕشێکی نەتەوەیی و چوونە ڕیزی دوژمنانە کە بەخیانەتی گەورە دەژمێردرێ. ئەو بەتوندی پێی گوتم: «تۆ ئەندامێکی حزبی کۆمۆنیستیت و لەسەرتە فەرمان و بڕیارەکانی حزب بەبێ سێ و دوو بەجێ بهێنیت، جا ئەگەر ڕا و پێشنیارێکی جیاوازت هەبوو دەتوانی لە ڕێگای دیارکراوی خۆتەوە بیگەیێنی»، پێم گوت، هاوڕێ من ئینسانم، نە تووتیم و نە شریتی ڕیکۆردەرم، ئەو شتەی ڕاستییەکەیم بۆ ڕوون بێتەوە، هیچ هێزێک ناتوانێ لێم بشێوێنێ و ڕەشم پێ بکا بە سپی.

ئەمە دوایین دیدار و پەیوەندیم بوو لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا.



## ٣٩- تووشهاتنێکی چاوەڕوان نەکراو

بەهاری ١٩٦٧ ئیجازەم وەرگرت و هاتمەوە سلێمانی، لە بنکەی پشکنینی ڕێگای کەرکووک - سلێمانی کە بەئازاردانی ڕێبواران ناوبانگی دەرکردبوو، ڕایانگرتین، داوای پێناسیان لێ کردم، کاتێ پسوولەی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)م پیشان دان، عەریفی عەرەب لە وشەی ئەنجوومەنی شۆڕشی کورد قوشقی بوو و قسەی بێ جێی کرد، منیش بەتوندی وەڵامم دایەوە، کابرا ترومبێلەکەی ئێمەی خستە قەراخ ڕێگا و بەوردی کەوتە دۆزینی کەلوپەلەکانمان، دەفتەرێکی باخەڵی دۆزییەوە هی ئەو شیعرانەی بۆ ئێزگەم نووسیبوون، ئەو کە کوردی نەدەزانی لە خۆمی پرسی ئەم شیعرانە چین؟ گوتم ئەمانە هەمووی جنێون بەحکوومەت!. لەم قسەیە وەک هاری لێ هات، بەتەلەفۆن لەگەڵ فیرقە قسەی کرد و پاشان خۆم و خۆی و شتەکانم بەترومبێلەکەی خۆمان هاتین بۆ فیرقەی سوپای کەرکووک، لەوێ ئەفسەرەکانی ئیستیخبارات لێم کۆبوونەوە، دەفتەری شیعرەکانیان ناردە شوێنێک و پاشتر هێنایانەوە، ئەفسەری بەرپرس گوتی: «ئەمڕۆ کە ئێمە پێکهاتووین و دوژمنی نەماوە، ئایا هەڵگرتنی ئەم چەشنە شیعر و نووسینانە پێویستن؟» گوتم: «ئەمانە مانەوەیان پێویست نییە، بەڵام ڕەفتاری عەریف لەگەڵ ڕێبواراندا ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە کە ئێمە پێکهاتووین». ئەفسەرەکە لە کردەوەی عەریف داوای لێبووردنی کرد و گەڕاینەوە.

سێ ڕۆژ لە سلێمانی بووم، ئێوارەیێک لە بەر کتێبخانەی گەلاوێژ ڕاوەستابووم کە نایب زابتێکی ئینزیبات هاتە بەردەمم و گوتی فەرموو لەگەڵما بۆ ئینزیباتخانە، گوتم ڕەنگە تۆ بەهەڵە چووبیت، دەزانی من ناوم چییە؟ گوتی ناوت نازانم و لێشم نەگۆڕاوی، تکایە لەسەری مەڕۆ و وەرە لەگەڵما. بەناچاری دوای کەوتم، سواری جیبێکیان کردم و گەیاندیانمە ئینزیباتخانە کە لەو ڕۆژەدا بەهۆی ئازار و کردەوەی دڕندانەی لە ئاستی گیراوانی سەر بەشۆڕش دەنگی دابۆوە.

بردیانمە بەردەمی ئەفسەرێک، نەیدەزانی چیم لێ بپرسێ و چ جۆرە تاوانێکم بداتە پاڵ، بەتەلەفۆن لە یەک دوو شوێن پرسیاری کرد چی بکا بەڵام وەڵامێکی تەواوی دەزگیر نەبوو، وا تێگەیشتم کە خەریکە لە خۆیەوە شتێک پێکەوەبنێ، گوتی ئێمە ئاگادارکراوین کە تۆ لە ناوچەی باڵەکایەتییەوە چەند کەست لە فەرماندە کۆمۆنیستەکان بەلاڕێدا هێناوەتە ناوچەی سلێمانی، ئەوانە کێ بوون و چیت لێ کردن؟ گوتم پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە تکایە پێم بڵێ تاوانی من هەر ئەوەیە و لەسەر ئەوە هێنراومەتە ئێرە؟ کابرای

ئەفسەر کەمێک ڕاما و گوتی جارێ هەر ئەوەیە، گوتم هەق وابوو بۆ گرتنی من هۆیێکی بەجێتر بدۆزنەوە، چونکو من پسوولەی هاتوچۆم پێیە و بەڕێکەوت لە کەرکووک سەرم لە بارەگای فیرقەش داوە و بەڕاستەڕێی کەرکووک - سلێمانی گەیشتوومە ئێرە، جگە لەوەیش ئەگەر کۆمۆنیستەکان بیانەوێ بێنە نێو شار، خۆیان لە من شارەزاترن و پێویستیان بەمن نییە. کابرای ئەفسەر کە خۆیشی دەیزانی بیانووەکەی پووچە و بڕیاری گیرانی من لەلایێکی دیکەوە دەرچووە، هەر ئەوەی بۆ مایەوە کە بڵێ تۆ لێرەیت و تازە ناچیتەوە دەرەوە و بەهەر بارێکا بمانەوێ تاوانبارت دەکەین.

پاشتر بۆم دەرکەوت کە تاقمی (بەکرەجۆ)(*) بۆ دوژمنیان دەزنیشان کردووم و بەگرتیان داوم.

***

لە نێوەڕاستی حەوشەی ئینزیباتخانەدا خێوەتێکی بچووکی یەک کەسییان بۆ هەڵدام و پاسەوانیان بەدیارمەوە دانا کە نابێ هیچ کەس ببینێ یا بدوێنێ، وایان بڵاوکردەوە کە ئەمە جاسووسێکی ئیسرائیلییە گرتوومانە. من لە کونی خێوەتەکەوە دەرەوەم دەبینی و ئاگام لە هاتوچۆکەران بوو، بەڵام نیوەڕۆیان گەرم دادەهات و ناڕەحەت دەبووم، پاشتریش بەئاسانی توانیم پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا پەیدا بکەم.

دەروێشێکی گەسکدەری پرچن هەموو ڕۆژێ حەوشەی پاک دەکردەوە، ڕۆژی دووەم کاتێ گەیشتە قەراخ خێوەتەکەم و ڕوانیم کەس دیار نییە، بەئاسپایی (مەرحەبا دەروێش)ێکم لێ کرد کە ئەویش لەژێر لێوەوە وەڵامی دامەوە، گوتم زەحمەت نەبێ تۆ دەروێشی کوێیت؟ گوتی عەودالاّن، گوتم باشە منیش لەوانم (ئەو کاتە ئەو شێخانە پێشمەرگەیان هەبوو و سەر بەشۆڕش بوون)، داوای قەڵەم و پارچە قاقەزێکم لێ کرد، گوتی بۆ کێ دەنووسی؟ گوتم بۆ ماڵە شێخێک. ڕۆژی دوایی بەدەم گەسک لێدانەوە کوتە قەڵەم و پارچە قاقەزێکی بۆ فڕێدامە ژوورەوە، نامەیێکم بۆ حەلاوەخان ژنی شێخ لەتیفی حەفید نووسی کە منداڵەکانم لە بەسەرهاتی من ئاگادار بکات و سمکۆی کوڕم بنێرێ بۆ لای شەفیق ئاغا (شەفیق لاین) کە ئەو کاتە نوێنەری شۆڕش بوو لە سلێمانی، بەڵکو هۆی گیرانەکەم بپرسێت و ئەگەر توانی داوای بەربوونم بکات، ئێوارە کە دەروێش هاتەوە گرمۆڵەی نامەکەم بۆ هاوێشتە دەرەوە و پێم گوت بیباتە ماڵی شێخ لەتیف.

بەو کوتە قەڵەمە و لەسەر قەراخی کۆنە ڕۆژنامە و کیسەی قاقەز، لەو ژێر خێوەتە

(*) تاقمی (بەکرەجۆ) جەماعەتی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بوون.



گەرمەدا شیعریشم دەنووسی و نامەم بۆ ئەملاو ئەولا دەنارد، یەک لەو شیعرانەم باش بڵاو بۆوە و گەیشتبووە نێو پێشمەرگەکانیش.

پاشتر سمکۆی کوڕم بۆی گێڕامەوە کە چوون بۆ لای شەفیق ئاغا، کەچی ئەو گوتوویەتی «باوکی تۆ سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، ئەو کاتەی ئەو سەرۆکی نەقابەکان بوو من خۆمم لێ دەشاردەوە و خواخوام بوو نەمبینێ نەوەکو تووشی سووکایەتییێکم بکا».

نزیکەی دوو هەفتە لەژێر ئەو خێوەتەدا مامەوە و لەولاترەوە دوو ژووری گرتووخانەی لێ بوو کە چەند پێشمەرگەیان تێدابوو، ڕۆژی دوو جار بۆ سەراو و چاوشتن دەیان هێنانە دەرێ. بەڵام تا گەڕانەوەی ئەوان بەرنەدەدرام، ڕۆژێک بەهۆی کەمتەرخەمییەوە لە کاتی بەردانی ئەوان منیش ڕێگا درام و تێکەڵیان بووم، کاتێ ڕۆژباشم لێ کردن واقیان وڕما تێمگەیاندن کە منیش کوردم و پێشمەرگەم و لە ئیسرائیلیشەوە نەهاتووم. لەو ڕۆژەوە جۆرە پەیوەندییێکمان پێکەوەنا و ماوەی دەنگ گەیشتنە دەرەوەم فراوانتر بوو.

لەبەر ئەوەی گیرانم تەنیا لەسەر داخوازی (بەکرەجۆییەکان) بوو و هیچ بەڵگەیێکم لەسەر نەبوو، گوێزرامەوە بۆ گرتووخانەی گشتی، واتا زیندانی سلێمانی، یەک دوو جار فایلیان بۆ ڕێکخستم و درام بەدادگا، بەڵام دادگا شتێکی وای تێدا نەدی کە قانوون بەتاوانی دابنێ، پەسندی نەکرد. نزیکەی حەوت مانگ بەگیراوی مامەوە، چەند جارێک بەبیانووی ئەوەی گوایا قسە بۆ پێشمەرگە گیراوەکان دەکەم لە گیراوەکان دووریان دەخستمەوە و دەیانبردمە زیندانی تەنیایی، ئەوانەی ڕقیان لێم بوو دەستیان دەڕۆیی و کەس نەبوو لەسەرم هەڵداتێ، پەیوەندیم بەحزبی شیوعییەوە نەمابوو نوێنەری شۆڕش شەفیق لاین خۆی تێ نەدەگەیاندم، (مارف ژاژڵەیی) نوێنەری پارتی لە سلێمانی بەپێشمەرگە گیراوەکانی گوتبوو لێی دوورکەونەوە چونکو مافی بەشۆڕشەوە نییە، هێجگار ناڕەحەت و پەژارەدار بووم، تەنیا چەند ڕۆژێک دڵم کرایەوە کە گۆرانیبێژ (حەسەن زیرەک)یان بەگرتوویی هێنایە لامان، زۆر زوو پێکەوە سازاین و یەکترمان چوو بەدڵا، ئەو جگە لە گۆرانییە خۆشەکانی جۆرە چایێکی خۆشیشی لە قۆریەیێکی بچووکدا لێدەنا و دەیدامێ کە بەڕاستی زۆر بەتام بوو. ڕقی بەکرەجۆییەکان لە من زۆر خەست بوو و بەهەموو بارێ دەیانویست ئازارم بدەن، وەکو ئەم ڕووداوە گەمەییە:

ڕۆژێک لە (ئەمن) داواکرام، کاتێ بردیانم بەکەلەپچەکراوی بەرامبەری دەرگای دەرەوە دایاننام، لەو کاتەدا (عەلی عەسکەری) و (حەمەی حاجی تایەری کۆیی) کە هەردووکیان لە مامۆستاکانی بەکرەجۆ بوون پەیدابوون، پێش ئەوەی سەرکەونە سەرێ بۆ لای مودیری ئەمن، وێستێکیان کرد و بەگۆشەی چاو تێیان ڕوانیم و ڕۆیشتن، ماوەیێک مامەوە، دیتم

هەردووکیان هاتنەوە خوارێ، لە بەرامبەرم جگەرەیان داگیرساند و پێکەنین و ڕۆیشتن. سەعاتێکی دیش مامەوە کەس لێی نەپرسیم چوومە ژووری ئەفسەری ئەمن کە (هەمەوەندی)یان پێ دەگوت و گوتم دەمێکە هێناوتانم و هیچم لێ ناپرسی، ئەویش پرسیاری کرد ئایا ئەو دووانە ڕۆیشتوون؟ کاتێ زانی لێرە نەماون بەپۆلیسەکانی گوت ممبەنەوە بۆ زیندان و بەخۆشمی گوت ئیشمان هەر ئەوەبوو لێرە بتبینین!

## ٤٠- زیندانی نوگرەت سەلمان

کاربەدەستانی ئەمن نەیاندەویست بەربدرێم، دادگایش ئەو تاوانانەی بەتەواو نەدەزانی کە بۆم ڕێک خراوە و بڕیاری لەسەر نەدەدا، بۆیە نزیکەی حەوت مانگ لە گرتووخانەدا هێشتیانمەوە، دوا جار دایانم بەدادگای عورفی لە کەرکووک، ئەو دادگایە کە (دادگای شۆڕش)یان پێ دەگوت بەسەرۆکایەتی ئەفسەرێکی موسڵاوی بەناوی (لیوا زەرقی) و ئەندامەتی دوو حاکمی ئاسایی بوو، زەرقی لێی پرسیم تۆ کۆمۆنیستی؟ گوتم نا، گوتی وەرە لەسەر ئەم پارچە قاقەزە بنووسە من کۆمۆنیست نیم دەزبەجێ بەرت دەدەم، گوتم هەرچەندە من پەیوەندیم بەحزبی کۆمۆنیستەوە نییە، شتی وا نانووسم، تەنانەت ئەگەر داواشم لێ بکەن بنووسم من جوولەکەنیم نانووسم، خۆ ئاشکرایە کە من جوو نیم، زەرقی و حاکمەکان پێکەنین، ئەمجا باسی نەقابەکانی سلێمانی هێنایە پێش کە ساڵی ١٩٥٩ من سەرۆکیان بووم و کرێکارەکانم بۆ پشتگیری حزبی کۆمۆنیست هان داوە کە ئەمە کۆمۆنیستایەتیم دەسەلمێنێ، گوتم ئەم ڕووداوە هەشت ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە، گوتی من ئەمڕۆ لەسەر ئەو ڕووداوە کۆنە محاکەمەت دەکەم، بڕۆ ئەمشەو بیربکەرەوە، بەیانی ئەگەر ئەوەی گوتم نەینووسی، دەتنێرم بۆ نوگرەت سەلمان.

ڕۆژی دوایی زەرقی قسەکەی دووپات کردەوە و منیش هەمان وەڵامم دایەوە، گوتی بڕۆ شەش مانگ زیندان و ساڵێک لەژێر چاودێری پۆلیسدا دەبی، گوتم خۆ من شەش مانگ زیاترە گیراوم، گوتی نا تۆ لەمڕۆوە تا شەش مانگ لە زیندانا دەبیت.

لە کەرکووکەوە گەیاندیانمە زیندانی نوگرەت سەلمان.

ئەم نوگرەیە قەڵاییەکی پۆلیس و گومرگی سەر سنووری نێوان عێراق و سعودییە، ماوەی (٣٠٠) سێسەد کیلۆمەتر لە هەموو ئاوەدانی دوورە، لە نێوەڕاستی ئەو بیابانەدا تاقە یەک ڕێگای ناخۆش و نارێکی هەیە بۆ شاری سەماوە کە خواردەمەنی و شتی پێویستی لەوێوە بۆ دێ، جگە لە زیندانی و کەسوکاریان کەس ڕووی تێ ناکا و کاری پێی نییە، تەنانەت مەترسی ڕاکردنیش نییە چونکو ئومێدی دەربازبوون بەنێو بیاباندا بیری لێ



ناکرێتەوە، چاڵاوێکی تێدایە ئاوەکەی هەرچەندە مەیلە و سوێرە و ناخۆشە، بەڵام بەناچاری پاش ماوەییێک لەگەڵی ڕادێن و دەخورێتەوە.

ئێرە چونکو ناوەندی بیابانە ڕۆژانی زۆر گەرم و برژێنەرە و شەوانی فێنک و بگرە ساردیشە.

***

ئەو کاتەی من گەیشتمە نوگرەت سەلمان، نزیکەی (٢٠٠) دووسەد زیندانی تێدابوو، ئەمانە هەموویان کۆمۆنیست بوون و چەند کەسێکیش بەتاوانی هاوکاری کۆمۆنیستانیان تێدابوو، جگە لەمانە نزیکەی (٣٠) سی کەسێک سوپایی هەبوون، دەستەی (سەلیم فەخری)یان پێ دەگوتن، ئەم سەلیم فەخرییە ئەفسەرێکی سوپای عێراق و سەر بەعەبدولکەریم قاسم بووە، سەردەمێک بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بووە و پاش ڕووخانی عەبدولکەریم پەیوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کردووە و دواجار گەڕاوەتەوە خۆی بەدەستەوەداوە و ئەمڕۆ لە نوگرە ئاخنراوە.

ژیانی ئەو خەڵکەی نێو زیندان شتێکی تایبەتییە، حەوشەییێکی گەورە، چوار قاوشی دوور و درێژ، سێ چوار گەرماو و چەند دەسشۆرێک،، چاخانە و یەک دوو دوکان، شانۆییێکی زل بۆ پیشاندانی شانۆگەری یا ئاهەنگ و گوتار خوێندنەوە... ئەمانە هەمووی بێ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی زیندان خۆی تێ بگەیێنێ، تەنانەت یەک پۆلیسیش پێ ناخاتە دیوی ژوورەوە، زیندانییەکان نوێنەریان هەیە، بۆ هەر کاروبارێک بەبەڕێوەبەرایەتی زیندان بێ یا ئەوان کاریان بەزیندانییێک بێ نوێنەر ئاگادار دەکرێ.

بەیانیان هەر کەسە دەچێتە سەر ئەو ئەرکەی بۆی دیارکراوە وەکو جل شتن، چێشت لێنان، گەسکدان، گەرماو سازکردن و ئاوڕشێنی حەوشە، ئەوانەی خەریکی فێربوونیشن هەر گرۆیە لە دەوری مامۆستاییێک کۆ دەبنەوە کە فێری خوێندن و نووسینیان بکا، یا کتێبی مارکسییان بۆ لێک دەداتەوە.

لێرەدا چەند ناسیاوی کۆنم ناسییەوە وەکو (کازم فەرهود) سەرۆکی یەکێتی گشتیی جووتیارانی عێراق و (سادق جەعفەر فەلاحی) سەرۆکی یەکێتی گشتیی نەقابەکانی کرێکارانی عێراق و ئیدیش، بەخێرهاتنێکی باش کرام. یەکەم شت بڕیاری دادگای کەرکووکم تەمیز کردەوە و ناردم، پاشان خۆم بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانەوە خەریک کرد کە لە کتێبخانە خنجیلانەکەی زینداندا پێکەوەنرابوو.

***

زیندانییەکان هەندێ جار لەمەڕ چۆنێتی شۆڕش و ئامانجەکانی و شێوەی بەڕێوەبەرانی پێشمەرگە و ناوچە ڕزگارکراوەکان پرسیاریان دەکرد، بەتایبەتی دەیانویست بزانن هۆی کەرتبوون و جیابوونەوەی دەستەی (برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) لە سەرکردایەتی بارزانی چۆنە و لەسەر چییە؟ کاتێ پێم گوتن ئەو گرۆیە کێشێکی سیاسی و سەربازییان نییە و هەنگاوی ڕاکردنە باوەشی دوژمنیان نەیتوانیوە شۆڕش لاواز بکات... ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو و گوتیان سەلیم فەخری وای تێگەیاندوون کە پارتی کەرت بووە و هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادری ڕۆشنبیر و ئەندامە کۆنەکانی دامەزرێنەری پارتی و ناودارەکان لەگەڵ برایم و جەلالدان و ئەوەی مابێتەوە بریتین لە هەندێ دەرەبەگ و چەکداری هۆزایەتی و ئەو خەڵکەی بێ مەبەست خۆیان بەشۆڕشەوە هەڵواسیوە!... بۆیە داوام کرد شەوێکم بۆ دیار بکەن تا لەمەڕ ئەم ڕووداوە قسەیان بۆ بکەم و ڕاستییان بۆ ڕوون بکەمەوە، ئەم داخوازییەم پەسندکرا و شەوێکیان بۆ تەرخان کردم.

ئەو شەوە، لە نووکەوە چۆنێتی و هۆی ناکۆکی نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی شی کردەوە و بۆم گێڕانەوە کە چۆن ئەو تاقمە ساڵی ١٩٦٤ یاخی بوون بەڵام هیچیان پێ نەکرا و بەتێشکاوی ئاوای ئێران بوون و پاشتر بەسەرشۆڕی گەڕانەوە بەر دەستی شۆڕش و جەبەکران، کەچی پار سەرلەنوێ یاخی بوونەوە ڕیزی شۆڕشیان بەجێهێشت و خۆیان دایە پاڵ ڕژێمی بەغدا و شان بەشانی جاش و سوپا پەلاماری پێشمەرگەیان دا، ئێستاش لە شارەکان و لەنێو ئۆردووگاکانی میریدا دەژین. دانیشتوان ئەم زانینانەیان پێ خۆش بوو و چی پرسیاریان کرد وەڵامم دانەوە، تەنیا سەلیم فەخری زۆر تووڕە بوو و بەڵێنی دا کە ئەویش شەوێک تەرخان دەکا بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانم، بەڵام فریانەکەوت، چونکو زۆری نەخایاند من لە نوگرە ڕزگارم بوو و هاتمەوە.

***

لەو ڕۆژانەدا حزبی کۆمۆنیستی عێراق تووشی ئاژاوە و هەرایێکی خەستی نێوخۆیی هاتبوو، دەستەیێک بەناوی سەرکردایەتیی ناوەندی کە (عەزیزەلحاج) کوردێکی فەیلی دەیبرد بەڕێوە، لە کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵگەڕابوونەوە و داوای گۆڕینی سیاسەتی حزبیان دەکرد، دەیانویست ئەو سیاسەتە شۆڕشگێڕانەتر بێت و بڕیارەکانی بەپێی بەرژەوەندی نێوخۆ دەرکات، نەک خۆی ببەستێتەوە بەسیاسەتی مۆسکۆوە.

سەیر لەوەدابوو کە لەتێکڕای ئەو هەموو خەڵکەی نێو چوار دیواری نوگرە، تەنیا سێ کەس مابۆوە کە دڵسۆزی کۆمیتەی ناوەندی بێت، یەک لەو سێ کەسە، (سادق جەعفەر فەلاحی) بوو ئەوانی دی هەموویان لایەنگری سەرکردایەتی ناوەندی و (عەزیزەلحاج)



بوون، ئەو کابرایەیش پاشتر بوو بە کلک و بەکرێگیراوی ڕژێمی بەغدا و پشتی کردە هەموو جۆرە ڕێبازێکی کۆمۆنیستی.

## ٤١- لەگەڵ چاپخانەی شۆڕش و دەنگی پێشمەرگە

دادگای تەمیز بڕیارەکانی لیوا زەرقی هەڵوەشاندنەوە و فەرمانی ئازادکرانمی دا، ماڵاواییم لە برادەرانی نوگرە کرد و بەجێم هێشتن، لەسەر داوای دائیرەی ئەمن نەبرامەوە سلێمانی، هێنایانمە خانەقین بەریاندام، پاش ماندووبوونێکی زۆر گەیشتمە لای (فازڵ تاڵەبانی) فەرماندەی پێشمەرگە لە ناوچەی بەمۆ، ئەویش بەسەر سنووردا بەڕێی کردم بۆ مەڵبەندی هێز لە تەوێڵە.

فەرماندەی هێز (عەبدولوەهاب ئەتروشی) بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم و پاش چەند ڕۆژ حەسانەوە لەگەڵ دەستەیێک پێشمەرگەدا بەرەو شارباژێڕ و ماوەتی ناردم، لەسەر ڕێگای خۆم لە سیتەک دیداری شێخ لەتیف و دایکی کاوەم کرد و گەیشتمە ماوەت، لێرە دەبوایە چاوەڕوان بم تا کاروانی ناوچەی پژدەر و باڵەک ڕێک دەکەوێ تا لەگەڵیان لە سنوور بپەڕمەوە.

دەستەیێک پێشمەرگە لە قەرەداخەوە هاتبوون بۆ باڵەک دەچوون، چوومە نێویان و لە ڕۆژێکی زۆر ساردی پاییزدا ماوەتمان بەجێهێشت، لە ڕووباری (تەیەت) پەڕینەوە و بەسەر گوندەکانی گەناو و گرتک سپیان و بەقەراخ شاری قەڵادزەدا هاتینە سەید ئەحمەدان، لەوێوە بەدۆڵی شەهیداندا سەرکەوتین و هاتین تا گەیشتینە گوندی (دیلمان) کە بارەگای بارزانی لێ بوو، شەو چاوم بەسەرۆک بارزانی کەوت و بەسەرهاتی گیران و بەربوونەکەم بەوردی بۆ گێڕایەوە.

هاتمە (ناوپردان) کە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لێ بوو، ئەوان بڕیاریان دا کە بچمە سەر جێگا و خانووی (مەلا خدر) کە پشکنێری دادگاکانی شۆڕشە و بۆ ڕێکخستنی دادگاکانی شۆڕش نێرراوە بۆ ناوچەی بادینان. ئەم مەلا خدرە پارێزەر و ڕۆژنامەنووسێکی موسڵاوییە و ناوی خۆی (یوسف مەتی)یە و سەر بەحزبی کۆمۆنیستی عێراقە لە ترسی گیانی خۆی پەنای بۆ شۆڕش هێناوە و چونکو قانونزانە ئەرکی پشکنێری دادگای پێ سپێردراوە.

ژوورەکەی مەلا خدر بۆ من مایەی حەسانەوەبوو، چونکو جگە لە پرێمز و قاپ و مەنجەڵی چێشت و چالێنان، ڕۆن و دانەوێڵەی خواردنی زستانە و ژمارەیێک مریشکیشی هەبوو، سۆبەکەی ژووری گەرم داهێنابوو و دار و دیوارە قوڕینەکانی بەڕۆژنامە داپۆشیبوو،

جگە لە قەرەوێڵە و نوێنی گەرم، بەڕە و حەسیریشی ڕاخستبوو، بەکورتی ئەو ژوورە لەو زستانە سارده و لە جێگاییێکی وەکو ناوپرداندا بەخواپێیدان دەژمێردرا، نزیکەی مانگ و نیوێکی خۆش و تێر و تەسەلم لەم ژوورەدا ڕابوارد، پاشتر مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا بیم بەلێپرسراوی چاپخانەی خەبات کە لە گوندی (سوورەبان)ی پشتی قەسرێ داندراوە.

خانوویێکی قوڕینی دوو ژووری و داڵانێک، ژوورێکیان بۆ پیت و مەکینەی چاپ، ئەوی دی بۆ دانیشتن و خواردن و نوستن و ئیشکردن، ئێمە چوار کرێکار و نووسەرێک و یەک چێشتکەربووین، ئەرکی چاپمان کەم بوو، تەنیا ئەو بەیان و ئیستیمارانە بوو کە هێز و لقەکان بەکاریان دێنا و زیاتری ڕۆژەکان بێکاربووین، بۆیە بیرم لە تێهەڵچوونەوەی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) کردەوە.

ساڵانی پێشوو بڵاوکراوەییێک بەناوی (دەنگی پێشمەرگە) لەلایەن کاک سامی و هەژاری شاعیرەوە بەڕۆنیۆ دەرکرابوو کە دوازدە ژمارەی لێ دەرچووبوو، وەکو درێژەی ئەو بڵاوکراوەیە دەستم کرد بەدەرهێنانی گۆڤارێکی ڕێکوپێک بەشێوەی چاپەمەنی نوێ کە مانگی ئازاری ١٩٦٨ یەکەم بەرهەم لەژێر ژمارەی (١٣)دا بڵاوکرایەوە.

دەرکردنی گۆڤارێکی خنجیلەی ئا بەم شێوە لەبار و ڕێک، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئامێر و کەرەستە سەرەتاییانەی لە چاپخانەکەماندا هەبوون، بەڕاستی کارێکی ئازایانە و نیشانەی خۆماندووکردن و ڕەنج کێشانە، کەچی بەداخەوە لە دەزگاکانی ژووروویی شۆڕشدا کەسێکم نەدی بەچاوی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن تەماشای بکات، یا لەمەڕ باش و خراپی دیمەن و ناوەڕۆکییەوە ڕایێک دەرببڕێ.

لە ماوەی بیست مانگدا -ئاداری ١٩٦٨ تا تشرینی دووەمی ١٩٦٩- دوازدە ژمارەی دەنگی پێشمەرگەم دەرهێنا کە وەکو لە ناوەڕۆکەکانیاندا دەردەکەوێ، کەلێنێکی باشی پڕ کردەوە و توانی ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێ.

### ٤٢- پارچە بەهەشتێک بەناوی «وەڵزێ»

گوندی «سوورەبان» کە چاپخانەی لێ داندرابوو، بریتی بوو لە ٦-٧ ماڵ، لە پەنا گردێکی ڕووتەنی بێ دار و سێبەردا کە نازانم سوود و هۆی ڕەچاوکردنی ئەم شوێنە قاقڕە لە سەرەتا چی بوو؟ کەچی دوو کیلۆمەتر بەولایەوە گوندی (وەڵزێ)یە کە قەوخاو زۆر ئاوەدانە و چەند دوکانی تێدایە، ئەم گوندە لە داوێنی خۆراوای چیای (سەکران)ە کە شاخێکی هێجگار سەخت و بەرزە، هەر چوار دەوری بەرەز و باخ و کانی و لێرەوار داپۆشراوە، جگە لە دەیان کانی و کانیلەی نێوباخەکان، لە نێوەڕاستی دۆڵی سەکران لە بن



تاشەبەردێک باوەشە ئاوێک دەبێتە دەر و هەڵدەڕژێتە خوارێ کە بارستایی ئاو و دیمەنی دڵڕفێنی ئەگەر لە تاڤگەی گەلی عەلی بەگ جوانتر نەبێ کەمتر نییە، ئەو ئاوە لە خوارتر پاش ئاوەدانی باخ و ڕەزەکانی دەبێتە ڕووبارێک و بۆ لای قەسر و ماکۆسان شۆڕدەبێتەوە.

من کە فرمانی هەمیشەییم لە چاپخانەدا نەبوو و کارەکەم بریتی بوو لە نووسین و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و پیشاندانی چۆنێتی ڕێکخستنی لاپەڕەکان کە ئەویش لە هەفتەدا ڕۆژێکی بەس بوو، خانوویێکم لە وەڵزێ بەکرێ گرت و گواستمەوە ئەوێ، هەموو ڕۆژێ سەری چاپخانەم دەدا و دەگەڕامەوە وەڵزێ، لەژێر دارگوێزەکاندا خەریکی نووسین دەبووم.

نزیکەی یەک ساڵ لێرە مامەوە، بەڵام ڕووداوێکی ناخۆش بوو بەهۆی بەجێهێشتنی وەڵزێ و وازهێنانم لە کاری چاپخانە. وەکو پێشتر باسم کرد وەڵزێ گوندێکی ئاوەدان و فراوان بوو، لەسەر بڕیاری شۆڕش دەبوایە گوندی وا گەورە قوتابخانەی بۆ دابندرێ، بۆیە جێگای خوێندن دیارکرا و لاوێکی پێشمەرگەی خەڵکی (کۆڕێ) کە وابزانم خوێندنی سەرەتایی تەواوکردبوو، کرا بەمامۆستا بۆ ئەو قوتابخانەیە، ناوی (ئەسکەندەر) بوو.

ڕۆژێک چەند کەسی خەڵکی ئاوایی هاتنە لام و سکاڵایان کرد کە ئەسکەندەری مامۆستا و پێشمەرگەییێکی دی کە بادینانییە و ناوی (حاجی)یە، بەڕۆژ بەنێوماڵاندا دەسووڕێنەوە و خۆیان لە ژنان هەڵدەقوتێنن، بەڵکو من ئەوە بەکاربەدەستان ڕابگەیێنم و ئەمانە دوور بخرێنەوە. منیش وام بەباش زانی کە بێ ئەوەی کارەکە زل بکرێ خۆم بەچەشنی ئامۆژگاری ئەم دووانە بدوێنم. چاوم بەهەردووکیان کەوت و داوام لێ کردن کە سەبارەت بەپاراستنی ناوی شۆڕش و پێشمەرگە لەنێو ئاواییدا بەئەدەب بجووڵێنەوە، دەنا کاردەگاتە مەکتەبی سیاسی و لێیان دەپرسێتەوە.

چەند ڕۆژێک پاش ئەم ڕووداوە، نامەیێکی کاک حەبیب سکرتێری مەکتەبی سیاسیم بۆ هات دەڵێ «سواری ئەسپە ڕەسەنەکەت بەو وەرە ئێرە تا هەندێ قسەی خۆش پێکەوە بکەین». ئەوەش بڵێم کە من ئەسپێکی سواریم کڕیبوو بۆ هاتوچۆی مەکتەبی سیاسی، چونکە وەڵزێ لە جادەی ترومبێل دووربوو و هەموو کاتێکیش ترومبێل دەس نەدەکەوت بەڵام بەسواری بەقەراخ گوندی وەڵاش و پشتی مێرگەدا زوو دەگەیشتمە (ناوپردان)ی مەڵبەندی مەکتەبی سیاسی.

کاک حەبیب لێی پرسیم ئاخۆ نێوانم لەگەڵ خەڵکی وەڵزێ چۆنە؟ گوتم باشین و هەندێ شەو کە ئیشم نەبێ دێنە لام قسەیان بۆ دەکەم، ئەمجا پرسی تۆ کامیرات هەیە؟ گوتم بەڵێ هەمە. سەرێکی لەقاند و گوتی مانەوەی تۆ لە وەڵزێ تەواو، وەرەوە بۆ مەکتەبی

سیاسی یارمەتی ئێمە بدەی بۆ کاروباری نووسین و تەرجەمە، ئەم قسەیە بۆ من کوتوپڕ بوو، گوتم شتی وا چۆن دەبێ، من بەرپرسی چاپخانەم و دەرهێنانی یەک دوو گۆڤارم بەسەرشانەوەیە، بەڕۆیشتنی من ئەوانە پەکیان دەکەوێ. حەبیب گوتی کاکی خۆم من ئەوە دەزانم، بەڵام کاک مەسعود بارزانی ئەم فەرمانەی دەرکردووە، هۆیەکەشی گوایە تۆ خەڵکی ئاوایی دێنە لات و تۆ نووسراوی کۆمۆنیستانەیان بۆ دەخوێنیتەوە و هەندێ شانەی کۆمۆنیستیت دامەزراندووە، کامێراشت هەیە دەچیتە ماڵان و وێنەی ژنانی پێ دەگری.

لێرەدا تێگەیشتم ئەمە چۆنە... ئەو حاجی ناوەی من لە وەڵزێ هەڕەشەم لێ کرد، سەر بە(پاراستن) و پیاوی تایبەتی مەسعود بارزانییە، ئەو شتەکەی هەڵگێڕاوەتەوە و ئەمانەیش بەبێ لێکۆڵینەوە وەریانگرتووە و فەرمانی دوورخرانەوەی منیان لە وەڵزێ داوە.

بەداخەوە چاپخانە و دەنگی پێشمەرگە و گوندی وەڵزێم بەجێهێشت، بەڵام نەچوومە مەکتەبی سیاسی دابنیشم، لە گوندی دەربەند خانوویێکم لە مستەفا سلێمانی بەکرێ گرت و دانیشتم، جار بەجار سەرێکی مەکتەبی سیاسیم دەدا و دەهاتمەوە لە ژوورەکەی خۆمدا خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبووم.

ئەوەی لەوانەیش سەمەرەتربێ و شیاوی پێکەنین و خەفەت خواردنیشە، پاش ڕۆیشتنی من (سوها) ناوێکیان دانا بەسەرپەرشتی چاپخانە کە دەزگایێکی گرنگی ڕاگەیاندنی شۆڕشە. ئەم سوهایە تورکمانێکی کەرکووکییە کە نەک ڕۆشنبیری کوردی نییە بەڵکو بەقسەکردنیش کوردی باش نازانێ، مووچەخۆری میری بووە، هەندێک پارەی میری خستۆتە گیرفانی و ڕای کردووە هاتۆتە نێو شۆڕش بۆ لای (نوری شاوەیس)ی خزمی و ئەندامی میم سین(*).

نوری کوڕی سدیق شاوەیس و برازای ئیسماعیل حەقی شاوەیسە کە بنەماڵەیێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوون، بەڵام دایکی کەرکووکییە.

جا کاتێ نوری داوای کردووە کارێک بۆ سوها بدۆزرێتەوە، سەریان هێناوە و سەریان بردووە لە چاپخانە زیاتر شوێنی چۆڵ و ڕەحەتتریان شک نەبردووە، بۆیە (سوها)ی تورکمانی کوردی نەزانی کۆلکە خوێندەواری خزمی مامۆستا نوری شاوەیسی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان داندرا بەبەڕێوەبەری چاپخانەی شۆڕشی کوردستان!...

ئەمە نموونەیێکی زەقی جۆری تێڕوانین و بایەخدانی کاربەدەستانی شۆڕش بوو لە ئاستی

(*) (میم سین) واتە مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.



ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و چاپخانە و چاپەمەنی کوردییەوە.

ئاشکرایە کە پاش ڕۆیشتنی من. دەنگی پێشمەرگە و چاپەمەنییەکانی دی پەکیان کەوت و نەمان.

## ٤٣- پرۆژەی مێژووی شۆڕش

ڕۆژێک لەگەڵ دوکتۆر مەحموود، مۆربەدەستی میم سین، کە نێوانمان زۆر خۆش بوو، لە شۆڕش و بەسەرهاتەکانی ئەم چەند ساڵەی دەدواین کە لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان هەر کەسە بەجۆرێ دەیگێڕێتەوە و شتی لێ زیاد و کەم دەکرێت و هێشتا لەلایەن سەرچاوەکەیەوە شتێک دەرنەچووە بکرێ بەبناخەی ڕاستەقینەی مێژوویی ئەم ڕاپەڕینە. دوکتۆر پێشنیاری کرد کە لەم ڕۆژانی بێکاریمدا با خۆم بەنووسینی مێژووی شۆڕشەوە خەریک بکەم، قسەکەیم زۆر بەدڵ بوو و گوتم بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەندێک ڕووداو و سەرەتاکانی دەستپێکردنی شەڕ، پێویستم بەوە هەیە گەشتێکی ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەم و لە نزیکەوە چەند کەسێک لە پێشمەرگە کۆنەکان ببینم و لە دەمی ئەوانەوە بەسەرهاتەکان بنووسمەوە.

دوکتۆریش ئەمەی پەسندکرد، بەڕێکەوت کاروانێکی پێشمەرگە لێرەوە بەڕێگای (حاجی ئۆمەران – مەهاباد – سنە – مەریوان – پێنجوینەوە) بەرەو ناوچەی سلێمانی دەڕۆیشت، منیش درامە دەست ئەوان کە بمگەیێننە پێنجوین، دارا تۆفیق تازە لە سەفەری ئەورووپا گەڕابۆوە کامێرایێکی بچکۆلانە و لەباری هێنابوو، لێم سەند و لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩دا لە سنووری شیوەڕەش ئاوابووین، شەو گەیشتینە مەهاباد، چەکەکانمان لەگەڵ هەر سێ جێبەکە بردە دایرەی ساواک و خۆمان لە ئوتێل دابەزین، ئەم مانەوەیەم بەهەل زانی، بەنێو بازاڕدا گەڕام یادی کۆنم تازە کردەوە، سەری دەرمانخانەی مەرکەزیم دا و شەو لە ماڵی (حاجی سەید عەبدوڵڵای ئەیوبیان) نانم خوارد، بۆ بەیانی جێبەکانمان لە ساواک وەرگرتەوە و لەبەر دەرگای ئوتێل ڕامانگرتن تا بکەوینە ڕێ.

ئەو بەفرەی دوێنێ و پێرێ باریبوو هێشتا لەسەر شەقامەکە مابوو، خەڵکی شاری مەهابادیش دوور بەدوور ڕاوەستابوون و تەماشایان دەکردین، کابرایێکی گوماناوی کە سەروگوێلاکی خۆی داپێچابوو، هاتبووە بەرامبەرمان و بەوردی دەیڕوانی تا بزانێ ئایا لە خەڵکی شاری کێ لێمان نزیک دەبێتەوە یا دەماندوێنێ، پێشمەرگەیێک داوای لێکرد دوورکەوێتەوە بەڵام نەڕۆیشت و گوتی گوایە ئیشی خۆی هەیە، گومانم نەما کە ئەوە سەر

بەساواکە و بۆ سیخوڕی لێرەیە، لەگەڵ نوری ئەتروشی و یەک دوو پێشمەرگەی دی تەگبیرمان لێ کرد تەمێی بکەین. دوای ئەوەی شتەکانمان بارکرد و پێشمەرگە سواربوون، نوری کابرای سیخوڕی بانگ کردە هۆڵی ئوتێلەکە و لەگەڵ دوانی دیکە بەربوونە وێزەی هەتا توانیان کوتایان و تێیان هەڵدا، هەرچەندە کابرا هاواری دەکرد بۆ لێم دەدەن، دەیانگوت نامەرد تۆ پیاوی ڕژێمی عێراقیت و هاتووی چاودێری ئێمە دەکەیت؟ پاشان بەسەری شکاو و دەموچاوی خوێناوییەوە بەجێیان هێشت و سواربوون و هاتین.

شەوێک لە سنە و شەوێک لە مەریوان ماینەوە، ڕۆژی چوارەم لەبەر بەفر و بەستەڵەک بەناڕەحەتی گەیشتینە پێنجوین، (فازڵ سۆرانی) فەرماندەی ئەوێ بوو، دوای ئەوەی فرمانەکەی خۆمم تێگەیاند و داوام لێ کرد یامەرتیم بدا هەندێ لە پێشمەرگە کۆنەکانی سەرەتای شۆڕش ببینم و قسەیان وەربگرم، دەبینم زۆر بەنابەدڵی وەڵامم دەداتەوە و بەڵێنی هیچ جۆرە یارمەتی نەدامێ، دیاربوو وەکو یەکێکی نەویستراو بەچاوی گومانەوە تەماشام دەکات، ئەم کردەوەیەم بەلاوە سەیر بوو و نەمدەزانی هۆیەکەی چییە، شەوێک (کاک تاهیر عەلی والی) کە ئەفسەری عێراق بوو و سەبارەت بەکوردایەتی هاتۆتە ڕیزی شۆڕش، بانگهێشتنی کردم، کاتێ گلەییم لە دەزگای ئێرە کرد کە یارمەتیم نادەن، گوتی فەرماندەکانی ئێرە وا دەزانن تۆ لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بۆ ئەوە نێرراویتە ئێرە تا لە هەندێ کردەوەی ئەمان بتۆژیتەوە، ئەوانیش کە خۆیان سەر بەبارەگای بارزانی دەزانن پێیان وایە کە هیچ پەیوەندییان بەپارتی و مەکتەبی سیاسییەوە نییە، ئەمان و هەموو هێزی چەکداری سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان خۆیان بەچەکداری بارزانی دادەنێن، حزب و دەزگای سیاسی بەشتێکی زیادی دەزانن، لەبەر ئەوەیە تۆ لێرە ئێسکت سووک نییە.

لە پێنجوینەوە هاتمە ماوەت مەڵبەندی لقی٤، لێرەش کەس بەدەنگمەوە نەهات، ناچار خۆم کەوتمە پرسین و هەندێ لەو پێشمەرگانەم دۆزینەوە کە لە سەرەتای شۆڕشەوە بەشداربوون، بیستم کە (فاخر مێرگەسووری) وەکو پشکنێرێک بەسەر هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستاندا دەگەڕێ و گەیشتۆتە ناوچەی سورداش، ئەوەم بەهەل زانی کە خۆمی بگەیێنمێ، تا بەڵکو لەگەڵ ئەودا بەشداری گەڕانەکە ببم و زیاتر زانیاریی پێویست کۆ بکەمەوە.

لە ماوەتەوە هاتمە هەڵەدن و پاش یەک دوو ڕۆژ حەسانەوە هاتمە سەرگەڵو، (ڕەئیس عەبدوڵڵا) هاتنی منی پێ خۆش بوو و ویستی شوێنی مانەوەم بۆ ڕێک بخا، بەڵام تێم گەیاند کە ناتوانم بمێنمەوە و دەمەوێ بگەمە کاروانەکەی فاخیر، پاش دوو ڕۆژ لەگەڵ دەستەیێک پێشمەرگەدا لە دابان شۆڕبووینەوە و بەبەردەمی سەنگەرەکانی سوپای عێراقدا



لە جادەی گشتیی سلێمانی - دوکان پەڕینەوە و لە پشتی چەمی ڕێزان گەیشتمە کاروانی فاخیر مێرگەسووری.

لە کۆنەوە دۆستایەتییێکی زۆر بەتینم لەگەڵ فاخردا هەبوو، هاتنەکەمی زۆر پێ خۆش بوو، وڵاخی سواری بۆ دابین کردم و بەڵێنی هەموو جۆرە یارمەتییێکی دام. (ڕەفیق چالاک)یش یەکێک بوو لە هاوسەفەرەکانی فاخیر، ئەو وای بۆ دەچوو کە ڕەفیق لەلایەن بارەگای بارزانییەوە بۆ ئەوە تێهەڵکێشی ئەم سەفەرە کراوە تا هەرچی ببینێ ڕاپۆر بدا، نازانم ئەم بۆچوونە تەواوبوو یا نا، بەڵام لە ڕاستیدا بەقسەی خۆش و قۆشمەیی چالاک کاروانەکەمان لە ئەرکێکی سوپاییەوە بووبوو بەگەشتێکی سەیران و ڕابواردن و کەس هەستی بەماندوویی نەدەکرد. ئەو گوندانەی دەچووین لە ڕۆژێک زیاتر گیر نەدەبووین، تەنیا لە دێی (کلاوقوت) سێ شەو بەمیوانی (حەمەسوور) پێشڕەوی (هەقە)کان ماینەوە، حەمەسوور مانەوەی ئێمەی پێ خۆش بوو و باشی خزمەت کردین، منیش کەلکم لەم دەرفەتە وەرگرت و هەندێک لە ڕەوشت و شێوەی ژین و کردەوەکانیانم تۆمار کرد تا لە پاشترا ئەگەر بۆم لوا وەکو کتێبێک چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

کاتی ڕۆیشتن حەمەسوور هەتا ڕووبارەکەی قەراخ ئاوایی لەگەڵمان هات، ئەو جووتێک جزمەی لاستێکی لە پێدابوو و کاتی ماڵاوایی گوتی هیوادارم لە کەموکوڕیمان ببوورن و دڵتان لێمان نەئێشابێ، ڕەفیق چالاک وەڵامی دایەوە و گوتی: «کوڕە چۆن دڵمان لە تۆ دێشێ، بەشەرەفم ئیمانم پێت هێناوە کە تۆ پێغەمبەری و پێغەمبەری کوردانی، چونکو لەو هەموو پێغەمبەرانەی هاتوون و ڕۆیشتوون، تۆ تەنیا کەسیانی کە جزمەی لاستیکت لە پێ کردووە»! پێویستە ئەوەیش بڵێم کە قسەکانی حەمەسوور خۆی و لە درکاندنی هەندێ لە شوێنکەوتووەکانیا وا دەردەکەوت کە حەمەسوور خۆی بەیەکێک لەو پێغەمبەرانە دەژمارد کە بۆ ڕزگاری و ڕێپیشاندانی خەڵک هاتوون.

**٤٤- ڕێککەوتنی یازدەی ئازار**

شەوی پاش دەرچوونمان لە (کلاوقوت) گوێمان لێ بوو کە ڕادیۆی بەغدا دەقی پەیمانەکەی یازدەی ئازاری بڵاوکردەوە، فاخر کە بۆ سەردانی دەستەیێک پێشمەرگە ڕۆیشتبوو، پارچە قاقەزێکی بۆ ناردم پرسیبووی «تۆ ئەم بەیانەت پێ چۆنە؟» بۆیم نووسییەوە کە «سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی، ئەگەر بەڕاستی بهێنرێتە جێ، شتێکی زۆر باشە».

ڕۆژی دواتر هاتینە گوندی حەساری نزیک جادەی کەرکووک - پردێ، خەڵکی کەرکووک و ناوچەی شوان کە بیستبوویان فاخر مێرگەسووری نوێنەری شۆڕشی کوردستان لە گوندی

حەسارە، دەستە دەستە و کاروان لە دوای کاروان دەهاتنە پیرۆزبایی. بۆ بەیانی برووسکەییێک لە میم سینەوە هات داوای گەڕانەوەی منیان دەکرد، ماڵاواییم لە فاخر کرد و بەسواری ترومبێل هاتمەوە ناوپردان.

یەک دوو جار ڕێم کەوتە لای سەرۆک بارزانی، وەکو بۆم دەرکەوت زۆر بەم پەیمانە دڵخۆش نییە و هەموو جارێ وای پیشان دەدا کە پەلەی لێ کراوە و تازە لە دەست دەرچووە، بەتایبەتی پاش داندرانی وەزیرە پێشمەرگەکان، لە مقۆمقۆی خەڵک کە گوایە یەکێک لە کوڕەکانی (ئیدریس و مەسعود) دەبن بەجێگری سەرەک کۆمار لە بەغدا، زۆر تووڕە دەبوو.

دوکتۆر مەحموود لێی پرسیم نیازی چیم هەیە؟ گوتم بەتەمام هەر لێرە بمێنمەوە و خۆم بەنووسین و خوێندنەوەوە خەریک بکەم، ئەو ئەمەی پێ خۆش بوو و گوتی منیش بۆ هیچ کوێ ناچم، هەردووکمان پێکەوە ڕادەبوێرین، ئەمەیش بزانە کە ئەم فاکوفیکە زۆر ناخایێنێ و دوایی ناچار دەبین تێ هەڵچینەوە.

جەژنی نەورۆزمان لە چۆمان کرد، ماڵێکم بۆ خۆم ڕێکخست و دەستم کرد بەنووسینی گەڵاڵەی ئەو کتێبەی لەمەڕ شۆڕشی کوردستانەوە بەدەستمەوە بوو و سەفەرە دوور و درێژەکەی سێ مانگیم بۆ کردبوو، پاشان ئەو گەڵاڵەیەم دا بەدوکتۆر مەحموود بیخوێنێتەوە، دوکتۆر دوای خوێندنەوەی گوتی تۆ بەختت باشە کە لە خۆم و خۆت زیاتر هیچکەس ئەم نووسینانەتی نەدیوە دەنا تووشی کێشەکێشێکی خراپ دەبووی، گوتم ئاخر ئەمانە ڕاستەقینەن و ڕووداون، گوتی با واشبێ، بۆچی پێتوایە هەموو ڕووداوێکی ڕاستەقینە بۆ بڵاوکردنەوە دەست دەدا؟ من وای بەباش دەزانم کە هەر واز لەم کتێبە بهێنیت و خۆت بەشتێکی سادەترەوە خەریک بکەیت.

ماوەییێک بەم جۆرە مامەوە و تەماشای ئەو خەڵکانەم دەکرد، ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان نە بەکردەوە و نە بەدەم لایان لە کوردایەتی نەکردۆتەوە، وا ئەمڕۆ پۆل پۆل لە شارەکانەوە دێنە ناوپردان پیرۆزبایی دەکەن و دڵسۆزی خۆیان پیشان دەدەن، لەوانەیش سەیرتر ئەوەیە کە زۆر بەڕێزەوە پێشوازی دەکرێن و قەدریان دەگیرێ، تەنانەت لە هەندێ ڕێککەوتا پێش ئەوانە دەخرێن کە لە ڕۆژە ڕەشەکاندا خۆیان بۆ نەتەوەکەیان خستۆتە گێژاوی مەترسی و لێقەومانەوە.

نامەییێکی سەیدا ساڵح یوسفیم بۆ هات دەیویست بچم بۆ بەغدا پێکەوە خەریکی دەرهێنانی ڕۆژنامە یا گۆوارێک بین، بەڵام من دڵم بڕوایی نەدەدا لەم وەرزەدا ئەو ناوچە خۆشە بەجێ بێڵم و ڕوو بکەمە گەرما دۆزەخەکەی بەغدا، نەچووم، کەچی ڕۆژێک هەژار



هات و نامەییێکی دامێ، نامەکە هی کاک سامی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) وەزیری کاروباری ژوورروو بوو بۆ هەژاری نووسیبوو کە پێویستە دەزبەجێ لەگەڵ ناکامدا بێن بۆ بەغدا خەریکی بناخەدانانی (مەجمەعی عیلمی کوردی)بن.

پرسم بەدوکتۆر مەحموود کرد، پێی وابوو کە دەبێ بچم و دوانەکەوم، بۆیە خۆم ئامادە کرد و ڕۆیشتم.

## ٤٥- مەجمەعی عیلمیی کوردی

بۆ بەیانی هەلیکۆپتەرێکی میری هات لە چۆمان نیشتەوە، ئێمە (هەژار و فەرەیدون عەلی ئەمین و من) سواری بووین و هاتینە کەرکووک و لەوێشەوە بۆ بەغدا، پێش ئەوەی بڵاوەی لێ بکەین ڕێککەوتین کە بۆ بەیانی لە ئوتێلی خلود لە حەیدەرخانە کۆببینەوە و پێکەوە بچین بۆ شوێنی کۆبوونەوە.

بەیانی من لەوان زووتر گەیشتمە ئوتێل خلود و لە هۆڵەکە دانیشتم، مەلا محەمەد مستەفا کوردی کە ئەویش بۆ هەمان مەبەستی ئێمە هاتبوو هاتە لام و گوتی گوایە کۆبوونەوەکەمان لە هۆڵی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەبێت، لەو کاتەدا شێخ محەمەدی خاڵ کە ئەویش لە بانگکراوەکان بوو هات و مەلا محەمەدی بانگ کرد کە بێت با بڕۆن، من کە ناسیاوی کۆنم لەگەڵ شێخدا هەیە لەبەری هەستام بەڵام ئەو خۆی تێ نەگەیاندم، مەلا محەمەد کە وای زانی نامناسێ پێی گوت ئەمە فلانکەسە، کەچی دیسان گوێی نەدامێ و نەیدواندم. ئەوان ڕۆیشتن و پاش ماوەییێک هاوڕێکانم هەژار و فەرەیدون هاتن و چووین بۆ شوێنی دیارکراو.

وا دیار بوو ئێمە کەمێک دواکەوتبووین و بانگکراوەکان کۆبوونەوەی خۆیانیان دەست پێ کردبوو، کاتێ ئێمە سێ کەسی ڕانکوچۆخە لەبەر وەژوور کەوتین، بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە (دوکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی) کە چاوەڕوانمان بوو بەپیرمانەوە هات و لەلای خۆیەوە داینایین و چوونەوە سەر باسەکەی خۆیان کە لەمەڕ پێڕەو و پرۆگرامی مەجمەعی چاوەڕوانکراو دەدوان، هەندێک دەیانگوت ئەم مەجمەعەی ئێمە دەبێ پاشکۆی مەجمەعی عێراقی بێت و هەندێک لایان وابوو کە ئەگەر سەر بەوەزارەتی ڕاگەیاندن بێ باشترە.

حەزم کرد خۆم تێهەڵقوتێنم گوتم ئەگەر ئەوەی باسی لێ دەکەن یەکێکە لەو دەسکەوتانەی لەسایەی شۆڕشەوە هاتۆتەدی، ئەمەیان واز لێ بێنن، شۆڕش خۆی دیاری دەکا، ئێمە لێرە زیاتر لەوە بکۆڵینەوە باشە کە دامەزرێنەران و ئەندامانی ئەم مەجمەعە دەبێ کێ بن و چ تایبەکارییێکیان تێدابێ، هەروەها ڕابردووی خەبات و کوردایەتییان

چەند بێت و چۆن بن.

ئەم فەرمایشتەی من کە ناکاو و بیر لێ نەکراوەبوو، گوڕی دانیشتووانی دامرکاندەوە و قسەکانی خۆیانی لەبیر بردنەوە، بێدەنگی کۆبوونەوەکەی داگرت، هەژار بۆ ئەوەی هەواکە بگۆڕێ گوتی: «برام ئێمە لە چیاوە هاتووین و چیاییانە بیر دەکەینەوە، ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن»، پاکیزەیش گوتی: «ئێوە نوێنەری شۆڕشی کوردستان و ڕایەکانتان بەڕێزەوە وەردەگرین» بەڵام تازە پەتی پیلە و لێکۆڵینەوە کە پچڕابوو و وەکو خۆی لێ نەدەهاتەوە، بۆیە بۆ پشوودان هەستاین، خەڵکەکە لێمان کۆبوونەوە، بەخێرهاتن و چاکوچۆنیان لەگەڵ کردین.

لێرەدا ناشیرینتر و سەرسووڕێنتر کردەوەم بینی کە ناچێتە ئەقڵەوە، وەکو پێشتر باسم کرد دوو سەعات لەمەوپێش شێخ محەمەدی خاڵ مەرحەبای لێ نەکردبووم، دوای ئەوەی محەمەد مستەفا کوردیش گوتی ئەمە سەعید ناکامە دیسان بەیەک وشەیش نەیدواندبووم، کەچی ئێستا لەو سەرەوە باڵی فش کردەوە و خۆی گەیاندە لام، دەستمی بەهەردوو دەست گوشی و گوتی: «کاکە ناکام چاوم ڕوون بۆوە»!... ئەم بزووتنەوەیەی بەجۆرێ تاساندمی و دڵمی پڕ کرد لە قێز و تووڕەیی کە هەرچێکم کرد وەڵامیم پێ نەدرایەوە، ڕووم کرد بەولاوە و بەجێم هێشت.

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوانەی بیرم مابێ بریتی بوون لە (تاهیر سادق) (حسێن ڕەشوانی)، (ئەحمەد هەردی)، (گیوی موکریانی و کوردستانی کچی)، (شێخ محەمەدی خاڵ)، (محەمەد مستەفا کوردی)، (سادق بەهائەدین)، (قادر قەزاز)، (محەمەد ئەمین عوسمان) و چەند کەسێکی دی کە لەبیرم نەماون.

ئەمە دوا کۆبوونەوەی ئەو هەرەمەیە بوو، چونکو مەبەستەکە لە دەسکەوتی زمان و زانستییەوە گوێزرایەوە بۆ بابەتێکی سیاسی، وەزیری کاروباری ژووروو کەسانێکی بۆ ئەم مەبەستە ڕەچاو کرد کە فریان بەسەر ئەم زانستەوە نییە، لەوانە موهەندیسێکی کوردی نەزان، کوڕە مەلاییێکی دەرچووی قاهیرە کە نەدێرێک کوردی نووسیوە و نە کوردایەتی کردووە، لەگەڵ چەند کەسێکی لەم بابەتە، یەک دووانێکیان لێ دەرچێ هیچیان شیاوی ئەم کارە نەبوون، بەبیستنی ناوەکان من دوای قرە و تووڕەیی لەگەڵ وەزیرا خۆم دوورخستەوە و نەچوومەوە بۆ کۆبوونەوەکانی کۆڕ، پاشتریش لەگەڵ دەستەی یەکێتی نووسەرانی کوردا بەیانێکی پڕ لە توانج و تووڕەییمان دژی ئەم ڕەچاوکرانەی کۆڕ بڵاوکردەوە.



## ٤٦- یەکێتی نووسەرانی کورد

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ١٩٧٠دا ڕژێمی بەغدا و تاقمی بەکرەجۆییەکان، بەمەبەستی ڕوو سپی کردنەوەی ئەو تاقمە و دەرخستنی نیازپاکی بەعسی لەگەڵ گەلی کوردا، پرۆژەی هەندێ دەسکەوتی ڕۆشنبیری بڵاوکرایەوە، لەوانە دانانی زانکۆ لە سلێمانی و داهێنانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی و پێکهاتنی یەکێتی نووسەرانی کورد و دروستکردنی مەجمەعی عیلمی کوردی بوو. زانکۆ لە سلێمانی داندرا و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە بەغدا قوت کرایەوە، بەڵام فریای مەجمەع و یەکێتی نووسەران نەکەوتن کە یازدەی ئازاری بەسەر داهات.

بۆ یەکێتی زۆر خۆیان ماندوو کردبوو، دەستەی دامەزرێنەریان لە کەسانی سەر بەخۆیان و هەندێ نووسەری کوردی بەغدانشین پێکهاتبوو، ئیستیمارەی ئەندامەتییان چاپ کردبوو و ڕۆژی کۆبوونەوەی کۆنگرەشیان دیارکردبوو، بەڵام ئێمە فریا کەوتین و جڵەوی کارەکەمان گرتە دەست. دەستەی دامەزرێنەری پێشوومان هەڵوەشاندەوە و هی تازەمان لەجێیی دانا، ڕۆژی ٢٣ و ٢٤/٦/ ١٩٧٠مان بۆ بەسترانی کۆنگرە دیارکرد، لەو ڕۆژەدا نوێنەری سەر کۆمار و ژمارەییێکی زۆر لە گەورەپیاوانی کورد و عەرەب و ئەدیب و شاعیری عەرەب لە هۆڵی خولدی بەغدا کۆبوونەوە. گوتاری سەرەک کۆمار وەزیری تەربیە خوێندییەوە و گوتاری ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان خوێندرانەوە، منیش بەناوی نووسەری پێشمەرگەوە گوتارێکم خوێندەوە کە هیچ جیاوازییێکی لەگەڵ نووسینەکانی سەر گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) نەبوو.

ڕۆژی ٦/٢٤ بۆ هەڵبژاردن دیارکرا، من و هەژار کە لەلایەن شۆڕشەوە ئەرکی چاودێری پاراستن و پێکهێنانی ئەم دەسکەوتەمان پێ سپێردرابوو پێکەوە بڕیارمان دا کە پێش دەنگ وەرگرتنی هەڵبژاردن من شتێک بڵێم و ئەوە ڕوون بکەمەوە کە هەرچی شتێ لەمەوپێش کراوە بێ بایەخە و تەنیا ئەوەی ئێستا دەکرێ حەلە. هەر لەو دانیشتنەماندا لاپەڕەییێکم نووسی و پیشانی هەژارم دا کە جگە لە گۆڕینی یەک وشە، هەمووی پەسند کرد. بۆ بەیانی کۆنگرە گیرا و من نووسینەکەم خوێندەوە کە بوو بەهۆی بۆڵە و خەڵبەخەڵبێکی زۆر، ئەوانەی پێش یازدەی ئازار دەستیان لە هەڵپە و هەڵسووڕانەکاندا بووە و کەسانی سەر بەکۆمۆنیستی ئاگریان گرتبوو خاو نەدەبوونەوە، هەژار بۆ ئەوەی ئەو گرژییە بنیشێنێتەوە هاتە پشت میکرۆفۆن و گوتی لەو کەسانەی دڵیان ئێشاوە من لە جیاتی ناکام داوای لێبووردن دەکەم!

ئەم گوتەیە ئەوەندە بۆ من چاوەڕوان نەکراوبوو کە بەپەلە چوومەوە پشتی میکرۆفۆن و گوتم: «داوای لێبووردن بۆ کردەی تاوان و هەڵەیە، بەڵام من سوورم لەسەر ئەو قسەیەی کردم و مەبەستیشم سووکایەتی یا شکاندنی کەس نییە، ئەوا دووپاتی دەکەمەوە، هەر هەنگاوێکی پێش ئەمڕۆ لەمەڕ پێکەوەنانی یەکێتی نووسەرانی کورد کراوە و هەر کەس کردبێتی، هەڵدەوەشێتەوە، وا لە نووکەوە دەست پێ دەکەین».

ئەم دووپاتکردنەوەیەم، تووڕەکانی تووڕە کرد، بۆیە لە کاتی دەنگدانا لە تێکڕای (٧٧) دەنگ تەنیا (٣٢) کەس دەنگیان بۆ من دا و لە ڕیزی هەڵبژاردەکاندا بووم بەسێزدەمین کەس!... هەرچەندە ئەم ئەزموونە نیشانی دام کە ژمارەی نەیارەکانم لە پشتگرەکانم زیاترە، بەڵام هەستم بەجۆرە شانازی و پێخۆشبوونێک دەکرد کە هێشتا ئەو خووەم تێدایە و کز نەبووە، کە ئەو شتەی خۆم بەڕاستی دەزانم و باوەڕم پێیەتی، با پێچەوانەی ئارەزووی کەسانی بەرامبەرم بێت و لەسەری تووشی زیانیش ببم هەر دەری دەبڕم و لەسەری دەڕۆم. لێرەدا جێی خۆیەتی کە چەند نموونەیێکی سووربوونم لەسەر ئەوەی بەڕاستی دەزانم بگێڕمەوە کە کەسانی دەوروپشتم بەسەرمەوە هاتۆتە پێش چاویان:

***

ساڵی ١٩٧١ میهرەجانی (مەربەد) لە بەسرە گیرا، میری زۆری بایەخ بەم میهرەجانەدابوو و شاعیرە عەرەبەکانی دوور و نزیکی بانگهێشتن کردبوو، منیش بەنوێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بانگ کرابووم، حەمەی ڕەسول (هاوار) و (د. عیزەدین مستەفا)شم لەگەڵ بوو، ئێمە شتی خوێندنەوەمان نەبوو بەڵکو میوان و گوێگربووین. لێرە (نوعمان ماهیر کەنعانی)مان دی کە وەزیری ڕاگەیاندنی سەلام عارف بوو و لە کاتی خۆیدا زۆر درۆ و دەلەسە و قسەی ناڕەوای بەگەلی کورد و شۆڕشەکەی دەگوت و بەنامیلکە بڵاوی دەکردەوە، هاتنی ئەم کابرایەمان پێ سەیر بوو، چونکو هەروەکو دوژمنی کوردبوو زۆریشی قسەی پیس بەبەعسییەکان دابوو، بڕیارم دا لێرە نقورچی خۆمانی لێ بگرین و کەمێک تۆڵەی لێ بکەینەوە. لە کاتی دانیشتنا کورسی پشت ئەو کابرایەمان دەگرت و پێکەوە بەعەرەبی دەئاخاوتین، وەکو: «ئەرێ ئەمە نوعمان ماهیری نامەرد نییە کە وەزیری کوڕی عارف بوو؟ ئەم ناپیاوە چۆن ڕێگا دراوە بێتە ئێرە؟ پێویستە ئێمە لێرە دەستی لێ بوەشێنین و لووتی خۆڵاوی بکەین»، ئەو کە ئەم قسانەی دەبیست وەکو کیسەڵ دەچۆوە نێو قاپێلکی خۆی و خێرا خێرا جێگای دەگۆڕی بەڵام ئێمە هەر بەشوێنییەوە بووین و وازمان لێ نەدەهێنا، تەنانەت ئەو کاتەی نۆرەی هات و ناوی خوێندرایەوە و چوو دەستی بەشیعر خوێندنەوە کرد، ئێمە هەستاین و کردمانە هەرا «ئەم



کابرا خاینەی دوژمنی گەلی چۆن ڕێگا دراوە بێت لە کۆبوونەوەیێکی ئاوا پیرۆزدا بەشداربێ، ئەمە میهرەجانەکە پیس دەکات»، کەنعانی بێدەنگ بوو و دانیشتوان هەموو لە ئێمە ڕادەمان، بەرپرسی میهرەجان بەپەلە هات و هۆی ئەم ئاژاوەیەی پرسی، تێمان گەیاند کە ئەمە چۆن کابرایێکە و نابێ بەشداری میهرەجان بێت، بەرپرس و بەعسییەکانی دی هاتن و تکایان کرد کە ئارام بین چونکو زۆر میوانی بێگانەمان تێدایە و ئەم کابرایە وەکو شاعیرێکی عەرەب بانگ کراوە و ئیدی ڕابردووی لەبەرچاو نەگیراوە. بەم جۆرە کەمێک تۆڵەی خۆمان لەو دوژمنە لێقەوماوە کردەوە.

ڕۆژێکی لاوێکی مەغریبی یا جەزایری سەرەی هات و چوو شیعر بخوێنێتەوە، تەمەنی نزیکی ٢٠-٢٢ ساڵان بوو، یەکەم وتەی پێش شیعرەکەی گوتی: «سڵاو لە نەتەوەی کوردی قارەمان، پێشڕەوی گەلانی تێکۆشەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی مێژووی پڕ لە شانازی»، ئەمجا شیعرە دوور و درێژەکەی دەست پێ کرد کە بریتی بوو لە پێداهەڵخوێندنی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر و لەنێوچوونی ئەژدەهاکی داگیرکەر.

شیعرەکەی جگە لەوەی دوور و درێژبوو، لە باری کێش و داڕشتنیشەوە لاواز بوو، بۆیە بۆڵەبۆڵی ناڕەزایەتی لە دانیشتوان بەرزبۆوە، ئەمە چییە؟ ئەمە کێ ڕێی داوە؟ بەسە با ببڕێتەوە، من و دوکتۆر عیزەدینیش خێرا خێرا چەپڵەمان لێدەدا و وشەی (ئەحسەنت) و (ئەعید)ی عەرەبیمان هاوار دەکرد، بەڕێوەبەری کۆڕ و (بلند حەیدەری) کە شاعیرێکی کوردی عەرەب زمانە هاتنە لامان و گوتیان بەڕاستی شیعرەکەی زۆر ناڕێکە و درێژیشە بۆیە دانیشتوان پێیان ناخۆشە.

هەرچۆنی بوو تەواوی کرد، من و عیزەدین بەپیریەوە چووینە بەر شانۆکە و پاش تەوقەکردن هێنامانە لای خۆمان و پرسیارمان لێ کرد، گوتی من کوردنیم بەڵام لە پاریس لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کوردا برادەر بووم، مێژووی کوردم خوێندۆتەوە و شەیدای ئازایەتی گەلەکەتانم، بەناوی شۆڕشی کوردستانەوە سوپاسم کرد و بانگهێشتنم کرد کە سەرێکی کوردستانی ڕزگارکراو بدات و لە نزیکەوە پێشمەرگەی کورد ببینێ. بەڵێنی دا لە بەغدا بێتە لام و پێکەوە بچینە کوردستان، بەڵام بەداخەوە نەمدیتەوە.

***

ساڵی ١٩٧١ لە بەغداوە هاتبوومەوە ناوپردان، بەڕێکەوت هەندێ وەزیر و گەورەپیاوانی کوردی بەغدایش هاتبوون، نیوەڕۆ (ئیدریس بارزانی) بانگهێشتنی کردبوون و منیش لە بانگکراوەکان بووم، ئەوان (سەیدا ساڵح یوسفی) و (کاک سامی) و (ئیحسان شێرزاد) و (فوئاد عارف) و چەند ئەفسەری خانەنشین بوون، لە دانیشتنا یەک

له ئەفسەرەکان ڕووی کردە فوئاد عارف و گوتی: «کاک فوئاد، ئەمە سەعید ناکامە و دەرفەتە باگیروگرفتی زاراوەکانت بۆ ڕایی بکات»، پرسیم داخوا باسی چی دەکەن؟ گوتی: «کاک فوئاد خەریکی نووسینی کتێبێکی سوپاییە، لەسەر وەرگێڕانی هەندێ زاراوەی سوپایی پەکی کەوتووە و کەسی وا نییە یارمەتی بدات، دەڵێم با تۆ ئەم کارەی بۆ بکەیت»، هەلم بۆ هەڵکەوتبوو تا داخی دڵی خۆم بەپێکەوەنرانە ناقۆڵاکەی کۆڕی زانیاری دەرببڕم، بۆیە بەدەنگێکی بەرز گوتم: «بێ قەزابی کاک عەبدوڵڵا، جێگایێک سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردی لێ بێ -پەنجەم بۆ ئیحسان شێرزاد درێژکرد- چۆن دەبێ ڕوو لە من بنێن و من چۆن دەوێرم باسی کوردی زانین بکەم»!!... لەم وەڵامەی من هەموو دانیشتوان تەماشاییێکی ئیحسان شێرزادیان کرد و کەس ورتەی لێوە نەهات، نان خواردنەکەیشمان بەکڕی و بێدەنگی بڕایەوە. پێویستە دووبارەی بکەمەوە کە ئەو سەرۆکی کۆڕی زانیارییە کوردی نەدەزانی!

## ٤٧- لەگەڵ گۆڤاری (برایەتی)دا

ساڵی ١٩٦٧ کە لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەغدا، تەقە وەستانێکی شل و لەق پێکهاتبوو. ڕۆژنامەیێکی کوردی بەزمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو بەناوی (ئەلتەئاخی)، ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆیێکی کوردیشی هەبوو بەناوی (برایی)، بەڵام ئەم تەقە وەستانە لەگەڵ کودیتای بەعسییەکان و ڕووخانی ئەوڕەحمان عارفی بوودەڵە کۆتایی هات و ڕۆژنامە کوردییەکەیش سەری تیاچوو، ئێستا کە پەیمانی یازدەی ئازار مۆرکراوە، هەمان ڕۆژنامەی تەئاخی لە بەغدا دەستی پێ کرایەوە و دەبوایە پاشکۆکەیشی بۆ ڕێک بخرێ، ئەم ئەرکە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەرەو ڕووی من کرایەوە.

خاوەن و بەرپرسی ڕۆژنامەکە دووقۆڵی (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری پارتی دیمۆکرات و (عەلی عەبدوڵڵا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون، حەبیب کوردی نەدەزانی و عەلی عەبدوڵڵاش تەقەی سەری لە ڕۆژنامەنووسی دەهات. ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبی موسڵاوی (جەرجیس فەتحوڵڵا) ناویان کرد بەسەرەک نووسەر و هەموو چەشنە دەسەڵاتێکیان دایێ. هەر لە سەرەتاوە نەمتوانی خۆم لەگەڵ ئەم تاقمەدا بگونجێنم، بۆیە بەتەنیا دەستم بەڕێکخستن و ئامادەکردنی گۆوارەکە کرد، یەکەم شت ناوی (برایی)م کردە (برایەتی)، پاشان بێ ئەوەی خۆم لە سەرەک نووسەر و لێپرسراوان بگەیێنم بابەتەکانم پێکەوەنا و گەیاندمە چاپخانە، یەکەمین ژمارە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٠دا بڵاوکرایەوە، ئەم گۆوارە کە لە ڕووی دیمەنی چاپ و دەرهێنان و بابەتی گوتارەکانییەوە



شتێکی تازەبوو، خوێنەران باشیان وەرگرت و هەر زۆر زوو ئەو دوو هەزار دانەیەی کەوتبووە بازاڕ، قۆزرایەوە و نەما و دەنگێکی باشی دایەوە، منیش بێ ئەوەی گوێ بدەمە ناتەواوییەکان یا بارگرانی بخەمە سەر دەزگای ڕۆژنامە، بەتەقەلای خۆم ژمارەی دووەمیشم پێگەیاند و ناردم بۆ چاپ.

لێرەدا بەرهەڵستی کرانم دەستی پێکرد، یەکەم بڕیارێکی حەبیبم بۆ هات کە دەبێ تەواوی گوتار و نووسراوەکان ناوی نووسەرەکەیان لەسەر بێ، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو نووسینانە هی خۆم بوون، دووبارە بوونەوەی ناوی ناکام لە زیاتری لاپەڕەکاندا دیمەنی گۆڤارەکەی دزێو کردبوو، هەروەها پەسند نەکرانی وێنەی بەرگ و چەند جار هەڵوەشانەوەی بوو بەهۆی دواکەوتنی دەرچوونی گۆڤارەکە. بەمەشەوە نەوەستان، جەرجیس فەتحوڵڵا نامەیێکی بۆ ناردم کە «من بەرپرسی ڕۆژنامەم کەواتە بەرپرسی گۆڤاریشم، پێویستە هەر گوتارێک بخرێتە گۆڤارەکەوە من بیبینم، لەمەوپاشیش هەرچی نووسراوێک پەسندی منی لەسەر نەبێ نابێ بڵاوبکرێتەوە»!

هەر ئەو ڕۆژەی ئەو نامەیەم بۆ هات، وەڵامێکم بۆ نووسییەوە کە «برایەتی کوردییە و تۆ کوردی نازانی، من نووسەری بەردەستی تۆ نیم تا فەرمانم بۆ دەرکەیت، ئەگەر ڕاستت دەوێ گۆڤاری برایەتی چونکو بەکوردی دەردەچێ ڕیشەیە و ڕۆژنامەی تەئاخی کە بەزمانی عەرەبییە، وەچی ئەوە؟... هەرگیز ڕێگا نادەم دەست لە ئەرکەکانی من وەردەیت و ناهێڵم بۆ کوردایەتی خۆت لە من بەدڵسۆزتر پیشان بدەیت». ئەم دەمەقاڵێ و نامە بازییە ماوەیێکی خایاند و چەند جارێک بانگ کراینە بارەگای سەرکردایەتی، بەڵام من ملم بۆ پاشڕەوی جەرجیس ڕانەکێشا، لەو لایەشەوە (حەبیب) و (عەلی عەبدوڵڵا) پشتی ئەویان گرت و بەئاشکرا گوتیان کە من لەگەڵ ئەواندا ناگونجێم، بۆیە پاش دەرچوونی سێ ژمارە لەسەر برایەتی لابرام.

## ٤٨- لەگەڵ گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا

دوای ئەوەی لە برایەتی جودابوومەوە گەڕامەوە بۆ ناوپردان، لەگەڵ دوکتۆر مەحموود بیرمان لە پێکەوەنانی بنکەیێکی نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کوردانەی بێ سانسۆر کرد، لەو ڕۆژانەدا جگە لە سەرۆک بارزانی و دەستوپێوەندەکانی و ئەو چەند کەسانەی بەتەمای مووچەخۆری میری نەبوون کەسی وا لەو ناوە نەمابوو، چاپخانەی خەبات داخرابوو و کەس نەبوو هەڵیسووڕێنێ، خانووێکم لە چۆمان گرت و خەریکی دامەزران بووم کە ڕۆژێک (سەیدا ساڵح یوسفی) هات و گوتی من بەتایبەتی بەدوای تۆدا هاتووم،

دەبێ لەگەڵم بێیتەوە بەغدا، کۆمەڵەیێکمان پێکەوە ناوە بەناوی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) و ئیجازەی دەرهێنانی گۆوارێکی کوردی و عەرەبیشمان وەرگرتووە بەناوی (ڕۆژی کوردستان)ەوە، جا لەسەر بڕیاری هەموو لایێک تۆمان ڕەچاو کردووە کە ئەرکی نووسینی کوردی و دەرهێنانی گۆڤارەکە بگریتە سەر شان.

دیاربوو سەیدا پێشتریش چاوی بە(دوکتۆر مەحموود) و (ئیدریس بارزانیش) کەوتبوو و پەسندی لێ وەرگرتبوون، بۆیە ئەوانیش پشتی قسەکەی سەیدایان گرت و ناچاربووم لەگەڵ سەیدا گەڕامەوە بەغدا.

یەکەم داوام ئەوەبوو کە لە چۆنێتی پێکەوەنان و دەرهێنانی گۆوارەکەدا سەربەست بم و بەشی کوردییەکەی پەیوەندی بەبەشی عەرەبییەوە نەبێ، سەیدا بەعەرەبی بۆ عەرەب زمانەکان بنووسێت و بەشی کوردی بابەتێکی کوردانەی پەتی و بۆ ئەوانەبێ کە بەدوای گوتاری کوردانەی بێ سانسۆردا دەگەڕێن.

ڕەنجێکی زۆرم کێشا و خۆمم ماندووکرد تا توانیم یەکەم ژمارەی گۆواری (ڕۆژی کوردستان)م بەچەشنێکی دڵگری ڕازاوە لە ڕووی چاپ و دەرهێنانەوە و پوختە و تێر لە ڕووی ناوەرۆک و ماددەکانییەوە، مانگی حوزەیرانی ۱۹۷۱ گەیاندە دەستی خوێنەرانی.

هەر لە سەرەتاوە دوو کۆسپی نالەبارم هاتە پێش، یەکەم دەسکورتی و کەم دەرامەتی کۆمەڵە بۆ باش بەڕێوەبردنی گۆوارەکە، دووەم تەنگوچەڵەمەی چاپخانە کە لەو ڕۆژەدا بەهۆی برەوی چاپکارییەوە هەموویان سەریان قاڵ بوو و نرخی چاپکردنیشیان زۆر هەڵبڕیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا توانیم لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا هەشت ژمارەی تێروتەسەل لە (ڕۆژی کوردستان) بڵاوبکەمەوە. بەڵام لێرەشدا بەهۆی نەگونجانم لەگەڵ ئەوەی خۆم بەڕاستی نازانم ناچاری کردم بەداخەوە دەست لەم گۆڤارە خۆشەویستەشم هەڵگرم کە ئاواتی پان و بەرینم لەسەر هەڵچنیبوو.

ئەو کۆمەڵەیەی سەیدا ساڵح پێکی هێنابوو هێجگار هەڕەمە و چێشتی مجێور بوو، هەر کەس بهاتایە و بلێ منیش بەڕەسەن کوردم، با کوردی نەزانێ یا هەر لە بنەڕەتا کوردیش نەبێ، وەردەگیرا و دەبوو بەئەندام، (موکەڕەم تاڵەبانی) ئەندامی بەرزی حزبی کۆمۆنیست لە سەرەتاوە هاتنە ناو ئەم کۆمەڵەیەی پێ سپێردرابوو، من لە کۆنەوە ئەم کابرایەم دەناسی و بەدرێژایی ماوەی دەرهێنانی گۆڤارەکە نێوانمان ئاسایی و ڕەوان بوو، ئەو کە وەزیری میری بوو، هەموو ئێواران دەهاتە مەڵبەندی کۆمەڵە و لەگەڵ سەیدا دادەنیشت، لە هەڵبژاردنێکا کرابوو بەجێگری سەرۆک، ئەو شەوانەی لە ناوئاخنی ژمارە ئامادەکراوەکەی گۆڤار دەدواین، جارێکیش پێشنیاری ڕەخنە یا ناقایلبوونی بەرامبەر هیچ



کام لە گوتارەکان پیشان نەدا و خۆی تێهەڵنەقوتاند، تەنیا هەر ژمارەیە گوتارێکی عەرەبی بۆ بەشە عەرەبییەکەی دەنووسی کە ئەویش بریتی بوو لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستانە لەمەڕ یەکێ لە بارەکانی کۆمەڵایەتی یا سیاسی، بەکورتی هیچ ناکۆکی یا گرژیمان لە نێواندا نەبوو.

ژمارە (۷)ی ڕۆژی کوردستان بڵاوکرایەوە، سەرگوتارەکەی وەکو هەموو ژمارەکانی پێشوو من نووسیبووم و لەژێر ناوی (بەرەو بەهار) دابوو، کورتەی ئەو نووسینە بریتی بوو لە باسی سەرما و سۆڵەی زستانی کوردستان و بەفر و بەستەڵەک کە چۆن دانیشتووانی کوردستان جاڕز دەکات و ئازاریان دەدات و دەبێتە هۆی پەڕبوون و ڕێگا گیران و بێ ئازووقەیی و تەنانەت جاری وا دەبێ مردن و کارەساتیشی لێ دەتەنێتەوە... دوای ئەوە نووسیبووم کە نەتەوەی کورد بەپێی سروشت و ژینگەی وڵاتەکەی فێری ئەم ئاووهەوایە بووە و لەگەڵی ڕاهاتووە، بۆیە خۆی لەبەر ڕادەگرێت و ورە بەرنادا و هیوا دانانێ، چونکو دەزانێ زستان هەرچەندە تۆف و سەخت و وەیشوومەی زۆر و خەست بێ، هەر خاو دەبێتەوە و بەپێی قانونی وەرزەکان کۆتایی دێت و بەهاری پڕ لە خۆشی و پیت و بەرەکەتی بەشوێندا دێ، کەواتە کورد لە بەفری زۆر و سەرمای سەخت و ڕێبەندان ناترسێ، دڵی بەبەهار خۆشە و پشتی بەنەورۆز قایمە.

لەو ڕۆژانەدا ڕژێمی بەعسی بەغدا کە پشووی بەبەراهاتبۆوە و بەپارەی نەوت بووژابۆوە و هێزە سوپاییەکەی تەیار کردبوو، لە شۆڕشی کوردستان کەوتبووە بڕوبیانوو و لەملا و لەولاوە گزی لێ دەکرد، شۆڕشیش ئەم نیازەی میری دەزانی، بەنووسینی ڕۆژنامە و بەپێشگرتنی دەزدرێژییەکان وەڵامی دەدایەوە، بارێکی وا هاتبووە پێشەوە کە مەترسی تێکهەڵچوون هەست پێ دەکرا، جا ئەم نووسینەی من وا لێکدرابۆوە کە ڕێ پاککەرەوەیە بۆ تێکدانی دەسکەوتەکانی پەیمانی ئازار و بانگەوازی خۆ گورج کردنەوەیە بۆ گوژمێکی نوێی خەباتی چەکداری.

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی گوتاری (بەرەو بەهار)، نووسراوێکی دوور و درێژم پێگەیشت بەئیمزای (موکەڕەم تاڵەبانی) کە بریتی بوو لە ڕەخنە لەو گوتارە گوایە بیرێکی دواکەوتووانە و ئیمپریالیزمانەیە و لە نووسەرەکەی (من) کە پیاوێکی ئەوەندە دواکەوتوو و کۆنەپەرستم لە هیچ قوژبنێکی کوردستاندا جێم نابێتەوە و ناتوانم لە شتاقە کانیاوی کوردستان لێوی خۆم تەڕ کەم، من وەکو نیکسنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا و کاربەدەستە ئاپارتایدەکانی خواررووی ئەفریقا بیر دەکەمەوە و دەنووسم، بۆیە شتێکی سەرسوڕێنەرە کە من لە گۆڤارێکدا بنووسم پیاوی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی وەک -موکەڕەم تاڵەبانی-ی

دەستەی نووسەرانی بێ!!...

لەبەر ئەوەی ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی گۆوارەکە بەدەست خۆمەوە بوو، دەمتوانی ئەم نووسراوەی موکەڕەم دوابخەم یا هەر گوێی نەدەمێ، بەڵام وام بەباش زانی بڵاوی بکەمەوە و لە ژمارەی دادێ وەڵامێکی خەست و پڕ بەپێستی بدەمەوە و داخی خۆمی پێ بڕێژم.

پاش دەرچوونی ژمارە (٨)ی ڕۆژی کوردستان کە نووسراوەکەی موکەڕەمی تێدابوو، لە سەرکردایەتییەوە داواکرام، کاتێ گەیشتمە مەکتەبی سیاسی، دوکتۆر مەحموود پێی ڕاگەیاندم کە بڕیار دراوە بەزووترین کات بگەڕێمەوە، چونکو پاش ئەوەی موکەڕەم بەئاشکرا نووسیویەتی کە تۆ دوژمنی عەرەبیت و کوردت پێ لە عەرەب خۆڕاگرترە و کوردستان لە عەرەبستان خۆشترە، چیدی ناتوانی لە بەغدا دابنیشیت و ئێمەیش پارێزگاری تۆمان پێ ناکرێ.

شەو چوومە دیلمان بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی، کاتێ بەسەرهاتی خۆم و موکەڕەمم بۆ گێڕایەوە، گوتی: «بەڵێ ئەو موکەڕەمە دوو مەجیدییە و هەقی خۆیەتی»، من و دانیشتوان لە (دوومەجیدی) تێنەگەیشتین، بارزانی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاینەوە:

«جاران لە شاری موسڵ بازاڕێک هەبوو سەگ و تانجی لێ دەفرۆشرا، ڕۆژێک کوردێک چووبوو سەگ بکڕێ، بەنێویاندا گەڕا گۆڵە سەگێکی زلی بەخۆوەی هەڵبژارد و پرسی ئەمە بەچەند؟ سەگفرۆش گوتی بەیەک مەجیدی، کوردە سەگەکەی کڕی و خەریک بوو بڕوا، توولە سەگێکی بچکۆلە و جوانی دی، ویستی ئەویش بکڕێ، پرسی ئەمەیان بەچەندە؟ سەگفرۆش گوتی بەدوو مەجیدی، کوردە باوەڕی نەکرد و گوتی چۆن ئەم سەگە زلە بەیەک مەجیدی و ئەم توولە بچکۆلەیە بەدوو مەجیدی؟ سەگفرۆش لە وەڵامدا گوتی چونکو ئەم زلە سەگە، بەڵام ئەم بچکۆلەیە سەگی کوڕی سەگە!!...».

هاتمەوە بەغدا، گوتارێکم لە وەڵامی نووسراوەکەی موکەڕەمدا نووسی و دام بەڕۆژی کوردستان و خۆم ماڵەکەمم بارکرد و هاتمەوە ناوپردان. دوای من هەڵسووڕێنەرانی گۆواری ڕۆژی کوردستان گوتارەکەی منیان پشت گوێ خست و بڵاویان نەکردەوە، منیش ناردم لە (برایەتی)دا بڵاو کرایەوە.

***

ئەو کاتەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان دەرچوو، هاتمەوە کوردستان و دانەیێک لە گۆڤارەکەم برد بۆ بارزانی کە ئەوسا بارەگای لە (شیوەڕەش) بوو، میوان و داواکارانی دیداری بارزانی زۆربوون و دەرفەتی چاوپێکەوتنی دەبوایە پێشتر ڕێک بخرێ،



(دکتۆر مەحموود و ئیدریس بارزانی) وایان بەباش زانی کە یەکەم دیدار بۆ من بێ بەمەرجێ لە یەک چارەک سەعات پتر درێژە نەکێشێ.

لەگەڵ کاک (ئیدریس) و (دوکتۆر مەحموود) و (جەمال خەزنەدار)ی لای خۆم چووینە ژووری دیارکراو، کە بارزانی هات و لە جێی تایبەتی خۆی دانیشت، چووم گۆڤارەکەم پێشکێش کرد، چاوێکی پێداخشاند و لەسەر پارچە شیعری (هەڵۆ هەر بەرزە) ڕاوەستا و بانگی کردمە تەنیشتی خۆی و گوتی ئەمەم بۆ بخوێنەوە، شیعرەکەم بۆ خوێندەوە و گوتم ئەمە نۆبەرەی بەرهەمەکەمانە و دەمانەوێ تۆیش ڕێنوێنیمان بکەیت و پێمان بڵێیت چۆنت پێ باشە ئاوا بیبەین بەڕێوە. ئەو گوتی من چیتان پێ بڵێم ئەمە ئیشی خۆتانە و بزانن هەرچی شتێ خزمەتی ئەم میللەتە دەکا ئەوە بنووسن و هەقی ئازادی کوردان بسەلمێنن.

## ٤٩- لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕشدا

ماڵم لە بەغدا بارکرد و هاتمەوە، دوو کیلۆمەتر پێش گەیشتنە ناوپردان، لە قەراخ جادە دۆڵێک هەیە بەناوی (دۆڵی کەوەرتی)، کانیاو و دار و درەختی لێیە و لەهەر چوار لاوە چیا دەورەی داوە، بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ لە بۆمبارانی فڕۆکە خۆیان بپارێزن شوێنێکی هەڵبژاردەیە، هەر لەبەر ئەوەیش سێ چوار خانووی باشی لێ دروست کراوە و مامۆستاکان لە کاتی شەڕدا ماڵیان هێناوەتێ.

ئەو کاتەی من هاتم ماڵی شێخ محەمەدی هەرسین لەوێ بوو، خانووێکی خۆشیش چۆڵ بوو کە پێشتر ماڵی (یوسف میران) ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی شۆڕشی تێدابووە، ماڵەکەمم بردە ئەو خانووە و جێگیربووم، تا پاش سێ چوار مانگ گواستمەوە بۆ چۆمان.

لێرەدا ڕوونی دەکەمەوە کە من لە ساڵی ١٩٦٤ەوە دەستم لە ژنەکەم هەڵگرتبوو و بەزوگورتی دەژیام، لە هاوینی ١٩٧١دا کە لەوە دەچوو بتوانم پشوویێک بدەم، بۆ دووەم جار ژنم هێنا، منداڵەکانم لە دەرفەت و تەقەوەستانەکاندا سەریان لێ دەدام، بەتایبەتی (سمکۆ)ی کوڕم کە ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩ لە گوندی وەڵزێ پێکەوە بووین و ئەمجارەش هاتەوە، پاش ماوەیێک شێرکۆ و پشکۆش هاتن، شێرکۆ کە ژنی هێنابوو و منداڵی هەبوو لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دانرا بەئیستیعلامات، پشکۆش کە کاتی خۆی لە ناوەندێتی بەیتاڵی بەغدا خوێندوویەتی لە بەیتاڵخانەی شۆڕش دامەزرا، سمکۆ لەگەڵ خۆم مایەوە و خەریکی کاروباری چاپەمەنی بوو، ئا بەم جۆرە هەموومان لە ناوپردان و چۆمان کۆبووینەوە.

***

هاوینی ١٩٧٣ کۆڕێکی لێکۆڵینەوە و ساناکردنی نووسینی کوردی، لەلایەن وەزیری کاروباری ژووروو کاک سامییەوە لە شەقڵاوە پێکهات کە بەشی هەرە زۆری نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی تێدا بەشداربوون، سێ مانگ پێش پێکهاتنی ئەم کۆڕە، بەشدارەکان ئاگادارکرابوون تا خۆیان ئامادە بکەن و چییان لەبار دایە بۆی بنووسن. منیش دە ڕۆژ پێش کاتی دیارکراو کارت و بانگهێشتن نامەم پێ گەیی، هەرچۆنێ بێ کەوتمە خۆم و شتێکم لەمەڕ ڕێنووسی کوردییەوە نووسی و چوومە شەقڵاوە.

ڕۆژی کرانەوەی کۆڕ، پاش قسەکردنی وەزیر، دووەم کەس من بووم بانگ کرام کە نووسراوی خۆم پێشکێش بکەم، کە چوومە پشت میکرۆفۆن دیتم کە بەرامبەرم لە ڕیزی پێشەوە کاک (سامی) و (مەسعود محەمەد)ی نوێنەری کۆڕی زانیاری کورد و (عەبدوڵڵا شاڵی) بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی و (محەمەد ئیسماعیل) سەرۆکی نەقابەی مامۆستایانی کوردستان دانیشتوون، لەگەڵ هەر یەک لەوانە وردە ڕەخنە و تووڕەییێکم هەبوو، بۆیە بەدەرفەتم زانی پێش ئەوەی نووسراوەکەم بخوێنمەوە چەند نقورچێک بگرم و گوتم:

کورد دەڵێ کرمانج -لادێیی- بێ ئەجەل دەمرێ، ئەم قسە نەستەقەیش لە خۆڕا نەگوتراوە، یەکێک لە دانیشتوانی ئەو گوندە شاخاوییانەی ژووروو سەرمای دەبێ و هەڵامەت دەگرێ، هەڵامەتەکەی لەوانەیە بەچەند دەنک ئەسپرین چار بکرێ و چاک ببێتەوە بەڵام نیەتی، پاشتر ئەم هەڵامەتە لێی پیس دەکات و دەبێتە دەردەسی و شتی خراپتر و دواجار بەرەو نەمانی دەبا، ئەم جۆرە مردنە (ئەجەل) نییە بەڵکو ئەنجامی بێ دەسەڵاتییە...

ئێوە سێ مانگە ئاگادارکراون کە (بەحس)ێک بۆ ئەم کۆڕەی ئێستامان بنووسن، سەرچاوەی زۆریشتان لەبەر دەستابووە و نووسیوتانە، من لەو چیایەم کە هیچ سەرچاوەی لێ نییە و تەنیا دوو هەفتەشە ئاگادارکراوم بەشداریتان بکەم، بۆیە ئەوەی نووسیومە ناتوانم وەکو هینەکانی ئێوە ناوی (بەحس)ی لێ بنێم و وا بزانن شتێکە لە شتان!... ڕەنگە هەقایەتی (شتێک لە شتان)تان نەبیستبێ، جا گوێ بگرن: سەرکردایەتی شۆڕش مەعهەدی مامۆستایانی کردۆتەوە کە قوتابیانی ناوەندی تێیدا دەخوێنن و پاش دەرچوون دەبنە مامۆستا و دەنێردرێنە گوندەکان بۆ دەرسگوتنەوە، یەکێک لە مامۆستایانی مەعهەد لە کاتی دەرسدا زۆر جار وشەی (زاهیرە تەبیعییە)ی عەرەبی بەکاردێنێ، دوو کەس لە قوتابییەکان کە دەزانن ئەم مامۆستایەیان لە کوردیدا کزە، داوای لێ دەکەن (زاهیرە تەبیعییە)یان بۆ بکات بەکوردی، مامۆستا یەک دوو جار وەڵامی ئەم پرسیارە پشت گوێ



دەخات بەڵام کوڕەکان دەست هەڵناگرن، مامۆستا بەتووڕەیی دەڵێ: «کوڕم زاهیرە تەبیعییە شتێکە لە شتان!». ئەمجا دەستم کرد بەخوێندنەوەی نووسراوەکەم کە توانجی بۆ کۆڕی زانیاری و خوێندنی کوردی تێدابوو لەمەڕ ناتەواوی و کەمتەرخەمییان سەبارەت بەشێوەی نووسینی کوردی.

ئەو مامۆستایەی دەزنیشانم کرد هەمان (محەمەد ئیسماعیل) بوو کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو نێوانمان خۆش نەبوو، بەڵام پاشتر ئاشت بووینەوە.

***

پاش ئەو کۆڕە، کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەبەسترا و لە بەغداوە ئاگادارکرام کە بەنوێنەرایەتی ئەوان بچم بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردن، کاتێ گەیشتمە هەولێر، پارێزگار ئەتروشی و برادەرانی لق بانگهێشتنی نیوەڕۆیان بۆ کردم، لەسەر نانخواردن باسی ئەوەیان هێنایە پێش کە پارچە زەوییێک لە نێو شاری هەولێردا بۆ من دیار بکرێ تا بەناوی خۆمەوە تاپۆی بکەم، من سوپاسم کردن و گوتم نامەوێ، ئەوان گوتیان کە هەموویان وەریانگرتووە و هیچ شتێکی ناڕەوا نییە با منیش بمبێ، تەنانەت پێشنیاریان کرد چونکو نرخەکەی کەمە ئەوان پارەکەیشم بۆ بدەن و من تەنیا نووسینی داخوازیم لەسەرە، دیسان سوپاسم کردن و گوتم ئێمە ئێستا خەریکی خۆڕێکخستنین و زۆری پێ ناچێ شەڕ دەست پێدەکاتەوە و ئەمجارە کۆتایی دێت، جا ئەگەر ئێمە لەم شەڕەدا سەرکەوتین ئەوا لەهەر شوێنێک بمەوێ پارچە زەوی و خانووم دەبێت، خۆ ئەگەر خوانەکردە تێشکاین، ئەوا هەر خوا دەزانی چیم بەسەر دێت و دەکەومە کوێ، هەزار خانوو و پارچە زەوی بەکەلکم نایێت.

پاشتر ئەم ڕووداوەم بۆ سەرۆک بارزانی گێڕایەوە، لێی پرسیم ئایا لە هیچ لایێ خانووم هەیە؟ گوتم نیمە، گوتی باشە تۆیش وەکو من... دەزانی منیش خانووم نییە؟ ڕاوەستە با شۆڕش تەواو ببێ هەردووکمان دەبینە خاوەنی خانووی خۆمان.

### ٥٠- دیسان پەلاماری دوژمن

ڕژێمی بەعسی بەغدا کە لە بنەڕەتا بەچاوی ڕەگەزخوازی تەماشای گەلی کوردی عێراق دەکا، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکەیان تواندنەوە و بەعەرەبکردنی کوردە و مۆرکردنی پەیمانی یازدەی ئازاریان بەدرۆ لە ڕووی ناچاری و بەمەبەستی پشوودان و خۆ گورجکردنەوە دەربڕیبوو، وردە وردە ڕەزای دوژمنانەیان دەردەکەوت و کەوتنە گزی و پاشقول گرتن بەجۆرێک کە هەموو کەس دەیزانی بەگژیەکداچوون و هەڵگیرسانەوەی شەڕ

لە ئەمڕۆ و سبەی دایە.

ئەو سەردەمە من لەگەڵ دوکتۆر مەحموودا خەریکی دەزگای ڕاگەیاندن بووین، بلاوکراوەییێکم ڕێکخست بەناوی (دەنگوباسی کوردستان) کە جگە لە هەواڵەکان بەرپەرچی درۆ و دەلەسەی ڕژێمی بەغدای دەدایەوە، گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)یشم ژیاندەوە و ژمارە (٢٥)م لێ دەرکرد، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەورەییێک بۆ پێگەیاندنی (کادری پارتی) پێکهاتبوو منیش یەکێک بووم لەوانەی دەرسم دەگوتەوە، ماددەی دەرسەکانی من (شۆڕشی گەلان) بوو کە ئەویش هەندێ جار دەبووە هۆی پرسیار و وەڵامم لەگەڵ کاربەدەستاندا و نووسینی دەرسەکانمیان بە(توندڕەوی) لە قەڵەم دەدا.

لە دواییەکانی ساڵی ١٩٧٣دا کە گومان لە هەڵگیرسانەوەی شەڕدا نەما، شۆڕش دەرگای سنووری ناوچە ڕزگارکراوەکانی خستە سەر پشت تا هەر کەس نایەوێ لەژێر دەستی ڕژێمی بەعسیدا بژی، بێتە کوردستانی ئازاد، جا لافاوێکی خەڵک بەخێزان و منداڵەوە سەرەوژوور بوونەوە، ڕژێمی بەغدایش کە وای دانابوو زۆر ناخایەنی شۆڕش لەنێو دەبات ئەم کۆچ و ڕەوەی بەدڵ بوو، چونکو لە لاییێکەوە ئەمانە دەبنە بارگرانی بەسەر شۆڕش و دابینکردنیان پێویستی بەڕەنجێکی زۆرە و لەلاییێکی دیکەشەوە ڕەوکردنی ئەم هەموو خەڵک و خێزانە لە چڕایەتی کوردستان کەم دەکاتەوە و ڕێگا خۆش دەکا بۆ هێنانی ماڵە عەرەب بۆ جێگاکانیان چ لە دائیرەکانی میری و چ لە دانیشتوانی گوندەکان.

وەزیر و کاربەدەستە کوردەکان لە بەغدا دەستیان لە کار هەڵگرت و هاتنەوە، بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیری کورد لە بژیشک و ئەندازیار و مامۆستایانی زانکۆ دەستیان هەڵگرت و هاتن، بەجۆرێک کە لە زۆر جێگادا بەهۆی نەمانی کادری هونەری ئیش و پرۆژەکانی میری تووشی وەستان هاتن یا خاوبوونەوە.

لێرەیش چەشنە (دەوڵەتۆکە)ییێک پێکهات کە وەزیرەکانی ناوی (ئەمینداری گشتی)یان لێ نرا و بەپێی قانوونەکانی بەغدا دەبران بەڕێوە، (دارا تۆفیق) کە سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی) بوو لە بەغدا، هاتەوە و کرا بەئەمینداری گشتیی ڕاگەیاندن، (دوکتۆر مەحموود) داوای لێ کردم کە هاوکاری لەگەڵ بکەم و بۆ ڕێکخستنی دەزگاکەی یارمەتی بدەم، منیش چیم لەبارابوو دریخیم نەکرد، ڕێوشوێنی ڕادیۆ و چاپخانە و شێوەی باشتر بەکارهێنانیانم بۆ باس کرد، بەڵام ئەو زیاتر لە بیری پێکەوەنانی دەزگای وەزارەتەکەی دابوو، ئەو چەند ڕۆژەی پێکەوە دانیشتین دەمدی کە لیستەییێکی دوور و درێژی ناوی ئاشنا و برادەرانی خۆی پێیە و بەپێی بۆچوونی خۆی کاریان بۆ دەردەکا، ئەم لیستەیە زۆر کەسی وای تێدابوو کە نەک هەر شۆڕشگێڕ نەبوون



بەڵکو بەلایەنگری شۆڕشیش نەدەژمێردران. وەکو بیرم لێ کردەوە بۆم دەرکەوت کە من جێگام لەنێو ئەمانەدا نییە، بۆیە چەندی دارا تەقەلای دا هیچ کارێکم وەئەستۆ نەگرت و بەمەکتەبی سیاسیم گوت کە من کاروباری یەکێتی نووسەرانی کوردم پێ سپێرراوە و ماوەی فرمانی دیکەم نییە.

ڕۆژی ١٨/٤/١٩٧٤ دووەمین کۆنگرەی نووسەرانی کورد بەبەشداربوونی (٨٢) ئەندام لە چۆمان بەسترا و لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگم دراییێ، لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا جگە لە جێگرێتی سەرۆک دانرام بەسەرنووسەری گۆڤاری (نووسەری کورد) و تەرخان کرام بۆ کاروباری یەکێتی و دەرکردنی گۆڤارەکەی. سەفەرێکی شاری تەورێزم کرد بۆ دروستکردنی کلێشەی پێویستی گۆڤارەکە و گوتارەکان درانە چاپخانە و ژمارە (١٢)ی نووسەری کورد بڵاو کرایەوە.

دوو گوتار لەم ژمارە تێروتەسەلەدا لەنێو هەندێ دەزگای شۆڕشدا هەرایان نایەوە. یەکەم من گوتارێکم نووسیبوو بەناوی (ڕقی پێویست و پیرۆز) لە بارەی چۆنێتی پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا و ئەرکی لێکدانەوە و بەڕێوەبردنی ئەم پەیوەندییە لە بارێکی وەکو ئێستادا... هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی پێیان وابوو ئەم جۆرە نووسینە پێچەوانەی سیاسەت و ڕێبازی شۆڕشە و من دەبێ لەسەر ئەوە محاکەمە بکرێم و سزا بدرێم. دووەم (ڕەئوف بێگەرد)ی چیرۆکنووس چیرۆکێکی نووسیبوو کە گوایا نیشانەی بەزین و کۆڵدانی تێدایە، ڕەئوف گیرا و خرایە گرتووخانەی شۆڕش لە خەلان، من کەس خۆی تێنەگەیاندبووم بەڵام لە خۆم دەترسام چووم بۆ لای سەرۆک بارزانی و گوتارەکەی خۆمم بۆ خوێندەوە کە زۆری بەدڵ بوو گوتی خۆ منیش هەر وا بیر دەکەمەوە بەڵام نایڵێم، پاشتر هاتمە مەکتەبی سیاسی و داوام کرد بێگەرد بەرەڵڵا بکرێ یا منیش بگرن، بڕیاری بەرەڵڵاکردنی ئەویش دەرچوو و پاش بیست ڕۆژ بەندی لە خەلان ڕزگاری بوو.

***

لێکدان بوو بەڕاست و لە هەموو بەرەکاندا شەڕی گەرم دامەزرا، فڕۆکەکانی ڕژێمی بەغدا بەشێوەییێکی دڕندانە کەوتنە قەلاچۆی شار و ئاوایییەکانی کوردستان کە لە هەموویان جەرگبڕتر بۆمبارانی شاری (قەڵادزە) بوو، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری خوێندکار و مامۆستاکانی زانکۆی سلێمانی شاریان بەجێ هێشتبوو لە شاری قەڵادزێ کۆببوونەوە، بیر لەوە کرایەوە کە ئەم شارە بێ چەک بێت و ببێتە مەڵبەندی زانکۆ و خوێندکاری، بەعسی خوێنخۆریش کە ئەمەی زانی بۆ ئەوەی دەستێکی پڕ لە ئێش لە گەلی کورد بوەشێنێ ڕۆژی

٢٤/٤/١٩٧٤ فڕۆکەکانیان لە بۆمبای ناپالم و سووتێنەر ئاخنی و هاتنە سەر شاری قەڵادزێی پڕ لە ڕۆشنبیر و دوکتۆر و خوێندکاری لاو، بەهەوەسی خۆیان نزم بوونەوە و شەلم کوێرم ناپارێزم باری بۆمباکانیان هەڵڕشت و چییان لە دەست هات لە ڕووخاندن و ئاگر تێبەردان کردیان و کوشتارگاییێکی چڕ و ئاسانیان نایەوە، تەنانەت پاش بۆمباکان بەشەست تیربش هەرچی جوولەییێکیان بینی دایانپەڵۆسی، زیاتر لە سەد و بیست کەسیان کوشت کە بریتی بوون لە مامۆستا و خوێندکار و ژن و منداڵی شار، دوای چەند ڕۆژ هەمان کردەوەی ناپیاوانە و دڕندانەیان لەگەڵ شارە ڕازاوەکەی (هەڵەبجە)دا کرد و ئەوێشیان شەلالی خوێن کرد.

***

تەواوی گوند و ئاواییەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان ئامانجی بۆمبای بەعسی بوون و دەستیان لێ نەدەپارێزرا، بەتایبەتی گەلالە و چۆمان کە شوێنی ڕادیۆ و چاپخانە بوو و بەدڵی شۆڕش دەزانرا زیاتر دەکرایە نیشانە، بۆیە دەست کرا بەچۆلکردنیان و بڵاوە پێکرانی ژن و منداڵ، دوکتۆر مەحموود وای بەباش زانی بچینە گوندی (خۆشکان) کە چوار پێنج کیلۆمەتر لەولای چۆمانەوەیە، ئەو ماڵەکەی خۆی بردە خانووی نەخۆشخانە چۆڵەکە و منیش خانوویێکم پەیدا کرد، ژن و منداڵمان لەوێ دابین کرد و خۆمان بەڕۆژ دەهاتینەوە سەر ئیشەکانمان.

پاشتر شۆڕش فەرمانی دا بەئاوابوونی ماڵ و خێزان بۆ دیوی ئێران تا لەو شوێنانە نیشتەجێ بکرێن کە دەوڵەتی ئێران پێشتر بۆ پەنابەرانی کوردی عێراق دیاری کردووە.

### ٥١- بەپەنابەری لە کوردستانی ئێراندا

لە سەرەتای بەهاردا بەهۆی پەلامارە پەیتا پەیتاکانی فڕۆکەی دوژمن، ماوەی حەوانەی ژن و منداڵ لەو نێوەدا نەما، دوکتۆر مەحموود ماڵەکەی بارکرد و چوو بۆ (نەغەدە)ی دیوی ئێران، منیش زۆر بەشەڕەشەق توانیم پیکابێک پەیدا بکەم، منداڵەکان و بەشێک لە کەلوپەلی پێویستی نێوماڵم لێ بارکرد و هاتینە سەر سنووری (شیوەڕەش).

لێرەدا قیامەتێکم هاتە بەرچاو، بەدرێژایی پتر لە کیلۆمەترێک لەمبەر و لەوبەری جادە، ژن و منداڵ و شڕوشیواڵی خەڵک هەڵڕژابوو، ئافرەت و ساواکان هەندێک لەبەر هەتاو لێی ڕاکشابوون و هەندێک بەپەڕۆ و جامانە نیمچە سێبەرێکیان بۆ بچووکەکانیان پێکەوە نابوو، ڕێچکەی وەکو شارەمێروو لە هاتوچۆی چەمەکەدا بوون بۆ ئاوهێنان و دەست بەئاوگەیاندن، بەڵام کەس بیری لەوە نەدەکردەوە بستێک بجوولێت و بچێتە ژێر سێبەری



دارەکانی گوێ چەم، نەوەکو جێگاکەی بگیرێت و فریای زوو دەربازبوون نەکەوێت. سەربازی عەجەمیش پێشی گرتبوون و نەیدەهێشت بچنە پێش، دەیانگوت هێشتا دەستوورمان بۆ نەهاتووە. نوێنەرانی شۆڕش بۆ لای سنوورەوانانی عەجەم شەمسەدین مفتی کە تا ئێستا باڵوێزی شۆڕش بووە لە تاران و (ئەحمەد حاجی ناوی بارزانی) کە بروابێکراوی ڕاپەڕاندنی کاروباری سەرسنوور بوو، چەند جارێک چوونە خانە و هاتنەوە، بەڵام وا دیاربوو هیچیان پێ نەکرابوو. هەندێ لەو خێزانە کلۆڵانەی سەر سنوور نزیکی یەک هەفتە بوو لەوێ کەوتبوون و ڕێگا نەدەدران.

نیوەڕۆ برسێتی ناچاری کردین پیکابی کەلوپەل بەجێ بهێڵین و بەپێ بگەڕێینەوە گوندی شیوەڕەش، لە ماڵی (حاجی عەولا) نانمان خوارد و حەساینەوە، پاشان بەپێ هاتینەوە سەر سنوور، بەڵام من بڕیارم دا شتەکانم بگەڕێنمە دواوە بۆ چۆمان و دنیاش کاول بێ لەم سنوورە نەحلەتییە ئاوا نەبم. برادەران پێشیان گرتم و گوتیان چۆمان کاول دەکرێ و جگە لە پێشمەرگەی بەرگری کەسی لێ نامێنێ.

شێوانێکی درەنگ کە تاریک داهات ڕێگا دراین، کاروانی بێ پسانەوەی لۆری و جێب و پیکاب جەلەیان بەست و لە هێڵە دڕۆزنانەکەی سنوور ئاوابوون، گەیشتینە شارۆچکەی خانە (پیرانشار)، هەندێ ماڵ مانەوە و هەندێکمان ڕێگای (شنۆ)مان گرتەبەر و هاتین، لە دەرەوەی شار دیسان ژاندارمی عەجەم پێشیان گرتین و گوتیان ناهێڵین بڕۆن تا لیستەی ناوەکانمان بۆ دێت و دەزانین کێ دەتوانێ بچێت بۆ شنۆ. نزیکەی نیو سەعات گیرمان خوارد، من کە لە پێشەوە بووم تەواو جاڕز بووبووم، بەچەند ماڵێکی دوای خۆم گوت من ڕاناوەستم و دەڕۆم، کێ دێت با شوێنم کەوێ... پێنج ماڵ پەسندیان کرد و کاتێ شوفێرەکەمان پێی پێوەنا، ئەوانیش شوێنمان کەوتن، گوێمان لە زیقەزیق و ڕاوەستەی ژاندارمەکان بوو لە دواوە، بەڵام ئێمە بۆی دەرچووین، بەسەعاتێک گەیشتینە نێو شاری شنۆ، برسیمان بوو، لەبەر چاخانەییێک دابەزین بەڵام لە چا بەولاوە هیچ جۆرە خواردنێک نەبوو، ناچار ویستمان سوارببینەوە و بچینە ئۆردووگای (نەڵیوان) کە شوێنێکە چادری لێ هەڵدراوە بۆ پەنابەرەکان، پیاوێک هاتە پێشمان و گوتی: «من کوردم و خەڵکی ئەم شارەم ماڵم هەیە، فەرموون با بچینە ماڵەکەی من، خواردنێک بخۆن و بحەسێنەوە و بەیانیش ئارەزووی خۆتانە». ترومبێلەکەمان بردە بەر ماڵی ئەو برا کوردە (وەستا محەمەد مەجید بەننا)، گوتم با شتەکان هەر لەنێو ترومبیلەکەدابێ تا بەیانی دەڕۆین بۆ ئۆردووگا، ئەو شەوە لەو ماڵە ماینەوە، بەیانی کە هەستام دەبینم کەلوپەلەکانمان لە حەوشە لەسەر یەک داندراون و شوفێرەکە پیکابی بردووە و ڕۆیشتووە، وەستا محەمەد گوتی: «من پێیم

گوت بڕوا، چونکو من ئەم خانووەم هەیە کە ئەم ژوورەیان زیادە، ئێوە لە ئۆردووگا ناحەسێنەوە، باشتر وایە لێرە بمێننەوە و تا پێکەوەبین ماڵ ماڵی خۆتانە».

نزیکەی شەش مانگ لە ماڵی ئەو برا کوردە دڵسۆزە ماینەوە بێ ئەوەی کرێمان لێ وەربگرێت و زۆریشی خزمەت کردین. لە هەمووی خۆشتر ئەو ماڵە لە قەراخ شار بوو و بەتەنیشت باخێکی گەورەوە بوو کە هەموو جۆرە داری میوەی تێدابوو، باخەوانەکە لە بن دار گوێزەکاندا جێگای دانیشتنێکی بۆ خۆش کردبووین کە بەڕۆژ تا ئێوارە لێی دەماینەوە و هەتا بڵێی شوێنێکی خۆش و دڵگر بوو. بە سێ چوار ڕۆژ جارێک دەهاتمەوە ئەمدیو سەرم لە بنکەی یەکێتی نووسەران دەدا کە لە نێو باخەکانی (ڕایەت)دا کەپریان کردبوو و (هەردی)ی شاعیر و سمکۆی کوڕم بۆی تەرخان کرابوون. هەندێ جاریش دەچوومە دەزگای ڕاگەیاندن لە (ئازادی)ی نێوان دەربەند و زینوێ، چاوم بەدارا تۆفیق و دوکتۆر کەمال مەزهەر و برادەرە نووسەرەکانی ڕادیۆ دەکەوت و ئێوارە لەگەڵ (هەژار)ا دەگەڕاینەوە، ئەو دەچووە مەهاباد و منیش دەهاتمەوە شاری شنۆ.

جارێکیان لەم هاتوچۆیەمدا تووشی ڕووداوێک هاتم بۆ ئەوە دەشێ بینووسم:

کاتی هاتنەوەمان بۆ دیوی ئێران، بەترومبێلی خۆمان تا (خانە) دەهاتین و لێرەوە سواری پاسی ئێرانی دەبووین بۆ شوێنی مەبەستمان، ڕۆژێک سواری پاسێکی سی کەسی بووم کە هەموویان پێشمەرگە و پەنابەر بوون، پاس کەوتە ڕێ و کاتێ لە سوپاگەی (جەڵدیان) تێپەڕی، لە جیاتی ڕێگای شنۆ بەرەو نەغەدە ملی نا، بەشوفێرەکەم گوت ئێمە بۆ شنۆ دەچین ناچینە نەغەدە، کابرا بەبزەییێکی کەمتەرخەمییەوە گوتی گوێ مەدەیە من لە نەغەدەوە دەتانبەم بۆ شنۆ، ئەم قسەیەم بەلاوە سەیربوو، لە خەڵکەکەم پرسی ئێوە بۆ کوێ دەچن؟ لە تێکڕایی ٢٨ کەس تەنیا چواریان بۆ نەغەدە دەچوون و ٢٤ کەس مەبەستیان شنۆ بوو، چووم لە دواوە پشت ملی شوفێرەکەم گرت و گوتم بگەڕێوە بۆ ڕێگای شنۆ، چەند لاوێکیش هاتن نیازی داپەڵۆسینی کابرایان هەبوو نەمهێشت، شوفێر دەپاڕایەوە و دەیگوت من لە خانە پۆستەی دایرەم وەرگرتووە دەبێ ئەمڕۆ بیگەیێنمەوە نەغەدە، هەروەها تایەکانیشم چرووک و ساوون بەکەڵکی ڕێگای شنۆ نایەن، وەرن لە نەغەدە خۆم ترومبێلتان بۆ دەگرم بچنەوە شنۆ. گوتم تۆ لە خانە ئێمەت بەناوی شنۆوە سوار کردووە و ناچاری بمانبەیت.

کابرا گەڕایەوە هات لەبەر دەرگای سوپاگەی جەڵدیان ڕاوەستا و ڕایکردە ژوورەوە سێ پلێتەیێکی سەربازی لەگەڵ خۆی هێنا کە بەلووت بەرزییەوە تێی خوڕین و بەفارسی گوتی ئەم پاسە پۆستەی دەوڵەتی پێیە و دەبێ ئێوارە بگاتە نەغەدە، کێ دەچێ با سواربێ و



ئەوەی ناچی لێرە دەمێنێتەوە!. منیش بەفارسی پێم گوت ئەم کابرایە پارەی شنۆی لە ئێمە وەرگرتووە و ناچارە بمانباتە شنۆ، ئێمە هەقمان بەسەر پۆستەوە نییە. خۆش ئەوە بوو هەموو نەفەرەکان کە زۆربەیان بادینی بوون هاتن لە پشتمەوە ڕاوەستان و خۆیان بۆ لێکدان ئامادە کردبوو، کاتێ سێ پلێتە زانی هەڕەشە پارە ناکا کەوتە قسەی خۆش بەڵام ئێمە سوور بووین کە دەبێ بمانباتە شنۆ.

شوفێر و سێ پلێتە گەڕانەوە نێو سوپاگا و پاشتر ئینزیباتێک و دوو سەرباز هاتن. گوتیان کێ لێپرساوە بابێتە لای ئەفسەر لە ژوورەوە، من هاتمە پێشەوە بچم کەچی هەموو خەڵکەکە دوام کەوتن دەیانگوت ناهێڵین بەتەنیا بڕۆی، پێم گوتن جێی مەترسی نییە و دێمەوە، چووم بۆ لای ئەفسەر –چونکو پاش نیوەڕۆ بوو، دەوام نەمابوو–، ئەویش ویستی بەشێوەی هەڕەشە قسە بکا بەڵام تێم گەیاند کارەکە چۆنە و گوتم ئەم کابرایە ناچارە بمانگەیێنێتە شنۆ. ئەفسەر بەشوفێرەکەی گوت من هەقم نییە بڕۆ خۆت لەگەڵیان پێک وەرە.

من و شوفێر هاتینەوە لای پاسەکە، کابرا گوتی کەواتە ناچارم هەر چوار تایەی پاسەکە بەرمە خانە لەوێ پینەیان بکەم و بیانهێنمەوە جا بڕۆین بۆ شنۆ. ئەمەم بەبرادەرەکان گوت، گوتیان ئێستا ڕەمەزانە و ئێمە هەموومان بەڕۆژووین، دەتوانین لێرە چاوەڕوان بین تا دێتەوە. شوفێر تایەکانی دەرهێنا و بردنی بۆ خانە، سێ سەعاتێکی پێ چوو تا هاتەوە، تایەی بەستەوە و سواربووین بەرەو شنۆ.

شوفێر کە ئازربایجانی بوو یەکێکی هێنابوو لە تەنیشت خۆیەوە سواری کردبوو، بەدەم ڕێگاوە قسەیان دەکرد و پێیان وانەبوو کەس لە ئێمە ئازەری بزانێ، هەواڵی شوفێر گوتی «برام تۆ ئەمانە ناناسی بۆیە پێت سەیرە سێ چوار سەعات لێرە بمێننەوە هەر بۆ ئەوەی قسەیان سەر بگرێ، من جارێکیان ئاگام لێ بوو، دوو گوند ژن بەژنیان کردبوو، هەر گوندە بووکی خۆی سوار کرد و هاتن لەسەر ڕووبارێک گەیشتنە یەک، هەر لایە دەیویست بووکی خۆی پێشتر بپەڕێنێتەوە جا بیانگۆڕنەوە، لەسەر ئەوە لێیان بوو بەشەڕ و بەخەنجەر پەلاماری یەکتریان دا ژمارەییێکیان لێکتر کوشت!» من کە لە پشت سەریانەوە بووم بەئازەری لێم پرسین «ئایا ئێوە شیعەن؟» هەردووکیان گوتیان: «بەڵێ»، گوتم: «ئایا دەزانن ئەو کاتەی ئیمامی حوسێن لە حیجازەوە هات بۆ عیراق تا بچێتە شاری کوفە و سوپا پێکەوە بنێ و بەگژ لەشکری یەزید کوڕی مەعاویەدا بچێ کە دەسەڵاتی داگیرکردووە، هەموو کاروانەکەی بەژن و منداڵەوە نەدەگەیشتە هەشتا کەس، لەشکری یەزیدیش بەهەزاران شەڕکەرەوە لەوبەر ڕووباری فورات پێشیان پێ گرت و گوتیان ئەگەر

نەگەڕێیتەوە بۆ ئەو جێیەی لێی هاتووی هەمووتان دەکوژین، ئیمامی حوسێن گوتی من دوای ئامانجێکی ڕەوا کەوتووم و بشکوژرێم ناگەڕێمەوە... ئاکامەکەی ئەوەبوو خۆی و خێزان و کەسوکاری، جگە لە کچێک و منداڵێک، تێکرا قەڵاچۆ کران! داخوا پێتان وایە ئیمامیش کەللەڕەقی کردووە و خۆی لە خۆڕا بەکوشتن داوە؟. ڕاستە ئێمە لێرە سێ چوار سەعات دواکەوتین، بەڵام قسە هەقەکەی خۆمانمان بردە سەر».

### ٥٢- مەهابادی نەبەز

هەتا دوای هاوین لە شنۆ مامەوە بەڵام مانەوەی زستانم ناخۆش بوو، چووم لە مەهاباد خانووێکم لە گەڕەکی (سێ ئاشان) گرت کە نزیک بوو لە خانووەکەی خۆمان، ئەوەی ڕۆژانی منداڵیم تێدا ڕابواردووە و بەتەنیشتییەوە خانووی (خات سەلە)ی دایکی حوسێن حوزنی خواڵێخۆشبوو هەبوو کە ئەمڕۆ هەردووکیان نەماون و لە شوێنیان ئوتێلێک قوت کراوەتەوە. گۆڕستانی (چاکەچکۆلە) کە لەبەردەمی ماڵەکەماندابوو ڕۆژانی بەهار تۆپێن و هەلوکێنمان لێ دەکرد، کراوە بەباخچە و پەیکەرێکی زل و ڕەزا قورسی شای ئێرانی لێ چەقاوە. ئەو گۆڕستانی (مەلا جامی)یەی لە گردی سێ ئاشانەوە تا (کانی مام قەمبەران) بناری کێوی (داشامەجید)ی داپۆشیبوو و گڵکۆی هەزاران باپیر و کەسوکاری خەڵکی شاری تێدابوو سەروبن کراوە و ئێسک و پرووسکی ئەو هەزاران خۆشەویستانەی شار، نازانم فڕێ دراونە کوێ و جێگاکەیان کراوە بەخانوو.

ئەوەی لە سەردەمی منداڵیمەوە بیرم ماوە: کۆمەڵە گۆڕێک لە جنوبی گۆڕستانەکەدا هەبوو کە وارشیان بۆ کرابوو و کێلەکانیان گەورە و لە بەردی مەرمەڕی ڕوون تاشرابوون، بەخەتێکی هێجگار جوانی فارسی شیعر و ناوی مردووەکانیان لێ هەڵکەندرابوو، ناوەکانم لە بیر نەماون. بەڵام ئەوەم لەبیرە کە ئەو هونەرمەندە خۆشنووسە لە داوێنیانەوە نووسیبووی (کتبە... نۆادەء کریمخان زند)، واتا... نەوەی کەریم خانی زەند ئەمەی نووسیوە، ئەم کێلە جوانانە بەجۆرێ هۆشی ساوای منیان ڕاکێشابوو کە لە هەر دەرفەتێکدا خۆم دەگەیاندێ و بەدیاریانەوە ڕادەوەستام و دەمخوێندنەوە.

چووم بۆ دیداری ئارامگەی پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) و هاوڕێکانی، دیم کە سێ گۆڕی سادە و ئاسایی بێ هیچ ناوونیشانێک کەوتوونەتە نێوان چەند خانووی بەرز و بەجۆرێ لاپەڕ و لە سەرنج بەدوورن کە پاش بەدواداگەڕانیش بەزەحمەت دەدۆزرێنەوە.

***

دیمەنی شار لە چاو جاران گۆڕاوە، چەند شەقامێکی نوێ و هەندێ خانووی تازەی لێ



پەیدا بووە، گەلێک لە جاران فراوانتر بووە و تەنیوەتەوە، لە چەمی (یەرغو)وە تا عەلیابات و نزیکی پشت تەپ بەرەو خوار، لە (خەزایی)شەوە تا سەیداوای خۆرهەڵات، خانووی نارێک و بێ سەروبەر پاڵیان پێکەوە داوە، پردێکی نالەبار لەبەر چوارچراوە بۆ نێو باخەکان دروست کراوە و پردی سووری بەناوبانگ، یادگاری بداخ سوڵتان تێکدراوە و کراوە بەبەنداو، مزگەوتی سووریش شێوەی جارانی گۆڕاوە و بەمەبەستی فراوانکردن، لەجێی حوجرەکانی سەر دەرگا ژوورێکی گەورەی نوێژکردن پێکەوەنراوە... بەکورتی مەهابادی ئەمڕۆ تام و بۆنی سابڵاخەکەی جارانی نییە.

ڕێکەوتێکی سەیر ئەوەیە کە من دوای ئەوە ساڵی **١٩٣٢** ماڵاواییم لە شارە دیل و کەساسەکەم کرد و ڕووم کردە ڕەواندز، ئەمە جاری سێیەمە دەیبینمەوە و بەسەر شەقامەکانیدا دەگەڕێم و نێوانی هەرسێک ماڵاوایی و هاتنەوەم چواردە ساڵی خایاندووە یەکەم جار پاش چواردە ساڵ دووری، لە ساڵی **١٩٤٦**دا هاتمەوە کە کۆماری کوردستان دامەزرابوو و ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ بەسەر شاردا دەشەکایەوە، کەچی ساڵێکم تەواو نەکرد لێم تێکچوو و بەناچاری شارەکەم بەجێهێشت.

جاری دووەم ساڵی **١٩٦٠** بوو کە بەدیلی و دەست بەستراوی لە عێراقەوە درامە دەستی ساواکی ئێران و لە کرماشانەوە هێنایانمەوە مەهاباد، ئەو جارەش دوو مانگ زیاتر لە زیندانی ساواکدا مامەوە و یەک دوو جارێک بەسەر شەقامەکانیدا گێڕایانم.

جاری سێیەم ئەمساڵ واتا **١٩٧٤**ە کە سەربازێکی تێشکاوی چەک فڕێدراوم و بەناوی پەنابەرێکی کوردستانی ئەودیو، وەکو ئاوەکی پێیدا دەگەڕێم و چاوی خەفەت بەچوار لادا دەگێڕم.

مەهاباد گەلێک ماڵە کوردی ئەودیوی تێ هاتبوو، بینینی پێشمەرگە لەسەر شەقامەکان دیمەنێکی ئاسایی بوو، من نەمدەویست یادی کۆن زیندوو بکەمەوە یا خۆم بخەمەوە بیر ناسیاوە کۆنەکانم، چونکو وام هەست دەکرد کە لەژێر چاودێری دام و دوور نییە تووشی سەرئێشە ببم، بۆیە تەنیا دوو جێگام بۆ هاتوچۆ و دانیشتن ڕەچاو کردبوو، دەرمانخانەی مەرکەزی کە برادەر و هاوڕێی دێرینەم (سەید محەمەد ئەیوبیان) و براکەی بەڕێوەیان دەبرد، لەگەڵ دوکانی کاک (متەللیبی شێخ محەمەدی) کە لە سەردەمی کۆماردا وەستای مەکینەکانی چاپخانە بوو.

دەرمانخانەی مەرکەزی جێگایێکی خاوەن ڕێز و بەرچاو بوو، گەلێک لە پیاوانی سەردەمی کۆمار و کەسانی پیاوماقووڵ دەهاتن و لێی دادەنیشتن و لە هەموو بابەتێکەوە دەدوان، دانیشتنی ئێرە یارمەتی ناسینەوە و زیندووکردنەوەی برادەرایەتی گەلێک لەو

کەسانەی دام کە لە شوێنەکانی دیکە بۆم هەڵنەدەسووڕا، لەوانە (شێخ عیزەدین) ئیمام جومعەی مەهاباد بوو کە ساڵی ١٩٤٨ کاتی دەربەدەریم لە گوندی (کانی ڕەش)ی بۆکان یەکترمان ناسیبوو ئەو کاتە کە تازە کۆماری کوردستان تێکچووبوو و کەم کەس دەیوێرا ناوی کوردایەتی بێنێ، ئێمە دوو بەدوو لە حوجرەی مزگەوتا یادی ڕابردوومان دەکردەوە و نەخشەی پاشەڕۆژمان دەکێشا. ئەمڕۆش لە پاش تێپەڕینی بیست و حەوت ساڵ و چەندین کارەسات و قەومانی پڕ لە ژان یەکترمان دیوەتەوە و لاپەڕەکانی ساڵانی تێپەڕیو هەڵدەدەینەوە و یادە تاڵ و شیرینەکان تازە دەکەینەوە.

## ٥٣- نسکۆ

باری شەڕ لە هەموو بەرەکاندا بەبەرژەوەندی شۆڕش و دژی دوژمن دەڕۆیی، ڕۆژ نەبوو زیانی زۆری لێ نەدرێ و کەلەبەری تێ نەکەوێ، پێشمەرگە چەندی بلێی ورەی بەرزبوو و ئاسۆی هیوای گەل ڕوون و دیاربوو، شۆڕش پارەی چاکی هەبوو، چەکی سووکی پارتیزانیشی زۆر بوو، تاکە ئومێدی دوژمن هاتبووە سەر فڕۆکە بۆمباهاوێژەکانی کە لە چەند شوێنێکا زیانی زۆری لە جەماوەری بێ چەک دابوو.

ڕۆژ بەڕۆژ سوپای عێراق پتر کەنەفت دەبوو و هێزی لەبەر دەبڕا، وای لێ هاتبوو سەر بەکۆشی دوژمنیشدا بکا بۆ دۆزینەوەی چارەی خۆ ڕزگارکردن.

ئەوە بوو شای ئێران و نوێنەری حزبی بەعسی عێراق لە وڵاتی جەزائیر یەکتریان بینی و ڕژێمی بەغدا ئامادەیی خۆی بۆ هەموو داخوازییەکانی ئێران دەربڕی، ئێرانیش کە مەبەستی سەرەکی لە پشتگیری و یارمەتی شۆڕشی کورد تەنیا بەدیهێنانی مەبەستە سیاسییەکانی خۆی و سەر پێدانەواندنی بەغدا بوو، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئاوات و ئامانجی گەلی کورد کە ئەو هەموو خوێنەی لە پێناودا ڕژاوە، ڕۆژی ٦/٣/١٩٧٥ دەستی خستە نێودەستی عێراق و پێی لەسەر ملی شۆڕشی کورد دانا.

پاش بڕانەوەی شەڕ، هەر شەڕێک بێ، لایەنی دۆڕاو تووشی گەلێک کلۆڵی و مەینەتی و ماڵوێرانی وا دەبێ کە ماوەیێکی گەرەکە تا هەناسەی دێتەوە بەر و دەتوانێ برینەکانی سارێژ بکات و تەقەلای هەستانەوە سەرپێ بدات...

## ٥٤- دوا کۆڕی سەرۆک بارزانی

بەشێک لە کاربەدەستانی شۆڕش، دوای نسکۆ گەڕانەوە بۆ عێراق، ئەوەی مابوونەوە ماڵیان لە مەهاباد و شنۆ و نەغەدە بوو، خەڵک و پێشمەرگەکانیش لەو ئۆردووگایانە



خزێنران کە دەوڵەتی ئێران پێشتر بۆی دانابوون لە شوێنەکانی سەر سنوور، واتا لە (ورمێ)وە تا دەگاتە (ئیلام و ئەهواز). ماڵی سەرۆک بارزانی لە نەغەدە بوو، جار جار دەچوومە نەغەدە لەگەڵ دوکتۆرا پیاسەمان دەکرد، ئەو پێی وابوو کە ئێمە هەموو شتێکمان لە دەست داوە و کێشەی کورد بەم زووانە خۆی ناگرێتەوە، ئەو بەتەمابوو بچێتە وڵاتێکی ئەورووپایی و بەمنیشی دەگوت کە بەپەنابەری بڕۆم بۆ ڕۆژاوا و لە قوژبنێک خەریکی نووسینی ئەدەبی بم و بەرهەمەکانم لەسەر یەک دانێم تا ببێتە سامانێکی پاشەکەوت و بمێنێ بۆ ئەو ڕۆژەی -ئەگەر- دەروویێکمان لێ کرایەوە، سوودی لێ وەربگیرێ.

***

ڕۆژێک ئاگادار کرام کە بچمە نەغەدە بۆ کۆبوونەوەیێکی گشتی. کە چووم دیتم ڕەشماڵێکی درێژ هەڵدراوە و زۆربەی مامۆستا و لێپرسراوانی شۆڕش لەوێن، گوتیان سەرۆک بارزانی دێت و لەمەڕ باری ئەمڕۆمان دەدوێ، کاتێ بارزانی هات لە نزیک دەرگاوە دانیشت و کەوتە قسە، پوختەی گوتەکانی هێجگار سەرنجڕاکێش بوون، گوتی دەزانم زۆرتان نارەحەتن و هەندێک نائومێدن، بەڵام دڵنیابن هەتا سێ مانگی دی - لەوانەیە نەشگاتە سێ مانگ- باری شۆڕش دەگەڕێتەوە ئەو ڕۆژەی لەوپەڕی گەشە و بەرزیدابوو، لەوانەیە شتی وا ببینن کە خەونتان پێوە دیوە!

## ٥٥- چوونم بۆ تاران

بڕیارێک لە دەوڵەتی ئێرانەوە دەرچوو کە ئەو کوردە پەنابەرە عێراقییانەی ماڵیان لە شارەکانە، خۆیان سازکەن دەنێردرێن بۆ شارەکانی دوور لە سنوور، ڕۆژێک کۆیان کردینەوە و ناو خوێندرایەوە، من داندرابووم بۆ شاری (ساری) کە لە باکوری ئێران و ڕۆخی دەریای خەزەرە، من گوتم ناچم، ئەگەر لێم نەگەڕێن لێرە دانیشم دەگەڕێمەوە بۆ عێراق.

جگە لە من کەسانی دیکەش هەبوون داوای گەڕانەوەی عێراقیان دەکرد، بۆیە پێیان ڕاگەیاندین کە ڕابوەستین تا پرس بەتاران دەکەن. لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا ویستم سەرێکی تاران بدەم و چووم.

لە تاران کەسی وام نەدی هەواڵی چۆنێتی گەڕانەوەی عێراقی لێ بپرسم، دارا تۆفیق و دکتۆر کەمال مەزهەر گەڕابوونەوە، دوکتۆر مەحموود بۆ دەرەوە ڕۆیشتبوو، هەژار ماڵەکەی خۆی بردبووە (کەرەج) لە نزیک ماڵی مەلا مستەفا نیشتەجێ بووبوو، بووم بەمیوانی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) کە نزیکەی دە ساڵ بوو لە تاران لە دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران کاری دەکرد و سێ ڕۆژ میوانی بووم.

وام بەباش زانی سەرێک لە باڵوێزخانەی عێراق بدەم تا لە بارەی گەڕانەوەم ڕایان وەربگرم. لەوێ باڵوێز (مەدحەت ئیبراهیم جومعە)م دی کە پێشتر یەکترمان دەناسی، نیوەڕۆ پێکەوە بووین، ئەو دەیویست دڵنیام بکات کە گەڕانەوەم هیچ کۆسپەی نایێتەوە بەر و یەکسەر دەچمە ئەو شوێنەی دەمەوێ، نە لێپرسینەوە هەیە و نە دوورخرانەوە. بۆ سەلماندنی قسەکەی وێنەیێکی ئەو بەیانەی دامێ کە سەددام حوسێن جێگری سەرەک کۆمار بەدەسنووس و ئیمزای خۆی پەیمان دەدا کە (هەر کوردێک بگەڕێتەوە هیچ جۆرە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێ و ڕاستەوخۆ دەچێتەوە جێگا و سەر ئیشەکەی خۆی)، هەروەها گوتی کە دارا تۆفیق و دکتۆر کەمال مەزهەریش هاتوونەتە لای و چی بەمن دەڵێ بەوانیشی گوتووە و بەدڵنیایی گەڕاونەتەوە، تۆیش ئامادەبە بەفڕۆکە دەتنێرینەوە.

سوپاسی باڵوێزم کرد و گوتم بەفڕۆکە ناچمەوە چونکو ماڵم لە مەهابادە و دەمەوێ لەگەڵ هاوڕێکانمدا بگەڕێمەوە.

***

مەلا جەمیل ڕۆژنامەیێکی لوبنانی دامێ کە وا بزانم (الأيام) بوو، ئەو ڕۆژنامەیە دوو گوتاری ڕۆژنامەنووسی ناوداری عەرەب (محەمەد حەسەنێن هەیکەل)ی میسری تێدابوو، یەکەمیان لەمەڕ دیداری لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە تاران و دووەم چاوپێکەوتنی شا و دوانیان لەسەر کێشە و شۆڕشی گەلی کورد لە عێراقدا.

هەیکەل لەگەڵ شای پەهلەوی دەکەوێتە مشتومڕ لەسەر ناوی کەنداو کە سەدان ساڵە بەکەنداوی فارسی ناسراوە ئەمڕۆ عەرەبەکان ناویان گۆڕیوە بەکەنداوی عەرەب و هەر یەکە ڕای خۆیان دەردەبڕن، ئەمجا هەیکەل دەڵێ: «خاوەن شکۆ. دنیا دەزانێ کە شۆڕشی گەلی کورد لە عێراقدا، پار گەیشتبووە قۆناخێکی نوێ و بەیارمەتی ئێوە وای تەنگ بەعێراق هەڵچنیبوو کە ئامادە بووبوو سەر بۆ داخوازییەکانیان دانەوێنێ، کەچی لەناکاو ئێوە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن و بەپەنجەیێک شۆڕشی کوردتان وەستاند و نەتان هێشت ئەو هەموو تەقەلا گەورەیە بگاتە ئاکام، هۆی ئەم بیرگۆڕینەتان چی بوو؟

شا دەڵێ: چونکو دەرکەوت کە درێژەکێشانی ئەم شەڕە جگە لە زیانی زۆرتر و خوێنڕژانی پتر ئاکامێکی نییە.

هەیکەل دەپرسێ: بەڵام وا زاندرابوو کە ئەم یارمەتیدانەی ئێوە درێژەی دەبێ تا کوردەکان بەئاوات دەگەن و ئەمە بەڵێنێکە و ئێوە داوتانە.

وەڵامی شا: هەرگیز شتی وا نەبووە و نابێ، چۆن من بیر لەوە دەکەمەوە یا ڕازی دەبم



کورد لە هیچ شوێنێکدا سەربەخۆبن، لە کاتێکدا کەمایەتییێکی گەورەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین؟

ڕۆژنامەی (کەیهان)ی ئێران دەقی ئەم دیدارەی شا و هەیکەلی لە ڕۆژنامە لوبنانییەکەوە وەرگێڕابوو و بڵاوی کردەوە، بەڵام پاش دوو ڕۆژ ناچار کرا پاشگەز بێتەوە و بنووسێ کە شا وای نەگوتووە و هەیکەل خراپ تێگەیشتووە، چونکو کورد لە ئێراندا کەمایەتی نین و تەواوی دانیشتوانی ئێران ئارین و هەموو یەک نەتەوەن.

## ٥٦- گەڕانەوە بۆ عێراق

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا ئەو کەسانە ئاگادارکران کە دەیانویست بگەڕێنەوە عێراق، سەر لە سازمانی (ساواک)ی مەهاباد بدەن، منیش چووم. لە ژوورێکی گەورەدا کابرای بەرپرسی عێراقییەکان (هوشمەند زادە) لەگەڵ تەرجومانێکی کورد (سەید عەبدوڵڵای کولیجی) دانیشتبوون و پرسیاریان لەوانە دەکرد کە هاتبوون.

یەک لەوانەی پرسیاری لێ کرا (حاجی زرار) ناوێکی هەولێری بوو کە زۆر شپرزە و شڵەژاو دیاربوو وەڵامەکانی بەچاکی بۆ نەدەدرایەوە، کاتێ ناوی منداڵەکانی خۆی گوت ساواکییەکە پرسی «کوڕەکەت تەمەنی چەندە؟»، حاجی کەمێک ڕاوەستا و گوتی «بەخوا وابزانم دە دوازدە ساڵانە».

کابرای ساواکی قەڵەمەکەی دانا و ڕووی کردە تەرجومانەکە و بەفارسی گوتی «ئاغای کولیجی، ئێمە جاران ئەمانەمان بەگورگی چیا دەزانی، کەچی دەرکەوت لە ڕاستیدا ڕێویش تەواو نین، توخوا کەس هەیە تەمەنی منداڵی خۆی نەزانێ؟»

من کە لەمەوپێشتر دەرم نەخستبوو کە فارسی دەزانم چونکو نەمدەویست بخرێمە ژێر چاودێرییەوە، لێرەدا خۆم پێ نەگیرا و بەفارسی بەکابرام گوت: «ببوورە ئاغا، ئێمە نەک گورگی چیا بەڵکو شێری چیاین، بەڵام ئەو مەینەتییەی بەسەر ئەم پیاوە داهاتووە، بەسەر هەر کەسێکی دیکەدا بهاتایە، نەک تەمەنی کوڕی بەڵکو ناوی خۆیشی لەبیر دەچۆوە و ناهەقیشی نەدەبوو».

کابرای ساواکی لەم قسەیەی من و لە فارسییە ڕەوانەکەم سڵەمییەوە و بەپەلە گوتی: «تکایە ئێوە کێن؟» گوتم منیش یەکێکم لەمان، ناوم سەعید ناکامە و ڕۆژنامەنووسم. کابرا دەستی بەبیانووی پەشیمان بوونەوە کرد و گوتی: من لەگەڵ کولیجی گاڵتەم دەکرد و پێم وانەبوو کەسی وای لێیە لە قسەکانمان بگا، تکایە تووڕە نەبی.

گەڕامەوە و دەستم کرد بەهەراجکردنی کەلوپەلی نێومالّ و فرۆشتنی کتێبەکانم، کتێبی کوردی کە لە ئێراندا مەنعە و خەڵک زۆر تامەزرۆیەتی باش دەفرۆشرێ، توانیم کەمێک پارە پێکەوە بنێم کە پاش گەڕانەوە تا چارەنووسم دیار دەکا پێی بژیم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەنێو گشت برادەرانی خۆمدا، تەنیا من بووم کە بۆ بەڕێچوونی خۆم ناچار بووم کتێب و شمەکی نێومالّ بفرۆشم.

ڕۆژی ٩/ ١٠/ ١٩٧٥ بەدوو سێ مالّ یەک لۆرییان داینێ تا کەلوپەلی لێ باربکەین و خۆشمان بەخێزانەوە چووینە (خانەی لاوان)، بەپێی ڕێککەوتنی خۆمان دابەش بووینە سەر پاسە ئامادەکراوەکان و سواربووین بەرەو سنووری (قەسری شیرین). ئەوەی هەرگیز بیر ناچێتەوە دیمەنی وەفا و دڵسۆزی دانیشتوانی شاری مەهاباد بوو کە لەمبەرەوبەری شەقام ڕیزیان بەستبوو و بەچەشنێکی کاریگەر هەستی دڵسۆزی خۆیانیان دەردەبڕی و مالّاواییان لێ دەکردین، زۆریان خۆیان بۆ نەدەگیرا و بەئاشکرا فرمێسکیان دەهاتە خوار، هەر پاسە و سەربازێکی چەکداریان تێدا دانابوو، ئەو پاسەی ئێمە (سەعید یەعقوبی) پارێزەر و (خدر دەباخ) ئەفسەری تۆپخانە و نەقیب (حەسەن بارزانی) و چەند کەسێکی ناسیاوی دیکە بووین.

نانی نیوەڕۆمان لە بۆکان خوارد و هاتین، شەو گەیشتینە کرماشان، لە چاخانەیێک دانیشتین، بەناڕەحەتی توانیمان نان و هێلکە پەیداکەین و دیسان سوار بووینەوە و هاتین، کەسمان شارەزای ڕێگای کرماشان - قەسرێ نەبووین، ڕێگامان لێ گۆڕا و چووینە شارێکی دیکە و هاتینەوە، هەرچۆنێک بوو گەیشتینە قەسرێ و لەوێوە هاتینە (خوسرەوی) لەسەر سنوور.

بەدرێژایی هێڵی سنوور دیواری تەلبەند ڕاکێشراوە و دەروازەیێکی زلی ئاسن لەسەر جادەی نێوان چەقاوە، لە هەردوولا خێوەت هەڵدراوە، ئێمە کە دابەزین هێشتا سێ چوار سەعات شەوی مابوو و کزەبایێکی ساردی دەهات، لەژێر خیوەتێکدا لەگەڵ دوو مالّی دیکە جێگای خۆمانمان کردەوە و لەسەر زەوی ڕەق ڕاکشاین.

بەیانی دەست کرا بەناو خوێندرانەوە، لەودیو لەژێر کەپرێکدا چەند ئەفسەرێکی عەرەب و عەجەم پێکەوە دانیشتوون، ناوەکان و ژمارەی خێزان دەنووسن. پاشان بانگ دەکرێن و لە دەروازەکەوە ئاوای دیوی عێراق دەبن و پۆلیسی عێراق لە سەربازی ئێرانیان وەردەگرێت و بەرەو خێوەتەکانی خۆیان پالّیان پێوە دەنێ.

ئەو لۆرییانەی کەلوپەلی مالّەکانیان هێناوە، هاتوونە دیوی عێراق کە بەدەیان لۆری درێژی لێ ڕاگیراوە و پۆلیسی عەرەب ئەو شتانە هەڵدەگرن و لەم لۆرییەوە بۆ نێو ئەو



ترێلەیەی هەڵدەدەن: وا دەبێ کە بەفرگر یا کەنتۆرێک لەم فڕێدانەدا زرمەی دێ و ئاوێنە و شووشە دەشکێ، عەرەبەکان پێدەکەنن و دەڵێن (حێل).

ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو، سەرباز و ئەفسەرەکانی ئێران تا بەڕێکردنمان زۆر بەڕووخۆشی و ئەدەبەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردین، بەیانی نان و پەنیر و بەفراویان بەسەرا دابەش کردین و وەکو میوانێکی خۆشەویست خواحافیزییان لێ کردین، کەچی لەگەڵ پێمان دەگەیشتە ئەودیوی تەلبەندەکە، پۆلیسی عەرەب وەکو تاوانباری بەندکراو لەگەڵمان دەبزووتنەوە، پالّیان بەژن و منداڵەوە دەنا و تێمان دەخوڕین.

***

ئەو ڕۆژەی بەپاس لە مەهابادەوە بەرەو سنوور دەهاتین، برادەرانی هاو سەفەرم (سەعید یەعقوبی) و (خدر دەباخ) و ئەوانی دی -وا بزانم بەگاڵتە- دەیانگوت: «ها مامۆستا، ئەمەیش ئاکامی شۆڕشەکەمان، ئەوا دەچینەوە بەڵام نەکەی جارێکی دی باسی شۆڕش و کوردایەتیمان بۆ بکەیت و بمانخەیتە سەر سازوفیکی ڕاپەڕین و ڕووکردنە چیا...»، منیش پێم گوتن: «برام ئێوە ماشەڵڵا گەنجن و بەبەرتانەوە ماوە نیازی شتێکتان ببێ، بەڵام من ئەوا پیرم و کەلکی سەروخوارم پێوە نەماوە تکاتان لێ دەکەم ئێوە واز لە من بێنن».

پاش ئەم قسانە بەمانگێک کە هەموومان براینە قادسیە و بەسەر گوندەکاندا دابەش کراین، جار جار کە دەچووینە (دیوانیە) بۆ شت کڕین و یەکترمان دەبینی پێم دەگوتن «ها برام، چۆنن؟ نەکەن لەگەڵ مندا باسی شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن، چونکو بۆ خۆمان دانیشتووین و حالّمان خۆشە»!.

## ٥٧- بەرەو چۆڵی عەرەبستان

لە خێوەتەکانی عێراقدا نیوەڕۆ سەمون و خورمایان داینێ، لای ئێوارە جاڕدرا وەرن سواربن، لافاوی خەڵک ڕووی کردە ئەو ترێلە درێژانەی لەولاتر ڕاگیرابوون، بوو بەفڕان فڕان و پێشبڕکێیێک مەپرسە، من کە زۆر گورج و گۆڵ نەبووم و جگە لە (هەڵۆ)ی ساوا سێ جانتاشمان پێ بوو درەنگ ڕێ کەوتین، دەچوومە بەر هەر لۆرییێک دەمدی پڕ بووە، کەس نەیدەپەرژایە سەر کەس و لە ڕووداوانی تێدا نەمابوو... بەم پێیە بەلۆرییەکاندا ڕۆیشتم تا گەیشتمە دوا لۆری کە تەنیا دووخێزان و حەوت کەسی تێدابوو، ئەمە لە چاو لۆرییەکانی دیکەدا کە یەکی ٦٠- ٧٠ کەسیان سواربووە و بەجۆرێک تێک ترنجاون ڕێگای جوولان و دانیشتنیان نییە، خواپێداوی بوو. سواربووین و کاروان کەوتە ڕێ، جەلەی ترێلەی پڕ لە خێزانی کوردی کەساس ئەوەندە درێژ بووبۆوە کە سەرێکی گەیشتبووە

(مەنزەرییە) و دوا لۆری هێشتا لەسەر هێڵی سنوور بوو!.

هێشتا خۆرئاوا نەبووبوو گەیشتینە خانەقین، لە قەراخ شار خەڵک ڕاوەستابوون تەماشایان دەکردین، دەستەیێکیان کە عەگال و دشداشەیان لەبەرابوو، پێمان پێدەکەنین و لەولاتر کوردەکان دەگریان و هاوەدردی خۆیانیان دەردەبڕی. لەکاتی شەڕدا ڕژێمی بەغدا کوردەکانی شاری خانەقینی بڵاو پێکردبوو... هەندێک تالان کراون و بەناوی ئێرانییەوە ئاوارەی ئەودیو کراون، هەندێکیش بەسەر شارەکاندا دابەش کراون و عەرەبی خێڵەکییان هێناوەتە جێیان، پارە و زەوییان داونەتێ خانووی پێ بکەن.

پلانی بەغدا کە پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەرکردایەتی حزبی بەعس بڕیاری لەسەر درابوو، بریتی بوو لەوەی کە کوردەکانی گەڕاوە بنێردرێنە خوارووی عێراق، بەشی زۆری مووچەخۆرەکان بگوێزرێنەوە بۆ شارە عەرەبەکان، دێهاتی سەر سنووری عێراق و ئێران بەقوولایی دە تا سی کیلۆمەتر کاول بکرێ، دار و باخەکانی ببڕێ و بسووتێنرێ، کانیاوەکان سەرچاوەیان بەچیمەنتۆ پڕ بکرێتەوە و وای لێ بکرێ کەلکی ژیانی تێدا نەمێنێ، دانیشتوانی ئەو گوندانەی ماون دوور بخرێنەوە و لەو ئۆردووگایانە نیشتەجێ بکرێن کە بۆیان لەبەرچاو گیراوە و پاشتر بگوێزرێنەوە بۆ خوارووی عەرەبستان و بەجۆرێک بڵاو بکرێنەوە کە توانەوەیان سانا بێت. ئەم پیلانانە زۆریان بەجێ هێنران و هەندێکی تەگەرەی هاتە ڕێ، دێهاتی سەر سنوور بەتەواوی چۆڵ و کاول کران و باخ و کانیاوەکانی لە نێوبران، کوردی گەڕاوە لە عەرەبستان نیشتەجێ کران، دەست کرا بەگواستنەوەی مووچەخۆری کورد بەرەو خوار، ئۆردووگای کاتی بۆ خەڵکی گوندە کاولکراوەکان دروست کرا تا یەکەم هەنگاو بێت و پاشتر دوورتر بخرێنەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکی کە توانەوە بوو، سەرەڕای ئەم هەموو تەقەلایانە و ئەو بوجە مشەیەی بۆی تەرخان کرابوو پووچەڵ مایەوە.

هێزی نەتەوایەتی و ڕەگی کوردایەتی، بەپێچەوانەی بۆچوونی هەموو دوژمنان و هەندێک لە کوردەکانیش، بەجۆرێک لە ناخی ئەم گەلەدا بنجی داکوتاوە کە هەڵکەندن و ڕیشەکێش کردنی لە وزەی هیچ هێزێکدا نییە، لەوەش گرنگتر قاڵبوونی بەشێک لە سەرکردە و چەکداری پێشمەرگە لە کورەی خەباتدا، ماوەی سەردانەواندن و ڕازیبوون بەقەوماوەکانی نەدەدان، تاکوتەرای لەخۆبوردووان بەداگیرکەری عەرەبیان گوت لەل و خۆیان گەیاندە چیا، ساڵێک پاش نسکۆ، دیسانەوە ئەشکەوت و بن دارەکانی کوردستان لەگەڵ ڕۆڵەی وەفاداریان پێشمەرگەی کورد، باوەشیان بەیەکدا کردەوە و سوێندی دڵسۆزی و پارێزگارییان بۆ یەکتر تازە کردەوە.

***



تاریک داهات و کاروانی لۆری و ترێلە ڕێگەی دەبڕی، هێشتا نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن، ئەو لۆرییە درێژەی ئێمە تێکڕا نۆ پیاو و چوار ژنی تێدابوو، خێوەتێکی گەورەی سەرپۆشی لۆرییەکە پێچرابۆوە بڵاومان کرد و لەسەری دانیشتین، من ڕاکشام و بەهاوڕێکانم گوت ئاگاتان لێ بێ کە گەیشتینە (سەعدیە)، ئەگەر بەرەو ژوور ڕۆیشتین، ئەوا دەچینەوە کوردستان، خۆ ئەگەر ڕوومان لە بەرەو خوارکرا مانای ئەوەیە بڵاوەی عەرەبستانمان دەکەن.

کاتێ وەئاگایان هێنام، کاروانەکەمان بەسەر شەقامەکانی بەغدادا بەرەو خوار ڕێچکەی بەستبوو. سەعاتێک پاش نیوەشەو لۆرییەکانمان لە دەشتێکدا وەستان و هاتینە خوار، ئێرە لەبەر ئەوەی هاتوچۆی زۆر بەسەرەوە بووە بۆتە خۆڵە پەتانی و لمەکەی وەکو ئاردی دابێژراو تا قولە پێی پێدا دەچووە خوار. بەپرپووش و لەتە حەسیری کۆن ئاگرمان کردەوە و لێی ئالاین. پاشان بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلەکانمان بەلۆرییەکاندا گەڕاین و شتەکانمان لێ هێنا خوار، ئەمجا کەوتینە تەقەلای ئاو پەیداکردن.

ئێرە یەکەم قۆناخی کوردە گەڕاوەکانە کە نزیکەی چەند کیلۆمەترێک لە شاری دیوانییە دوورە، ئەوانەی دەگەڕێنەوە دەیانهێننە ئێرە و لێرەوە بەسەر گوندەکاندا دابەش دەکرێن. جادەیێکی ترومبێلی بەقەراخدا دەڕوا و چەند تانکی ئاویان داناوە کە لە دیوانییەوە بەلۆری ئاودێن و پڕ دەکرێن، هەندێک کۆختەی حەسیر (سەریفە) لەولاتر کراون خەڵکەکە بۆ ڕزگاربوون لە هەتاوی گەرم و تەپوتۆز ڕایانکردە ژێریان، لەبیری ئەوە دابووم چۆن خواردن پەیداکەم دیتم دوو کەس لیستەیێکیان پێیە و بەنێو خەڵکەکەدا دەگەڕێن، ناو دەپرسی و لەگەڵ لیستەکەی خۆیاندا بەراوردی دەکەن. کاتێ ناوی خۆمم پێ گوتن سواری جێبەکەی خۆیانیان کردم و بردیانم بۆ دائیرەی (ئەمن)ی دیوانییە.

کە چوومە ژوورێ، مودیری ئەمن (حازم) ناوی موسڵاوی، ئەو منی ناسییەوە بەڵام من ئەوم نەدەناسی... ساڵی ١٩٥٠ کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان گەڕامەوە بۆ سلێمانی و گیرام، ئەو موفەوەزی ئەمنەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم و ناردمی بۆ ئەمنی بەغدا کە ئەوسا (تەحقیقاتی جینایی)یان پێ دەگوت، ئێستا لێرە مودیری ئەمنە و دیسان یەکترمان دیوەتەوە. زۆر بەڕێز پێشوازی لێ کردم و ناردی خاولی و سابوونیان هێنا چاوم بشۆم، چونکو بەڕاستی سەروچاوم بەتۆز داپۆشرابوو. پاشان داوای لێ کردم بۆی بنووسم کەی چووم بۆ ئێران و لەکوێ دانیشتبووم و بۆ چ گەڕامەوە بۆ عێراق؟

نووسیم، دە ساڵ لەمەوپێش لەسەر خواست و ئارەزووی خۆم خۆمم گەیاندە شۆڕش و بەدرێژایی ئەو ماوەیە وەکو پێشمەرگەیێکی بڕوادار و دڵسۆز چیم لە دەست هاتووە بۆ

گەیشتنە ئامانج کردوومە و درێخیم نەکردووە، ئامادەبووم ئەگەر شۆڕش بمایە تا دوا هەناسە درێژەی پێ بدەم، بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی فەرمانی چەک دانانی دەرکرد و منیش وەکو پەنابەرێکی بێ پەنا مامەوە، ئێران دەیویست بمنێرێ بۆ شارێکی دووری باکور، بەڵام من گەڕانەوەم پێ خۆشتربوو، بۆیە نەچووم و وا هاتوومەتەوە، ئامادەم چ جۆرە بەرپرس و تاوانێکم بەرەوڕوو دەکرێتەوە، شانی بدەمەوە بەر و ڕازی بم.

کە لێبوومەوە و نووسینەکەمم دا بەمودیری ئەمن، دیتم لەگەڵ خوێندنەوەیدا بەقەڵەمی سوور خەت بەژێر هەندێ لە دێڕەکاندا دەکێشێ، ئەمجا بەبزەوە گوتی: «ئەوە تۆ ڕاپۆرتت نووسیوە یا دەتەوێ قسە بۆ کۆڕی کۆبوونەوە بکەیت؟».

یەکێکی بانگ کرد و گوتی ئەم پیاوە بەجێبەکە بگەیێننەوە لای منداڵەکانی، کاتێ لەلای مودیر هاتمەدەر، دیتم لە ژوورێکدا چەند برادەرێک وەکو کاک سەعید یەعقوبی و خدر دەباخ و چەند کەسی دی، چاوەڕوانی بانگ کرانە لای مودیرن، هەموویان لێم کۆبوونەوە و پرسیاریان کرد داخۆ چییان لێ دەپرسن؟ چونکو وا دیاربوو من یەکەم کەسم بانگ کراوم، گوتم پرسیارەکان سادە و ئاسایین، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئێمە چەند خۆمان قورس بگرین و نەچین لەبەر خاتری ئەوان جنێو بەڕابردووی خۆمان بدەین، کەسایەتی خۆمان دەسەلمێنێ و زیاتر لای ئەمانیش ڕێزمان بۆ دادەندرێت.

## ٥٨- لە ناحیەی «سۆمەر» یا «جلعەت شخێر»

هەموو ڕۆژ قایمقامی دیوانییە دەهاتە ئۆردووگا و بەپێی لیستە ئەم خەڵکەیان بۆ گوندەکانی قادسیە بەڕێ دەکرد. سێ ڕۆژی پێ چوو، هەموو برادەرانی من نێردران و خەریک بوو ئۆردووگاکە چۆڵ دەبوو. کەچی ناوی من دەرنەکەوتبوو. ڕۆژی چوارەم چوومە لای قایمقام ناوی خۆمم پێ گوت و هۆی مانەوەمم پرسی، ئەویش یەکێکی بەناوی (ئەبوعەلی) بانگ کرد کە مودیری ناحیەی (سۆمەر) بوو و پێی گوت ئەمە ڕۆژنامەنووسە، با لەگەڵ تۆ بێت، ئەبوعەلی دەزبەجێ پیکابێکی هێنا کەلوپەلەکانمان لێ بارکرد و سواربووین بەرەو ناحیەی سۆمەر کە جاران گوندێک بووە بەناوی (جلعەت شخێر).

دواکەوتن و هاتنم بۆ سۆمەر، لەلای لابەلاوە سوودێکی باشی پێ گەیاندم، ئەم مودیری ناحیەیە کە خۆی لە بنەماڵەی شێخە دەرەبەگەکانی عەمارەیە و بەهۆی دابەشکرانی زەوی گوندەکانیان لێ سەندراوە، بەناچاری خۆی بەبەعسی پیشان دەدات و لەگەڵ ڕژێم دەڕوا، کەچی زۆری ڕق لێیانە، پاش یەکتر بینین زوو پێکەوە سازاین و گوتی ناتنێرم بۆ



گوندەکان، لای خۆم خانووت بۆ پەیدا دەکەم. بەڵام کاتێ گەیشتینە سۆمەر کە گوندێکە و هەندێ خانووی میری بۆ مووچەخۆران و دوو سێ دایرەی نوێی لێ دروست کراوە، مودیر کەوتە پرسیار و گەڕان خانووێکی وای بۆ نەدۆزرایەوە بەکەڵکی دانیشتن بێت، جا بەناچاری گوتی جارێ بچۆ بۆ گوندی (ساڵحییە) کە پێشتر هەندێ خانووی لێ کراوە بۆ ئەو کوردانەی چاوەڕوان دەکرێ بگەڕێنەوە.

وا دیارە لە هەموو گوندەکانی ئەو عەرەبستانەدا خانوو کراوە بۆ ئێمەمانان ئەویش بریتی لە چوار دیواری مەتر و نیو بەرز کە سەری بەقامیش گیراوە جێی دەرگایێک و دوو کونی تێدایە بێ ئەوەی دەرگا و پەنجەرەی تێ خزابێ، ئەو کوڵێتەی ئێمە لە پێشی ڕاوەستاین و دەبوایە بچینە نێوی، چونکو چەند مانگێکە کراوە و هەموو ڕۆژ کەر و ئاژەڵی گوندەکەی تێ خزاوە بۆتە تەویلەی گشتی و چۆکێک پەین و زبڵی تێدایە، خەڵکی ئاوایی هاتن و دەستیان کرد بەتەپوتۆزی زبڵ هەڵکەندن و فڕێدان، پاش یەک دوو سەعات هەندێ پەینیان لێ فڕێ دا بەڵام لەوانە نەبوو وا بەسانایی پاک بکرێتەوە یا بۆگەنەکەی کەم بێتەوە، بەڵام چار نەبوو چووینە ژوورەوە و کەلوپەلمان تێدا بڵاوکردەوە.

بەیانی خەبەرمان بۆوە و کێشەی ئاومان هاتە پێش. ئێرەیش وەکو گوندەکانی دیکە، ئاویان لەو شەقە جۆگە گەورانە بۆ دێت کە لە فورات هەڵبەستراون و بەنۆرە ئاویان پێدا دێ و دەبڕێت، ئەم ئاوە بۆ ئاودێری زەوی و دارخورماکانیان و بۆ خواردنەوەی خۆشیانە، هەفتەی سێ ڕۆژ ئاو دەبڕێت و تەنیا چۆڕێک لە بنەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەمجا کاتێ ئاو دێتەوە، قوڕاوێکی خەستە و جگە لە لم و لیتە کەلاکی وڵاخ و ئاژەڵی تۆپیو و هەزاران شتی پیس لەگەڵ خۆی دێنێ و ڕای دەماڵێ، ژنە عەرەب دەچن لەسەر ئەو ئاوە خۆیان و جلک و قاپ و مەنجەڵ دەشۆن و بۆ چێشت و خواردنەوەشی لێ دێنن.

(هەڵۆ)ی کوڕم کە هەشت مانگانەبوو، نەخۆش کەوت، بردمانە تیمارگەیێکی بچووک لە قەراخ ئاوایی، دوای ئەوەی لەگەڵ برینپێچەکە یەکترمان ناسی، بەڵێنی دا هەموو ڕۆژ تەنەکەیێکمان لە ئاوی تیمارگەکە بۆ بنێرێ کە ئاوی تانکییەکەیان بەزاخ و کلۆر ڕوون دەکرێتەوە و وای لێ دێ بەکەلکی خواردنەوە بێت.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ سۆمەر و لەگەڵ (ئەبوعەلی)ی مودیری ناحیەدا کەوتینە پرسیار و گەڕان بەکۆڵاناندا، تا خانووێکی لەبارمان دۆزییەوە کە حەوشەیێکی گەورەی پڕ لە درەختی هەنجیر و ترێ و خورمای تێدابوو، کابراییێک بەپارەیێکی کەم گرتبووی، مودیر بەچەند دینارێک ڕازی کرد بۆمان بەجێ بهێڵێ، هەر ئەو ڕۆژە لۆریم برد وماڵەکەمم هێنایە سۆمەر و جێگیر بووین، تەنیا دوو شەو لە گوندی ساڵحییە مامەوە.

ئەم سۆمەرە کە گوندێک بووە بەناوی (جلعەت شخێر)، تەنیا ماڵی شێخ و دەستوپێوەندەکانی لێ دانیشتوون، دوای ئەوەی ناوەکەی گۆڕدراوە و کراوە بەمەڵبەندی ناحیە، کارەبا و ئاوی خواردنەوەی بۆ ڕێک خراوە و جگە لە فەرمانگەی مودیر و دایرەکانی دی ڕیزێکیش خانووی نوێ بۆ موچەخۆرەکان دروست کراوە، بەڵام کۆڵان و خانووە داڕووخاوەکانی هەر ئەو جلعەت شخێرەکەی جارانە.

کوردی گەڕاوەی لە عەرەبستان داندراو، سەری ڕۆژانە چارەکە دینارێکیان دەدرایە، ئێمەیش کە سێ سەر بووین مانگی (٢٢,٥٠٠) دینارمان وەردەگرت، دەبوایە مشوری دەسکەوتێک بخۆم تابتوانم بەرێ بچم. ڕۆیشتن بۆ شاری دیوانیە ئازادبوو و هەموو ڕۆژ دەمانتوانی بچین و بێینەوە، بەڵام من پێویستم بەچوونە بەغدا هەبوو، داوام لە موحافیز کرد کە ڕێگا بدرێم، ئەویش پسوولەی (خۆتێنەگەیاندن)ی بۆ مۆر کردم و ڕۆیشتم، لەوێ گەلێک لە برادەرانم بینی و بۆم دەرکەوت کە لە سۆمەرەوە ناتوانم شتێک بکەم پارەی تێدابێ، بۆیە خەریکی دەست پێکردنی پێکەوەنانی پێویستییەکانی تەقاویتیم بووم لە نەقابەی ڕۆژنامەنووسان.

یەکەم شت داوایان لێ کردم کە ببم بەئەندام لە نەقابەدا، چونکو بێ ئەندامێتی هیچ داواکارییێکم لێ وەرناگیرێ، بوونە ئەندامیش یەکەم مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە لە چاپەمەنییێکی ڕێگەدراوادا کار بکەم، چاپەمەنییەکانی ئەو ڕۆژەیش بریتی بوون لە سێ ڕۆژنامە و چەند گۆوارێکی میری کە هیچیان بۆ من دەستیان نەدەدا، برادەران لە کۆڕی زانیاری کوردا چەند تەقەلاییێکیان بۆ دام بەڵام سەری نەگرت و نەمتوانی ببم بەئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسان تا داخوازی تەقاویتیم لێ پەسند بکرێ. سەیر لەوەدایە کە ساڵی ١٩٧١ چەند نامەیێکم لە نەقابەوە بۆ هات کە بچم ببم بەئەندام، ئەوانیش جێگری سەرۆکی نەقابەیان بۆ داناوم، بەڵام من ئامادە نەبووم ئەندامەتی ئەو نەقابەیە وەربگرم، کەچی ئێستا ئەوان ئەندامەتی ساکاریشم پێ ڕەوا نابینن.

جارێ وازم لە ئەندامەتی هێنا و کەوتمە کۆکردنەوەی بەڵگەکانی کارکردنم لە ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا، لە ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێردەوە دەستم پێ کرد، ئەمجار ڕۆژنامەی (سەورە)ی عەبدولکەریم قاسم کە بەدەست حاجی یونس تائییەوە بوو، جا ڕۆژنامەی (تەئاخی) و گۆواری (برایەتی) و گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) و گۆواری (نووسەری کورد)م ڕێکخست. بەڵام بەڵگەی ڕۆژنامەی (کوردستان) زمانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و گۆڤارەکانی (کادر) و (دەنگوباسی شۆڕش) و (دەنگی پێشمەرگە)م لێ قبووڵ نەکرا، چونکو ئەمانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق دەرچووین.



بەم پێیە هەموو بەڵگەکانی ساڵانی کارکردنم لە ڕۆژنامەنووسیدا ساز کرد و دامن بەنەقابە، بەڵام هێشتا خۆم نەبووبووم بەئەندامی تەواو.

## ٥٩- گەڕانەوەم بۆ کوردستان

دانیشتنی سۆمەرم هەژدە مانگی خایاند، لە بەهاری ١٩٧٧دا دەنگ بڵاوبۆوە کە کوردە گەڕاوەکان ڕێگا دەدرێن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، مودیر ناحیەی برادەرم ئەبوعەلی لە سۆمەر نەمابوو، ئەوەی لە جێی ئەو هاتبوو پێی گوتم کە بڕیار وایە تۆ نەچیتەوە بۆ سلێمانی، جا لە هەولێر و دهۆک سەرپشک بە، بەڵام ئەگەر لە بەغدایش دابنیشی ڕێت لێ ناگیرێ.

پاش بیستنی ئەم هەواڵە چووم لە دیوانیە پاسێکی گەورەی هاتوچۆم بەکرێ گرت و هێنام نیوماڵەکەمان لێ بارکرد و خۆیشمان تاریک و ڕوونی بەیانی ١٩٧٦/٤/٨ سواربووین و کەوتینەڕێ، جگە لە وچانێکی کەمی بەغدا، نەوەستاین تا گەیشتینە هەولێر، لە تەیراوا خانووێکم پەیدا کرد و چووینە نێوی، ئەمجا کێشەی بەرێچوونم هاتە پێش، لە سۆمەر کرێ خانووم حەوت دیناربوو و لەلایەن میرییەوە نزیکەی سی دینارم وەردەگرت کە بەشی دەکردین، بەڵام لێرە دەرامەتێکم نییە و کرێ خانووشی سی دینار هاتۆتە سەر، هیچ جۆرە کارێکی وایش نییە بیکەم و پێی بژین، ژنەکەم چەند پارچە زێڕێکی مابوو دەستمان کرد بەفرۆشتن و خواردنی. باش بوو لەو ماوەیەدا کتێبێکی تورکی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)م لەسەر داخوازی کۆڕی زانیاری کوردی کرد بەکوردی و چاپ کرا، بەو پارەیە کەمێک بووژاینەوە.

***

لە بیرەوەرییەکانی یەک ساڵ و نیو مانەوەم لە سۆمەردا کە شیاوی تۆمارکردن بێ، ئەم دوو ڕووداوە دەنووسم:

مانگی دوو جار لە سۆمەرەوە دەچووم بۆ بەغدا بۆ دواکەوتنی کاری تەقاویتییەکەم، هەموو جارێکیش دەبوایە پسوولەی (خۆتێنەگەیاندن)ی ئیمزاکراوی موحافیزم هەبێ. جارێک چوومە لای مودیری تەحریر و داوام لێ کرد پسوولەم لای موحافیز بۆ ئیمزا بکات. بەڵام ئەو گوتی ئەم موحافیزە تازە هاتووە و پێویستە خۆت بچیتە لای تا یەکتر بناسن، ئەو موحافیزە تازەیە کە گوایا مامۆستاییێکی قوتابخانەی سەرەتایی بووە و لەبەر بەعسێتی کراوە بەموحافیز، ناوی (ڕازی حەسەن سەلمان)ە، کە چووم و دانیشتم تاقە یەک عەگال بەسەری لە لا دانیشتبوو، کەوتینە ئاخاوتن و لێی پرسیم داخوا هێشتا کوردی

عێراق لە ئێران ماون؟ گوتم هێشتا زۆری لێیە، موحافیز گوتی جا بۆ چ نایێنەوە، خۆ بڕیاری بەخشینی گشتی دەرچووە؟، گوتم هەر کەسە جۆرە بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە، کابرای عەگال بەسەر کە لەوبەر بەرامبەر بەمن دانیشتبوو هاتە قسە و گوتی: «بەڵێ هەموو کوردەکانی برامان بەخشراون و تاوانیان لەسەر نەماوە و لێیان ناپرسرێتەوە جگە لە تاوانبار مستەفا بارزانی و کوڕەکانی کە بەخشینیان نییە و دەبێ سزا بدرێن»، من کە ئەو عەرەبەم نەدەناسی و شێوەی دوانەکەی تووڕەی کردبووم، گوتم «بەکارهێنانی ئەم جۆرە زاراوانە جێی خۆی نییە»، کابرا گوتی: «کام زاراوە؟»، گوتم «نەتۆرەی تاوانبار بەرامبەر بەبارزانی»، عارەب دەرهەڵبوو و بەدەنگی بەرز گوتی: «تۆ بەرگری لە بارزانی دەکەیت؟ ئەدی گوایا بەلای تۆوە ئەو تاوانبار نییە؟» گوتم: «دیارکردنی تاوانبار و بێ تاوان بەدەست من نییە، بەڵام دەڵێم بەسووکی ناوهێنانی کەسێک کە ماوەی پازدە ساڵ سەرۆکایەتی گەل و جوولانەوەییێکی کردووە، هەڵەیە... شەش ساڵ پێشتریش هەندێ کەس قسەی وایان کردبوو کەچی لە ئازاری ساڵی حەفتادا دیتمان جێگری سەرۆک چوو بۆ لای باوەشی پێ کرد و دەیگوت: «سەربەرزییە بۆ من کە تەوقە لەگەڵ پێشەوایێکی نیشتمانیی وەکو بارزانی بکەم»... ئێستاش دوور نییە ڕۆژێکی وا بێتە پێشەوە ڕووداوی ئازاری حەفتا دووپات بێتەوە».

عارەب کە بەچاوی زەق و تووڕەییەوە گوێی لێ گرتبووم، ڕووی کردە موحافیز گوتی: «هاوڕێی بەڕێز، گوێت لێیە؟»، موحافیزیش لەسەرخۆ گوتی: «مامۆستا ڕاست دەڵێ، ئێمە قسەی ناشیرین بەدوژمنانیش نابێ بڵێین»!

پاشان پسوولەی بۆ مۆر کردم و هاتم. دوایی دەرکەوت کە ئەو عارەبی عەگال بەسەرە، ئەندامی ڕێکخراوی بەعسی دیوانییەیە.

***

کاتێک هەواڵی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ کوردستان بڵاوبۆوە، مودیری ناحیە هەموو کوردەکانی لە ژوورەکەی خۆیدا کۆ کردەوە و داوای لە من کرد کە وتەکانی بۆیان بکەم بەکوردی، ئەو گوتی: «ئەوا دەوڵەت ڕێگاتان دەدا بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، بەڵام، هەر کەس بیەوێ لێرە بمێنێتەوە، مانگی پەنجا دینار و خانووی بەخۆڕایی دەدرێتێ، خۆیشی دەتوانێ هەر جۆرە کار و کاسبییەک دەکا بیکا، ئەمجا کێ دەمێنێتەوە ناوی خۆی بڵێ»، لەو بیست و یەک ماڵە کوردە کەس نەیگوت حەز بەمانەوە دەکا، یەکە یەکە دەهاتنە پێش و پسوولەی گەڕانەوەیان وەردەگرت، سەرە هاتە سەر (مام عەبدوڵڵا) کە پیاوێکی تەمەن ٥٥-٦٠ ساڵانەی چاو کزی نیوەکوێر و خەڵکی خانەقین بوو، پاش



ئاوابوونە دیوی ئێران ژنەکەی لەوێ مردبوو و پێنج منداڵی بەسەر مام عەبدوڵڵادا بەجێ هێشتبوو کە تەمەنیان لە چوار تا سێزدە ساڵان بوو، مام عەبدوڵڵا کە لە ڕۆیشتندا دەبوایە دەستی ڕاکێشن، هێجگار هەژار و دەستکورتیش بوو، زیاتر کوردەکانی سۆمەر یارمەتی و دەسگرییان دەکرد. مودیر ناحیە پێی گوت «باشە عەبدوڵڵا خۆ تۆ ناچیتەوە، لێرە خانوویێک و مانگێ پەنجا دینار وەرگری بەباشی پێی بەڕێ دەچیت، وا نییە؟»، مام عەبدوڵڵا کە وەکو عەرەبێک زمانی عەرەبی باش دەزانی، گوتی: «جەنابی مودیر من حەز دەکەم یەکەمین کەس بم کە بەرەو کوردستان دەگەڕێنەوە»، مودیر بەسەرسوڕمانەوە گوتی: «تۆ کە هیچ ئیشێکت پێ ناکرێ دەچیتەوە بە چی دەژیت؟» مام عەبدوڵڵا لە وەڵاما گوتی: «من تەنیا هەوای نیشتمانەکەی خۆم هەڵمژم هیچی دیکەم ناوێ»!!

ئەو قسە پڕ لە دڵسۆزیی کوردایەتییەی مام عەبدوڵڵا کە لە ناخێکی پەنگاوخواردووەوە هەڵدەقوڵا کارێکی وای کردە سەر دانیشتوانی ژوورەکە. هەموومان چاو پڕ بوو لە ئاو و دەمانویست هەستین دەمی ماچ کەین... مودیر حەپەسابوو، هیچی بۆ نەگوترا، پسوولەی گەڕانەوەی مام عەبدوڵڵای مۆرکرد و دایە دەستی... منیش جارێکی دی نەمدییەوە و نازانم چی بەسەرهات.

***

ساڵی ١٩٧٦ خێزانێکی زۆری بارزانییەکانیان لە گوندەکانی خۆیان ڕاگوێستن و هێنایانن بۆ شوێنێکی زۆر گەرم و ناخۆشی دیوانیە، ئەمانە لەو بارزانییانە بوون کە دژی شۆڕشی کورد و ڕاپەڕین بوون و ڕۆژێک لە ڕۆژان یارمەتی و نزیکبوونەوەی شۆڕشیان لێ نەبیندراوە، کەچی تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن و بەتایبەتی بارزانیشن ڕەواندویانن، میری داوای لێ کردبوون کە لەم شوێنە تازەیەیان کشتوکاڵ بکەن، بەڵام ئەوان نەیانکردبوو دوو کەسیان لە دەمڕاستەکانیان لێ جودا کردبوونەوە و هێنابوویاننە سۆمەر، یەکیان ناوی (ڕەشید) پیاوێکی تێگەیشتووی نەخوێندەواربوو، دووەم ناوی (کەریم) و موختاری خەڵکەکە بوو، کاتێ ئەم دووانەم لە بازاڕی سۆمەر بەبەرگی کوردی و جامانەی سوورەوە بینی، بانگم کردنە ماڵەوە و لەگەڵیان دانیشتم، زۆرمان قسە کرد، زیاتر ئەوەم بۆ دووپات کردنەوە کە نەکەن لێرە لەم دەشتی عەرەبستانە بەقسەی میری کشتوکاڵ بکەن، هەروا بیرای بیر ئەم جامانە سوورانەتان دامەنێن.

ئەم دوو پیاوە نزیکەی دوو مانگ لە سۆمەر مانەوە و پاشان گەڕاندیانەوە نێو خەڵکەکەی خۆیان، وەکو بۆیان گێڕامەوە، ئەو کاتەی هێناویانن، لە ماوەی دوو هەفتەدا شازدە منداڵیان بەهۆی گەرما و خواردنەوەی ئاوی لێڵ لێ مردووە. هەموو جار لاوەکانیانم

لەنێو شاری دیوانیەدا دەبینی کە بەبەرگی کوردی و جامانەی سوورەوە خەریکی قوڕکاری و کۆڵ هەڵگرین.

ئەو کاتەی ئێمە ڕێگا دراین بگەڕێینەوە کوردستان ئەوان هەر مابوون و نازانم پاشتر چییان بەسەرهات.

## ٦٠- پیلانی نەهێشتنی کوردستان دەستی پێ کرد

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا کوردستانی سەر بەعێراق بەرەو کارەساتی خنکان و ڕۆژانی تاریکی پڕ لە کلۆڵی پاڵ پێوە دەنرا. هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و ئێران کە لە کوژانەوەی شۆڕش و نەمانی بەربەرەکانی دڵنیابووبوون، زۆر بەوردی پیلانی کۆتایی هێنان بەهەموو چەشنە جوولانەوەییێکی کوردییان دەکێشا، ڕژێمی عێراق بەقووڵایی ١٠ تا ٣٠ کیلۆمەتر ئاوەدانی لەسەر سنووری سڕیبۆوە، گوندەکانی کاول کردبوو و یەک خانووشی بەپێوە نەهێشتبوو، بەست و جۆگاکانی تێکدابوو، کانیاوەکانی بەچیمەنتۆ پڕ کردبۆوە، گوێز و دارە بەرییەکانی بەبڕین و توێکڵ داماڵین وشک کردبوو، خەڵکەکانیان بەرەو قەراخی مەڵبەندی پارێزگاکان و شارەکانی دیکە ڕەتاندبوو و لەو ئۆردووگایانەی پەستاوتبوون کە بۆیانی ئامادە کردبوو.

کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و نەقابەی مامۆستایانی کوردستان و هەرچی ڕێکخراوێکی کوردستان لە دەسکەوتەکانی یازدەی ئازار هەبوو، کلک و گوێیان قرتاوکران بەکلکی ڕێکخراوە عێراقییەکان و کەسانی گوێ لە مستی خۆیانیان لەسەر دانان.

بنکەی ڕێکخراوە بەعسییەکان لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندە گەورەکاندا دامەزرا و دەست کرا بەڕاکێشانی خەڵک بەزۆر و بەخۆشی. چوونی قوتابی بۆ زانکۆ، دامەزراندنی بێ ئیشێک بەکرێکاری شارەوانی. ڕاپەڕاندنی هەر جۆرە کارێک لە دایرەکاندا پێویستی بەپیشاندانی بەڵگەی بوونە بەعسی دەکرد، ناوی شەقام و شوێنەوارەکان کران بەعەرەبی، ئەو کەسانەی دەناسران و سەریان دانەنواندبوو، خرانە ژێر چاودێری و پاڵەپەستۆوە... بەرگی کوردی و ئاخاوتن بەزمانی زگماک قەدەخە نەکرابوون، بەڵام هەموو کەس دەیزانی کە کاتی سەردان لە دایرەکان میری بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک، بەکارنەهێنانی ئەم زمانە زیاتر یارمەتی پێکهاتنی ئیشەکەی دەدات.

لەپڕێکا فەرمان دەرچوو کە خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەکرێتە عەرەبی، پۆلەکانی یەک و دوو و سێ عەرەبی و کوردی پێکەوە بخوێنن و لە چوار بەرەو ژوور



هەموو کتێبەکان عەرەبی بێت!. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە مەندەلی و خانەقین و پارێزگای کەرکووک و ئاکرێ و شێخان و شەنگار لە کوردستان دابڕابوون و قانوونی عەرەبستانیان تێدا بەکاردەهات. لەسەر ئەمە هەندێ بۆڵە و تووڕەیی لەنێو ڕۆڵە خوێنگەرمەکانماندا دەربڕا، بەڵام تێکڕا وەکو ڕووداوێکی لە دەست دەرچوو، خەڵک ملی بۆ ڕاکێشا و کەس نقەی لێوە نەهات.

کۆنە ناسیاوێکی عەرەبم لە هەولێر دیتەوە کە کۆن سەر بەدەستەی (کامیل چاردچی) بوو و سەرەڕای عەرەبایەتیش مرۆییێکی ڕاستگۆبوو، ئەو کە سیاسییێکی نەتەوەخوازی عەرەبە و نەبۆتە بەعسی، ئاشنایی لەگەڵ کاربەدەستەکانی ڕێکخراوی بەعسی هەولێر هەیە و جار جارە دەچێتە لایان و ئەوانیش ڕقیان لێی نییە، ئەو ئەم دەمەتەقێیەی بۆ گێڕامەوە و گوتی:

لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندن بەعەرەبیکرانی قوتابخانەکانی کوردستاندا ڕۆژێک لە بارەگای ڕێکخراوی بەعس دانیشتبووم باسی ئەم گۆڕانکارییە هاتە پێش، من ڕای خۆمم دەربڕی و گوتم ئەمەی ئێوە دەیکەن لەلکاری (تەحەددا)یێکی زۆر زەقە بەرامبەر بەم خەڵکە دەیکەن، باشتر وابوو ئەمساڵ پۆلی شەشەمی سەرەتاییتان کردبا بەعەرەبی، ساڵێکی دی پۆلی پێنجەم و پاشتر چوارەم و ئیدی هەروا بەخشکەیی هەموو پۆلەکانتان دەگۆڕێ و هەستی خەڵکەکەشتان نەدەڕووشاند. بەرپرسی بەعسی لەم ڕایەی من، دایە قاقای پێکەنین و گوتی فلان، وا دیارە تۆ ئاگات لە دنیا نییە و نازانی ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین، کاکی خۆم، خەڵکی چی و کام هەست ڕووشاندن؟ ئەوەی ئێمە دەستمان داوەتێ و هەنگاو بەهەنگاو بەپێی نەخشەی کێشراومان بەرەوپێشی دەبەین گەورەترین خزمەتی نەتەوەی عەرەبە کە خاکەکەی لە خشتوخاڵی بێگانە و ناعەرەب پاک دەکەینەوە، دڵنیابە پاش دە ساڵی دیکە کە بەرێبواری هاتیە ئێرە، بەبیستن دەبیسی کە سەردەمێک ئەم وڵاتە خەڵکێکی لێ بووە پێیان گوتوون کورد!

ئەمجا ئەو ناسیاوە لە منی پرسی ئایا ئێوە خۆتان هەستتان بەم مەترسییە کردووە و چارەییێکتان بۆ لەبەرچاو گرتووە؟ من کە جەرگم بەدڵۆپە تێزابی داخ و نائومێدی دەکزایەوە و کون کون دەبوو و هیچ دەلاقەی ڕووناکایی هیوای دوور و نزیکم بەدی نەدەکرد پێم گوت، برام تۆ خۆت کۆنە سیاسی و ڕۆشنبیریت، تۆیش وەکو من دەزانی کە لەم سەدەیەدا، نەتەوەی ڕاپەڕیو بنەبڕ ناکرێت و هیچ هێزی دڕندە و پڕ چەکی دنیا ناتوانێ بیتوێنێتەوە، کەمێک خۆت بگرە و چاوەڕوان بە، دەبینی کورد چی لە بارایە!... ئەم وەڵامەم دایەوە لە کاتێکا خۆم چاوەڕوانی ڕووداوی ئاسمانی و بەزەیی خوایی ئەوتۆ بووم کە خۆم هەرگیز

باوەڕم پێی نەبووە، هەندێ جار وام دەزانی کە بەلای کەمەوە پەنجا ساڵی دەوێ تا هێزی بەربەرەکانی خۆی بگرێتەوە و شۆڕشێکی نەتەوایەتیی چەکدار هەڵگیرسێتەوە!

جگە لە کاولکاری و ڕەتاندنی لادێییەکان، دەست کرا بەکڕین و دەستەمۆکردنی ئەوانەی کەڵک و هێزیان تێدا بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە بەشی ئاملاندن (تەربیە) و ڕۆشنبیردا، زۆر کەس ملی دانەواند و بەشی «حیزی و سەلامەتی» ڕەچاو کرد، هەیشبوون قیت وەستان و هەموو نالەباری و کوێرەوەرییێکیان گرتە شان و بەکورد مانەوە. لێرەدا دەوری حزبی کۆمۆنیستی عێراق لە بیر ناچێتەوە کە لەبەر خاتری یەک دوو وەزیر و ڕێگادرانی ڕۆژنامەکەیان شان بەشانی بەعس، سەرشکێنی و پێ خۆشبوونیان لە تێشکانی شۆڕش دەردەبڕی. ئەندامێکی بەرزیان دەینووسی: «اشّداء علی الکفار رحماء بینهم» واتا: بەعس چەند بەرامبەر بەکافران - کوردەکان- توندوتیژە، ئەوەندەش بۆ ئەو لایەنانەی سەر بەخۆیەتی خاوەنی بەزەییيە!...

لە هەمووی جەرگبڕتر، لەگەڵ برادەرانا چووبووینە هەوارگەی پیرمام، لە گازینۆیێک چەند لاوێکی گوندەکانی باڵەکایەتیم چاو پێ کەوت لە مێزێک ئاڵابوون و ئارەقیان دەخواردەوە... ئەمانە پێش ئاوارەبوونیان وەرزێر و جووتیار و ئیشکەری گوندەکەی خۆیان بوون، خزمەتی ڕەز و کێڵگەکانیان دەکرد و داهات و بەرهەمیان پێک دێنا و ئەندامی پڕ لە سوودی گەلەکەیان بوون کە من یەک دوانێکیانم دەناسی. کەچی ئێستا جگە لە نەمانی ملک و ڕەز، خۆشیان لە کەلک و پیاوەتی کەوتوون.

### ٦١- بڕیاری تەقاویتیم بۆ دەرچوو

دوای سێ ساڵ تەقەلا و ماندووبوون، ڕەنجەکەم سەری گرت و نەقابەی ڕۆژنامەنووسان، بڕیاری ژمارە (١٧٥٤/ ٥٢٨٠)ی ڕۆژی ١٩٧٨/١٢/٢٣ دەرکرد و دانی بەوە دانا کە من ڕۆژنامەنووسێکی کوردم و ماوەی (٤٠) ساڵ و (٦) مانگ و (٢٠) ڕۆژی ژیانم بەکاری ڕۆژنامەنووسی بردۆتە سەر. بەڵام ماوەی کارکردنم لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ساڵانی کاری نێو شۆڕشی کوردستانی عێراقم لێ پەسند نەکرا و ناویان نەهێنا.

ئەمەیش هەروا بەسانایی پێک نەهات، دوا کۆسپی ڕێگام ئەوەبوو دەبوایە لە چاپکراوێکی ڕێگادراودا کار بکەم تا بتوانم ببم بەئەندامی کارای نەقابە، لەو ڕۆژەدا تەنیا سێ ڕۆژنامەی میری دەردەچوون کە یەکێکیان (عێراق)ی ناوبوو ئەم عێراقە لە جێی ڕۆژنامەی (تەئاخی)ی کوردی بەزمانی عەرەبی دەردەچوو و هەر لە چاپخانەی تەئاخی داگیرکراویشدا چاپ دەکرا، هاشم عەقراوی خۆفرۆشیان بەسەرەوە دانابوو. داوام لە هاشم



کرد کە بڕیاری دامەزرانم لەو ڕۆژنامەیەدا بۆ دەربکات و ئاگاداری نەقابەی ڕۆژنامەنووسان بکات کە من لێرە کار دەکەم، تا کاری تەقاویت بوونەکەم دەبڕێتەوە، تەنانەت نامەوێ مانگانەشم بدەنێ، ئەوان فەرمانی دامەزرانمیان دەرکرد و مانگی چل دیناریشیان بۆ بڕیمەوە. پاش ئەوە لە نەقابەدا بووم بەئەندام و بڕیاری تەقاویتیم دەرچوو و ئاگاداری وەزارەتی ڕاگەیاندن کرا تاکو فەرمان بدا بەسندووقی تەقاویتی ڕۆژنامەنووسان مانگانەم بۆ دیار بکات و بمدرێتێ. لەم دوا هەنگاوەشدا کۆسپێکی گەورە هاتە ڕێم.

